حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی

دانانی
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

داڕشتنەوەو بژارکردنی هەردوو بەشی ڕێزمان و ئەدەب

د. عەزیز گەردی — شێرکۆ ئەحمەد حەوێز — محەمەد ئەحمەد محەمەد
موحسین ئەحمەد کەریم — عەبدولستار فەتاح — عەلی عەبدوڵلا ساڵح
کراوە

چاپی نۆیەم ١٤٣٦ کۆچی ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی

سەرپەرشتی زانستی: سادق ئەحمەد روستایی
سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود کواز
ئاری محسن احمد
نەخشەسازی بەرگ: ئاری محسن احمد
جێبەجێکردنی بژاری هونەری: ڕێڤین راغب حسین

پێشەکی:

لێژنــەی بــژاردنو پێداچــوونەوەو دارشــتنەوەی هــەردوو بەشــی ڕێزمانو ئەدەبی ئەم پەڕتووکە گۆڕانکارییەکی زۆری لەناوەڕۆکی ئەم دوو بەشدا ئەنجام داو هەردوو بەشـەکەش بـە هێنانـەوەی نموونـە لـە هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی، دەوڵەمەندکران، بۆیـە داوا لە مامۆسـتا بـەڕێزەکانی بابـەتی زمـانو ئـەدەبی کـوردی دەکـەین کـە گرنگـی بـە هـەموو نموونــەکان بـدەنو قوتابیــانو خوێنــدکارانی لێ بەرپرس بکەن.

هـەروەها داواکـارین مامۆسـتایانی بـەڕێز پابەنـد بـن بـەو بەشـە نموونانەی کـە بـۆ لەبـەرکردن دەستنیـشان کـراون لـە هـەردوو بەشـی ئەدەبو نموونەی ئەدەب، بۆیەش وا کراوە تا خوێندکارانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە سەرتاسەری قوتابخانـە بنەڕەتی و ئامادەییـەکانی هەرێمـدا پابەندبن بە پرۆگرامو بۆ هەموویان وەکو یەك بێت.

دوا جـاریش داوا لـە مامۆسـتایانی بـەڕێزو خۆشەویـستی زمـانو ئــەدەبیاتی کــوردی دەکــەین کــە بــەهۆی بەرێوەبەرایــەتی گــشتی پــەروەردەی پارێزگەکانیانــەوە ئاگادارمــان بکەنــەوە لــە هــەر کــەمو کورتیو ناتەواویەك کـە لـەکاتی وانـە گوتنـەوەدا هەسـتی پێدەکـەن بـۆ ئــەوەی لــە چــاپەکانی داهــاتوودا چــاك بکرێنــەوە، دیــارە هــیچ بەرهـەمێکیش بـێ کـەمو کـورتی نابێـت، خـوای گـەورە پـشتو پـەنای هەمووان بێت.

لێژنەی بژارکردنو پێداچوونەوەو دارشتنەوە

بەشی ڕێزمان

﴾ بەشی ڕێزمان ﴿

(ناوەڕۆکی بابەتەکان)

وانەی یەکەم: (جۆرەکانی پاڕستە لەڕستەی ئاوێتەدا)

ئـ- پاڕستەی ناویی.

ب- پاڕستەی هاوەڵناویی.

پ- پاڕستەی هاوەڵکاریی.

وانەی دووەم: تەواوکەری کار (بەرکار)

وانەی سێیەم: تەواوکەری کار (تەواوکەری بەیاریدە)

وانەی چوارەم: جێناوی خۆیی

وانەی پێنجەم: جێناوی هەیی

وانەی شەشەم: هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری دارێژراو)

وانەی حەوتەم: هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری لێکدراو)

وانەی هەشتەم: هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی دارێژراو)

وانەی نۆیەم: هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی لێکدراو)

وانەی دەیەم: هاوەڵکار

وانەی یازدەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری کاتیی.

وانەی دوازدەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری شوێنیی.

وانەی سێزدەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنیەتیی.

وانەی چواردەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن

وانەی پازدەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندیی.

وانەی شازدەم: ئەرکی هاوەڵکار لەڕستەدا.

جۆرەکانی پارِستە

ئەم نموونانە بخوێنەوە:

(ئـ)

١. نازانرێت کە ئاسۆ لەبەرچی دواکەوت.

٢. من نەزانییە کو سەردار دیٚ رِۆمانیٚ نڤیسیت.

٣. من نەبیستییە کو شێرۆ دەست درێژبیت.

٤. بە کرێکارەکانم گوت کە کاتی خۆتان بەفیڕۆ مەدەن.

(ب)

١. مە ئەو دیت کو دکەنی.

٢. ئەو چرایەی کە رِووناك بوو، کوژایەوە.

٣. من شڤان دیت کو ژترسان دلەرزی.

٤. پیاوەکەم دیت کە دەشەلی

(پ)

١. وی دەرمان خوار بەلکی پیٚ چێبیت.

٢. ئاراس نەهاتە قوتابخانە چونکە نەخۆش بوو.

٣. کە زەنگەکە لێدرا،خوێندکارەکان چوونە ژوورەوە.

٤. فەرهاد دهەڤبرکیٚ دە پشکدار نەبوو، چونکی نەساح بوو.

خستنە ڕوو:

ڕستەکانی هەرسیٚ بەشەکە، ڕستەی ئاوێتەن، چونکە لە "شارِستە"و "پارِستە" پێکهاتوون، وەکو پێشتریش زانیمـان "شارِستە" لـە ڕستـەی

ئاوێتـەدا ڕسـتەیەکی سـەربەخۆیەو وشـەی لێکدەریشی پـێش ناکـەوێت، بەڵام "پاڕستە" بە تەنیا واتا ناداتو سەر بـە شاڕسـتەیەو کـاری ناوێـك، یـان هاوەڵناوێـك، یـان هاوەڵکارێـك دەکـات، جاڕبـەر هنـدێ، سـێ جـۆر پاڕستە هەن:

١. لەڕستەی یەکـەمی بەشـی (ئـ)دا، ڕسـتەی "نازانرێـت" شاڕسـتەیە، هەروەها گوتراوی (کە ئاسۆ لەبەرچـی دواکـەوت) ڕسـتەیەو لـەکارو بکەر پێکهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە واتایەکی تـەواوی نییـە، بـە پێچەوانەی ڕسـتەی (نازانرێـت)، هـەروەها سـەر بـە شاڕستەکەشـەو ئـەرکی جێگـری بکـەری کـاری (نازانرێـت)ی لەشارسـتەکەدا پـێ سپێراوە، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت "پاڕستەی ناویی" چونکە ئەو ئەرکەی کە دەیکات، ئەرکی ناوە.

لەڕستەی دووەمی بەشی (ئـ)دا، مـن نەزانییـە، شاڕسـتەیە، چـونکی ئەو ژیژکـارەکی پێکهاتییـەو پـەیڤێ لێکـدەری ژ پێـشڤە نەهاتیـەو رامانو مەبەستەکا سەربخۆ ددەت، هەروەسا گـوتراوا (کـو سـەردار دێ ڕۆمانێ نڤیسیت) ژ (کارو بکەرو بـەرکار)ی پێکهاتییـەو رامانـەکا سەربخۆ ددەتو سەر ب شارستێ ڤەیە، ئەرکێ بەرکارێ ڕسـتا (مـن نەزانیە) دبینیـت، ژ بەرهەنـدێ دبیـژنێ "پاڕسـتەی نـاویی" چـونکو ئەرکێ ناوی دبینیت.

٢. لەڕسـتەی یەکـەمی بەشـی (ب)دا، ڕسـتەی "مـە ئـەو دیـت"، شاڕستەیە، چونکە واتایەکی سـەربەخۆی هەیـەو جێنـاوی لێکـدەری "کو"ی پێش نەکەوتووە، هەروەها گوتراوی "کو دکەنی" ڕسـتەیە،

بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕووی واتاوە بەستراوە بە ڕستەی یەکەمەوە واتا بە شارستەکەوەو بە تەنیا واتای نییەو چونکە وەسفی جێناوی ئەو دەکات لە شارستەکەدا، بۆیێ پێی دەگوترێت "پارستەی هاوەڵناویی".

هەر بەو جۆرەش لەڕستەی دووەمی بەشی (ب)دا، ڕستەی "ئەو چرایە کوژایەوە، شارستەیەو واتایەکی تەواوی هەیەو وشەی لێکدەریشی لە پێش دا نییە. گوتراوی " کە ڕووناك بوو" ئەویش ڕستەیە، بەڵام واتای تەواوی نییەو چونکە وەسفی چرایەکە دەکاتو جێناوی لێکدەریشی لەپێشە، بۆیێ پێی دەگوترێ "پارستەی هاوەڵناویی".

٣. لەڕستەی یەکەمی بەشی (پ)دا، ڕستەی "وی دەرمان خوار" شارستەیە چونکی ئەوژی واتایەکی سەربخۆ هەیە، پەیڤا لێکدەر ل پێش دا نینە. هەروەسا گۆتنا "بەلکی پێ چێبیت" ڕستەیە، بەلێ چونکو واتەیەکا سەربخۆ نینەو پەیڤەکا لێکدەریا لپێشو ئەم دشێین بێژین وەسفا کارێ شارستێ دکەت، ژ بەرهندێ دبێژنێ " پارستەی هاوەڵکاریی" چونکی ئەرکێ هاوەڵکاری دبینیت.

هەر بەو جۆرەیش لەڕستەی دووەمی ئەو بەشەدا، ڕستەی "ئاراس نەهاتە قوتابخانە" شارستەیە، واتای تەواوی هەیە، وشەی لێکدەری لەپێش نییە، "چونکە نەخۆش بوو" پارستەیە، چونکە بەتەنیا واتای نییە، پەیڤی لێکدەری لەپێشەو وەسفی کاری

شارستەکە دەکات، واتە هۆکاری نەهاتنەکە نیشان دەدات بۆیێ بەم ڕستەیە دەگوترێت "پارستەی هاوەڵکاری".

هەر بەو جۆرەی کە باسکرا، ڕستەکانی تری هەرسێ بەشەکەی پێشوو دەتوانین لێك بدەینەوە، دیارە ئەمەش کارێکی سروشتی مامۆستای بەرێزی وانەکەیە.

دەستوور:

لەزمانی کوردیدا سێ جۆر پارستە هەیە:-

1. **پارستەی ناوی : ئەو ڕستەیەیە کە سەر بە شارستەیەو واتاکەی بەندە بە واتای ئەوەوە، دەکرێ ببێتە جێگری بکەر یا تەواوکەری کاری شارستە وەکو لەڕستەکانی بەشی (ئـ)دا دیارە یان هەر ئەرکێکی تری ناو ببینێ.**
2. **پارستەی هاوەڵناوی : پارستەی هاوەڵناویی، لەڕستەی ناوێتەدا، ئەو ڕستەیەیە کو سەر بەشارستەیەو واتاکەی بە واتای ئەوەوە بەندەو وەسفی ناوێك دەکات لە شارستەکەدا، وەکو لەڕستەکانی بەشی (ب)دا دیارە.**
3. **پارستەی هاوەڵکاری : لەڕستەی ناوێتەدا ئەو ڕستەیەیە کەسەر بە شارستەیەو واتاکەی بەندە بە واتای ئەوەوە، وەسفی کارێك دەکات لە شارستەدا وەکو لەڕستەکانی بەشی (پ) دا دیارە.**

ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەدا پاڕستەکان دەربهێنەو جۆرەکانیان جیا بکەوە:

١. ئەم دخەبتین بەلکی ب ئارمانجا خۆ دگەهین.

٢. بیستوومە کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار.

٣. ئاشکرایە کو وەلات هەر ب زانستیێ پێش دکەڤیت.

٤. ئەو وانەیەی کە خوێندمان زۆر گران بوو.

٥. کە بەهار هات دەچینە سەیران.

ڕاهێنان (٢)

١. سێ پاڕستەی ناویی لەڕستەدا بەکاربهێنە.

٢. سێ پاڕستەی هاوەڵناویی لەڕستەدا بەکاربهێنە.

٣. سێ پاڕستەی هاوەڵکاریی لەڕستەدا بەکاربهێنە.

ڕاهێنان (٣)

لەم ڕستەو دێڕە هۆنراوانەدا پاڕستەکان دەربهێنەو جۆرەکانیان دەربخەو پاشان شلۆڤەیان بکە:

١. گریانی منو خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێن.

بەو مەوسیمی بارانە کەوا غونچە دەپشکووت.

٢. نەم زانی کە پێشمەرگەکە لەبن دارەکە شەهید کرا.

٣. مە زانییە کو کۆمپیوتەر ل خوێندنگەهێ هەیە.

٤. نەم پرسی بوو کە باخەوانەکە هاتووە.

ڕاهێنان (٤)

پارستەی ناویی " کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤ کەت"

لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بە مەرجێك:

١. بکەر بێت ٢. جێگری بکەر بێت ٣. بەرکار بێت

ڕاهێنان (٥)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە، بەمەرجێك یەکەمیان بە پارستەی ناویی، دووەمیان بە پارستەی هاوەڵناویی سێیەمیان بە پارستەی هاوەڵکاریی.

١. مامۆستاکەم پێی گوتم.............

٢. ئەو مرۆڤەی .... شەرمەزارە.

٣. تێبکۆشن ....

(وانەی دووەم)

تەواوکەری کار

١. بەرکار

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

(ئـ)

١. ئاوێرە چێشت لێ دەنێت.

٢. گەل ئێمەی هەڵبژاردووە.

٣. ناردمی بۆ بازاڕ.

٤. ڤانا چوار کتێب و شەش دەفتەری وەرگرتووە.

٥. مامۆستا ڕێزمانی کوردی فێری خوێندکاران دەکات.

(ب)

١. کوردێکم دەوێ چاپووك و پتـەو
سەفەرێك هەیە بۆم بکا بە شەو

(هەژار)

٢. تنێ فەرهاد دزانت لە زەتی عیشق
کو وی جان دایە شیرینێ نە پەروێز

(جزیری)

٣. من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش دەوێ
موژدەی شەفەقی لێ دەردەکـەوێ

(پیرەمێرد)

٤. بۆی عەنبەر نەتۆی دەماغم دوورکــەرد
فرسەتەش ئاوەرد هەوای وەبـای دەرد

(مەولەوی)

٥. پڕ بە دەم بانگ ئەکەم سەربەستیم ئەوێ
کورستانم جێی شێرانە ئەبێ ســەرکەوێ

(ع.ع. شەونم)

٦. بە خەنجەر گەر دەرئارەند دیدەگانم
بە ئاتەش گەر بسوزەند ئیســـتخوانم
ئەگەر بەر ناخونانەم نەی بکو بەند
نەگیـرەم دڵ ز یــاری میـهرەبــانم

(بابە تاهیر)

٧. پڕ قووڵی هیـــواو پــانی پەژارە
گۆڕێ هەڵکەنین بۆ ئەو سەردارە

(بلە)

٨. شۆخ و شەنگی زوهرە ڕەنگی دل ژمن بر دڵ ژمن
ئاورێن هەیـبەت پلنگێ دل ژمن بـر دڵ ژمـن

(جزیری)

٩. لەو هەرِەفتم ئەز ژ مەیلێ شوبهەتی سەهل و سوهەیلێ
موحبەت و عەشقاد مەیلێ ئـەز کـرم یـەکســەر پلۆخ

(جزیری)

خستنه ڕوو:

لەساڵانی ڕابردوودا زانیمان کە یەکێك لەدوو بنچینەکانی ڕستە (بکەرو کار)ە، (کاریش) یان (تێپەڕە) یان (تێنەپەڕ)، ئاشکراشە کاری تێپەڕ پێویستی بە (بەرکار)هەیە. جا ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەبینین:

١. لەڕستەی یەکەمدا، پەیڤی (چێشت)ناوە و ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە کاری تێپەڕی (لێ دەنێت)ی تەواوکردووەو ئەرکی کارەکەشی کەوتۆتە سەرو ئەگەر ببوایە وشەی (چێشت)مان لەو ڕستەیەدا نەهێنایە، نەمان دەزانی کە (ئاوێرە) چی لێناوە؟

٢. لە ڕستەی دووەمی بەشی (ئـ)دا، جێناوی (ئێمە) ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە کاری تێپەڕی (هەڵبژاردووە)ی تەواوکردووەو ئەرکی کارەکەشی کەوتۆتە سەرو ئەگەر ببوایەو جێناوی (ئێمە)مان نەهێنایە، نەمان دەزانی کە (گەل) کێی (هەڵبژاردووە)؟ بەهەمان شێوەش لەڕستەی سێیەمی بەشی (ئـ)دا، جێناوی لکاوی (م) ئەرکی (بەرکاری) بینیوە، چونکە کاری تێپەڕی (نارد)ی تەواوکردووەو ئەرکی کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٣. لەڕستەی چوارەمدا هەردوو پەیڤی (کتێبو دەفتەر) ئەرکی بەرکاریان بینیوە، بۆکاری (وەرگرتووە)، هەر بەهەمان شێوەش لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤەکانی (ڕێزمانی کوردی)و (خوێنکار) بەرکارن بۆ کاری (فێر دەکات)، ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەشێ لەڕستەیەکدا زیاتر لە (بەرکارێك) هەبێت.

لەخوێندنـەوەی هۆنراوەکـانی سـەرەوەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە پەیڤی (کوردێك، لەزەتی عیشق، جان، ڕەنگ، بۆی عەنبەر، سەربەستی، دیدەگان، ئیستخوان، ناخونان، دڵ، گۆڕێ، دڵ، ئەز) هـەموویان ئـەرکی بەرکاریان بینیوە بەم شێوەی خوارەوە.

١. لەدێرە هۆنراوەی یەکەمدا پەیڤی (کوردێك) نـاوەو ئـەرکی بـەرکاری بینیـوە، چـونکە واتـای کـاری تێپـەڕی (دەوێ)ی تـەواو کـردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٢. لەدێڕە هـۆنراوەی دووەمـدا پـەیڤی (لـەزەتی عیـشق) نـاوەو ئـەرکی بـەرکاری بینیـوە، چـونکە واتـای کـاری تێپـەڕی (دزانیـت)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سـەر هـەروەها پـەیڤی (جان) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیـوە، چـونکە واتـای کـاری تێپـەڕی (دایە)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٣. لە دێڕە هۆنراوەی سێیەمدا پەیڤی (ڕەنـگ) نـاوەو ئـەرکی بـەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (خۆش دەوێ)ی تـەواو کـردووە هەروەها کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٤. لـەدێڕە هـۆنراوەی چـوارەمدا پـەیڤی (بـۆی عەنبـەر) نـاوەو ئـەرکی بـەرکاری بینیـوە، چـونکە واتـای کـاری تێپـەڕی (دوور کـەرد)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٥. لـەدێڕە هـۆنراوەی پێنجەمـدا پـەیڤی (سەربەسـتی) نـاوەو ئـەرکی بـەرکاری بینیـوە، چـونکە واتـای کـاری تێپـەڕی (دەوێ)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٦. لەدێڕە هۆنراوەی شەشەمدا پەیڤی (دیدەگان) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (دەر ئارەند)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر. هەروەها پەیڤی (ئیستخوان) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (بسوزەند)ی تەواو کردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر. هەروەها پەیڤی (ناخونان) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (بکوبەند)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر. هەر وەسا پەیڤی (دڵ) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (نەگیرەم)ی تەواو کردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٧. لەدێڕە هۆنراوەی حەفتەمدا پەیڤی (گۆڕ) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (هەڵکەنین)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٨. لەدێڕە هۆنراوەی هەشتەمدا پەیڤی (دڵ) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (بر، برد)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٩. لەدێڕە هۆنراوەی نۆیەمدا پەیڤی (ئەز) جێناوی کەسی سەربەخۆیە (جودا) ئەرکی بەرکاری بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (کر، کرد)ی تەواوکردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

دەستوور:

بەرکار ئەو ناوەیە یان ئەو جێناوەیە کە لەڕستەدا یان لەدێڕە هۆنراوەدا واتای کاری تێپەڕی تەواو کردووە یان تەواوی دەکات، کاریگەری کارەکەشی دەکەوێتە سەر.

ڕاهێنان (١)

لەم دێرە هۆنراوانەدا بەرکارەکان دیاری بکە:

١. کوێخایەك نانی بۆ ڕەنجبەرێ برد
زۆر زۆر بەسووکی تەماشای ئەکرد.

(قانع)

٢. ڕۆژی جەژنە چاوەکانت جوانە جەژنانەم ئەوێ
من بەهەڵپەم چاوەکانم، جامێ پێوانەم ئەوێ

(حسیب قەرەداغی)

٣. دەمگرێ ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم

(هێمن)

٤. یەکێ نەمام ئەڕوێنێو یەکێ نەمام ئەنێژێ
ئەمیان چاوەڕێی گوڵەو ئەویان فرمێسك ئەڕێژێ

(ئەخۆل)

٥. شەرتە وەك فەرهاد قوڵنگی یادی شیرین هەڵگرم
تا لە پای کێوی فیراقا جێ دەهێڵم یادگار

(ئەخۆل)

ڕاهێنان (٢)

لەڕستەی (**داهێن ڕێزمانی کوردی فێرکردین**)

ئـ– کاری ڕستەکە دیار بخەو چ جۆرە کارێکە؟

ب– وشەی (ڕێزمانی کوردی) شی بکەوە؟

پ – (ین) چییەو ئەرکی چییە؟

ت– (ی) لە وشەی ڕێزمانی کوردی شی بکەوە؟

ج– ئەم ڕستەی سەرەوە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو بنووسەوە؟

ڕاهێنان (٣)

ئەم دێڕە هۆنراوەیە شی بکەوە:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە.

ڕاهێنان (٤)

وشەی (ڕۆژنامە) لەسێ ڕستەدا وەکو (بەرکار) بەکاربهێنە، بە مەرجێك لەڕستەی یەکەمدا لەگەڵ کاری ڕابردوو لەڕستەی دووەمدا لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لەڕستەی سێیەمدا لەگەڵ کاری داخوازی بێت.

(وانەی سێیەم)

تەواوکەری کار

٢. تەواوکەری بەیاریدە

(ئـ)

١. لاوەکان بەگیانی برایەتییەوە پەروەردە بکەن.

٢. نەوزادی نامەك ژ بۆ ئازادی نڤیسی بوو.

٣. مامۆستا وانە بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە.

٤. حوکومەتا کوردستانێ خوێندنگەهـ ل گوندان دا ئاڤا کرییە.

٥. پێشمەرگەکان لەشکری دوژمن لە ناوچەکەدا دەردەکەن.

٦. ڕەزڤان گولان ل باغچێ دچینیت.

(ب)

١. ئێمە لە کارەکەدا سەردەکەوین

٢. سالار ل ژوورێ نڤست بوو.

٣. ئەم دچینە دهۆکێ.

٤. ئەڤـ کتێبانە ژ بۆ قوتابییان هاتینە.

٥. هەواڵەکان بە ئێوە گەیشتن.

خستنه ڕوو:

ئـ– کاتێ سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەکەین، دەبینین:

١. لەڕستەی یەکەمدا **گرێی** (گیانی برایەتی) تەواوکەری بە یاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (پەروەردە بکەن)ی تەواو کردووە بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندی(بە).

٢. لەڕستەی دووەمدا وشەی (ئازاد) ناوێکی تایبەتییەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (نڤیسی بوو)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ژ بۆ).

٣. لەڕستەی سێیەمدا وشەی (ئێمە) جێناوی کەسیی سەربەخۆیەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (ڕوون دەکاتەوە)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ).

٤. لەڕستەی چوارەمدا پەیڤی (گوندان) ناوێکی کۆی نەناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (ئاڤا کرییە)ی تەواو کردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ل).

٥. لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (ناوچەکە) ناوێکی تاکی ناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (دەردەکەن)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (لە– دا).

٦. لەڕستەی شەشەمدا پەیڤی (باغچێ) ناوێکی تاکی نەناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (دچینیت)ی تەواو کردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ل).

ب- ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین:

١. لەڕستەی یەکەمدا پەیڤی (کارەکە) ناوێکی تاکی ناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (سەردەکەوین)ی تەواوکردووە بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندی (لە- دا).

٢. لەڕستەی دووەمدا پەیڤی (ژوور) ناوێکی تاکی نەناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (نڤست بوو)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ل- ێ).

٣. لەڕستەی سێیەمدا پەیڤی (دهۆك) ناوێکی تایبەتییەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (دچین)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ە، ێ).

٤. لەڕستەی چوارەمدا پەیڤی (قوتابییان) ناوێکی کۆی نەناسراوەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (هاتینە)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ژ، بۆ).

٥. لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (ئێوە) جێناوی کەسی سەربەخۆیەو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (گەیشت)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (بە).

دەستوور:

تەواوکەری بەیاریدە: ئەو ناوەیە یان ئەو جێناوەیە کە لەڕستەدا واتـای کـار تەواو دەکات بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی { بە- ەوە، لە- دا، بۆ، بەرەو، ژبۆ، ژ، ل، د، تـا، ە } تەواوکـەری بەیاریـدە لەگـەڵ کـاری تێپـەڕو تێنە پـەڕدا دێتـە کایەوە.

ڕاهێنان (١)

لەم دێـرە هۆنراوانـەی خـوارەوەدا هـەر چ بـەرکارو تەواوکـەری بەیاریـدە هەن دەریان بهێنە:

٦. خوون ژ دل جۆجۆ ڕەوان تێ   وەك عەقیقو ئەرخەوان تێ
لێ ژ دەست سەلوا جوان تێ   ئەو شـەپالا شەنگو شۆخ

(جزیری)

٧. بـا بـە قولنگی تـیـژی فـەرهـادیی
هەڵکوتینە سەر بێستوونی شادیی

(بلە)

٨. ئەو چەم بە سورمەی خەمناکی ڕەشـــتە
چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەرگەشتە

(مەولەوی)

٩. بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەلگورد نیم
بەرەو بەرزی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

(هێمن)

١٠. لەهەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپیو جوان

(گۆران)

١١. ئەو کەسەی گیانی لەڕێگای نیشتمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردووە شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین

(بێکەس)

ڕاهێنان (٢)

ئەم ناوانەی خوارەوە لەڕستەدا بەکاربهێنە، جارێك ببنە بەرکارو جارێك ببنە تەواوکەری بەیاریدە:

(وڵات– ڕۆژنامە– پێشمەرگە– زانست– گوڵ– پەرلەمان)

ڕاهێنان (٣)

جیاوازی لەنێوان بەرکارو تەواوکەری بەیاریدە چییە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە:

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەرەوە:

ئـ– ئەو کتێبان ژ بۆمە دکڕیت.

ب– گۆڤارەکانیان بۆمان هێناوە.

پ– مامۆستا لەهۆڵی قوتابخانەدا دیارییەکەی پێشکەش کردین.

ت– ئەم ڕۆژنامەیەم خوێندۆتەوە بۆتان.

(وانەی چوارەم)

جێناوی خۆیی

/١

ئـ- ئەو خۆی لە ئاوێنەدا دیت. (بەرکار)

ب- وێ خۆ ل ئاوینێ دا دیت.

/٢

ئـ- هەمیشە خۆم دەچم بۆ کتێبخانە. (بکەر)

ب- ئەز بخۆ دهێم بۆ دەڤ هەوە.

/٣

ئـ- ئەوە خۆت بوویت کە لەتاقیکردنەوەدا دەرنەچوویت. (تەواوکەری کاری بێ هێز).

ب- ئەڤە تۆ ب خۆ بووی کو ژ تاقیکردنێ دا دەرنەکەفتی.

/٤

ئـ- نازدار کچەکەی خۆی نارد بۆ زانکۆی دهۆك. (دیارخەری ناو)

ب- نازداری کچا خۆ هنارده زانکۆیا دهۆکێ.

/٥

ئـ- تۆ لە خۆتەوە هیچ کارێك مەکە. (تەواوکەری بەیاریدە)

ب- تۆ ژ خۆڤە هیچ کاران نەکە.

٦/

ئـ- خۆی نەزان و نەشارەزایە. (نیهاد)

ب- ئەو ب خۆ نەزان و نە شەهرازایە.

٧/

ئـ- خۆیان گیران. (جێگری بکەر)

ب- ئەو ب خۆ هاتن گرتنێ.

خستنە ڕوو:

لـەم ڕسـتانەی سـەرەوەدا پـەیڤی (خـۆ) وەکـو جێنـاوی خـۆیی بەکارهاتووەو لەهەریەك لەو ڕستانەدا ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە:

١. لەڕستەی یەکەمدا پەیڤی (خۆی) لە وشەی (خۆ)و جێناوی کەسیی لکاوی (ی) پێکهاتووەو لەگەڵ جێنـاوی کەسیی سـەربەخۆی (ئـەو) بەکارهاتووە بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر ئەو کەسە بکات، هـەر بـۆ زیـاتر چەسـپاندنی ئـەو کەسـەش، کـە کەسـی سـێیەمی تاکـە، جێنـاوی کەسـیی لکـاوی (ی) خراوەتـە سـەری و بـووە بـە (خـۆی)، ئەگەر زیاتریش لە ڕستەکە وردبینەوە بۆمە دیار دەبێت کو پـەیڤی (خـۆی) ئـەرکی (بـەرکار) لەڕسـتەکەدا دەبینێـت کـە یەکێکـە لـە ئەرکەکانی (ناو) لەڕستەدا. بەهەمان شێوەش لەڕستەی (وێ خـۆ ل

ئاوێنێ دا دیت))، پەیڤی خۆ هەر ئەو ئەرکەی پێشوو دەبینێت، بێ ئەوەی هیچ جێناوێکی کەسیی لکاوی خرابێتە سەر:

٢. لەڕستەی دووەمیشدا پەیڤی (خۆم) لە وشەی (خۆ)و جێناوی کەسیی لکاوی (م)ی کەسی یەکەمی تاك دروست بووە، بەکارهێنانیشی لەم ڕستەیەدا هەر بە مەبەستی جەختکردنە لەسەر جێناوی کەسیی سەربەخۆی (من)، لەڕستەکەشدا ئەرکی (بکەر)ی ڕستەکەی لەئەستۆ گرتووە.

٣. هەر بەم جۆرەش لەڕستەی ژمارە (٢)ی (ب)دا، پەیڤی (خۆ)، دیسان هەر بۆ تەوکیدی جێناوی (ئەز)ە، ئەرکەکەشی لەڕستەدا وەکو ئەوەی پێش خۆی (بکەر)ی ڕستەکەیە.

٤. لەڕستەی سێیەمدا، پەیڤی (خۆت) لە (خۆ)و جێناوی کەسیی لکاوی (ت) دروست بووە، لەجیاتی ناوی ئەو کەسە بەکارهاتووە کە گوناهی دەرنەچوونی دەخرێتە ئەستۆ، ئەرکەکەشی لەم ڕستەیەدا تەواوکەری کاری بێ هێزە (کاری ناتەواو)، هەر بەو جۆرەش لە ڕستەی ژمارە (٣)ی (ب)دا پەیڤی (خۆ) تەواوکەری کاری بێ هێزە.

٥. لەڕستەی ژمارە (٤)ی (ئـ)دا، دیسان ژی پەیڤی (خۆی) لە وشەی (خۆ)و جێناوی کەسیی لکاوی (ی) دروست بووە، بەکارهێنانیشی هەر بۆ مەبەستی جەختکردنە لەسەر ناوەکە، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەبوایە دەمانتوانی بڵێین (نازدار کچەکەی نارد بۆ زانکۆی دهۆك)، کە لێرەدا لە وانەیە ئەو کچە، کچی نازدار خۆی نەبێت، بەلام ئەو ناردبێتی بۆ زانکۆی دهۆك، کەچی کە ڕستەکە بەم

شێوەیە دەردەبڕێن: (نازدار کچەکەی خۆی نارد بۆ زانکۆی دهۆك) ئەو کاتە جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە کچەکە هی نازدارەو پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە. ئەرکی (خۆی) لەو ڕستەیەشدا دەبێتە دیارخەری ناوی کچەکە.

٦. هەر بەم جۆرەش لەڕستەی ژمارە (٤)ی (ب)دا، پەیڤی (خۆ) تەوکیدە بۆ ناوی کچەکەو بووە بە تەواوکەری، بەهۆی ئامرازی (ا)ی دانە پاڵەوە.

٧. ئینجا لەڕستەی ژمارە (٥)ی (ئـ)دا، پەیڤی (خۆت)، لە (خۆ)و جێناوی کەسیی لکاوی (ت) پێکهاتووە کە ئەویش بۆ تەوکیدو جێگیربوون خراوەتە سەری، ئەرکیشی تەواوکەری بەیاریدەی کاری (مەکە)یە.

٨. لەهەمان ڕستەی ژمارە (٥)ی (ب)دا، پەیڤی (خۆ) بەبێ جێناوی کەسیی لکاو بەکارهاتووەو لەو ڕستەیەدا ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی کاری (کاران نەکە)یە.

٩. لەڕستەی ژمارە (٦)دا، پەیڤی (خۆی) لە جێناوی (خۆ)و (ی)ی جێناوی لکاوی کەسیی پێکهاتووەو ئەرکەکەشی (نیهاد)ی ڕستەکەیە.

١٠. لەڕستەی ژمارە (٧)ی (ئـ)دا، پەیڤی (خۆیان) لە (خۆ)و جێناوی کەسیی (یان) پێکهاتووەو لێرەدا وەك (جێگری بکەر) بەکارهاتووە چونکە کاری ڕستەکە، کارێکی نادیارە.

دەستوور:

١. جێناوی (خۆ) جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسیی تاك و کۆدا، ئەم جێناوەش واتای خۆیەتی و خاوەنییەتی دەگەیەنێت و کاتێك جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتە سەر دەبێتە جێناوێکی لێکدراو وەك (خۆم- خۆت- خۆی- خۆمان- خۆتان- خۆیان)

٢. لەزمانی کوردیدا ئەم جێناوە چەند شێوەیەکی هەیە وەك:

ئـ- خۆ: نموونە: بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بەنان و ئاوو جل و بەرگی خـــــــــۆم.

(بێکەس)

ب- خوە: نموونە: هەم ئەهلی نەزەر نەیێن کو کورمانج
ئیشقی نەکرن ژ بۆ خوە ئارمانـــــج (خانی)

پ- زۆرجاریش لەشێوەی (خود)دا بەکاردێت:

نموونە:

هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقسەدی
خود پەسندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا

٣. جێناوی خۆیی لە دووباردا بەکارد :

ئـ- بۆ تەوکیدی (ناو) یان (جێناو) وەك:

ئەو خۆی نامەی نووسی.

کە لێرەدا جێناوی (خۆ) بۆ تەوکیدکردن و جەختکردنی جێناوی (ئەو) بەکارهاتووەو ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەبوایە، دەمانتوانی بڵێین:

ئەو نامەی نووسی.

ب- کاتێك ئەگەر (بکەر) و (بەرکاری) ڕستەکە یەك بن ئەوا دەتوانین جێناوی (خۆ) بەکاربێنین وەك:

من خۆم خۆمم پێگەیاند

لـەم ڕسـتەیەدا (بكـەر)و (بـەركار) یـەك كەسـن و چـونكە (خـۆ) وەك (بـەركار) بەكارهاتووە، بۆیە بوونی لەڕستەدا پێویستە، بەلابردنیشی ڕستەكە دەشێوێت.

٤. ئەگـەر جێنـاوی كەسیی سـەربەخۆ لەڕسـتەدا لەگـەڵ جێنـاوی (خـۆ) بـەكارهات و (بكەر)ی ڕستەكە بوو وەك:

من خۆم نـانم خوارد.

ئەوا لەم بارەدا سێ جێنـاو لەڕستەیەكدا كۆ دەبنەوە، دووانی سەربەخۆ (من، خۆ)و یەكێكی لكاویش (م). كۆبوونەوەی ئەم سـێ جێنـاوەش لەیـەك ڕسـتەدا پێویـست نییـە، بۆیە زۆر ڕەوایە هەردوو جێناوە سەربەخۆیەكان لاببەین و بڵێین:

نـانم خوارد.

ئینجا ئەگەر مەبەستمان تەوكید كردنـی جێنـاوە سـەربەخۆیەكە بێـت ئـەوا بۆمـان هەیە بڵێین (من نـانم خوارد)، بۆ زیاتر تەوكیدیش لە پلەی سێیەمدا جێنـاوە خۆییەكـە دەخەینە ڕستەكەوەو دەیكەین بە:

من خۆم نـانم خوارد

٥. لەشـێوە زاری كرمـانجی ژووروودا جێنـاوی (خـۆ- خـوە) بـە تـەنیا دهێتـە بەكارهێنـان و جێناوی لكاوی ناخرێتە سەر، ئەم جێنـاوەش:

ئـ- ئەگەر (بكەر) یان (نیهاد) یان (جێگـری بكـەر) بـوو، ئـەوا پێـشگری (ب)ی دەخرێتـە پێش وەك:

ئەز ب خۆ هاتم = من خۆم هاتم.

ئەو ب خۆ نەزانە = ئەو خۆی نەزانە.

ئەو بخۆ هاتە گرتنێ = ئەو خۆی گیرا.

ب- بەلام ئەگەر (بەركار) بـوو ئـەوا ئـەم (ب)ی پێـشگرە وەرنـاگرێـت و پێویـستی پێـی نـابێت وەك:

من خۆ شوشت = من خۆم شوشت.

تە خۆ هاڤێت = تۆ خۆت هاویشت.

وێ خۆ كوشت = ئەو خۆی كوشت.

٦. (خۆ) دەکرێ بە تەنیاو بەبێ هیچ زیادییەك بەکاربێت وەك:

خۆ بەخۆ دانیشتبووین = ئەم خۆ ب خۆ ڕوونیشتبووین.

دەشکرێ لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمو دووەمیش بەکاربێت وەك:

خۆم دەچم بۆ بازاڕ. (م جێناوی لکاوی دەستەی یەکەمە)

ئەم پیاوانە خۆیین. (ن جێناوی لکاوی دەستەی دووەمە)

هەروەها هەندێ جار دوو جێناوی دەستەی یەکەم لە دوویەك دێن و دەخرێنە سەر (خۆ) وەك:

خۆتم لێ مەکە بە بلیمەت (ت.م)

یان جێناوێکی دەستەی یەکەمو یەکێکی دەستەی دووەم لەدوو یەك دەخرێنە سەر (خۆ) وەك:

ئەم کوڕانە برادەری خۆمن (خۆمانن). (م، ن) (مان، ن).

٧. جێناوی (خۆ) لە بەکارهێناندا تەواوی ئەرکەکانی ناو دەبینێت و دەبێتە: بکەر، بەرکار، نیهاد، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری بێ هێز، جێگری بکەر.

٨. جێناوی (خۆ) لە ڕووی ڕەگەزو ژمارەو دۆخەوە بێ لایەنە، بۆنموونە:

ئازادی کوڕێ خۆ نەهینایە. (نێر)

ئازداریێ خۆ ئامادەکریە. (مێ)

٩. هەر کاتێك (خۆ) بە پەیڤی ترەوە، ئالا، پەیڤی ناسادە (داڕێژراو)و (لێکدراو) دروست دەکات وەك:

داڕێژراو: (خۆیەتی، خۆیی، لە خۆوە، بەخۆ)

لێکدراو: (خۆ پەسەند، خۆکوژ، خۆویست)

١٠. زۆرجار جێناوی لکاو دەخرێتە سەر (خۆ)و پێوەی دەلکێت، جا پێوە لکانەکە لەبەشی پێشەوە یان دوواوە بێت، ئەوا مۆرفێمی (ش، یش)ی پەیوەندی وەردەگرێت وەك:

خۆشم، خۆشت، خۆشی – خۆشمان، خۆشتان، خۆشیان

خۆمیش، خۆتیش، خۆشیی- خۆمانیش، خۆتانیش، خۆیانیش.

١١. جێناوی (خۆ) ئەگەر جێناوێکی دەستەی یەکەمی پێوەلکا ئەوا لەگەڵ کاری تێپەڕو تێنە پەڕیشدا دهێتە بەکارهێنان وەك:

خۆمان خانووەکەمان فرۆشت. (تێپەڕ)

خۆیان بە پێ هاتنەوە. (تێنە پەڕ)

بەلام ئەگەر دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە بلکێت ئەوا تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکاردێت وەك:

زەوییەکەی خۆمانمان فرۆشت.

پەرتووکەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم

١٢. زۆرجار بۆ زیاتر تەوکیدو چەسپاندن (خود) دەخرێتە پێش (خۆ)، بۆ نموونە دەکرێ بڵێین:

کارەکە بەخودی خۆت ئەنجام بدە.

کە لێرەدا (خود) تەنیا هەر بۆ تەوکید کردن هاتووەو لابردنی هیچ زیانێکی ئەوتۆ بە چەمکی ڕستەکە ناگەیەنێت.

ڕاهێنان (١)

پەیڤی (خۆ) لەڕستەدا بەکاربێنە بە مەرجێك:

١. لەڕستەی یەکەمدا (بکەر)بێت.

٢. لەڕستەی دووەمدا تەواوکەری کاری بیٚ هێز بێت.

٣. لەڕستەی سێیەمیشدا نیهادی ڕستەکە بێت.

٤. لەڕستەی چوارەمدا دیارخەری ناوبێت.

٥. لەڕستەی پێنجەمدا جێگری بکەر بێت.

ڕاهێنان (٢)

ئەم ڕستانە لەتاکەوە بگۆڕە بۆ کۆ.

١. بە منداڵەکەی خۆمم خوێند.

٢. دوێنیٚ خۆت پارەکەت لیٚ سەندم.

٣. خۆی لێرە نییە خوای لێرەیە.

٤. من خۆم کارەکە جێبەجێدەکەم.

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. جێناوی (خۆ) کەی پێشگری (ب)ی دەخرێتە پێش؟

٢. جێناوی (خۆیی) لە چەند باردا لەڕستەدا بەکاردێت؟ ئەو بارانە چین؟ بەنموونە ڕوونی بکەرەوە.

٣. کەی دەتوانین جێناوی خۆیی لەڕستەدا لاببەین؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

٤. کەی جێناوی (خۆیی) لەگەڵ کاری تێپەڕو تێنەپەڕ بەکاردێت؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە.

٥. کەی جێناوی (خۆیی) مۆرفیمی (ش، یش)ی پەیوەندی وەردەگرێت؟ بەنموونە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنان (٤)

ئەم بۆشاییانە بە جێناوی خۆیی پڕ بکەوەو جێناوی لکاوی گونجاویشی بۆ دابنێ:

١. بۆ .... لە وڵاتی .... بە ئاسودەیی ژیان بەسەر دەبەین.

٢. بستێك لە خاکی .... بە هەموو زێڕی دنیا ناگۆڕمەوە.

٣. پێرێ .... قسەی لەگەڵم دا کرد.

٤. لەگەڵ برای .... چوون بۆ دەرەوە.

٥. لە .... ەوە وەڵامی هیچ پرسیارێك مەدەوە.

ڕاهێنان (٥)

لەم ڕستانەدا پەیڤی (خۆ) شی بکەوەو ئەرکەکەشی دەربخە:

١. بە خۆتم گوت ئەم کارە مەکە.

٢. من خۆم چووم بۆ بازاڕ.

٣. ئەو ب خۆ هات گرتنێ.

جێـناوی هەیی

(ئـ)

١. دیواری باخەکەی ئێوە ڕووخاوەو هی باخەکەی ئێمە نەڕووخاوە.

٢. کتێبی من مەخوێنەرەوە هی خۆت بخوێنەرەوە.

٣. بەو قەڵەمەی من مەنووسە بە هی خۆت بنووسە.

٤. ئەم کتێبەی من لەهی کێ چاکترە؟

(ب)

١. دیوارێ خانیێ هەوە هەرفتییەو یێ خانیێ مە نەهەرفتییە.

٢. کتێبا من نەخوێنە یا خۆ بخوێنە.

٣. ب دەستێن من ماری نەکوژە ب یێن خۆ بکوژە.

٤. ئەڤ کتێبا من ژیا کێ چاکترە؟

خستنە ڕوو:

لەمــەو پــێش زانیومانــە کــە جێنــاو لــەجیاتی ناوێــك لەڕســتەدا بەکاردەهێت، ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین دەبینین لە هەر ڕستەیەکدا جێناوێکی (هـەیی) هەیـە کـە لـەجیاتی نـاوی شـتێك بەکارهێنراوە کە تایبەتە بەشتێکەوە یان کەسێك خاوەندیەتی.

١. لەڕستەی یەکەمدا جێناوی (هی) لە بری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە تایبەتە بە باخەکەوەو نەڕووخاوە (دیوار). لەم ڕستەیەدا ئەرکی (بکەر) ی بینیوە.

٢. لەڕستەی دووەمدا جێناوی (هی) لەبری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە تۆ خودانی (خاوەندی) ئەویتو داوات لێ کراوە بیخوێنیتەوە (کتێب) لەم ڕستەیەدا ئەرکی (بەرکار)ی پێ سپێرراوە.

٣. لەڕستەی سێیەمدا جێناوی (**هی**)لە بری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە من خودانی ئەوم (قەڵەم) داوام لێ کراوە پێی بنووسمو لەم ڕستەیەدا ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی کاری (بنووسە)ی پێ سپێرراوە.

٤. لەڕستەی چوارەمدا جێناوی (هی) لەبری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە جێناوی پرسی (کێ) خاوەندێتیو بۆتە (دیارخراو). (تەواوکەری بەیاریدە)یە.

تێبینی: جێناوی (هی) ژمارەو ڕەگەز (جنس) پیشان نادات.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) بکەین دەبینین جێناوی (یا– یێ– یێن) هەیە کەلەجیاتی ناوی شتێك بەکارهێنراوە کە تایبەتە بە شتێکەوە یان کەسێك خاوەندەکەیەتی.

١. لەڕستەی یەکەمدا جێناوی (یێ) لەبری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە تایبەتە بە (خانییەکەوە)و نەهەڕفتییە، (دیوار)، لەم ڕستەیەدا ئەرکی (بکەر)ی پێ سپێرراوە.

٢. لەڕستەی دووەمدا جێناوی (یا) لەبری ئەو شتە بەکارهێنراوە کە تۆ خاوەنـدی ئـەویتو داوات لێ کـراوە بیخوێنیتـەوە (کتێـب)و لـەم ڕستەیەدا ئەرکی (بەرکار)ی پێ سپێرراوە.

٣. لەڕستەی سێیەمدا جێناوی (یێن) لەبری ئەو شتانە بەکارهێنراوە کە من خودانی ئەوانمو داوام لێ کراوە پێیـان (بکـوژم) و لـەم ڕسـتەیەدا ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی کاری (بکوژە)ی پێ سپێرراوە.

٤. لەڕستەی چوارەمدا جێناوی (یا) لەبری ئەو شـتە بـەکارهێنراوە کـە جێناوی پرسی (کێ) خاوەندێتی، و لەم ڕستەیەدا بۆتە دیارخراو.

تێبینـی: لـە کرمـانجی ژووروودا شـێوەکانی تـاکی ئـەم جێنـاوە ڕەگـەز پیشان دەدەن، (یا) بۆمێ (یێ) بۆ نێر.

یێن: بۆ کۆی نێرو مێ، واتە ڕەگەز پیشان نادات.

دەستوور:

جێناوی هەیی (هی- ئی- یا- یێ- یێن)[1] . ئەو جێناوەیە کە بۆ خاوەنـدێتی بەکاردەهێنرێتو خاوەنەکەی دەشێت ناو، یان جێناو بێتو لەڕستەدا ئەرکی ئـەو ناوەی پێ دەسپێررێت کە جێی دەگرێتەوە.

ڕاهێنان (١)

ئەم جێناوانە بۆ چ ناوێك دانراون بیان نووسە:

١ . نمرەی نەسرین لەهی من بەرزترە.

٢ . ئەسپەکەی تۆ، لەهی من خێراترە.

٣ . ئاهەنگەکەی ئێوە لەهی ئێمە خۆشتربوو.

٤ . پەڕتووکێن من ویێن تە زۆر بەسوودن .

٥ . مامۆستای ئێمە هاتووە هی ئێوە نەهاتووە.

---

(١) لە کرمانجی خوارووددا لەجیاتی جێناوی (هی) جێناوی (هین) بەکاردەهێنن. پێڵاوەکە هین من بوو.

لە کرمانجی ژووردا لەجیاتی جێناوی (یا) (ئا) بۆ تاکی مێ بەکاردەهێننو لەجیاتی (یێ) (ئێ) بۆ تاکی نێر بەکاردەهێننو لەجیاتی (یێن) (ئێن) بەکاردەهێنن.

ئەڤ کتێبە یا منە/ ئەڤ کتێبە ئا منە.

ئەڤ مامۆستایەیێ مەیە/ ئەڤ مامۆستایە ئێ مەیە.

– لە کرمانجی ژووروودا لەجیاتی جێناوی هەیی (یێن) جێنـاوی (یێـت– ئێـت)– (بێـد– ئێـد– ئێن) بەکاردەهێنن، (یێن) ئێستا لە نووسیندا بەکاردەهێنن.

ئەڤ سێڤەیێن بەراوریيانن/ ئەڤ سێڤە (ئێن– ئێت– یێد– یێت) بەراوریيانن.

ڕاهێنان (٢)

لەجیاتی ئەو ناوانەی هێلیان بەژێردا هاتووە جێناوی هەیی دابنێ:

١. ئەڤە گوندێ مەنینە، گوندێ ئەوانە.

٢. ب پێنووسێ خۆ بنڤیسە.

٣. ئەسپەکەی تۆ لە ئەسپەکەی من خێراترە.

٤. ئاڤا کانییا ژ ئاڤا ڕووباری پاکژترە.

٥. بەقسەی دوژمن ناڕۆم بەڕێوە.

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانە شی بکەوە:

١. وتاری یەکەم هی فیسار بوو.

٢. باخچێ مە ژیێ وە جوانترە.

٣. شۆڕشی کوردستان هی گەلی کوردە.

ڕاهێنان (٤)

جێناوی (هی) لەسێ ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك ببێتە:

١. بکەر. ٢. بەرکار ٣. تەواوکەری بەیاریدە.

(وانەی شەشەم)

هاوەڵناوی بکەر

هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو

١. مرۆڤی نووسەرو خوێنەر ڕووناکبیرن.

٢. کاڵای بیانی کڕیار بۆ خۆی دەکێشێت.

٣. دەردی کوشندە دەرمانی نییە.

٤. بدەستێن لەرزۆك و بچاڤێن گریۆك ژینا خۆ نەبوورینە.

٥. زانا دانایە و دانا توانایە

٦. ئانەوای گەڕەکەکەمان مرۆڤێکی دەستپاکە.

٧. مرۆڤی نڤستی هایی ژ خۆ نینە.

٨. قوتابی کەوتوو زیان لەخۆیو لە میللەتەکەی دەدات.

٩. پیاوی بخۆر لەش دروستو بەهێزە.

١٠. زەلامێ بکوژ پێتڤیە بهێتە سزادان.

١١. خـوای پـەروەردگار تاوانبـار دەبەخـشێت و پاداشـتی مرۆڤـی دادگەریش دەداتەوە.

١٢. هەڵگری بەرپرسییەتی باری سەرشانی قورسە.

خستنه ڕوو:

ئەگەر بە وردی ڕستەکانی سەرەوە بخوێنینەوەو لێیان وردبینەوە، دێ بینین کە لەهەر ڕستەیەکدا، پەیڤێك یان زیاتر لە پەیڤێك هەیە کە واتای بکەریی دەبەخشێتو دەلالەت لە کار ئەنجامدەرەکە دەکات، بۆ نموونە:

١. لەڕستەی یەکەمدا هەردوو پەیڤێن (نووسەر)و (خوێنەر) کەسەك دەردەخەن کە کارێ نڤیسینو خواندنێ ئەنجام دابیتو ئەڤ کار ئەنجام دانەژی بوویتە سیفەتەکا هەمیشەییو بەردەوام بۆ وان. ئەمانە هەردووکیان لەڕەگی کارو پاشگر دروستکراون.

٢. لەڕستەی دووەمیشدا پەیڤی (کڕیار) لە ڕەگی کارو پاشگر دروستبووەو بەهەمان شێوەو ئاوای پێشوو سیفەتەکا هەمیشەییو بەردەوام ب وان کەسان دەبەخشێت کو کارێ کڕینێ ئەنجام دەدەن.

٣. ڕستەی سێیەم، پەیڤی (کوشندە) دەگرێتە خۆی کە ئەویش ئەم سیفەتە بە هەڵگرەکەی دەبەخشێتو لەڕووی دروستبوونیشەوە لەڕەگی کارو پاشگر دروستبووە.

٤. هەر بەهەمان شێوە، هەردوو پەیڤێن (لەرزۆك)و (گریۆك) لە ڕستەی چوارەمدا ئەو سیفەتە هەمیشەییە بە خاوەنەکانیان دەدەنو لەڕووی دروستبوونەوە هەریەك ژوان لەڕەگی کارو پاشگرێك دروست بووە، چاوگی یەکەمیان (لەرزین)و یێ دووەمیشیان (گریان)ە.

٥. پەیڤـەکانی (زانـا)و (دانا) و (توانـا)ش کـە هەرسێکیان هاوەڵنـاوی بکـەری دارێـــژراونو دەلالـــەت لـــە ســـیفەتێکی بـــەردەوام دەکـــەن بـــۆ خاوەنەکانیان ئەوانیش هەر لەڕەگی کارو پاشگرێك دروستکراون.

٦. لەڕستەی شەشەم دا پەیڤی (نانەوا) دەلالەت لە کەسێك دەکات کە سیفەتێکی هەمیشەیی بە خۆوە هەڵگرتووەو لەناوی بەرجەستەی (نان)و پاشگرێك دروستبووەو بووە بە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو.

٧. لەڕسـتەی حەفتەمـدا پـەیڤی (نڤـستی) واتـە (نوسـتوو) هـەر ئـەو مەبەستە دەبەخشێت کە پەیڤـە دەستنیـشانکراوەکان لەڕستەکانی پێشوودا دەیبەخشن، بەڵام لەڕووی دروستبوونەوە لە قەدی چاوگی (نڤستن)و پاشگری (ی) دروستبووەو دەلالەتیش لەو کەسە دەکات کە کاری نوستنەکەی ئەنجام دایە.

٨. لە ڕستەی هەشتەمدا دەبینین پاشـگری (وو) دەخرێتـە سـەر قـەدی چـاوگی (کـەوتن) بـۆ ئـەوەی بیکـا بـە (کـەوتوو= کـەوتی) کـە هاوەڵناوێکی بکەری دارێژراوە.

٩. پەیڤی (بخۆر)ژی، هاوەڵناوی بکەری دارێـژراوەو لـە پێـشگرو ڕەگـی کارو پاشگر هاتیە دروستکردن، ئەو ژی سیفەتەکا هەمیشەیی بڤـی کەسی ددەت.

١٠. (بکـوژ) ژی ل ڕسـتا دەهـێ، هاوەڵنـاوی (بکـەری) دارێـژراوەو لـە پێشگرو ڕەگی کار هاتیە دروستکردن.

١١. لەڕستەی یازدەهەمدا سێ پەیڤ هەن کو دبنە (هاوەڵنـاوی بکـەر)ی دارێژراو، ئەو سێ پەیڤە ژی بریتین لـە: (پـەروەردگار)و (تاوانبـار)و

(دادگەر)، کو هەرسێك ب یەك دەستوور هاتینە دروستکردن ئەو ژی ناوی واتاییو پاشگرە.

١٢.وشـەی (هـەلگر)یـش لەڕستەی دوازدەمـدا لـە پێشگرو ڕەگـی کـار دروستبووەو بووە بە هاوەڵناوێکی بکەری داڕێژراو.

دەستوور:

هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو پەیڤێکە بە زۆری لە چاوگەوە دێتە دروستکردن بە هـۆی پێشگرو پاشگرەوە، هەندێکیشیان هەن کـە لـەناوو پاشـگر دهێنـە دروسـتکردنێ، ئـەڤ پەیڤانە ژی دەلالەت ژ (کارکەر)ی دکەنو واتـای بکەریی ژی دەبەخشن.

دروستکردنی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو:

وەکو لە پێشەوە گوتمـان سەرچـاوەی دروسـتکردنی ئـەڤ جـۆرە هاوەڵنـاوە چـاوگو نـاوە، دروستکردنەکەش بەم جۆرە دەبێت:

١. ڕەگی کار لەگەڵ پاشگرێك: بەزۆریش ئەو پاشگرێن کو دگەل (ڕەگی کار) بکار دێن ئەڤەنە:

ئـ- پاشگری (ەر) وەکو: نووسەر، خوێنەر.

ب- پاشگری (یار) وەکو: فرۆشیار، کڕیار.

پ- پاشگری (ندە) وەکو: بڕندە، کوشندە.

ت- پاشگری (ۆك) وەکو: گەڕۆك، مژۆك.

ج- پاشگری (ەك) وەکو: کوژەك، گیرەك.

چ- پاشگری (ا) وەکو: بینا، زانا

٢. ناو لەگەڵ پاشگر، هەندێ لەو پاشگرانە تەنیا دەچنە سەر ناوی واتاییو دەیانکەن بە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو کە هەندێ لەم پاشگرانە ئەمانەن:

ئـ- پاشگری (مەند) وەکو: هۆشمەند، بەهرەمەند...

ب- پاشگری (بار) وەکو: تاوانبار، ستەمبار...

پ- پاشگری (گەر) وەکو: دادگەر، ستەمگەر...

ت- پاشگری (گار) وەکو: پەروەردگار...

ج- پاشگری (وان، ڤان) وەکو: مەلەوان، هۆزانڤان...

چ- پاشگری (ناك) وەکو: خەمناك، ترسناك...

ح- پاشگری (وەر) وەکو: بەهرەوەر، هونەروەر...

هەندێکیشیان دەچنە سەر ناوی بەرجەستەو دەیانکەن بە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو وەك.

ئـ- ەوا، ەوان، ڤان، وەکو: نانەوا، شاخەوان، دارڤان

ب- ندە وەکو: باڵندە.

پ- وەر وەکو: سەروەر.

٣. پێشگر لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر وەکو:

ب + خۆ + ەر = بخۆر ← نەخۆر

ب+ کە + ەر = بکەر ← نەکەر

٤. پێشگر لەگەڵ ڕەگی کار وەکو:

بمر، بسۆت، بنووس، بگۆڕ، نەگۆڕ، نەکوژ

٥. قەد لەگەڵ پاشگر وەکو:

ئـ - پاشگری (وو، ی) کە دەچێتە سەر قەدی چاوگی تێنە پەڕی (تـائیو دالی)وەکو:

نوستن نوست+ وو (ی)= نوستوو (نوستی).

مردن مرد + وو (ی) = مردوو (مردی).

بەڵام ئەگەر چاوگەکە (یایی) بوو ئەوا پاشگر دەبێتە (و) لەجیاتی (وو) وەکو:

فڕین فڕی فڕیو (فڕیی).

بەزین بەزی بەزیو (بەزیی).

ب- پاشگری (ەوار، ەڤان) دەچێتە سـەر قـەدی چـاوگی تێپـەڕو دەیکـا بـە هاوەڵنـاوی بکەری دارێژراو وەکو:

خوێندن =خوێند + ەوار = خوێندەوار (خوێندەڤان)

٦. ڕەگی کاری دارێژراو وەك:

هەڵگر، هەڵبەز، هەڵفڕ

ئەمانە هەندێك بوون لەو پاشـگرانەی کـە بـەکاردێن بـۆ دروسـتکردنی هاوەڵنـاوی بکەری دارێژراو.

هەندێك تێبینی:

١. ئەو هاوەڵناوە بکەر دارێژراوانەی کە بە پاشگری (ندە) کۆتـاییان دێتو لـە ڕەگـی کارەوە دروستدەبن بە زۆری بۆ کارو سیفەتێکی ناجێگیر بەکاردێن، بۆ نموونـە کـە دەڵێین:

(کوشندە) مەبەستمان کەسێکە یان شتێکە کە کاری کوشـتنەکە ئە نجامـدەداتو بـە ئە نجامدانی کارەکە سیفەتەکەی لەسەر لادەچێت، ئـەم جـۆرە هاوەڵنـاوە بکەرانـە لـە کوردیدا بەکارهێنـانیان دەگمەنو کەمە.

٢. ئەو هاوەڵناوە بکەر داڕێژراوانەی کە لەڕەگی کارو پاشگری (ا) دهێنە دروستکردن جۆرە بەردەوامیی و جێگیری و موکومییەك لە کارو سیفەتێن وان دا هەیە، وەك (زانا)، واتە کەسێك ئەو سیفەتەی بە بەردەوامی تێدا هەبێت.

٣. لە هاوەڵناوی بکەری دڕێژراوی وەك (کڕیار) پێدەچێت ئەو پاشگرەی کە خراوەتە سەر ڕەگی کارەکە پاشگری (ار) بێت بەلام بۆ دەربڕینی سووکتر، بووە بە (یار)، واتە ئەو (ی)یە وەکو ناوبەندێك هاتووەو دەربڕینەکەی سووکتر کردووە.

٤. پاشگرێن (کار، گەر) کە دەخرێنە سەر ناوی واتایی و دەیکەنە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو، جۆرە موبالەغەو زێدە ڕۆییێك لە سیفەتەکەیدا ڕوودەدات بۆ نموونە (ستەمگەر) کەسێکە کە زوڵم و ستەمێکی زۆری لێ چاوەڕوان دەکرێت.

٥. پاشگری (گەر) ئەگەر خرایە سەر ناوی بەرجەستە، نایکا بە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو بەڵکو دەیکاتە ناوی پیشە وەکو: ئاسنگەر، دەرمانگەر، مسگەر، بەلام پاشگری (ەوا، ەوان، ڤان) ناوی بەرجەستەش دەکەنە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو (ناوی بکەری داڕێژراو) وەك: نانەوا، شاخەوان، دارڤان.

٦. پێشگری (نە) کە خرایە پێش ڕەگی کارەوە دەیکا بە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو (ناوی بکەری داڕێژراو) بەلام لە واتادا بە پێچەوانەی ئەو هاوەڵناوە بکەر داڕێژراوەیە کەبەهۆی پێشگری (ب)و و ڕەگی کارەوە دروست دەبێت وەك:

نەمر × بمر

نەبین × ببین

نەسۆت × بسۆت

نەخۆر × بخۆر

نەگۆڕ × بگۆڕ

٧. پاشگری (ناك) دەخرێتە سەر ئەو ناوە واتاییانەی کەواتاییێکی ناخۆش دەبەخشن و دەیانکەن بە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو (ناوی بکەری داڕێژراو)، هاوەڵناوەکانیش واتای ناخۆشیان لێ بەدی دەکرێت وەك: ترسناك، خەمناك.

٨. زۆربەی ئەو چاوگە داڕێژراوانەی کە بەهۆی پێشگری وەکو (هەڵ)و (دا)و (ڕا) دروستدەبن هاوەڵناوی بکەری داڕێژراویان بەهۆی ڕەگی کارەوە لێ دروست دەکرێت.

هەڵگرتن ← هەڵگر

هەڵبەزین ← هەڵبەز

داگرتن ← داگر

داماڵین ← داماڵ

ڕاماڵین ← ڕاماڵ

ڕاهێنان (١)

لەم دێرە هۆنراوانەدا هەر هاوەڵناوێکی بکەری داڕێژراو هەبێت دەریان بهێنەو دەستووری دروستکردنەکەیان ڕوون بکەوە:

١. لەدەست ئەم چەرخە زانا زۆر کەسادن
هەمیشە دیلو مەستو نا مرادن

٢. ئەی فریشتەی چاو بەخومار
بەڵام بێکەسی هۆشیار
بێکەسی دنیای نووسین
دانەری بەستەی شیرین
مەبەستی منو تۆیە
بۆ ئەوە، ئەو ڕۆڕۆیە

(گۆران)

٣. مـــــــەژێك ڤەكـــــــەن
لـــەورا ئـــەزێ پەرســـتڤانێ
بـەژنا تـەیا شـەنگو شـەپال
ســـــــوندێ دخـــــــۆم
چ ئـەڤرۆ بیـت، چ سـوباهی
ئـــــــــەو دڤـــــــێتن
هەموو هیڤی یێد تە بێد فـرى

٤. میوەی گەیشتووی زەردو سووری باخ
جریوەو جووكـەی دارسـتانی شـاخ
٥. ملی كەچكرد وەنەوشە كەوتە بەرپێت وەك قەباحەتبار
كە دەركەوت خاڵی لێوت تێگەیی شێتو خـەتـابـارە.
٦. مزگەوتی كاتی چێشتەنگاوی چۆڵ
وەك مردوو كفنی بێدەنگی بەكۆڵ

ڕاهێنان (٢)

لەم چاوگانەی خـوارەوە هاوەڵنـاوی بكـەری داڕێـژراو دروسـت بكـەو چۆنیەتی دروستكردنەكەش پیشان بدە:
(سوتاندن – گۆڕین – نقستن – تێكردن – هەڵكەفتن)

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. جیاوازی لەنێوان ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی کە بەهۆی پاشگری (ەر)و پاشگری (گەر) دروست دەکرێن چییە؟ لەڕووی دروست بوونو سیفەتەکانیانەوە.

٢. جیاوازی لەنێوان هەردوو پەیڤی (ستەمگەر)و (ئاسنگەر) چییە؟ لە ڕووی:

ئـ – شێوەی دروستکردن.

ب– مەبەستی بەکارهێنان.

ڕاهێنان (٤)

لە ڕستەی (**گەلی زاناو تێگەیشتوو بە ئامانج دەگات**):

١. وشەی زانا چییەو چۆن دروست کراوە؟

٢. وشەی تێگەیشتوو چییەو چۆن دروست کراوە؟

٣. وشەی زانا، تێگەیشتوو ئەرکیان چییە؟

٤. وشەیەکی تر بهێنە کە بەشێوەی وشەی زانا دروست کرابێت.

٥. وشەیەکی تر بهێنە کە بەشێوەی وشەی تێگەیشتوو دروست کرابێت.

ڕاهێنانی (٥)

لە چاوگی (بەزین، مردن) بە چەند ڕێگا هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دروست دەکرێت؟ نیشانی بدەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:

هاوەڵناوی بکەر

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو

ئەم نموونانە بخوێنەوە:

١. وان مەیخۆران ئەبتەر کریـن
بێ قووەت و ڕەنگ زەرکـرین
وەڵلا ژ دل کەرکەر کـــرین
خانی بەسە ئاهـو ئەســـەف

٢. دەڵێن دڵمان لەیەك پاکە، برای دینین لەیەك نەسلین
کەچی چاومان بەخێری یەکتری هەڵنایە، کەچ بینین

٣. لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ
لـە شـوێنی راوکـەر تەقەی تفەنگ دێ

٤. گەلی دواکەوتوو بەشی جەخـارە
قوڕ بەسەر ئەوەی پەست و هەژارە

٥. کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

خستنه ڕوو:

لەبابەتی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراودا ئەوەمان دەرخست کە ئەو جۆرە هاوەڵناوە بە پلەی یەکەم لە چاوگەوە دهێتە دروستکردن بە یارمەتی پاشگرو پێشگرەوە، هەروەها هەندێکیشیان لەڕووی دروستبوونەوە سەرچاوەکەیان ناوی واتاییو بەرجەستەیە لەگەڵ پاشگر.

لەم وانەیەشدا ئەگەر ئەو هۆنراوەو هۆزانانەی بە نموونە هێناومانن بخوێننەوە دەبینین:

١. لە نموونەی یەکەمدا خانی هۆزانڤان پەیڤی (مەیخۆران)ی بەکارهێناوە کە لەناوی (مەی)و (ڕەگی کار) دروستبووەو سەرچاوەی پەیڤەکەش چاوگی لێکدراوی (مەیخواردنەوە)یە، بۆیە بەم پێیە پەیڤی (مەیخۆران)یش وەکو هاوەڵناوی بکەری لێکدراو بەکارهاتووەو ئەم هاوەڵناوە سیفەتێکی هەمیشەیی ب وان کەسان دەدەت کو کارو پێشێن وان ب بەردەوامی (مەی) ڤەخوارنە.

٢. لە نموونەی دووەمیشدا (پیرەمێرد)ی هۆزانڤان پەیڤی (کەچ بینین)ی بەکارهێناوەو ئەم پەیڤەش لە هاوەڵناوی سادەی (کەچ)و لەڕەگی کاری چاوگی (بینین)ەوە دروستبووەو پەیڤەکە وەسفی جێناوی (ئێمە) دەکات کە لە هۆنراوەکەدا لەشێوەی جێناوێکی لکاودا دەرکەوتووە لەگەڵ وشەی (چاو)دا، ئەم پەیڤەش وەکو هاوەڵناوی بکەری لێکدراو بەکارهاتووە چونکە سیفەتێکی بەردەوام بەو کەسانە دەدات کە کارو پیشەیان کەچ بینییە.

٣. لــه نموونــه‌ی ســێیه‌مدا (گــۆران)ی هۆزانڤــان پــه‌یڤی (ڕاوکــه‌ر)ی بــه‌کارهێناوه‌و ئــه‌م په‌یڤــه‌ش لــه‌ناوی (ڕاو)و (ڕه‌گــی کــار)ی (کــه‌)و پاشــگری (ه‌ر) دروســتبووه‌و سه‌رچــاوه‌ی دروستکردنه‌که‌شــی ده‌گه‌ڕێتــه‌وه‌ بــۆ چــاوگی لێکــدراوی (ڕاوکــردن)و ســیفه‌تێکی هه‌میشه‌ییش به‌ خاوه‌نه‌که‌ی ده‌دات که‌ ئه‌ویش سیفه‌تی ڕاوکردنه‌.

٤. لــه‌ نموونــه‌ هــۆنراوه‌ی چــواره‌مدا هۆزانڤــان هــاتووه‌، هاوه‌ڵنــاوێکی بکه‌ری لێکدراوی له‌ چاوگی تێنه‌په‌ڕی (دواکــه‌وتن)ه‌وه‌ وه‌رگرتــووه‌، ئه‌ویش به‌ وه‌رگرتنی قــه‌دی چاوگه‌که‌و ئینجــا زیــادکردنی پاشــگری (وو) بۆ سه‌ر قه‌ده‌که‌، دیاره‌ چاوگه‌ لێکدراوه‌کــه‌ش لــه‌ بنه‌ڕه‌تــدا لــه‌ هاوه‌ڵكــاری (دوا)و چــاوگی ســاده‌ی تێنه‌پــه‌ڕی (کــه‌وتن)ه‌وه‌ پێکهاتووه‌، بۆیه‌ هاوه‌ڵناوه‌ بکه‌ره‌ لێکدراوه‌که‌ش هــه‌ر بــه‌و چه‌شــنه‌ له‌ هاوه‌ڵکاری (دوا)و قــه‌دی (کــه‌وت)و پاشــگری (دوو) دروســتبووه‌و ســیفه‌تێکی هه‌میــشه‌یی‌و بــه‌رده‌وامیی داوه‌ بــه‌و نــاوه‌ی کــه‌ له‌پێشییه‌تی که‌ ئه‌ویش ناوی (گه‌ل)ه‌.

٥. لــه‌ نموونــه‌ی پێنجه‌میــشدا پــه‌یڤی (خــۆکرد) دێتــه‌ به‌رچــاو کــه‌ لــه‌ جێناوی خۆیی (خۆ)و قــه‌دی (کــرد)ی چــاوگی تێپــه‌ڕی (کــردن)ه‌وه‌ دروستبووه‌و ئه‌م په‌یڤه‌ش له‌م دێره‌ هۆنراوه‌یه‌دا وه‌کو هاوه‌ڵنــاوێکی بکه‌ری لێکدراو به‌کارهاتووه‌.

دەستوور:

هـاوەڵناوی بکەری لێکدراو، پـەیڤێکە سـیفەتێک و توانایـەکی تـایبەتی بە هەڵگرەکـەی دەبەخـشێت و ئـەم جـۆرە هاوەڵنـاوە بکەرانـەش لـە کوردیـدا بـە چـەند شێوەیەك دهێنە دروستکردن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ناو لەگەڵ ڕەگی کار، یا هەر دەتوانین بڵێین ئەڤ جـۆرە ژ (ڕەگـی کـار)ی ئـەو چـاوگە لێکدراوانە دروست دەبن کەبەشی یەکەمی چاوگەکانیان ناوە، وەکو:

پیاو کوژ، خـوا پەرست، هـەواڵگر، دەرمـانفرۆش، وێنـەگر، خوێنمـژ کـە لەچـاوگە لێکدراوەکانی (پیاو کوشتن، خوا پەرستن، هەواڵگرتن، دەرمانفرۆشتن، وێنـەگرتن، خوێنمژین)ەوە دروستکراون.

٢. هاوەڵناو لەگەڵ ڕەگی کار: ئەمەش لەو چاوگانە دروست دەبێت کەبەشی یەکـەمیان هاوەڵناوە وەك:

کەچ بین، تیژڕۆ، خۆشنووس، ڕەشپۆش، گەشبین.

٣. هاوەڵکار لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر وەك:

کە مخۆر، زۆرخۆر.

٤. هاوەڵکار لەگەڵ ڕەگی کار وەك:

پێشڕۆ، زۆروەڕ، کەم دوو (دوێ).

٥. ناو لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر یان پێشگر وەکو:

نا نخۆر، خەباتکەر، ئیشکەر، نانبدە

٦. ناو یان جێناوی خۆیی لەگەڵ قەدی چاوگی تێپەڕ وەك:

دەستکرد، خۆکرد.

٧. جێناوی خۆیی لەگەڵ ڕەگی کار وەك:

خۆبین، خۆڕاگر، خۆ هەڵکێش، خۆناس.

٨. جێناوی خۆیی لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر وەك: خۆ خۆر

٩. ناو لەگەڵ قەدی چاوگی تێپەڕ لەگەڵ پاشگری (وو) یان (ی) یان (ە) وەك:

نان بردوو (نان بردی، نان بردە)

کار کردوو (کارکردی، کار کردە)

تێبینی:

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەکو ناو لەڕستەدا بەکاردێتو لەم بارەدا دەتوانین ناوی لێ بنێین (ناوی بکەر)، هەروەها تایبەتییەکانی ناویش وەردەگرێت وەکو:

١. دەکرێ کۆ بکرێتەوە وەك:

خواپەرستان لە پەرستگەکاندا دەژین.

٢. هەروەها وەکو ناو دەبێتە ناسراوو نەناسراو وەك:

دەرمانفرۆشەکە کۆمەڵێك دەرمانی تێکچووی فڕێ دا.

دەرمانفرۆشێك لەڕێگادا تووشم بوو.

٣. ئەرکەکانی ناویش دەبینێ، دەبێتە (بکەر، بەرکار، نیهاد، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو، جێگری بکەر، تەواوکەری کاری ناتەواو).

وەك:

١. وێنەگرەکە دوو وێنەی بۆ گرتین.	(بکەر)
٢. من وێنەگر ل ئاهەنگا نەورۆزی دیت.	(بەرکار)
٣. وێنەگرەکە شارەزایە	(نیهادە)
٤. دێ ئەڤ وێنەی. ژوێنەگری کرم.	(تەواوکەری بەیاریدە)
٥. وێنەی وێنەگرەکە زۆر کاڵ بوو.	(دیارخەری ناو)
٦. ئەمە کامێرای وێنەگرەکەیە.	(تەواوکەری کاری ناتەواوە)
٧. وێنەگرەکە بینرا.	(جێگری بکەر)

ڕاهێنان (١)

لەم دێرە هۆنراوانەدا هەر هاوەڵناوێکی بکەری لێکدراو هەیە دەریان بهێنەو دەستوری دروستکردنەکەیان نیشان بدە:

١. لەو ڕا کو دەما ژ غەیب فەك بوو
تەئریخ هەزارو شێستو ئێك بوو
ئیساڵە گەهشتە چلو جاران
وی پێشڕەوی گونەهکاران

٢. فرمێسکی چاوم شەتاو ئەدا جۆش
وەنەوشە لەتاو دەردی من شین پۆش

٣. نێرگزا شەهلا شەپالی ئاسەمینا مێرغوزار
لەب خەمۆشی، مەی فرۆشی، دێم پەیاڵا، کێی تور

٤. ئەگەر گوناهێ وە نەم کەری بار
بەسەر، بەشمشیر، بە تەناف، بەداو
وەگەر نە حەیفەن بە واتەی بەدگۆ
نە پەردە مانۆ ڕازی منو تۆ

ڕاهێنان (٢)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی بکەری دارێژراو ولێکدراو چییە لە ڕووی دروستبوونەوە.

٢. کەی هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەکو ناو لەڕستەدا بەکاردێتو ئەو ئەرکانەش چین کە پێی دەسپێررێت؟

ڕاهێنان (٣)

لەم ڕستەو دێرە هۆنراوانەدا جۆری وشە هێڵوبەژێردا هاتووەکانو چۆنیەتی دروستبوونیانو ئەرکەکانیان پیشان بدە:

١. مرۆڤی کێم پرس زوو تشتی فێرنابت.

٢. چەرخی ستەمکار نەیبەخشی بەکەس.
دلێکی بێ غەم، ژینێکی سەربەست.

٣. ئەوە موژگانی تۆیە یا وەکو تیرێکی دڵدۆزە
ئەوە باڵایی تۆیە یا بە قوربان سەرووی بوستانە

٤. مرۆڤی کۆستکەوتوو بیر لەماڵو سامانی دنیا ناکاتەوە.

٥. زاڵمەی لە خوا نەترسەی کافرەی بێ مروەتە
قاتلەی عاشقکوژەی جەللادەکەی خونخوارەکەم

ڕاهێنان (٤)

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لەم دوو چاوگە دروست بکە، ئینجا هەر یەك لە هاوەڵناوەکان وەکو ناوی بکەر لە دوو ڕستەدا بەکاربێنە بە مەرجێك هەریەکەیان لەڕستەکانی یەکەمدا بووبێتە بەرکارو هەریەکەشیان لەڕستەکانی دووەمدا بووبێتە تەواوکەری بەیاریدە.

(نووسین، فرۆشتن)

ڕاهێنان (٥)

بەچەند ڕێگا دەتواندرێ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروست بکرێت؟ بۆ هەر ڕێگایەك دوو نموونە بهێنەوەو لەڕستەدا بەکاریان بهێنە.

ڕاهێنان (٦)

لەم چاوگانە (کوشتن، ماڵین، کێشان، بردن) هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروست بکەو چۆنیەتی دروست بوونی بنووسە.

(وانەی هەشتەم)

هاوەڵناوی کراو

هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١. نامەیەکی نووسراوم بۆ ئازادی هەڤاڵم نارد.

من نامەکا نڤیسیی بۆ ئازادی هەڤاڵێ خۆ هنارد.

٢. زەوی کێڵراو بەزۆری گەنم و جۆی لێ دێنە چاندن.

زەڤیا کێلای ب زۆری گەنم و جه ژێ دهێنە چاندن.

٣. نانی سووتاو و ماستی ترشاو مەخۆ.

نانێ سۆتی و ماستێ ترشیای مەخۆ.

٤. لە گەشت و گوزاردا بەزۆری خەڵك گۆشتی برژاو دەخۆن.

٥. ئەم سێوە فرۆشراوانە، سێوی ناوچەی بەرواریبان بوون.

ڤان سێڤێن فرۆتی، سێڤێن دەڤەرا بەروارییان بوون.

٦. ئێمە کوشتەی دەستی نەخوێندەواری و هەژاریـن.

ئەم کوشتەیا دەستێن نەخوێندەڤانیی و هەژارێنە.

خستنه ڕوو:

لەوانەکانی پێشووداو لەباسی هاوەڵناوی بکەردا گوتمان ئەو جۆرە هاوەڵناوانــە ســیفەتێکی هەمیــشەییو بــەردەوام بــە خاوەنــەکانیان دەبەخـشنو دەلالـەت لـە کارکەرەکـە دەکـەن. لـەم بابەتـە تازەیـەش دا ئەگەر بەوردی تەماشای ڕستێن سەرەوە بکەین دەبینین کە:

١. لەڕستەی یەکەمدا پەیڤی (نامە) کە ناوێکی گشتییە لـەپاڵ هـەردوو پــەیڤێ (نووســراو، نڤیــسی)دا بــەکارهاتووە کــە لەچــاوگی (نووسین، نڤیسین)ەوە هاتینە وەرگـرتنو پەیڤـەکانیش بـەم شـێوە تازانەیان بووینە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ پـەیڤی (نامـە)کـەو ئـەوە دەردەخـەن کـە نـاوی (نامـە) کردەوەیـەکی بەسـەرداهاتووەو ئـەم کردەوەیە، ئەو سیفەتە هەمیشەییەی پێبەخشیوە.

٢. لە هـەردوو ڕسـتەی دووەمیـشدا پەیڤـەکانی (کێڵـراو)و (کـێڵای) کـە یەکــەمیان لەگــەڵ پــەیڤی (زەوی)و دووەمیــشیان لەگــەڵ پــەیڤی (زەڤیــا= زەڤــی) بــەکارهاتوون ئەمانــە هەریەکــەیان لــەڕووی دروســـتبوونەوە لەچـــاوگی (کـــێڵان) هاتینـــە دروســـتکردنو هەریەکەشــیان ســیفەتێکی هەمیــشەیی بــەردەوام بــە (زەوی-زەڤی)یەکە دەدەن، بەڵام دیارە لەڕووی دەستووری دروستکردنەوە ئەم دوو پەیڤـە تۆزێـك جیـاوازی لـەنێوان چـۆنیەتی دروسـتکردنیان هەیە.

٣. لەڕســــتەی سێیەمیـــشدا پــــەیڤی (ســــووتاو) کردەوەیــــەکی بەســەرداهاتووەو بـۆی بـووە بـە سـیفەتێکی هەمیـشەیی‌و وەسـفی پــەیڤی (نــان)ی پێکــردووە، ئەمــە لــە ڕووی واتــاوە، لــەڕووی دروستبوونیـشەوە تەماشـا دەکـەین وشـەکە دەچـێتە سـەر چـاوگی (سووتان)، کە چاوگێکی سادەی تێنەپەڕی ئەلفییە.

٤. هــەروەها لەڕســتەی چــوارەمدا بەهــەمان شــێوە وشــەی (بــرژاو) هاوەڵناوێکی کراوی داڕێژراوەو سـیفەتێکی هەمیـشەیی بـە خۆیـەوە گرتووەو لەڕووی دروستکردنیشەوە لە چاوگی (برژان) دروستکراوە، کە ئەویش چاوگێکی تێنەپەڕی سادەی ئەلفییە.

٥. لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (فرۆشراو) هاوەڵنـاوی کـراوی داڕێـژراوەو لــەڕووی دروســـتکردنەوەو لەچــاوگی تێپــەڕی (فرۆشـــتن)ەوە وەرگیراوە.

٦. لەڕستەی شەشەمدا پەیڤی (کوشـتە) هاوەڵنـاوی کـراوی داڕێـژراوەو لەڕووی دروستکردنەوە لەچاوگی تێپەڕی (کوشتن)ەوە وەرگــیراوە.

دەستوور:

هاوەڵنــاوی کــراوی داڕێــژراو پەیڤێکــە کــە کردەوەیــەکی بەســەردا هــاتووەو ئــەم کردەوەیە بۆی بــووە بــە سیفەتێکی هەمیشەیی بــێ ئــەوەی بــزانین ئــەوەی کردەوەکــەی بەسەردا هێناوە کێیە یان چییە، هەر لەبــەر ئــەم هۆیەشــە کــە ئــەم جــۆرە هاوەڵنــاوە داڕێــژراوە بــەزۆری لــەو چــاوگانە وەردەگیرێــن کــە تێپــەڕو نادیــارن، هاوەڵنــاوە

داڕێژراوەکەش وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات کە لە پێشییەوە هاتووە، هەر کاتێکیش ئەم جۆرە پەیڤانە بەتەنیا لەڕستەدا بەکاربێن و ناوو جێناویان لەگەڵدا نەیەت ئەوا دەبنە ناوو بە (ناوی کراو) دەناسرێن، بۆ نموونە :

١. نامە نووسراوەکەم بەدەست گەیشت. (نووسراو هاوەڵناوی کراوی داڕێژراوە)

٢. نووسراوەکەم بەدەست گەیشت. (نووسراو ناوی کراوە)

لەڕستەی یەکەمدا وشەی (نووسراو) هاوەڵناوی کراوەو وەسفی ناوی (نامە)ی کردووەو تەواوکەرییەتی کەچی لەدووەمین ڕستەدا وشەکە دەبێتە (ناوی کراو)و وەکو ناوێکی ئاسایی بەکارهاتووە، دیارە لەم بارەدا هەموو ئەرکەکانی ناویش دەبینێت و تایبەتییەکانیشی وەردەگرێت.

دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو :

١. ئەم هاوەڵناوە کراوە بەزۆری لە چاوگی سادەو داڕێژراوی تێپەڕ دروست دەکرێت (ڕەگی کار) وەردەگرین ئینجا پاشگری (راو)یان (رای) دەخەینە سەر ڕەگەکە وەك :

نووسین	نووس	نووسراو (نووسرای)
هەڵواسین	هەڵواس	هەڵواسراو (هەڵواسرای)

٢. لە شێوەزاری کوردی کرمانجی ژووروودا هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو لە چاوگی تێپەڕ بەفڕێدانی نوونی چاوگ و زیادکردنی پاشگری (ی) دروست دەبێت وك :

نڤیسین   نڤیسی + ی = نڤیسیی

خواندن   خواند + ی = خواندی

ئێخستن   ئێخست + ی = ئێخستی

کێلاَن   کێلاَ + ی = کێلاَی

٣. چاوگە تێنە پەڕەکان هاوەڵناوی کراویان لێ دروست نابێ (تەنیا چاوگە ئەلفییەکانیان نەبێت)، ئەم چاوگە ئەلفییانە هەر چەند تێنە پەڕیش بن بەلاَم چونکە لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان دەچن کە ئەوانیش هەموویان

دەبنە چاوگی ئەلفی بۆیە لە دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو لەم چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕانە، هەمان دەستوری وەرگرتنیان لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان بەکاردەهێنن ئەویش بە فرێدانی نوونی چاوگ و زیادکردنی پاشگری (و) یان (ی) وەك:

سووتان	سووتا	سووتاو (سووتای)
برژان	برژا	برژاو (برژای)
لکان	لکا	لکاو (لکای)

چاوگە تێنەپەڕەکانی تر، ئەم جۆرە هاوەڵناوەیان لێ دروست ناکرێت تەنیا هاوەڵناوی بکەری دارێژراویان لێ دێتە دروستکردن وەکو لە بابەتی پێشوو باسکرا.

٤. هەندێ جار لە چاوگی تێپەڕ دەتوانین هاوەڵناوی کراوی دارێژراو دروست بکەین بە وەرگرتنی قەدی چاوگ و زیادکردنی پاشگری (ە) وەك:

کوشتن: کوشت + ە = کوشتە

بردن : برد+ ە = بردە

هەڵبژاردن: هەڵبژارد + ە = هەڵبژاردە

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگانە هاوەڵناوی کراوی دارێژراو دروستبکە:

فەوتاندن، پێچان، دانان، شکاندن، چەسپاندن

ڕاهێنان (٢)

هاوەڵناوی کراوی دارێژراو لەم ڕستانەدا دەربهێنە:

١- زەوی کێڵراو بە بڕشتە.

٢- گوندنشینەکان جۆی خوسێنراو دەدەن بە وڵاخەکانیان.

٣- شتی فرۆشراو وەرناگیرێتەوە.

٤- خوێندکارە بەخشراوەکان خەڵات کران.

ڕاهێنان (٣)

هاوەڵناوی کراوی دارێژراو لەم چاوگانە دروستبکەو لەڕستەدا بەکاریان بهێنە:

خزاندن، کڕاندن، تەکاندن، کرماندن، چەقاندن، شکاندن، خواردن، بینین.

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەرەوە:

١. جۆگەی هەڵبەستراو بەسوودە.

٢. نامەی نوسراو کۆ دەکاتەوە.

هاوەڵناوی کراو

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

(١)

١. جوتیارە ستەملێکراوەکە زۆر هەژارو کەم دەرامەتە.

٢. مرۆڤی دڵسووتاو پێویستی بە دڵدانەوە هەیە.

٣. پرچی ڕەشداگیرساوی ئەم کچە نیشانەی لەش دروستییەتی.

٤. ئازادی دەستبڕاو (دەستبڕای) یەکێکە لە قوربانییانی ڕەفتاری چەوتی بەدکاران.

٥. دوژمنی تەنگ پێهەڵچنراو ناچار بوو خۆی بدا بەدەستەوە.

٦. پیاو نابێ دوای کڵاوی بابردوو بکەوێت.

(٢)

١. پێویستە چاودێری دڵسووتاوو ماڵڕماوانی کارەساتی ئەنفال و بەعەرەب کردنی کەرکووك و گەرمیان بکەین.

٢. بەشخوراوان لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان تێدەکۆشن.

٣. تەنگ پێهەڵچنراوان بە زووترین کات خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

٤. بەکرێگیراوان تەمەنیان لە ناپاکی بەرامبەر بە گەلەکەیان بەسەر دەبەن.

خستنه ڕوو:

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، ئەوەیە کە کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە کردەوەکەش وەکو لە پێشدا لە باسی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراودا ئاماژەمان پێکرد، بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، بەڵام بکەری کردەوەکە دیار نییەو نازانین کێیە یان چییە.

ئەگەر چاوێك بەسەرجەم ڕستەکاندا بخشێنین دەبینین ئەو پەیڤانەی کە بووینە بە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، بە پێی چەند بنەمایێك ئەم بوونەیان پێدراوە کە بەم جۆرەیە:

ئـ -

١. لەڕستەی (١)ی کۆمەڵە ڕستەی ژمارە یەکدا، پەیڤی (ستەملێکراو) کە سیفەتێکی هەمیشەیی بە جوتیارەکە دەبەخشێتو لە ناوێكو قەدی چاوگی نادیاری (لێکرا)و پاشگری (و) دروستبووە. یان بە واتایێکی دی دەتوانین بڵێین لە ناوێكو ڕەگی کاری چاوگی لێکردنو پاشگری (راو) دروستبووە.

٢. لە هەمان کۆمەڵە ڕستەدا ئەگەر تەماشای ڕستەی (٢) بکەین، دەبینین پەیڤی (دڵسوتاو) وەسفی ناوی (مرۆڤ)مان پێکردووە، ئەم پەیڤە بووە بە سیفەتێکی هەمیشەییو جۆری دروستکردنەکەی بریتییە لە ناوێكو قەدی چاوگی تێنەپەڕی (سووتان)و پاشگری (و)، لێرەدا پێویستە سەرنج لە چاوگەکە بدەین کە تێنەپەڕو ئەلفییە، ئەمەش لەوانەی ڕابردوو ڕوون کرایەوە.

٣. بەهـەمان شـێوەی سـەرەوە ڕسـتەی (٣) پـەیڤێکی تێدایـە کـە سیفەتێکی هەمیشەیی بە پەیڤە وەسفکراوەکە دەبەخشێتو خۆشی وەکو ناوێکی گشتی پیشان دەدات. ئەم پەیڤە دەبێت بە هاوەڵناوی کـراوی لێکـدراو بـە پێـی دەسـتورێکی تایبەتییـەوە دروسـت بـووە. پەیڤەکـەش بریتیـە لـە (ڕەشداگیرسـاو) کـە وەسـفی نـاوی (پـرچ) دەکاتو بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆی، ئەم هاوەڵناوە کـراوە (بـەرکارە) لێکـدراوەش لـە هاوەڵناوێـکو قـەدی چـاوگی داڕێـژراوی تێنەپەڕی ئەلفی (داگیرسان)و پاشگری (و) دروستبووە.

هەروەها لەڕستەکانی تریش (دەستبڕاو، تەنگ پێهەڵچنراو، بـابردوو) هاوەڵناوی. کراوی لێکدراون.

ب- ئەگـەر سـەرنج لـە کۆمەڵـە ڕسـتەی ژمـارە (٢) بـدەین دەبیـنین لـە هەریەك لەو ڕستانەدا پـەیڤێك یـان زیـاتر هەیـە کـە بەشـێوەیەکی پەیڤـە باسـکراوەکانی سـەرەوە دروسـتکراون، بـەڵام چـونکە ناوێـك یـان جێناوێکیان لە پێشەوە نـەهاتووەو ئـەو پەیڤانـە نەبوونەتـە سـیفەت بـۆ پەیڤی تر، بۆیـە نـاکرێ ناویـان بنـێین (هاوەڵنـاوی کـراوی لێکـدراو)، بـۆ نموونە:

- لەڕسـتەی (١)ی ئـەم کۆمەڵەیـەدا هـەردوو پـەیڤی (دڵسووتاو) و (ماڵڕمـاو) وەکـو ناوێـك لەڕسـتەکەدا بـەکارهاتوونو ئـەم دوونـاوەش ئەرکی بەرکاریان پێ هاتیتە سپاردنو لەدروستبوونیشیاندا لە ناوێكو قەدی چاوگێکی تێنەپەڕی ئـەلفیو پاشـگری (و) دروسـتکراون، بـەڵام نەبوونەتە سیفەتێکی هەمیشەیی بـۆ هـیچ ناوێـك یـان جێناوێـك، بۆیـە

لەم بارەدا دەکرێ پێیان بڵێین (ناوی کراو)و لە دروستبوونیشدا لێکدراون.

- هەر بەم شێوەیە لە ڕستەی (٢)شدا پەیڤی (بەشخوراوان) ئەرکی بکەری لەڕستەکەدا هەڵگرتووەو تایبەتمەندییەکی ناوی پێوەیە کە ئەویش (کۆ)یە، وەسفی هیچ ناوێك یان جێناوێك ناکات، تەنیا ئەرکە تایبەتییەکەی ناو دەبینێت، بۆیە ئەویش هەر پێی دەگوترێ (ناوی کراو)و لێکدراویشە، چونکە لەناوی (بەش)و قەدی چاوگی نادیاری (خوران)و پاشگری (و) دروستبووە.

بە هەمان شێوە پەیڤەکانی (تەنگ پێهەڵچنراو) و (بەکرێگیراوان)یش (ناوی کراو)ن و لێکدراویشن.

دەستوور:

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو پەیڤێکە کە کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە، ئەم کردەوەیە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، بەڵام نازانین کردەوەکە لەلایەن (کێ) یان (چی)یەوە بەسەری داهاتووە، واتا (بکەر)ی کردەوەکە دیار نییە، دیارە هاوەڵناوە کراوە لێکدراوەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات کە لە پێشییەوە هاتووە، کاتێکیش هاوەڵناوەکە بە تەنیا بەکارهات، واتە هیچ ناوێك یان جێناوێکی لەگەڵدا بەکارنەهات ئەوا دەبێتە (ناوی کراو) کە وەکو ناوێك لە ڕستەدا بەکاردێت.

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو یان (ناوی کراوی لێکدراو) بە زۆری لەچاوگی لێکدراوی تێپەڕ دەهێنە وەرگرتن، چونکە کاری تێپەڕ، بەرکار وەردەگرێت، هەرچەندە دەتوانین لە چاوگی تێنە پەڕی ئەلفیشەوە وەری بگرین هەروەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێکرد.

دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، یان (ناو کراوی لێکدراو):

ئەم جۆرە هاوەڵناوە بەزۆری لە چاوگە تێپەڕە لێکدراوەکان دروست دەکرێت و ئەم دروستکردنە بە پێی چەند بنەمایێك دێتە جێبەجێکردن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ناوێك لەگەڵ (ڕەگی کار)و پاشگری (راو) یان (رای):

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	هاوەڵناوی کراو
سەرتاشین	سەرتاش +	راو (رای)	سەرتاشراو- سەرتاشرای

٢. ناوێك یان هاوەڵناوێك لەگەڵ قەدی چاوگی ئەلفی تێنە پەڕو پاشگری (و)یان (ی) وەك:

چاوگ	قەد	هاوڵناوی کراو
ڕەش هەڵگەران	ڕەش هەڵگەڕا	ڕەش هەڵگەڕاو (ڕەش هەڵگەڕای)
ماڵسووتان	ماڵسووتا	ماڵسووتاو (ماڵسووتای)

هۆی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوە لێکدراوانە لە چاوگە ئەلفییە تێنە پەڕەکان لەخاڵی سێیەمی دەستووری دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو ڕوون کراوەتەوە.

٣. ناو لەگەڵ قەدی چاوگی تێپەڕی (دالی وتایی و واوی)و پاشگری (وو) یان (ی)وەك:

با + بردن = بابرد + وو (ی)، ە = (با بردوو (بابردی، بابردە)

کۆچ+ کردن = کۆچکرد + وو (ی)، ە = کۆچکردوو (کۆچکردی، کۆچکردە)

تێبینی:

لەو چاوگە لێکدراوانەی کە لەناوێك و چاوگێکی سادەی تێپەڕ پێکدێن دەکرێ هاوەڵناوی بکەری لێکدراوو هاوەڵناوی کراوی لێکدراویان لێ دروست بکەین، جا ئەگەر بمانەوێ جۆرێ هاوەڵناوی کراوی لێکدراو لە هاوەڵناوی بکەری لێکدراو جودا بکەینەوە پێویستە:

تەماشای پەیڤی پێش (کار)ەکە بکەین، ئەگەر ئەو پەیڤ (بکەر) بوو ئەوا تێکڕای بێژەکە دەبێتە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو وەك:

(گورگ خواردوو) یان (گورگ خوارده)، کە لێرەدا ناوی گورگ (بکەر)ە، بۆیە (گورگ خواردوو) یان (گورگ خوارده) دەبێتە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو.

بەلام ئەگەر پەیڤی پێش کارەکە (بەرکار) بوو، ئەوا تێکڕای بێژەکە دەبێتە هاوەڵناوی بکەری لێکدراو، واتە بە پێچەوانەی یەکتری دەبن وەك: (گۆشت خواردوو) یان (گۆشت خوارده) کە لێرەدا پەیڤی گۆشت بەرکارە بۆیە تەواوی بێژەکە دەبێتە هاوەڵناوی بکەری لێکدراوو لە واتادا وەکو هاوەڵناوی (گۆشت خۆری) لێ دێت بۆ نموونە دەڵێن:

ئازادی گۆشت خواردوو هات.

بێژەی (گۆشت خواردوو) دەبێتە هاوەڵناوی بکەری لێکدراوو وەسفی ناوی (ئازاد)ی پێدەکەین.

جا لێرەدا هەردوو بێژەی (گۆشت خواردوو) و (گۆشت خۆر) هاوەڵناوی بکەری لێکدراون، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە:

گۆشت خواردوو	**سیفەتێکی کاتی پێوەیە.**
بەلام گۆشت خۆر	**سیفەتێکی هەمیشەیی بە خۆوە دەگرێت.**

راهێنان (١)

لەم دێرە هۆنراوانەدا هەرچی هاوەڵناوی کراوی دارێژراوو لێکدراوت بەرچاو دەکەوێ دەریان بهێنەو شێوازی دروستکردنییان روون بکەوە:

١. گەر دەپرسی دادوگریان‌و فوغانم بۆچییە

ڕاستە باوك مردەنیم ئەمما جگەر سووتاوی تۆم

(کوردی)

٢. گولّ كە ياخىو دەم دڕاو بوو كەوتە لافى ڕەنگو بۆى
باغەبان گويێ گرتو داى هێنا بەدەستى بەستە بۆى

(نالى)

٣. فيداتم گيانە من داخ بردەى تۆم
توخوا دانيشە كەمێك لە گلّكۆم

(پیرەمێرد)

٤. دلّــێ هێلانــەى عەشــقى يــار نــەبێ
بــــەتيرى نــــازى برينــــدار نــــەبێ
كوشتەى دوو ديدەى پڕ خومار نەبێ
بەجامێ شەراب نەشئەى پێ نەدەى
خوايە ئەم دلّە دائيم پەستى كەى

(سەلام)

٥. ئەسيرى ميحنەتى هيجرانى تــۆم يــارى وەفــادارم
كوژراوى خەنجەرى موژگانى تۆم مەحبووبى نازدارم

(ئەختەر كۆيى)

٦. بە شەستى زولفو ڕووى ماهى وەكو ماهى گرفتارم
گەهێ دلّگەستەى مــارم، گەهێ جانخەستەى نــارم

(حاجى كۆيى)

راهێنان (٢)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. بۆچی هاوەڵناوی کراو بەزۆری لەو چاوگانە وەردەگیرێن کە تێپەڕن؟

٢. جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی کراوو ناوی کراو (چ داڕێژراو چ لێکدراو) چییە؟

٣. لەبەرچی دەتوانین هاوەڵناوی کراو لە چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕەکان دروست بکەین؟

٤. چۆن هاوەڵناوی کراوی لێکدراوو هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لە چاوگە لێکدراوەکان کە بە ناو دەست پێدەکەن لەیەك جیا دەکرێنەوە؟

٥. چۆن لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو دروست دەکرێت؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

راهێنان (٣)

لە چاوگی (بردن، خواردن) بە چەند ڕێگا هاوەڵناوی بکەری لێکدراو، هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروست دەکرێت؟ نیشانی بدەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

ڕاهێنان (٤)

جۆرو شێوەی دروست کردنی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاربخە:

(ببەز- فرۆشراو- خوێندەوار- گەشبین- دەستبڕ- دەستکرد- ستەمبار- مارانگەستی - خۆشخوان- نەنووسراو)

ڕاهێنان (٥)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەوە:

١. زەڤیا کێلای نەفرۆشن.

٢. گەلی بەشخوراو داوای مافەکانی خۆی دەکات.

٣. چیرۆکێکی هەڵبژاردەم بەباشی خوێندەوە.

ڕاهێنان (٦)

جیاوازی لەنێوان هەردوو بێژەی (گۆشت خواردوو) و (گۆشت خۆر) چییە؟

١. لەڕووی دروستبوونەوە.

٢. لەڕووی مەبەستی بەکارهێنانەوە.

(وانەی دەیەم)

هــاوەڵــکار

١. دوهی بەفر باری.

٢. دەرسەکەمان خێرا تەواو بوو.

٣. ئازادی کەو دناڤ هێلینێ داگرت.

٤. پووشەکە تۆزێ سووتا.

خستنە ڕوو:

ئەگـەر سـەیری ڕسـتەکانی سـەرەوە بکـەین‌و لـە کارەکانیـان بـاش وردبینەوە دەبینین:

لەڕستەی یەکەمدا دەمانتوانی (مەدشیا) بێژین (بەفر باری) بـەلام بـۆ ئـەوەی سـنوورێك بـۆ دەمـی ڕوودانـی کـاری ڕسـتەکە دابنـێین پـەیڤی (دوهی)مان بەکارهێناوە بەهۆیەوە توانیمان ڕوودانـی کارەکـەو ڕامانەکـە ژی بەتەواوی ئاشکرا بکەین.

- لەڕستەی دووەمـدا مـەڤیا چـەوانیبا وێ تـەواو بـوونێ دەربخـەین لەبەر ئەوە پەنامان بردە بەر پەیڤی (خێرا)وە سنوورێکمان بـۆ واتـای کارەکە دانا.
- لە ڕستەی سێیەمدا ویستومانە شوێنی ڕووداوی کارەکە کە گرتنەکە یە پیشان بدەین بۆیە هاتووین هاوەڵکاری (دناڤ هێلینێ) مان بە کارهێناوە کە بە هۆیەوە سنوورێکمان بۆ واتای کارەکە داناو زانیمان کە ئازاد کەوەکەی لە ناو هێلانەکەدا گرتوە.
- لەڕستەی چـوارەمدا پـەیڤی (تـۆزێ) هاوەڵکـارە چـونکە وەسـفی (پەسـنی) کـاری (سـووتا)ی کـردووە. چـەندییە چـونکە ئەنـدازەی

سووتانی پووشەکەی بۆ دەرخستووین، ئەگەر ئەم پەیڤە لەڕستەکەدا نەبووایە نەمان دەزانی (مەنەدزانی) کە پووشەکە چەند سووتاوە، لەبەر ئەوە بەم پەیڤەیە دەگۆترێت (هاوەلکاری چەندیی).

دەستوور:

هاوەڵکار/ پەیڤەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستە دەربارەی (چۆنیەتی ئەو ڕوودانە، یان کاتی، یان شوێنی، یان چەندیی) دەردەخاتو لەم ڕووەوە سنورێك بۆ تەواوکردنی واتاکەی (ڕاماناکەی) دادەنێت.

(وانەی یازدەم)

تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری کاتی

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- هەڵەبجە لە شازدەی ئازاردا کیمیا باران کرا.

٢- شڤان ژمێژە نقستییە.

٣- کوردستان لەسەدەی بیستەمدا جارێکی تر دابەشکرایەوە.

٤- گەلی کورد لە پێنجی ئازاردا ڕاپەڕی.

٥- هەڤاڵ سوبەهی دێ ڤەگەڕێتە دهۆکێ.

٦- کورد هەرگیز واز لە ئازادی ناهێنێت.

خستنە ڕوو:

لەم ڕستانەی سەرەوەدا کارەکان بە هاوەڵکار تەواوکراون، لەڕستەی یەکەمدا گرێی (لە شازدەی ئازار) کاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە نیشان دەداتو دەردەخات، بۆیە پێی دەوترێت هاوەڵکاری کاتیو دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە. لەڕستەی دووەمدا (ژمێژە) کاتی نووستنی (شڤان) نیشان دەداتو دەردەخات لەبەر ئەوە هاوەڵکاری کاتییەو تەواوکەی کاری ڕستەکەیە.

لەڕستەی سێیەمدا گرێی (لەسەدەی بیستەمدا) کاتی دابەشکردنی وڵاتی کوردستان بۆ جارێکی تر دەست نیشان دەکاتو بۆیە هاوەڵکاری کاتییە دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

لەڕستەی چوارەمدا **گرێی** (لە پێنجی ئازار) هاوەڵکارە بەڵام چونکە کاتی ڕاپەڕینی کورد دەردەخات بۆیە هاوەڵکاری کاتیەو تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (سوبەهی) کاتی گەڕانەوەی (هەڤاڵ) نیشان دەدات بۆ شاری (دهۆك) بۆیە هاوەڵکاری کاتییەو تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

لەڕستەی شەشەمو دیماهیدا پەیڤی (هەرگیز) ئەوە دەردەخات کە هیچ کاتێك کورد واز لە بیری ئازادی ناهێنێت بۆیە هاوەڵکاری کاتییەو تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

دەستوور:

هاوەڵکاری کاتی ئەو هاوەڵکارەیە کاتی ڕوودانی کاری ڕستە دەردەخاتو نیشان دەداتو دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە چ ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی، کاری ڕستەکە تێپەڕ بێت یان تێنە پەڕ، هەروەها دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو... وەڵامی پرسیاری (کەی، کەنگی، لە کەیەوە، چ کاتێ) دەداتەوە ئەمانەش بەشێکن لە هاوەڵکاری کاتی (ئێستا، ئەمڕۆ، سبەهی، پشتی نیڤڕۆ، نهۆ، لەم ڕۆژانەدا، چەند ڕۆژێکی دی، بەم زووانە، بەهارێ، ئیرۆ، ئێڤارێ، جاران، ئەمساڵ، لەمێژە، هەندێ جار، هەمیشە، لەمەولا، تا بەیانی، لەوساوە، بەرێ، پێرێ، سوبەهی...هتد).

تێبینی :

هاوەڵکار کە دەبێتە تەواوکەری کار نەدەبێتە بەرکارو و نەدەبێتە تەواوکەری بەیاریدە، و چونکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە کە کاتی ڕوودانی کارەکە یا شوێنی ڕوودانی یان چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەربخات... وەکو یەکو بەیەك شێوە دەبێتە تەواوکەری کاری تێپەڕو تێنە پەڕ.

ڕاهێنان (١)

لەم دێرە هۆنراوانەدا هاوەڵکارەکان دەربهێنەو شییان بکەرەوە :

ئەزانی بۆچی وا کورد زەلیلە ! ؟
بێ ناونیشان هەمیشە دیلە ؟

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشتو کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە

هیوام بەتۆیە ئەی تازە منالْ
بەیانی ببیە نموونەی میسال

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر

(هێمن)

ڕاهێنان (٢)

هاوەڵکارەکانی (بەم زووانە – نهۆ – لەوساوە) لە ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك هاوەڵکاری یەکەم و دووەم ببن بە تەواوکەری کاری تێنەپەڕو هاوەڵکاری سێیەمیان ببێت بە تەواوکەری کاری تێپەڕ.

ڕاهێنان (٣)

لە ڕستەی (ئەڤرۆ دڤێت کوردستان ژ هەموو لایاڤە پێش بکەڤیت).

١. (ئەڤرۆ) چییە؟ ئەرکی چییە؟

٢. بکەری ڕستەکە دەربخە.

٣. (پێش بکەڤیت) چ جۆرە کارێکە؟ چۆن دروست کراوە؟

٤. ڕستەکە بگۆڕە سەر شێوەی زاری کرمانجی خواروو سەر لەنوێ ڕستەکە بنووسەرەوە.

تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری شوێنی

ئەم هۆنراوانە بخوێنەوە:

١- لەژێر ئاسمانی شـــینا
لەپاڵ لووتکەی بەفرینـا
کوردستان گـــــــەڕام
دۆڵاو دۆڵ پیـــــــــــوام

گۆران

٢-جۆشش و تابە لەنێو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا

٣-لەژێر زەردەی خـۆرەتـــــــاوا
بەناو چیمەنی گوێ ئـــاوا

گۆران

٤-مـــیری پادشـــاهی مووییـــەك ل نـــك مـــەلایێ
نادەم بە موڵکێ عالەم یەك زەڕە یەك عینایەت

٥-قەسدی یـاریتـە لەکن بەزمی ڕەقـــــــیب
یاری منە، خۆت مەکە بەدخوو بە عەبـــــەث

مەلایێ جزیری

خستنه ڕوو:

لـه‌م نموونانـه‌ی سـه‌ره‌وه‌دا کاره‌کـان بـه‌ هاوه‌ڵکـار تـه‌واوکراون، لـه‌ نموونه‌ی یه‌که‌مدا پـه‌یڤـه‌کانی (لـه‌ژێر) (لـه‌پاڵ) شـوێنی ڕوودانـی کاره‌کـه‌ ده‌رده‌خـه‌ن، بۆیـه‌ ده‌بنـه‌ هاوه‌ڵکـاری شـوێنیو ده‌بنـه‌ ته‌واوکـه‌ری کاره‌کان...

لـه‌ نموونـه‌ی دووه‌مـدا پـه‌یڤی (لـه‌نێو) شـوێنی کـاری ڕسـته‌که‌ ده‌رده‌خات بۆیه‌ هاوه‌ڵکاری شوێنییه‌و ته‌واوکه‌ری کاری ڕسته‌که‌یه‌...

له‌ نموونه‌ی سێیه‌مدا پـه‌یڤـه‌کانی (لـه‌ژێر)و (بـه‌ناو) شـوێنی ڕوودانـی کاره‌که‌ ده‌رده‌خه‌ن بۆیه‌ هاوه‌ڵکـاری شـوێنینو ده‌بنـه‌ ته‌واوکـه‌ری کـاری ڕسته‌که‌....

له‌ نموونه‌ی چواره‌مدا پـه‌یڤی (ل نك) شوێنی ڕوودانـی کـاری ڕسـته‌که‌ ده‌رده‌خاتو ده‌بێته‌ هاوه‌ڵکـاری شـوێنی لـه‌ نموونـه‌ی پێنجه‌مـدا پـه‌یڤی (له‌کن) هاوه‌ڵکاری شوێنییه‌و ده‌بێته‌ ته‌واوکه‌ری کاری ڕسته‌که‌...

ده‌ستوور:

هاوه‌ڵکاری شـوێنی ئـه‌و هاوه‌ڵکاره‌یـه‌ شـوێنی ڕوودانـی کـاری ڕسـته‌ نیـشان ده‌داتو ده‌رده‌خات، وه‌ڵامی وشه‌ی پرس (له‌کوێ، له‌ کێنده‌رێ، بۆ کوێ) ده‌داته‌وه‌...

ئه‌مانه‌ش به‌شێکن له‌ هاوه‌ڵکاره‌ شوێنییه‌کان (سـه‌ر، ژێـر، خـوار، بـن، کـن، پـاش، پێش، له‌بن، له‌سه‌ره‌وه‌، نێو، نـاو، ته‌نیـشت، چـه‌پ، ڕاست، لـه‌وێ، لێـره‌، ژ خـارێ، ل نـك، دنـاڤ، خـارێ، ژێـرێ، ژووری، بنـرا، لـه‌ناو ئه‌شـکه‌وته‌که‌، له‌سـه‌رداره‌که‌، له‌بنه‌وه‌...هتد).

ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەدا هاوەڵکارەکان دەربهێنەو شییان بکەرەوە:

١. ڕۆژ لەڕۆژهەڵاتەوە بەرز دەبێتەوە.

٢. ئاڵای کوردستان لەسەر لووتکەی شاخەکە دەشەکێتەوە.

٣. شڤانەکە ل خارێ ڕوونیشتییە.

٤. ل نك مرۆڤێ نەخۆش نەڕوینە.

٥. شڤان ژ خوارێ چوو سەرێ.

ڕاهێنان (٢)

ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە چ جۆرێکن، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:

(ل جەم، پار، باکوور، بەربانگ، نیڤ شەڤ ، ئێستا)

ڕاهێنان (٣)

نیوەی یەکەمی ئەم دێرە هۆنراوەی (گۆران) شیبکەوە.

بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام خوارو ژوور

زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور

(گۆران)

ڕاهێنان (٤)

پارچە نووسینێك لەسەر هێرشە ناڕەواکانی ئەنفال بنووسە بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٨٨ ئینجا هاوەڵکارە شوێنییەکان دەربهێنە.

تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنیەتی

ئەم نموونانە بخوێنەوە:

١. ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە. (پیرەمێرد)

٢. بە باخچەی پاشادا ورد گەڕام خوارو ژوور
زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور (گۆران)

٣. لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێ دەگرم (نالی)

٤. هەڤاڵێ ب دلگەشی چوویە ماڵێ

٥. دارشتنەکە ب قنجی هاتە نڤیسین

خستنە ڕوو:

لەم نموونانەی سەرەوەدا کارەکان بە هاوەڵکاریێ تەواوکراون، لە نموونەی یەکەمدا پەیڤی (بەخۆشی) چۆنیەتی هاتنەوەی جەژنی نەورۆزی کوردان دەردەخات، بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییەو تەواوکەری کاری ڕستەکەیە...

له نموونەی دووەمـدا پـەیڤی (ورد) چـۆنیەتی گـەڕانی شـاعیر نیـشان دەدات بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییەو تەواوکەری کاری ڕستەکەیە...

لـە نموونـەی سـێیەمدا پـەیڤی (شـێتانە) چـۆنیەتی بـەرد تێگـرتن دەردەخـات لەشـاعیر بۆیـە هاوەڵکـاری چـۆنیەتییەو تەواوکـەری کـاری ڕستەکەیە...

لـە نموونـەی چـوارەمدا پـەیڤی (ب دلگەشـی) چـۆنیەتی چـوونەوەی هەڤالْ نیشان دەدات بۆ ماڵەوە بۆیە هاوەڵکاری چـۆنیەتییەو تەواوکـەری کارەکەیە...

له نموونەی پێنجەمیشدا پـەیڤی (ب قنجـی) چـۆنیەتی نووسـینەوەی دارشتنەکە دەردەخات بۆیـە هاوەڵکـاری چـۆنیەتییەو تەواوکـەری کـاری ڕستەکەیە....

دەستوور:

هاوەڵکاری چـۆنیەتی ئـەو هاوەڵکارەیـە کـە چـۆنیەتی ڕوودانـی کـاری ڕسـتە نیشان دەداتو وەسفی کاری ڕستەکە دەکات، وەڵامـی وشـەی پرسـی (چـۆن، کـوو، چەوان) دەداتەوە ئەم وشانەش بەشێکن لە هاوەڵکارە چۆنیەتییەکان.

(شـێرانە، ئازایانــە، مەردانــە، ژیرانــە، بــەگریان، بــەڕاکردن، شـێتانە، بەگەرمی، بەسـاردی، بەباشـی، بەخۆشـی، بەناخۆشـی، بـەتوڕەیی، دەمـاو دەم، پشتاو پـشت، ب قنجـی، بـە دروسـتی، مێرانـە، ب دینـی، ب پـاکی، ب لـەزی... هتد):

تێبینی:

هەندێك وشە هەن ئەگەر لەڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك بكەن، یاخود بنە تەواوكەری كارێكی ناتەواو ئەوە دەبنە هاوەڵناوی چۆنیەتی (جوان، باش، خراپ، ڕێك، بەرز، چاك، توند...هتد) وەكو:

نمرەكانم باش بوون.

نمرەیەكی باشی لەكوردی وەرگرتووە.

باخچەیەكی جوانیان هەیە.

هۆنراوەكانی بەرزن.

لەڕستەكانی سەرەوەدا وشەكانی (باش، جوان، بەرز) هاوەڵناوی چۆنیەتین چونكە وەسفی ناوەكان دەكەن لەڕستەكاندا... بەلام ئەگەر ئەم وشانە وەسفی كارێكی تەواو بكەن لەڕستەدا ئەوە دەبنە هاوەڵكاری چۆنیەتیو دەبنە تەواوكەری كاری ڕستەكە وەكو:

وانەكانم باش خوێند.

باخچەكەیان جوان ئاو دابوو.

هۆنراوەكەی بەرز هەڵسەنگاندووە.

بەلام لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەكانی (باش، جوان، بەرز) چونكە وەسفی كاری ڕستەكان دەكەنو چۆنیەتی ڕوودانی كارەكان نیشان دەدەن بۆیە دەبن بە هاوەڵكاری چۆنیەتیو دەبنە تەواوكەری كاری ڕستەكان.

ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەدا ئەوانەی هێلیان بەژێردا هاتووە شیبکەوە:

١. کوردستان بەدڵڕەقی وێرانکرا بوو.

٢. گەلی کورد شێرانە ڕاپەڕی.

٣. زەوییەکەی بەجوانی کێڵا .

٤. ئەم ب تەڤایی شولێ خۆ دکەین.

٥. مرۆڤێ لەزگینی ب لەز هاتن.

ڕاهێنان (٢)

ئەم وشانە لەڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك جارێك ببنە هاوەڵناو جارێکی تریش ببنە هاوەڵکاری چۆنیەتی:

١. خراپ ٢. چاك ٣. جوان ٤. باش ٥. بەرز.

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١. مەلەوانەکە بە مەلە لەڕووبارەکە دەربازبوو.

٢. فراڤینێ ب گەرمی بخۆ.

٣. ڕاوکەرەکان بەسواری چوون بۆ ڕاو.

ڕاهێنان (٤)

هاوەڵکارەکان لەم نموونانە دەربهێنەو جۆرەکانیان دەست نیشان بکە:

١. لەناو خۆیندا دەتلێتەوە لاوی بەزیپکو بەسەبات
بەڵام هەروا دەچێتە پێش بێ وچان کاروانی خەبات

٢. لە خەودا دیم لەسەر هەڵگورد
لەسەر چیای سەرکەشی کورد
لە فریشتان بەرزتر بوو جێم
هەور دەڕۆین لەبەر پێم (هێمن)

٣. کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لەبنیا بلەرزێ مرواریی زیخو چەو
جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەرتیشکی خۆر شڵپو هۆڕ (گۆران)

٤. لۆ پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم بە تەمەرودو شقاقن (خانی)

٥. لەچوار چرای مەهاباد | لەکانگای بیری ئازاد
لەکاتی نیوە شەوا | لەجەنگەی شیرن خەوا
کرا کاری ناڕەوا | لەدار درا پێشەوا
(هێمن)

(وانەی چواردەم)

تەواوکردنی کار بە

هاوەڵکاری ڕێکخستن

١. پیاوەکان دەستە دەستە دەهاتن.

٢. باران تاڤ تاڤ دباریت.

٣. لاوەکان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕاوەستابوون.

٤. ئەم وە جار جار دبینین- ئێمە جار جار دەتانبینین

٥. منداڵەکە ئاوەکەی قوم قوم خواردەوە.

٦. ئەو ئاڤێ فرفر ڤەدخۆت.

٧. پێشمەرگەکان پۆل پۆل گەیشتنە جێ.

٨. کەو برِبرِ فرِین.

٩. کۆترەکان جووت جووت هەڵنیشتن.

١٠. زارۆ سێ سێ رۆیشتن.

خستنە ڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین پەیڤی (دەستە دەستە، تاڤ تاڤ ، کۆمەڵ کۆمەڵ ، جار جار، قوم قوم، فرفر، پۆل پۆل، برِ برِ، سێ سێ) کە ڕێکخستن و ریزکردنیان تێدایە پێیان دەوترێت هاوەڵکاری ڕێکخستن چونکە:

١. لەڕستەی یەکەمدا پەیڤی (دەستە دەستە) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە واتای کاری (دەهات)ی تەواوکردووەو شێوەی ڕوودانی کارەکەی دەرخستووە، ئەگەر وشەی (دەستە دەستە) نەبووایە نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

٢. لەڕستەی دووەمدا پەیڤی (تاق تاق) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە واتای کاری (دباریت) تەواو دەکاتو شێوەی ڕوودانی کارەکە دەردەخات، ئەگەر پەیڤی (تاق تاق) نەبێت لەڕستەکەدا نازانین کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕوو دەدات.

٣. لەڕستەی سێیەمدا پەیڤی (کۆمەڵ کۆمەڵ) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (ڕاوەستابوو)ی دەرخستووەو واتای کارەکەشی تەواوکردووە، ئەگەر وشەی (کۆمەڵ کۆمەڵ) نەبووایە نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

٤. لەڕستەی چوارەمدا پەیڤی (جار جار) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (دەبینین) دەردەخاتو واتای کارەکەش تەواو دەکات، ئەگەر وشەی جار جار لەڕستەکەدا نەبێت نازانین کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕوو دەدات.

٥. لەڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (قوم قوم) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (خواردەوە)ی دەرخستووەو واتاشی تەواوکردووە، ئەگەر پەیڤی (قوم قوم) نەبووایە نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

٦. له ڕستەی شەشەمدا پەیڤی (فڕ فڕ) هاوەڵکاری ڕێکخستنە، چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (ڤەدخۆت) دەردەخات‌و واتاشی تەواو دەکات، ئەگەر پەیڤی (فڕ فڕ) لەڕستەکەدا نەبێت نازانین کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕوودەدات.

٧. له ڕستەی حەوتەمدا پەیڤی (پۆل پۆل) هاوەڵکاری ڕێکخستنە، چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (گەیشت) دەردەخات واتاشی تەواوکردووە، ئەگەر پەیڤی (پۆل پۆل) نەبووایە، نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

٨. له ڕستەی هەشتەمدا پەیڤی (بڕ بڕ) هاوەڵکاری ڕێکخستنە، چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (فڕی)ی دەرخستووەو واتاشی تەواو کردووە، ئەگەر پەیڤی (بڕ بڕ) نەبووایە، نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

٩. له ڕستەی نۆیەمدا پەیڤی (جووت جووت) هاوەڵکاری ڕێکخستنە، چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (هەڵنیشت)ی دەرخستووەو واتاشی تەواوکردووە، ئەگەر پەیڤی (جووت جووت) نەبووایە، نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

١٠. له ڕستەی دەیەمدا پەیڤی (سێ سێ) هاوەڵکاری ڕێکخستنە، چونکە شێوەی ڕوودانی کاری (ڕۆیشت)ی دەرخستووەو واتاشی تەواو کردووە، ئەگەر پەیڤی (سێ سێ) نەبووایە، نەمان دەزانی کە کارەکە بە چ شێوەیەك ڕووی داوە.

دەستوور:

هاوەڵكاری ڕێكخستن ئەو هاوەڵكارەیە كە لەڕستەدا شێوەی ڕێكخستنی ڕوودانی كارەكە دەردەخات و واتاشی تەواو دەكات، هەمیشە دەبێتە تەواوكەری كاری تەواو لەڕستەدا، وەكو: (دەستە دەستە، پۆل پۆل، جار جار، تاقم تاقم، جوان جوان، كۆمەڵ كۆمەڵ، سێ سێ، شەش شەش، ....).

ڕاهێنان (١)

ئەم هاوەڵكارە ڕێكخستنانەی خوارەوە لەڕستەدا بەكاربهێنە:

(ناوە ناوە – تاو تاو – گاڤ گاڤ – ورد ورد – هێدی هێدی – خێرا خێرا – تاقم تاقم – بڕ بڕ – تنۆك تنۆك)

ڕاهێنان (٢)

لەم دێرە هۆنراوەی خوارەوەدا:

چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش

تا بڵێن دەریایی عومانە دوڕ و مەرجانی هەیە. (نالی)

ئـ– وشەی (دەم دەم) چییەو ئەركی چییە؟

ب– وشەی (چاو) شی بكەوە.

پ– وشەی (ساف، گەش) شی بكەوە؟

ت– وشەی (ئاو، خوێن) ئەركیان چییە؟

ج– وشەی (دوڕ، مەرجان) شی بكەوە.

ح– وشەی هەیە شی بكەوە.

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەوە:

١. دوهی قوتابیان کۆمەڵ کۆمەڵ بلەز دهاتنە خاندنگەهێ.

٢. یاریزانەکان دوو دوو بە مەشق دەڕۆن.

ڕاهێنان (٤)

ئەم پرسیارانە بە هاوەڵکاری ڕێکخستن وەڵام بدەوە:

١. میوانەکان چۆن دەهاتن؟

٢. گەنمەکە چۆن دروێنە کراوە؟

٣. یاریکەرەکان چۆن بە مەشق دەڕۆن؟

٤. سانا ئاوەکەی چۆن خواردەوە؟

تەواوکردنی کار بە

هاوەڵکاری چەندی

١. من دلبەرەك وەك دورِ هەیـــە
مەحبوب و شیرین سورِ هەیـــە
حوسن و جەمالەك پورِ هەیـــە
بەلقیس سیفەت مەسکەن سەبا

(جزیری)

٢. هەتاوی نەورۆز مانگی جـۆ درەو
زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ بەشەو

(گۆران)

٣. لە گەرووی شمشاڵ لە تەلی کەمـان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان

(گۆران)

٤. ئوتو بەند دبی زمان لالۆمـــــە
بەلێ فەعم دکەم ئەز ژ روحێ تە
بەلێ کێم دبهێم خەبەرێ تـەدوور
حەزنافیکراتە، بەحرا بێ بوحوور

(جاسمی جەلیلی)

٥. بەسەرهاتی خۆت بۆمن بەیان کە
دەردی گرانم نەختێ ئاسان کـە

٦. ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە دەروێش عەبدوڵڵا

(گۆران)

خستنە ڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دێرە هۆنراوانەی لای سەرەوە دەبینین:

١. لەدێرە هۆنراوەی یەکەمدا پەیڤی (پوڕ– پـڕ) هاوەڵکاری چـەندییەو تەواوکەری کاری (هەیە)یە، چونکە چەندێتی ڕوودانی کـاری (هەیـە) دەردەخات.

٢. لـەدێرە هـۆنراوەی دووەمـدا پـەیڤی (زۆر) هاوەڵکـاری چـەندییەو تەواوکەری کاری (هەڵساوە)یە، چونکە چەندێتی ڕوودانـی کارەکـەی دەرخستووە.

٣. لـەدێرە هـۆنراوەی سـێیەمدا پـەیڤی (گـەلێ) هاوەڵکـاری چـەندییەو تەواوکـەری (هـات، چـوو)ە، چـونکە چـەندێتی ڕوودانـی کارەکـەی دەرخستووە.

٤. لـەدێرە هـۆنراوەی چـوارەمدا پـەیڤی (کـێم) هاوەڵکـاری چـەندییەو تەواوکـەری کـاری (دبهـێم)ە چـونکە چـەندێتی ڕوودانـی کارەکـە دەردەخات.

٥. لەدێرە هۆنراوەی پێنجەمدا پـەیڤی (نـەختێ) هاوەڵکـاری چـەندییەو تەواوکەری کاری (ئاسان کە)یە، چەندییە چونکە چەندێتی ڕوودانـی کارەکە دەردەخات.

٦. لەدێرە هۆنراوەی شەشەمدا پەیڤی (ئەوەندە) هاوەڵکاری چـەندییەو تەواوکـەری (بیـست)ە، چـەندییە چـونکە چـەندێتی ڕوودانـی کـاری (بیست)ی دەرخستووە.

دەستوور:

هاوەڵکاری چەندیی: ئەو هاوەڵکارەیەکە لەڕستەدا چەندێتی (بڕی) ڕوودانی کارێکی تـەواو (تێپـەڕو تێنە پـەڕ) نیـشان دەداتو دەبێتـە تەواوکـەری کارەکـە. وەکو: (زۆر، کەم، کێم، گەلێك، تۆزی، هەندێك، نەختێ، پـوڕ، پیـچێك، فـرە، کۆڵێ، ...).

ڕاهێنان (١)

ئەم هاوەڵکارە چـەندییانە لەڕسـتەدا بەکاربهێنـە بـە مـەرجێك سـێیانیان ببنە تەواوکەری کاری تێپەڕ، سێیانیان ببنە تەواوکەری کاری تێنەپەڕ:

(کۆڵێ– فرە– هەندێك– پیچێك– گەلێك– کەم)

ڕاهێنان (٢)

لەڕستەی (بەڵێن هۆنراوەی گەلێك لەبەرکردووە):

ئـ– (ی) لەدوای وشەی هۆنراوە چییەو ئەرکی چییە؟

ب- بکەری ڕستەکە دیار بخە.

پ- وشەی گەلێك چ جۆرە هاوەڵکارێکە؟ ئەرکی چییە؟

ج- کام وشە بەرکاری ڕستەکەیە؟

ح- کاری (لەبەرکردووە) بە چەند جۆرە هاوەڵکاری تر دەتواندرێ تەواو بکرێت؟ بە نموونە نیشانی بدە.

ڕاهێنان (٣)

ئەم دێرە هۆنراوەیەی خوارەوە شی بکەوە:

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵو شیرین ڕابوارد، ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم، سەردەمێکی تر (هێمن)

ڕاهێنان (٤)

کاری ئەم ڕستانە بەهاوەڵکارێکی چەندیی تەواو بکە.

١. ئەلەند دوێنێ ڕایکرد.

٢. منداڵەکە ئاوی خواردەوە.

٣. نەخۆشەکە دەکۆکێت.

٤. کەوەکە دەخوێنێت.

٥. چێشتەکە ساردبووەوە.

ڕاهێنان (٥)

ئەم هاوەڵکارانە لەڕستەدا بەکاربهێنەو جۆرەکانیان نیشان بدە:

(هەمیشە، گەلێ، بەخێرایی، پێرار، تاو تاو، تیپ تیپ، لەناوەڕاست)

ئەركی هاوەڵكار لەڕستەدا

١. پار چووین بۆ دهۆك.

٢. ئاڤ گەلەك زوو كەلی.

٣. پێڵاوەكەم بە پەلە لەپێ كرد.

٤. مە ماسی دناڤ گۆمێ دا گرتن.

خستنە ڕوو:

مەزانی كۆ هاوەڵكـار ئـەو بەشـەیە كـە سـنووریك بـۆ ڕوودانـی واتـای كاری ناو ڕستە دادەنێتو ڕوویەكی ڕوودانـی ئـەو كـارە ئاشـكرا دەكـاتو دەبێتە تەواوكەری واتای كارەكە.

لێرە مە دڤێت ئەركی هاوەڵكار لەناو ڕستەدا بخەینە بەرچاو:

لەڕستەی یەكەمدا هاوەڵكـاری (پـار) سـنوورێكی بـۆ دەمـی ڕوودانـی كاری ڕستەكە داناوەو بووە بە تەواوكەری ڕامانو مەبەستی كارەكە.

لەڕستەی دووەمدا هاوەڵكاری (زوو) تەواوكەری كاری (كەلی)یە، بەڵام بـۆ دەرخـستنی ئەنـدازەی ئـەو (زوو)وەو دیارخـستنی واتاكـەی هەوەڵكارێكی ترمان لە پێشەوە بەكارهێنا كە (گەلەك)ە، لـەم ڕسـتەیەدا هاوەڵكاری (گەلەك) دیارخەری هاوەڵكاری (زوو)وەو هەردوو پێكڤە ڕامانا كاری تەواو دەكەن.

ئەگەر جارێکی تر لە ڕستەکانی (٢,١) وردبینەوە، دەبینین هاوەڵکارەکان بەبێ ئامرازی پەیوەندی دەوری خۆیان وەك تەواوکەری کارەکان دەبینین.

بەڵام لەڕستەی (٣)دا پەیڤی (پەلە) بەهۆی پێشگری (بە) دەوری خۆی وەکو هاوەڵکار دەبینیێو دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

لەڕستەی چوارەمیشدا هاوەڵکاری (ناڤ گۆمێ) بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندی (د...دا) بووە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

دەستوور:

١. **هاوەڵکار لەناو ڕستەدا ڤان ئەرکێت خوارێ دبینیت.**

ئـ- دەبێتە تەواوکەری کار.

ب- دەبێتە دیارخەری هاوەڵکارێکی ترو هەردوو پێکڤە دبنە تەواوکەر بۆ کارەکە.

٢. **هاوەڵکار هەمیشە دەبێتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ڕستەکە.**

ڕاهێنان (١)

ئەم ڕستانە دروست بکە:

١. ڕستەیەك هاوەڵکارەکەی دیارخەری هاوەڵکارێکی تر بێت.

٢. ڕستەیەك هاوەڵکارەکەی لە پەیڤێك‌و پێشگرێك دروست کرابێت.

٣. ڕستەیەك هاوەڵکارێکی شوێنی تێدابێت.

٤. ڕستەیەك هاوەڵکارێکی چۆنیەتی تێدابێت.

٥. ڕستەیەك هاوەڵکارێکی ڕێکخستنی تێدابێت.

ڕاهێنان (٢)

لەڕستەی (پێشمەرگەکان پۆل پۆلو زۆر بەخێرایی لەڕووبارەکە دەپەڕینەوە):

ئـ- (پۆل پۆل) چییە؟ ئەرکی چییە؟

ب- بکەری ڕستەکە شی بکەوە.

پ- (زۆر بەخێرایی) چۆن شی دەکرێتەوە؟

ت- کاری ڕستەکە دیار بخەو بزانە چ جۆرە کارێکەو چۆن دروست بووە؟

ج- ئایا دەکرێ هەردوو بێژەی (پۆل پۆل) و (زۆر بەخێرایی) لەڕستەدا لابرێ؟ بۆچی؟

چ- ڕستەکەی سەرەوە بەزاراوەی کرمانجی ژووروو بنووسەوە.

ڕاهێنان (٣)

ئەم هاوەڵکارانە لەڕستەدا بەکاربهێنە:

(زۆرباش، گەلێك جوان، تۆزێك بەخێرایی، هەندێك بەهێواشی)

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەوە:

١. مامۆستایێ مە وانێ باش دبێژیت.

٢. مەلەوانەکە زۆر بەخێرایی منداڵەکەی ڕزگارکرد.

٣. گۆڤارەکەم بەپاڵ کەوتنەوە خوێندنەوە.

ئـــەدەب

١. ڕێبازە ئەدەبییەکان:

ڕێبازی ڕۆمانتیکی (بەگشتی)

٢. ئەدەبیاتی کوردی سۆڤیەتی جاران.

٣. پەخشانی کوردی (جۆرەکانی)

٤. کوردی پەتی

نموونەی ئەدەب:

١. سەی یاقۆبی ماهیدەشتی

٢. عەلی حەریری

٣. مەحوی

٤. شێخ ڕەزا.

٥. ناری

٦. زێوەر

٧. شێرکۆ بێکەس

٨. شێخ غەیاسەدین نەقشەبەندی

٩. شێخ محەمەدی خاڵ

١٠. ڕەوشەن بەدرخان.

ڕێبازە ئەدەبییەکان

ڕێبازی ڕۆمانتیکی

کە یەکەم جار وشەی ڕۆمانتیک دەبیسین یەکسەر شتی خودیو خەیاڵیو سۆزو شەیدابوونی سروشتو خۆشەویستی ئاسەواری کۆنمان بە بیردادێ.

ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەورووپا نزیکەی سەدەو نیوێك دوای دەرکەوتنی ڕێبازی کلاسیزم سەری هەڵدا، ئەم ڕێبازە تازەیە شۆڕشێك بوو دژی هەموو دەستوورو بنەما دەقگرتووەکانی ڕێبازی کلاسیزم، شۆڕشێك بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەدەبو هونەر لەژێر دەسەڵاتی داسەپاوی ئەدەبیاتی گریکیو لاتینی کۆن.

ڕێبازی ڕۆمانتیك: ئازادکردنی حەزو ئارەزوو وڕەهاکردنی سۆزو مەگێزەکانی مرۆڤە، جڵەو بەردانی فریشتەی ئەدەبو هونەرە، کردنەوەی جیهانی بێ سنوورە بۆ پەروازەبوونی سۆزو گیان.

وشەی ڕۆمانتیك لە وشەی (ڕۆمانیوس– Romanius)ەوە هاتووە کە بەو زمانانە دەگوترا کە لەلاتینی کەوتبوونەوەو لە سەدەکانی ناوەڕاست بەزاری ڕەمەکی (عام) دادەنران و لەسەرەتای چاخی ژیانەوەدا (ڕێنیسانس) وردە وردە بوون بە زمانی نووسینو جێگای زمانی لاتینیان گرتەوە، ڕۆمانتیکیەکان کە ئەم وشەیان بۆ ڕێبازەکەیان دانا مەبەستیان ئەوەبوو مێژوو، ئەدەبو کولتووری نەتەوایەتی خۆیان لەوانەی گریك

(١) ڕێبازی کلاسیك لە پۆلی دەیەم خوێندراوە

ولاتینی جودا بکەنەوە کە بەسەر کلاسیزمدا زاڵ ببوو. یان وشەکە لە (Romance)ەوە هاتووە کە لەسەدەکانی ناوەڕاست بە چیرۆکی خەیاڵیو پاشان سوارچاکی دەگوترا کە بە شیعر بووبێ یان بە پەخشان. ڕۆمانس پەیوەندی بە ئۆرستوکراتەکانەوە هەبوو بەڵام زمانەکەی سادەو ساکاربوو، زمانی میللەت بوو ڕۆمانس دواتر دوو لقی لێ جودا بووەوە– ڕۆمانسی ئورستوکراتیو رۆمانسی میللی.

سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی:

ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەوروپا دەرکەوتووە بەڵام لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا بەیەك کات نەبووە. یەکەم جار (فردریك شلیگل)ی ئەڵمانی ڕۆمانتیکی وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی دژی کلاسیزم پەیڕەو کرد، (مادام دو ستایل) لەژێر کاریگەری ئەوەوە لە فەڕەنسا بانگەشەی بۆدا. لە فەڕەنسادا کە مەڵبەندی چەسپانو بڵاوبوونەوەی ڕێبازەکەیە، ساڵی ١٨٠٠– ١٨٣٠ بەماوەی خۆگرتنو پەرەسەندنی ئەو ڕێبازە دادەندرێ. (فکتۆر هۆگۆ) دەوری سەرەکی لە چەسپاندنی ڕێبازی ڕۆمانتیك هەبووە، ساڵی ١٩٢٧ شانۆگەری (کرۆمۆیل)ی بڵاوکردەوە، لە پێشەکیدا باسی گەشەسەندنی شیعر دەکا لە مێژووی مرۆڤایەتیو دەیکا بە شیعری لیریکیو شیعری ئیپیکیو شیعری دراماتیکی، ئەم پێشەکییە وەکو بەیاننامەو ئینجیلیی ڕۆمانتیکی وابوو.

خاسیەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی:

لەبەر ئەوەی ڕۆمانتیك کاردانەوە بوو دژی دەستوورەکانی کلاسیزم، ئەگەر خاسیەتەکانی کلاسیزم هەڵبگێڕینەوە، خاسیەتەکانی ڕۆمانتیکمان دەکەوێتە دەست کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ڕۆمانتیك دەسەڵاتی (عەقڵ) بەلاوە دەنێ، بایەخ بە ئازادکردنی هەستو سۆز دەدا، لەباتی مێشك، دڵ دەکا بە کانگای ئیلهامو شوێنی شعورو ویژدان.

٢. ڕۆمانتیك گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سروشتی کپو هێمن. شاعیر بە سروشت هەڵدەڵێو حەز دەکا، بە گۆشەگیری، تێکەڵ سروشت ببێو لە باوەشی سروشتدا بکەوێتە ڕامانو جڵەوی ئەندێشەی بەربداو بەدوای جوانیدا بگەڕێ، شاعیر جوانی لەهەموو دیمەنێکی سروشتدا دەبینێو بە نەمانی بچووکترین دیمەنی دڵی دادەخورپێو ئازار دەچێژێو فرمێسك دەڕێژی، وەکو: هەڵوەرینی خونچە گوڵێكو ئاوابوونی ڕۆژو بزربوونی ئەستێرە.

٣. ڕۆمانتیك باوەڕی بە ئازادی هەیە لە دەربڕینی هەستو سۆزو جۆشی ناوەو گوێ بەهیچ دەستوورو قاڵبێکی چەسپاو نادا. ڕۆمانتیك هەر لەبنچینەدا خۆی شۆڕشو ئازادییە، جڵەو بەردانە بۆ ئەو ئەندێشەی کە هیچ سنوورێك نازانێ.

٤. ڕۆمانتیك بایەخ بە تاك (من)ی شاعیرو تاقیکردنەوەی تایبەتی دەدا، ئەم خودی و تاکیەتییە لە خۆشەویستییەکی قووڵی تا ڕادەی شەیدابوون خۆی دەنوێنێ. خۆشەویستی ڕۆمانتیك سیمایەکی

پاكیزەی هەیە، وەكو لە دونیای فریشتەدا بیّ وایە. ئـەم تاكیـەتیو سـركییو ناسـكییە دەبـیّ بـە حالّـەتێكی دەروونـی وا خاوەنەكـەی هەسـت بـە بێـزارییو خـەمو پـەژارە دەكـا... گوزارشـت دانـەوە لـە جۆشـی نـاوەوە پەردەیـەكی خـەمی بەسـەردا دەكشیّ. شـاعیر وا هەسـت دەكـا كـە خـۆی چـەقی هـەموو دونیایـە زۆرجـار تووشـی نیگەرانیو هەڵچوون دەبیّ.

٥. ڕۆمانتیك لە بایەخدانی بـە كـاتو شـوێندا، تووشـی نـامۆیی دەبـیّ، لەگەڵ سەردەمو شوێنی خۆی ناگونجیّ، بـە خـەیاڵ بـەرەو ڕابـردوو دەگەڕێتـەوەو خـەم بـۆ سـاتە خۆشـە ڕابردووەكـان دەخـوا، و بـۆ ڕزگاربوونیش لە ئاژاوەی شار كە شـوێنی خۆیـەتی بـەرەو سروشـت ڕادەكات.

٦. ڕۆمانتیكو نەخۆشـی سـەردەم. ڕۆمانتیكیـەكان هیـواو ئاواتیـان زۆر بوو بەڵام توانای هێنانـەدی ئـەو ئاواتانـەیان نـەبوو، نـاكۆكی نێـوان ئاواتی زۆرو توانای كەم، بوو بەهۆی نا ئومێدیو ڕەشبینی، ئەمەش بەرەو وەڕس بوونی دەبردن لەژیانو گازاندەیان لە بەختی خۆیـانو جەوری زەمانە دەكردو ئازاریان بە دەستەوە دەچەشت مـرۆڤ تـەنیا بە دوو هۆ دەتوانیّ لەم ئازارە ڕزگاری ببیّ:

- یان سروشتی خۆی بگۆڕیّو دەست لە ئاواتو ئارەزووەكانی بەربدا.
- یان سروشتی دەرەوە بگۆڕیّو وای لیّ بكا ئاواتو ئارەزووەكانی پـیّ بێتەدی.

٧. مۆركی ناوچەیی: رۆمانتیك كە باسی مرۆڤ دەكا وەكو شتێكی گشتی باسی ناكا كە باسی هەستو سۆز دەكا وەكو هەستو سۆزێكی گشتی باسی ناكا، بەڵكو هەر مرۆڤێكو هەر هەستو سۆزێك مۆركی تایبەتی خۆی وەردەگرێ بەپێی ئەو شوێنەی مرۆڤەكەی تێدا ژیاوەو ئەو مرۆڤەی هەستو سۆزەكەی لەلا پەیدا بووە. مرۆڤی ئەسپانی جیایە لە مرۆڤی یۆنانی، مرۆڤی یۆنانی جیایە لەمرۆڤی ئەڵمانی.

٨. ئەندێشەی داهێنەرانە. لای رۆمانتیكیەكان ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی لاساكردنەوەی سروشتو ژیانە، بگرە داهێنانە (خەلقە). ئامرازی خەلقیش لای رۆمانتیكیەكان ئەندێشەی داهێنەرانەیە. ئەو ئەندێشەیەیە كە رەگەزە پەرتەكانی سروشت یان واقیع یان یا دەوری رابردوو یان پێشبینی ئایندە بە یەكەوە گرێ دەدا. لەم جۆرە ئەندێشەیەدا، روانینی شیعری قووڵو روونو بەجۆش دەبێو گیانی شاعیر دەهەژێنێو دەبێ بەتاقیكردنەوەی شیعریی بۆ شاعیرەكە.

٩. بابەتی ئەدەبی رۆمانتیك. رۆمانتیكی ئەورووپی بابەتەكانی تەقلیدی نین، دەتوانێ هەر شتێ بكاتە بابەتی نووسین، وەكو دیمەنەكانی سروشت، مێژووی نەتەوایەتی، مۆركی ناوچەیی، شتی تایبەتی لەباتی گشتی، فەلسەفەی میسالی، رەگەزی لە ئاسایی بەدەر، كەلاوە، شەو، مردن، گۆڕ، خەون،...

١٠. چۆنیەتی دەربڕینی ڕۆمانتیك لە دەربڕیندا پەنا دەباتە بەر هەندێ سیمای تایبەتی وەكو: ڕزگاربوون لە دەستوورو یاسا، ئاڵۆزی، تێكەڵ كردنی هەستەكان، بەناویەكدا چوونی ئەركی هونەرە جوانەكان، ڕەچاوكردنی لایەنی زاتیو لیریكی،...

ڕۆمانتیك لە ئەدەبی كوردیدا:

ڕۆمانتیك لە ئەدەبی كوردیدا، لە شیعر زیاتر دەردەكەوێ تا لە جۆرەكانی دیكەی ئەدەب. هەر چەندە ڕەگەزی ڕۆمانتیك بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە وەك لەهەندێ شیعری حاجیو لە شیعرەكانی مەولەویدا هاتووە، بەڵام بەشێوەیەكی زەق ئەو ڕەگەزانە لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم گەڵاڵە بوون، بەتایبەتی لەماوەی نێوان هەر دوو جەنگی گێتی. ئەمەش جگە لە كاریگەری ناوەوە، كاریگەری دەرەوەشی بەسەرەوە هەبوو. شیعری نەتەوە دراوسێكانو بەتایبەتی شیعری توركی لەو سەردەمەدا كاری زۆری كردبووە سەر ئەو جوڵانەوە تازەگەرییەی لە گەڵاڵەبووندا بوو، جگە لەكاریگەری شیعری ئەوروپی كە چ بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بێ لە ڕێی شیعری توركییەوەو چ بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بێ كاری زۆری كردبووە سەر گوڕپێدانی جووڵانەوەی تازەگەریی شیعری كوردی هەر چەندە بزاڤی پێشكەوتنخوازی توركی لەسەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی بەخۆیەوە نەگرت لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیرانی كورد زۆر سوودیان لە ئەدەبی پێشكەوتنخوازی توركی وەرگرتو گۆڕانێكی

بنجییان لەشێوەو ناوەڕۆکی شیعری کوردی هێنایە کایەوە کە لەڕاستیدا شۆڕش بوو دژی دەستوورو بنەماکانی ڕێبازی کلاسیزم. پێشەنگانی ئەم نوێخوازییە بریتی بوون لە شێخ نووری شێخ ساڵحو ڕەشید نەجیبو گۆرانو پیرەمێردو... کە هەموویان کاریگەری شیعری ئەوروپیو تورکییان زەق پێوە دیار بوو.

بنەمەکانی ڕۆمانتیك لە شیعری کوردیدا:

١. پشت کردنە کێشی عەرووزی کە شیعری کلاسیزمی کوردی پێ نووسراوەو گەڕانەوە بۆ کێشی ژمارەیی (برگەیی- پەنجەیی- خۆماڵی) کە کێشێکی ڕەسەنی کوردییەو لەسەر بنەمای ژمارەی برگەی لەتە دێڕ هاتووەو هەموو شیعری فۆلکلۆریو زۆربەی هەرە زۆری شیعری زاری گۆرانو لوڕ بەو کێشە نووسراوە.

٢. وازهێنان لە یەکێتی سەرواو بەکارهێنانی سەروای مەسنەوی یان سەروای ڕەنگاوڕەنگ کە شاعیر بەپێی پێویست پەنای دەباتە بەر بۆ ئەوەی لەپاڵ کێشە ڕەسەنەکە ئاوازێکی تایبەتی بە هۆنراوەکەیدا.

٣. یەکێتی بابەت لە شیعری ڕۆمانتیکیدا بەسەر هەموو هۆنراوەکەدا دابەش دەبێ. هەموو دێڕەکان یەکێتی پتەویان لەنێو دایەو پەیوەندییەکی واتاییو ئەدەبی پتەو بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە لابردنی هەر دێڕێكو زیاتر کردنی هەر دێڕێك هۆنراوەکە دەشێوێنێ.

٤. بەکارهێنانی زمانێکی سادەو ئاسان کە هەموو کەس تێی بگا، نەك کۆمەڵێکی دەستەبژێر (نخبە)، وشەکانی هەموو کوردی پەتین‌و بەپێی توانا شاعیر خۆی لەبەکارهێنانی وشەی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی قورس دوور دەخاتەوە. واتە وشەو دەستەواژەو ڕستەکان کورت‌و پەتی‌و پوخت‌و ڕەسەن‌و بێ گرێ‌و گۆڵن‌و مانایان ئاشکراو دیارە.

٥. شاعیر بەپێی توانا خۆی لە هونەرە ڕەوانبێژییە تەقلیدییەکان لادەداو بەدوای لێکچواندن‌و خوازەو هونەری جوانکاری تازەدا دەگەڕێ.

٦. شاعیر جگە لەوەی کە بەزمانێکی سادەو ئاسان دەنووسێ کە هەموو کەس تێی بگا، نووسینەکەشی بۆ هەموو کەسەو لەپێناوی ڕەشەوەندی خەڵکەکە دەنووسێ‌و نووسینەکەی خزمەتی چینە زۆر لێکراوو قوربانییەکانی کۆمەڵ دەکا.

٧. گەڕانەوە بۆ سروشت‌و گەڕان بەدوای جوانی لە دیمەنەکانی سروشت‌و خەم خواردن بۆ دیمەنە جەرگبڕەکان وەکو وەرینی گەڵای دارێك‌و خشینی ئەستێرەیەك‌و ئاوابوونێکی مانگ‌و خۆر...

٨. خۆشەویستییەکی پاك‌و بێگەردو زۆرجار نا ئومێد بوون لە خۆشەویستی‌و ڕوانینە ژیان‌و دوا ڕۆژ بەچاوی ڕەشبینانەو پەسەندکردنی گۆشەگیری‌و خۆدوور خستنەوە لە خەڵك.

٩. تاکێتی (زاتییەت)و باس کردنی دەردو ئازاری تایبەتی‌و خۆ دوورخستنەوە لە بابەت‌و هەست‌و سۆزی گشتی‌و عەودالْ بوون

بەدوا ئەو دیاردانەی کار لەدەروونی دەکەن، خۆشی پـێ دەبەخـشن یان ئازاری دەدەنو لە ئەنجامـدا تووشـی گەشبینی یـان ڕەشـبینی دەکەن.

١٠. ڕابردوو دەبێتە مەیدانێکی فـراوان، ئەندێـشەی شـاعیر دەگەڕێتـەوە سـەریو بابـەتی ئـەدەبیو دیمـەنی گـەشو جـوانی لێ وەردەگـرێو دووبارە دروستی دەکاتەوەو زۆرجـار بەسـەر چرکەسـاتێکی خۆشـی بەسەرچووی ڕابردوودا دەگـرێ چـونکە دەزانـێ ئـەو خۆشـییە تـازە ڕۆیشتو ناگەڕێتەوە.

١١. سوود وەرگرتن لە کەلەپووری میللی بـە هـەموو کەرەسـتەی زمـانو بابـەتی ئەدەبییـەوە بـۆ نووسـینی بەرهـەمی وا کـە گیـانی میللـیو نەتەوایەتیو نیشتمانی تێدا بدرەوشێتەوە.

ڕۆمانتیك لە
ئەدەبیاتی کوردی- شێوەی کرمانجی خواروو

لەشـێوەی کرمـانجی خـوارووا، سـەرەتای تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردیو شـکاندنی کـۆتو یاسـاکانی کلاسـیزم لـە بیـستەکانی سـەدەی بیستەم دەستی پێ کردو یەکێ لەڕابەرانی ئەو تازەکردنەوەیە (گۆران)ی شاعیر بوو. کە لێرەدا کورتەی ژیانو نموونەیەکی شیعری سەر بـەڕێبازی ڕۆمانتیکی دەنووسینو شی دەکەینەوە...

گۆران ١٩٠٤- ١٩٦٢/١١/١٨

گۆران ناوی عەبدوللایەو کوڕی سلێمان بەگی کاتبی فارسییە. لە ساڵی ١٩٠٤ی زاییندا لە شارۆچکەی هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە بە منداڵی لای باوکی خوێندوویەتی پاشان چۆتە قوتابخانەی سەرەتاییو دوو ساڵیش لە قوتابخانەی ناوەندی کەرکووك خوێندوویەتیو بەهۆی مردنی باوکیو کوژرانی محەمەد بەگی برای وازی لە خوێندن هێناوەو گەڕاوەتەوە هەڵەبجە. ماوەیەك مامۆستای سەرەتایی بوو. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی بەڕێوەبەری بەشی کوردی بوو لە ئێستگەی (ڕۆژهەڵاتی نزیك– الشرق الادنى) لە یافا، فەلەستین. کە جەنگ بڕایەوە، گەڕایەوە سلێمانی. دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨و دامەزرانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا، بوو بە مامۆستای وانەبێژو ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی گوتۆتەوە. لەژیانیدا زۆر تووشی ئەشکەنجەو گرتن بووەو تا لە ١٩٦٢/١١/١٨ کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمەکانی:

١. فرمێسكو هونەر.

٢. بەهەشتو یادگار.

٣. سروشتو دەروون.

٤. لاوكو پەیام.

٥. هەڵبژاردە (وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانییە).

٦. جگە لە دەیان وتارو شیعری وەرگێردراو و موحازەرەکانی کۆلێجی ئادابی بەغدا.

پـــایـــز

پایز! پایز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز:
هەردوو هاودەرد!
من فرمێسکم، تۆ بارانت.
من هەناسەم، تۆ بای ساردت.
من خەم، تۆ هەوری گریانت.
دوایی نایە: دادم دادت
هەرگیز، هەرگیز،
پایز! پایز!

★★★

پایز! پایز!
شان و مل ڕووت،
من مات، تۆ زیز،
هەردووکمان جووت،
هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین،
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین.. بگرین..چاومان نەسڕین،
هەرگیز، هەرگیز!
پایز! پایز!

★ ★ ★

(کۆپلەی یەکەم بۆ لەبەر کردنە)

گۆران لـەم هۆنراوەیـەدا، دەگاتـە ئەوپـەڕی ڕۆمانتیکیـەت، سـۆزێکی خەستو قووڵ بە سروشتی دەبەستێتەوە لـە خـەمناکترین وەرزی سـاڵدا کەپایزەو شاعیر بە جۆرێکی وا لەگەڵ سروشتو پایزدا تێکەڵ دەبـێ کـە هەردووکیان دەبن بەیەكو هیچ سنوورێك لەنێوانیان نامێنێ.

گۆران بۆیە پایزی هەڵبژاردووە لەو وەرزەوە چۆتە باوەشی سروشـت چـونکە مـەرگی (جـوانیی) تێـدا دەبینـی، جـوانییش لای گـۆران هـەموو شتێکەو نەمانی جوانیی زۆر ئـازاری دەداو دەیخاتـە دونیایـەکی پـڕ ژانو ئازارەوە... نەمانی گەڵای درەخت، سیس بوونی گوڵ، کـۆچو ڕەوکردنـی پۆلی باڵدار...

لـەم هۆنراویـەدا، گـۆران پـایز وەکـو خـۆی دەبینـێ، هـەردووکیان (هاوەدرد)ن. ئەم هاوکێشەیە ئەو کاتە بەرەو تـەواوی دەچـێ کـە گـۆران بەراوردەکە فراوانتر دەکا، دیاردەی خـەمو ئـازاری خـۆیو هـی سروشـت بەرامبەر یەکتر ڕادەگرێ:

فرمێسك = باران

هەناسە = بای سارد

خەم = هەوری گریان

ئەم دیاردانە لە ڕوانگەی گۆرانەوە بـەردەوامنو هـەرگیز دادی خـۆیو سروشت لەدەست ئەم نەهامەتیانە کۆتایی نایە، بۆیە ئەمـەش بـەرەو نـا ئومێدی ڕۆمانتکیانەی دەباتو داوا دەکا لەگەڵ پایز هـەربگرینو چـاویان نەسڕن.

ئەم هۆنراوەیە لەسەر بنەمای دوو لایەنی دامەزراوە: شاعیرو سروشت (پایز) شاعیر هاوکێشەیەك دروست دەکا لەنێوان خۆیی (الذات) و پایز (الموضوع)و هەردووکیان بەیەکەوە هەڵدەچنێ‌و تێکەڵ بەیەك دەبن‌و بەیەکەوەش بەرەو کۆتایی دەچن کە نا ئومێدییە.

گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیکی لەم هۆنراوەیەدا ئەمانەن:

١. گەڕانەوە بۆ سروشت‌و تێکەڵ بوونی گیانی بەگیانی لەگەڵ دیاردە خەمناکەکانی، کە سۆزێکی قووڵ لەدڵی شاعیردا دەبزوێنن‌و هاودەردییەك لەنێوانیان دروست دەکەن.

٢. خەم‌و ئازار خواردن بۆ نەمانی جوانیی، کە لەم هۆنراوەیەدا لە سیس بوونی گوڵ‌و وەرینی گەڵای درەخت‌و فڕینی باڵداردا دەردەکەوێ‌و هەموویان نیشانەی مردنن، مردنیش یەکێکە لەو بابەتانەی ڕۆمانتیك خۆیان پێوە خەریك دەکا.

٣. خەیاڵێکی ڕۆمانتیکیانەی فراوانی تێدایە بۆتە مایەی دروست کردنی زۆر وێنەی هونەری جوان، وەکو (بووکی پرچ زەرد)و (شان‌و مل ڕووت) بۆ پایزو (ڕژانی ئاڵتونی دار)...

٤. هۆنراوەکە لەسەر کێشی بڕگەیی (پەنجەیی– خۆماڵی) نووسراوەو کێشی ئازادە، چونکە شاعیر پێی چوار بڕگەیی کردووە بە بنەماو لەهەر لەتێکدا یەك پێی یان دوو پێی هێناوە، واتە (٤)یان (٨) بڕگەیە.

٥. لەبارەی سەرواوە، گۆران سێ چوارینەی پێشەوەی بە سەروای (بەنۆرە- متناوب) هێناوە کە بەم جۆرە دارێژاوە (أ ب أ ب)، چوارینەی کۆتاییشی هەموو لەتەکانی لەسەریەك سەروا دەڕوا ئەمەش پێی دەگوترێ (چوارینەی تەواو) واتە گۆران خۆی بە یەکێتی سەروا نەبەستۆتەوە.

٦. وشەکانی هەمووی کوردینو خۆی لە وشەی بیانی نەداوە، سەراپای هۆنراوەکە، ڕەنگە یەك تاکە وشەی تورکی تێدابێ ئەویش (ئالتۆن)ە...

٧. دووبارەکردنەوەی هەندێ وشەی تایبەتی وەکو (پاین) کە کرۆکی هۆنراوەکەیە بابەتەکەی قوڵتر کردۆتەوە، جگە لەو ئاوازە ناسکەی لە دەنگی وشەکانەوە پەیدا دەبێو هۆنراوەکە پڕ ئیقاعی خەمناك دەکا.

ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی- شێوەی گۆران

لە ئەدەبیاتی زاری گۆرانیشدا هەر شیعر بەسەر جۆرە ئەدەبییەکانی دیدا زاڵە. شیعری شێوەی گۆران هەر لەسەرەتاوە ڕێچکەی تایبەتی خۆی گرتووەو خاوەنی خاسیەتو سیمای تایبەتی خۆی بووە کە لەزۆر لاوە لەشیعری شێوەکانی دیی کوردی جودایە. یەکێ لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری ئەو شێوەیە ئەوەیە کە، بە دەگمەن نەبێ، نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری کێشی عەرووزیو یەکێتی سەروای غەزەلی عەرەبی، فارسی وەکو شێوەکانی دی... زۆر شاعیری بە توانا لەو

شێوەی زمانی کوردی هەڵکەوتوون‌و مەولەوی یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانیان. شیعرەکانی مەولەوی پڕن لە سۆزی خۆیەتی (زاتییەت)و خەم‌و جەخارو باسی مەرگ‌و مردن‌و وەسفی سروشت‌و هەستی سۆفیێزمانەی قووڵ‌و سووتان بە دەردی دووریی‌و بێزاریی لە ژیان‌و خۆزگە خواستن بە مردن... ئەمانەش ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکین، بۆیە هەرچەندە لەسەردەمی مەولەویدا، کە سەدەی نۆزدەمینە، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە کوردیدا پەیدا نەببوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی بە ڕۆمانتیکیەت دابنێین هەر بۆیەش لێرەدا نموونەیەکی شیعری مەولەوی بۆ ئەو ڕێبازە وەردەگرین‌و شی دەکەینەوە.

مەولـەوی

مەولـەوی نـاوی (عەبـدوڕەحیم)ی کـوڕی (مـەلا سـەعید)ەو نازنـاوی (مەعـدووم)ەو بـە (مەولـەوی) ناوبـانگی دەرکـردووە، بـە شـەش پـشت دەگاتەوە مەلا ئەبووبەکری مەسەننیف، خاوەنی کتێبی (الوضـوح) و لـە بنەماڵەی پیر خدری شاهۆیە. لەساڵی ١٨٠٦ لە گوندی (یاقشلاخ)ی سـەر شـاتەی ناوچـەی تـاوە گـۆز هاتۆتـە دونیـاوە. سـەرەتا لای بـاوکی خوێندوویەتی، پاشان بۆ خوێنـدن (مـەریوانو چـوڕو نەنـەو سـنەو بانـەو سلێمانیو هەڵەبجە) گەڕاوە. بۆ جاری دووەم دەچێتە سنەو لە مزگەوتی (دار الاحسان) لای حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشی دەخوێنیێو ساڵی ١٨٤١ ئیجـازەی مەلایـەتی لێ وەردەگـرێو دەگەڕێتـەوە وڵاتـی خـۆی. پاشـان دەکەوێتـە داوی شـێخ وەسمـانی تەوێڵـەو تەریقـەتی لێ وەردەگـرێ. لـە (چۆرەو بێژاوەو بیاوێـڵ)و ئینجـا سەرشـاتەی پـشت قـەڵای (شمێـران)ی سەر سیروان دەرز دەڵێتەوە. لە ساڵی ١٨٨٢ هـەر لەسـەر شـاتە کۆچـی دوایی کردووەو گۆڕەکەی بۆتە مەزارگای شەیدایانی خۆیو شیعرەکانی.

گرنگترین بەرهەمی مەولەوی ئەمانەن:

١. الفضیلة، ٢٠٣١ دێرە شیعری عەرەبییە.

٢. العقیدة المرضیة، ٢٤٥٢ دێڕە شیعری کوردییە.

٣. الفوائح، ٥٢٧ دێڕە شیعری فارسییە.

٤. دیوانی مەولەوی، کە شیعرەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

نموونەیەك

١. ئێمـشەو هـەم دیـسان دەروون پـڕ خەمـەن
ئەساســەی ماتـــەم جــەلامان جەمـــەن

٢. نەتـاوی دووری دڵ بــــێ قــــەرارەن
بینـــایی دیــدەم جــە خەفــەت تــارەن

٣. شــریخەو گرمـــەی هــەور دووریــی دۆس
وەفــەنا بــەردەن مــەغزو ڕەگو پــۆس

٤. شـــەڕارەی گرپـــەی نـــاری مـــەهجووری
كـــەردەن وەغوبـــار كۆگـــای ســـەبووری

٥. نەتاقـــەت مەنـــدەن نـــەتۆی دەروونـــدا
نـــە لـــەیلی مـــدیۆ وەلای مەجنوونـــدا

٦. یـــاخوا مـــــەردەنی بـــۆ وە میهمـــانم
ئـــیتر نـــەوینوون دووریـــی یـــارانم

٧. بــەڵكم خەلاســیم نــەدەس دووریــم بــۆ
بــەو زووخــی زامــان نەشــوون وەگڵكــۆ

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەركردنە)

لێکدانەوەی وشەکان:

ئەساسە	:	بنچینە، هۆ، ئەگەر.
ماتەم	:	شین، تازیە، بەهی.
جە	:	لە، جەلامان: لە لامان.
جەم	:	کۆ، گرد، جەمەن: کۆبوونەتەوە، گردبوونەتەوە.
نە	:	لە، نەتاو دووری: لەتاوی دووری.
بێ قەراو	:	بێ ئۆقرە، بێ هەدادان.
دیدە	:	چاو.
تار	:	تاریك.
دۆس	:	دۆست، برادەر.
فەنا	:	لەناوچوون، نەمان.
مەغز	:	مێشك، مژی.
ڕەگ	:	دەماری لەش، ڕەه.
پۆس	:	پێستە.
شەرارە	:	پرووشك، پزیسك.
گرپە	:	گڵپە، کرفە.
نار	:	ئاگر.
مەهجووری	:	دووری، لێك دابڕان.
کەردەن	:	کردوویە.
مەندەن	:	ماوە.

تۆی	:	تۆیی، ناوەوەی، پەردەی.
مدێو	:	دەڕوانیٚ، بەریٚ خۆ ددەتیٚ.
وە	:	بە، وەلای = بەلای
مەردەنی	:	مردن.
بۆ	:	ببیٚ.
میهمان	:	میوان، میڤان.
نەوینون	:	نەبینم.
زووخ	:	زووخاو، کێم.
زامان	:	برینان، زام = برین
نەشوون	:	نەچم.
گڵکۆ	:	گۆڕ، قەبر.

مەولەوی باسی خەمو خەفەتی دڵی خۆی دەکا لە شەوێکدا، چۆن بەو شەوە بەدەم خەمەوە دەتلێتەوە ولێلایی چاوی داهاتووە لەبەر گریانو لەبەر دووری دۆستەکەی مێشكو گیانی لێك هەڵوەشاوەو سەبرو قەراری لەبەر بڕاوە... تووشی نا ئومێدی هاتووە، چونکە نەخۆی تاقەتی ماوەو نە یاریش ئاوڕێکی لیٚ دەداتەوە، ئیتر لەو نا ئومێدییەدا خۆزگە بە مردن دەخوازیٚ بۆ ئەوەی لە دەست دەردی یار بحەسێتەوەو بەو زامە سەختەوە نەچێتە ژێر گل.

گرنگترین ڕەگەزی ڕۆمانتیکی لەم شیعرەدا ئەمانەن:

١. شاعیر شەوی هەڵبژاردووە، باسی خەفەتی خۆی لەو شەوە دەکا... شاعیرانی ڕۆمانتیك زۆرجار پەنا دەبەنە بەر شەو، کە دونیا کپو بێ دەنگ دەبێو هێمنی باڵ بەسەر دونیادا دەکێشێ، لەو ساتە کپو هێمنەدا دەکشێنەوە ناو دونیای تایبەتیو ناوەوەی خۆیانو بیر لە ڕابردووی خۆشی تێپەڕیوو و ئایندەی خەیاڵاوی دەکەنەوە...

٢. شاعیر باسی دوورکەوتنەوەی دەکاتو کاریگەری ئەو دوورییە لەسەر هەستو هۆشو مێشكو دەمارەکانی پیشان دەدا، چونکە دوورکەتنەوە لەخۆشەویست یەکێکە لەهۆیە سەرەکییەکانی بەدبەختی عاشق... ئەو دوورکەوتنەوە شاعیر دەخاتە ئازارو خەیاڵاتو وای لێ دەکا بیر لە ساتە خۆشەکانی ڕابردوو بکاتەوەو بەراوردێك بکا لەنێوان ئەوسا، کە لەگەڵ یارەکەی خەفەتی بەبا دەدا، و ئێستا، کە بەدەست ئازاری دووری یارەوە دەتلێتەوە.

٣. لەم بارە دوورنییە سەختەی شاعیر تێیدا دەژی لە ئەنجامی دووری یارەکەی، تووشی سەرگەردانیو نا ئومێدی دەبێ. هیوای بەدیداری دۆس نامێنێو ژیانیش بۆ دۆس مانای تێدا نامێنێ، چونکە دۆسو ژیان لای شاعیر دەبن بەیەك، ئیدی ئەو نائومێدییە دەگاتە ئەو پەڕیو شاعیر خۆزگە بەمردن دەخوازێ...

٤. مەولەوی وەکو هەموو شاعیرانی شێوەی گۆران، پەیڕەوی کێشی بڕگەیی (پەنجەیی- خۆماڵی) کردووەو هەموو شیعرەکانی لەسەر کێشی (١٠= ٥+٥) بڕگە نووسیوە. ئەمەش کێشێکی زۆر باوی

کوردییـەو تەنانـەت گـۆرانی شـاعیر ئەمـەی بەکێـشی نەتـەوەیی داناوە...

٥. لـەڕووی سـەرواوە، یـەکێتی سـەروای پـەیڕەو نـەکردووە، سـەروای مەسنەوی بەکارهێناوە. ئەم سەروا مەسنەوییە بوار زێـتر بـۆ شـاعیر دەرەخسێنێ کە درێژە بە دەربڕینی هەستی ناوەوەی بداتو وشەی باشترو لەبارتر هەڵبژێرێ.

٦. وشەکانی بەکاری هێناون زۆربەیان وشەی ڕەسەنی کـوردین، ئەگـەر وشەی بیانیشی بـەکارهێنابێ، ئەوانـەی بـەکارهێناوە کـە زۆربـاونو هەموو کەس تێیان دەگا.

٧. وێنەو لێکچواندنو خوازەکانی زۆر باونو هەموو کەس تێیـان دەگـا، بەدوای دارشتنی ئالۆزو دوورە دەست نەگەڕاوە، هـەر دەڵێـی لـەناو دۆستان دانیشتووەو باسی ئازارو مەینەتی خۆیانی بۆ دەکا.

ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی- شێوەی کرمانجی ژووروو

لەشـێوەی کرمـانجی ژوورووش، وەکـو شـێوەی کرمـانجی خـواروو، شیعری کوردی لەنێوان هەردوو جەنگی گێتی سەدەی ڕابـردوودا گـۆڕانی بنـچینەیی بەخۆیـەوە دیو سـیماو خاسـیەتی نـوێی وەرگـرت. ئـەم نوێکردنەوەیەی شیعری شێوەی کرمانجی ژووروو بەشـێوەیەکی دیـار لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا گەڵاڵـەبوو، بەتایبـەتی لـەگۆڤاری هـاوارو ڕوناهیو ستێر، کە مینبەری بڵاوکردنـەوەی شـیعری نـوێی ئـەو شـێوەیە بـوون. زۆر شـاعیری کرمـانجی ژووروو دەوریـان لـەو تـازە کردنەوەیـەدا

هەبوو وەکو قەدری جانو کامەران بەدرخانو جگەرخوێنو... کە وازیان لە دەستوورەکانی شیعری کلاسیزم هێناوە بەشێوازێکی نوێوە بابەتی تازەیان هێنایە کایەوە... شیعری خودی لیریکی – و شۆڕشگێڕی، لەو سەردەمەدا برەویان سەند، چونکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی بارودۆخی ئەوسای نەتەوەیی کوردو کوردستان بوون... شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی کوردو ئەو نسکۆیانەی تووشی کورد بوون، دەوری سەرەکییان هەبوو لەسەر هەستو سۆزی شاعیرانو زۆریان لە ئەنجامی تێکشکانی ئەو شۆڕشانە تووشی گۆشەگیریو نا ئومێدیی بوونو زۆریشیان بەچاو ڕوونییەو دەیانڕوانییە دوا ڕۆژو بڕوایان بە سەرکەوتن هەبوو، ئەمانە هەمووی لە شیعری ئەو کاتەوە دیارە... یەکێ لەو شاعیرانەی هەر لەسەرەتاوە بەچاوێکی تازەوە دەیڕوانییە ژیانو دەوروبەرو ڕەخنەی لە کەمو کورتییەکانی کۆمەڵی دواکەوتووی کورد دەگرتو بەشەهیدەکانی شۆڕشەکانی هەڵدەگوت جگەرخوێن بوو کە پایەی لەو تازەکردنەوەیەدا زۆر ئاشکراو دیارە... بۆیە لێرەدا نموونەیەکی شیعری ڕۆمانتیکی جگەرخوێن وەردەگرینو لێکی دەدەینەوە.

جگەر خوێن

ناوی شێخ مووسا کوڕی حەسەن کوڕی محەمەدی کوڕی مەحموودی کوڕی عەلییە، ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی (حەسار)ی دەڤەری (مێردین) هاتۆتە دونیاوە.

جگەرخوێن لە خێزانێکی هەژارو نەدار بووەو هەر زوو دایکو باوکی نەماونو لەگەڵ برا گەورەی پێکەوە ژیاون. ناچار بووە بەکرێکاریو نۆکەری ئیش بۆ دەرەبەگو ئاغاو دەوڵەمەندەکان بکات، ساڵی ١٩٢٠ بۆ خوێندن دەچێتە دیاربەکرو زۆر جێگا دەگەڕێ، ساڵی ١٩٢٥ کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بەرپا بوو، و هەرزوو سەرکوت کرایەوە، ئەمە کارێکی زۆری لە جگەرخوێن کرد. ساڵی ١٩٢٧ جگەرخوێن ناچاربوو جزیرەی کوردستانی تورکیا جێ بێڵێو ڕوو بکاتە سوریاو لە (عاموودە) نیشتەجێ بێ. کە کۆمەڵەی (خۆی بوون) لەو ساڵەدا دامەزرا، جگەر خوێن یەکێ بوو لە ئەندامە چالاکەکانی. کە گۆڤاری (هاوار) دەرچوو یەکێ لەو شاعیرانەی بەردەوام شیعرییان تێدا بلاودەکردەوە جگەرخوێن بوو.

جگەرخوێن دژی ئاغاو دەرەبەگو شێخەکان دەینووسیو کردەوە خراپەکانی ڕسوا دەکردنو لەسەر هەژارو لێقەوماوو زۆر لێکراوان بە دەنگ دەهات، بەمەوە خۆی تووشی زۆر کێشەو ناخۆشی دەکرد.

دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ١٩٥٨ جگەرخوێن هاتە بەغداو لە بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەرزی دەگوتەوە. ساڵی ١٩٦١، کە شۆڕشی کورد هەڵگیرسا، جگەرخوێن ئەگەر چی هەر لە

بەغـــدابوو، بـــەلاَم زۆر لایـــەنگری شۆڕشـــی دەکـــردو حکومـــەت لـــە هەڵوێستەکانی ڕازی نـەبوو و فـشاریان خـستەسەرو ئـەویش ناچـار بـوو سـالّی ١٩٦٣ بگەڕێتـەوە سـوریا. سـالّی ١٩٧٨ جگـەرخوێن ڕووی کـردە هەندەرانو لە سوید ئـاکنجی بـوو، هـەر خـەریکی کـاری ئـەدەبیو چـاپ کردنی بەرهەمەکانی بوو، تا لە ١٩٨٤/١٠/٢٢ لە سوید کۆچی دوایی کردو لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەیان هێنایەوە کوردستانو لـە قامیـشلی لەناو باخچەی مالّی خۆیان ناشتیان.

بەرهەمەکانی جگەرخوێن :

١. ئاواو دەستوورا زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦١.
٢. فەرهەنگا کوردی، بەرگی: ١و ٢ ، بەغدا ١٩٦٢.
٣. شەش دیوانە شیعر.

نموونەی شیعری:

سەرمەستی ئەڤینم

١. ئـــەی هـــەڤالا ئەڤینـــدار
تـــوو ژی وەك مـــن برینـــدار

٢. کـەنگی کـۆ ئـەم دگهـین هـەڤ
ب دڵخومشـــی ڕۆژو شـــەڤ

٣. گول‌و چیچەك گەش دبن
دلی داران خوەش دبن

٤. سونبول هاویر دهەژین
ئەڤ ستێرك دڕژین

٥. چیا بلند دبن ژۆر
جهان دبت کەسکە سۆر

٦. با تێ بەسازو لیلان
تەروەندە هاویر دلان

٧. ئاڤێن گۆلا ددن پێل
ڕوێ ڕۆژێ دبت سێل

٨. تلوور کەسك‌و زەردو سۆر
ب بازکان دچن ژۆر

٩. وەکو لۆکس‌و چرا گەش
ڕۆنی ددن شەڤا ڕەش

١٠. پرگەش دبن گولێ من
تەڤ درەڤن کولێ من

١١. گـول و چیـچەك ئـەزو تـوو
قـازو ئـۆردەك ئـەزو تـوو

١٢. هـەردوو ڕەوشـا ڤـێ ژینـێ
دەنگـێ سـازا ئـەڤینێ

★★ ★★ ★★

(لە سەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی وشەکان :

هەڤاڵ : دۆست، برادەر، هاوڕێ.

ئەڤیندار : خۆشەویست، عاشق.

کەنگی : کەی، چ کاتێ.

دگهین : دەگەین.

هەڤ : یەکتر.

چیچەك : کوڵووکی پشکووتوو.

هاویر : لەهەر چوارلا، لەدەورە، نکال، تەرەف، لا، بلاو.

ستێرك : ئەستێرە، گۆلاو.

دبت : دەبێت.

تێ : دێ.

ساز : گۆرانی، ئاواز.

لیلان : دەنگی باکوت، هاشەو هاڕەی با بە بەفرەوە.

تەروەندە : چتی نایاب.
پێل : شەپۆل.
سێلّ : ساج.
تلوور : تەیروتوار، باڵندە.
بازك : بازدان.
لۆکس : چرای گاز.
ڕۆنی : ڕۆناکی.
پڕ : زۆر.
تەڤ : هەموو.
دڕەڤن : دەڕۆن.
کول : خەمو کەسەر.
ئۆردەك : مراوی.
ڕەوش : شێواز.

جگەرخوێن لەم شیعرەدا، بەشێوەیەکی ڕۆمانتکیانە باسی پەیوەندی خۆیو ئەڤیندارەکەی دەکا، کە ئێستا لەبەر ئەوەی لێك دوورن، دڵبریندارن، واتە بەئێشو ئازارو خەمو خەفەتن، حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژە دەخوازن کەبە یەك دەگەن... هەر کاتێ ئەوان بەیەك بگەن، دونیا سەراپا دەگۆڕێ، هەمووی دەبێ بە خۆشیو شادی، ئەو خۆشیەش لەم دیمانانە دەردەکەوێ: گەشانەوەی گوڵو کولووك، دەرکەوتنی سونبولو ستێرك، هەڵکشانی چیا، هاژەهاژی با، شەپۆڵدانی گۆمو

سوورهەڵگەڕانی خۆرو بازبازێنی تەیرو تلوور... ئەوسا لەسایەی ئەم دیمەنە جوانانەی سروشت، کە بەیەك گەیشتنی شاعیرو ئەڤیندارەکەی جوانتری کردوون، ئەوو ئەڤیندارەکەی دوو بەدووبەیەکەوە وەکو گوڵو کولووك بەدەم یەکتر دەشنێنەوەو وەکو قازو مراوی لەگەڵ یەکتر دەلەنجێنەوەو هەردووکیان دەبن بە ڕەوشی ژیانو دەنگی سازی ئەوین.

گرنگترین ڕەگەزی ڕۆمانتیکی لەم شیعرەدا ئەمانەن:

١. شاعیر خۆیو هەڤاڵەکەی هەردووکیان برینداری، برینداری دەردی جودابوونەوە، ئەمەش شاعیری تووشی ئازارێکی وا کردووە دونیای لەبەرچاو خستووە، وتەنیا بە گۆڕینی ئەم حاڵەتی جیابوونەوەیە، شاعیر دەگەڕێتەوە سەرباری ئاسایییو دونیای لەبەرچاو جوانترو گەشتر دەبێ.

٢. یەکێ لە سیماکانی تری ڕۆمانتیکی کە لەم شیعرەدا بەدی دەکرێ وەسفی سروشتو جوانییە. شاعیری ڕۆمانتیك هەمیشە بەدوای جوانیدا عەوداڵەو ئەو جوانییە لەهەموو وردە دیمەنێکی سروشتدا دەبینێ کە لەبەر چاوی گەورە دەبنو هەموو گیانی دادەگرن...ئەم جوانییەش لەم دیمەنانە دەردەکەون:

گەشانەوەی گوڵو کولووك، هەژانی سونبول، بەرزبوونەوەی چیا، کەسكو سۆربوونی دونیا، هاژەهاژی (با)، شەپۆڵدانی گۆماو، سوورهەڵگەڕانی خەپڵەی خۆر، زێدەڕەوییان تێدا کراوە، ئەویش

بــەهۆی بەیــەك گەیــشتنی دوو هــاوڕێ ئــەم تــارای جوانییــەیان بەسەرداهاتووە.

٣. شاعیر دەرمانی دەردی دڵی خۆی لـەو سروشـتە جوانـەوە دەبینـێ، کە ئەم هەموو دیمەنانە شەوی تاریکی بۆ ڕۆشـن دەکەنـەوەو دەردو کەسەری‌و خـەمی دڵـی دەرەوێننـەوە. دیسان باسکردنی شـەو کـە هێمای تاریکی‌و نا ئومێدییە سیمایەکی تـری ئـەو ڕێبازەیـەو شـاعیر بەدیمەنە گەشەکانی سروشت ئەو شەوە تاریکە ڕووناك دەکاتەوە.

٤. ئومێـدی شـاعیر لــەوە بەرجەسـتە دەبـێ کـەخۆی‌و هەڤاڵەکـەی لەسـایەی ئـەو سروشـتە گیانبەخـشەو دوور لەخـەم‌و کـول‌و کۆڤـان باوەش بەیەکدا بکەن وەکو گوڵ‌و کولووك بەدەم یـەکتر بـشنێنەوەو وەکـو قــازو مــراوی بەلەنجــەولار بــێن‌و بــڕۆن... لــە کۆتایــشدا هــەردووکیان دەبــن بــە ڕەوشــی ژیــان‌و ســازو ئــاوازی ئــەڤین‌و خۆشەویستی.

٥. لــەڕووی ڕووخــسارەوە شــیعرەکە هــەمووی بــە کێـشی بڕگــەیی (پەنجـەیی- خۆمـاڵی) نووسـراوە، (٣+٤= ٧) بڕگەیـە. ئەمـەش یەکێکە لە کێشە هەرە باوەکانی شیعری کوردی.

٦. شاعیر بە سـەروای مەسـنەوی شـیعرەکەی هۆنیوەتـەوە، واتـە هـەر دێڕێــك لەتــەکانی هاوســەروان‌و پەیوەنــدی ســەروا ســازییان بــە دێڕەکانی دیکەوە نییـە. دیسان ئەمـەش لەسـەروا هـەرە باوەکـانی شــیعری کوردییــە. داســتانە درێــژەکان‌و چــیرۆکە شــیعرەکان‌و

هـۆنراوەی فۆلکلـۆری ڕەسـەنی کـوردەواری هـەمووی بـەم جـۆرە سەروایە نوسراوە.

٧. وشەکانی، هەمووی وشەی کوردی پـەتیو ڕەسـەننو شـاعیر خـۆی لەبەکارهێنانی وشەی بیانی دوور خستۆتەوە.

٨. داڕشتنی ڕستەکان ڕەوانو بێ گرێو گۆڵنو ڕستەی سووکو کـورتی بەکارهێناوە، ئەمـەش شـیعرەکەی ئاسـانتر کـردووەو هـەموو کـەس خۆشی لە خوێندنەوەی وەردەگرێو پێیەوە ماندوو نابێ.

ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێتی (جاران)

لـەزرووفی تایبـەتی کـوردی یـەکێتی سـۆڤێتی جارانـدا، ئـەدەبیاتی تـازەی کـوردی سـۆڤێتی لەسـەر بناغـەی ئـەدەبیاتی فۆلکلـۆری کـوردی دامەزرا. گەشەسەندنی ئەو ئەدەبییاتە شان بەشانی لێکۆڵینـەوەو سـوود بینین لە داستانی دەوڵەمەندی میللی ڕۆیشتو، بوو بەیـەکێك لـە نیـشانە ئاشـکرا بـەرزەکانی پلـەی گەشەسـەندنی ڕۆشـنبیری کـوردی یـەکێتی سۆڤێت. بەم جۆرە گـەلێك بەرهـەمی ئـەدەبی وایـان نووسـی کـە ناویـان لەمێژووی ئەدەبی کوردی ئەم سـەردەمەدا تۆماربکـات لەمانـە: عـەرەبی شەمۆ، حاجی جندی، ئەمینی ئەبـدال، وەزیـری نـادر، جـاسمی جـەلیل، موسەیی ئاخوندۆڤ ، یوسفی بەکۆ، باخچۆیی سلۆ... هتد دیارن.

لەناو نووسەرانی کوردی یەکێتی سۆڤێتدا، عەرەبی شەمۆ هـەر ئـەوە نییـە کـە لـە یـەکێتی سـۆڤێتدا ناوبـانگی هـەبێت، بـەڵکو لـەدەرەوەش ناوبانگێکی زۆری هەیە. عەرەبی شەمۆ دەستی بەنووسـینی گوتـار کـرد لەبوارە جیاجیاکانی کاروباری ڕۆشنبیری کوردیو ژیانی کۆمەڵایەتی لـەو گوندانەی کە کوردی ئێزدی لێ نیشتەجێبوون، هەروەها لەبواری ئەدەبو ئامادەکردنی ڕۆژنامەی (زاریا فوستوکا- کازیوەی ڕۆژهەڵات) کاری کرد. نووسـینەکانی عـەرەبی شـەمۆ بـەزمانی ڕووسـی بـوون، چـونکە ئـەم نووسینانە بۆ ئەو زانـاو ڕۆشـنبیرو ڕۆژهەڵاتناسـانەی ئـەورووپی بـوون کـە گرنگییێکی تایبەت دەدەنە لێکۆڵینەوەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی.

یەکێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی کە چیرۆکی (شڤانی کورد)ەو سروشتی (ئەفتۆبیۆگرافیا– مێژووی ژیان)ی هەیە، هەر لە سالآنی (سیی)دا بەکوردی بلاوکرایەوەو زوو بەزوو کرا بە ئەرمەنیو ڕووسیو ئەڵمانی. لە ساڵی (١٩٥٧)دا بەزمانی گورجی بلاوکرایەوەو پێش ئەوەش کرابوو بە فڕەنسی. گورجو گۆڵیی ئەدەبی (عەرەبی شەمۆ) هەر لە سەرەتاوە دیاربوو، (شڤانی کورد)و (کوردی ئەلەگەز)[1].ی لەبەرهەمە کۆنەکانی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتین.

لەم دوو بەرهەمەدا نووسەر ڕاستگۆیانە نەخشەی ژیانی زەحمەت کێشانی یەکێك لە ناوچەکانی کوردنشین دەکێشێتو سەختی ئەو ژیانە لە ژێر دەسەلآتی کۆندا پیشان دەداتو وێنەی ڕەنج خوران دەکێشێتو ئەوەشمان پیشان دەدات کە چۆن ئەو ڕەنج خۆرو کۆنە پەرستانە لەسەرەتای دامەزراندنی ڕژێمی سۆشیالیستدا دەبوونە بەربەستی جێنشین بوونی کوردانی کۆچەر. لەم دوو چیرۆکەدا تەواو پەیدابوونی شارەزاو کادری کورد بەدی دەکرێت. عەرەبی شەمۆ لە ساڵی (١٩٣١)دا یەکەم چیرۆکی سەر شانۆی خۆی بەناوی (کۆچاکێ دەرەڤین– خوا پەرستی درۆ)وە بلاوکردەوە، لەوێدا پەردە لەسەر پاشماوەی پروپووچو بیری کۆنەپەرستی لەناو کورددا بلاو، هەڵدەماڵێت.

هەر لەم سالآنەدا عەرەبی شەمۆ بە نووسینو بە وەرگێڕان گەلێك نامیلکەی سیاسیو هۆشیارەکەرەوەی بۆ کوردی سۆڤێتی دەرکرد.

---

(١) ئەلەگەز: چیایەکی کوردنشینە لە ئەرمەنستانی سۆڤیتی.

کورتەیەك لەژیانی (عەرەبی شەمۆ)

ئەم نووسەرە بلیمەتە ناوی (عەرەب)ە کوڕی (شێخ شەمۆ)ی شێخ (شامیل)ە لە بنەماڵەیەکی کوردی یەزیدییانە لە ساڵی (١٨٩٥)دا لە گوندی (سووسر) لە ناوچەی (قارس)لەدایك بووەو سەختی ژیانی دیوەو لەهەموو مەیدانێکی ژیاندا تێکۆشەرە. ئەگەر سەیری تۆماری بەرهەمو نووسینەکانی بکەین، لەپاڵ ئەوانەدا کە باس کراونو لەپاڵ گەلێك گوتارو نامیلکەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو زمانەوانیدا ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەی تریش دەبینین:

١. ڕەبەن[١]، ١٩٣٠

٢. بەربانگ[٢]، ١٩٥٧.

٣. ژینا بەختەوەر، ١٩٥٩.

٤. کوردی ئەرمەنستان، ١٩٦١ (سیناریۆیە بۆ سینەما).

٥. دمدم، ١٩٦٦ ئەمەش ڕۆمانێکی[٣] گەورەیە لە چیرۆکی ڕووداوو مێژووی قەڵای دمدمەوە وەرگیراوە.

٦. حەکایەتی کوردی ناو خەڵك، ١٩٦٧.

٧. کۆمەڵێك لەبەرهەمەکانی کۆکراوەی عەرەبی شەمۆ ١٩٦٩.

---

(١) ڕەبەن: هەژار.

(٢) بەربانگ: بەیانی.

(٣) ڕۆمان: چیرۆکی درێژ.

ئەگـەر عـەرەبی شـەمۆ بـە بەرهـەمترینو بـەناوبانگترین نووسـەری کـوردی سـۆڤێتی بێـت ئـەوا حـاجی جنـدی، جـاسمی جـەلیل، ئـەمینی ئەبدالّ، موسەیی ئاخۆندۆڤ، باخـچۆیی سلۆ، قاچـاغی مـراد،... هتـد بـە شاعیرو نووسـەر ناویـان دەرکـردووەو خزمـەتێکی زۆری زمـانی کوردیـان کـردووە. هـەروەها بـە کۆکـەرەوەی سـامانی دەوڵەمەنـدی فۆلکلـۆری نەتەوەی خۆیان بەناوو دەنگن. دەبێت ئەوە ڕەچاو بکـەین کـە گـەورەتر کار بۆ تۆمارکردنی فۆلکلۆری کوردیو وەرگێڕانی بـە ئەرمـەنیو ڕووسـی لە یەکێتی سۆڤێتدا بووەو لەلایەن زانایانی ئەم وڵاتەوە بووە.

حـاجی جنـدیو ئـەمینی ئەبـدالّ خـەباتێکی زۆریـان لـەڕێگای بووژاندنـەوەی زمـانی کـوردی لـە وڵاتـی سـۆڤێتدا کـردووە. بـەهۆی نووسـینەکانییەوە نەتـەوەی کوردیـان بـە گـەلی سـۆڤێتیو گـەلانی تـر ناسـاندووە. هـەروەها بـە هاوکـاری یـەکتر چـیرۆکی (لازۆ)یـان لـە ئەرمەنییـەوە وەرگێڕایـە سـەر کـوردی، یـەکێك لـە پلـە گرنگـەکانی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کـوردی سـۆڤێتی بـە بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵـەی (فۆلکلۆری کوردی) دەست پێ دەکات کە لەساڵی (١٩٣٦)دا لـە یـەریڤان چـاپکراوە، لـەم کۆمەڵەیـەدا گـەلێك باسـی وەك خۆشەویستیو بـاری خێزانـی کـوردو حـاڵی ژنـانو دەسـەڵاتی سـەرتیرەو خـاوەن دەسـەڵات، جێگەی شیربایی[1]. لـە ژیـانی خێزانـدا، میوانـداری، ئـازایی، کـوردان... هتد، ڕەنگی داوەتەوە.

---

(١) شیربایی: قەڵەن، هەق.

لـه ئـەدەبیاتی کـوردی سـۆڤێتی ئـەم سـەردەمەدا دەنگـی شـیعری لیریك[1] و بابەتی داستان ئامێز دیارە. لە بەرهەمێکی حـاجی جندیـدا کـە ناوی (شاریّ) بوو، باسـی یاسـای بـە شـوودانو شـیربایی دەکـرد کـە تـا سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چیاکانی پـشت قەفقاسـدا لـەناو نـەوەی کۆنـدا مـابوو. لـەو بەرهەمـەدا نـاڕەوایی‌و سـەختی پـەیڕەوی کـۆن بەڕوخسارێکی هونەرمەندانە دەربڕاو بوو. ئادگاری[2]، (شاریّ) کە قۆچـی قوربانی دەستی شـیربایییە بەرامبـەر بـەو باوکـە پـیرەی کـە بـە دەسـتی خۆی کچە خۆشەویستەکەی بەرەو مەرگ دەبات، هاوارێکە بەرامبەر بـەو ڕەفتارە کۆنە. شاعیر زۆر سادە باسی ئازاردانی کچو بەزۆر بـە شـوودانی دەردەخات کە ئەمە لەکۆندا سەرەنجامی هەموو کچێکی کورد بووە.

ئـەدەبیاتی گـەلانی سـۆڤێتی دەوروپـشت کاریـان کردووتـە سـەر ئـەدەبیاتی تـازەی کـورد. لـە بەرهـەمی تـازەی نووسـەراندا باسـی مەسەلەکانی ئەم چـەرخە دەبینین، وەك ئـەوەی لـەو کۆمەڵـە شـیعرەدا دیارە کە ناونراوە (شاعیرانی کـوردی سـۆڤێتی، یـەریڤان، ١٩٥٦) یـا لـە کۆمەڵەی (ڕێگای نویّ)دا (تبلیس ١٩٥٨) یا لەکۆمەڵە هۆنراوەی شاعیری کـورد باخـچۆیی ئیـسکۆدا (تبلـیس ١٩٦١) دیـارە. دەسـتەی کـۆنی شاعیرانی کوردی سۆڤێتی پێکـەوە کۆمەڵـە هۆنراوەیـەکیان دەرکـرد کـە شیعری ئەمینی ئەبداڵو یوسفی بەکۆو جاسمی جـەلیلو حـاجی جنـدیو

---

(١) لیریك: هەست بزوێن، سۆزی.

(٢) ئادگار: دیمەن

وەزیری نـادری تێـدا بـووە. پـاش ئـەوان شـاعیرانی کـوردی گورجـستان کۆمەڵە هۆنراوەیەکیان چاپکرا کە بریتی بوو لە بەرهەمی جـەلیلی ئـاجۆ، ئادۆی جەنگۆ، مۆرۆی مەمەد، قاچاغی مراد، باخچۆی سلۆ.

لەپاڵ ئەو باسەنەدا کە لەئەفسانەی خەڵکەوە وەرگێـراون، هـەروەها ڕەنگدانەوەی ڕووداوی ژیان تەواو ئـەم شـیعرانەیان وا لێ کـردووە کـە لـە ژیانی کوردی سۆڤێتیدا ڕەنگدانەوەی ژیـانی تـازەو کـوردی ئەرمەنـستان بەشێکی زۆری لەشیعری ئەمینی ئەبداڵو ئادۆی جەنگۆو عـەزیزی سـلۆی بەرکـەوتووە. هـەر وەك جـەردۆی گـەنجۆ لـە چـیرۆکی (گونـدی تـازە)دا تابلۆی پـایزی ئەڵەگـەزمان بـۆ دەکێـشێت لـە هـەمووی بەرهـەمی کۆنو تازەی شاعیرانی کوردی سۆڤێتیدا لە پاڵ هەموو ئەو باسانەدا کەوتراون، سـۆزێکی تایبـەتی خۆشەویـستی نەتـەوەی کـورد دەبینێـت. سـۆزی کوردێکی خۆ بە مێژوو و سەرفرازیو ئـازایی خەڵکـەوە بەسـتوو، سۆزی کوردێك کە هەست بە هەموو ڕابوردوو و ئێستای ژیانی کورد بکات.

ئەدەبیاتی کـوردی سـۆڤێتی نەوەیـەکی تـازەی لـە شـاعیرو نووسـەر پێگەیاند، لەوانە: میکایلی ڕەشیدو قاچاخی مرادو عەزیزی سلۆو عەتاری جەردۆو کارلینی چاچـانو شـکۆی حەسـەنو ئۆردیخـانی جـەلیلو چـەند شاعیری تر کـە بـەردەوام کۆمەڵـە شـیعریان لـە تبلـیسو یـەریڤان چـاپ دەکرا.

لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمی نووسەرو شاعیرانی کورد بەژمارەیـەکی زۆر لە گەلانی یەکێتی سۆڤێت ڕاگەیەندرا. ئەمەش لەڕێی وەرگێڕانە سـەر ڕووسیو گورجیو ئەرمەنیو ئازەربایجـانیو زمانـانی ترەوەیـە. هـەروەك

نووسەرو شاعیرە کوردەکان وایان کرد کە گەلی کوردی سۆڤێتی بەزمانەکەی خۆی بەرهەمی تۆلستۆیو پوشکینو لێرمەنتۆڤ و کریلۆڤ و شاعیرو نوسەری تر بخوێنێتەوە.

ئەگەر تاقە ڕەخنەیەك لە شاعیرانی کوردی سۆڤێتی بگیرێت ئەوەیە کە شاعیرەکانیان بەهۆی ئەو ڕەوشە مێژوویییەوە کە باسمان کرد، لەسەر بناغەی پتەو ورەنجی سەدان ساڵی ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی دانەمەزراوە، لەبەر ئەوە زۆرجار ساکارییو سادەیی لەزمانو دەربڕیندا دەبینرێتو ئەو پێزو چێژەی ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی تێکەڵ بە بناغەو ڕەگەزەکانی ئەو شیعرانە نەبووە. ئەمە بۆ شیعر، بەڵام لە چیرۆکدا ئەوا ڕەوشی ئەوانو پێشکەوتنی وڵاتەکە وای کردووە کە گەلێك ڕەگەزی هونەری چیرۆك نووسینی ڕۆژئاوا تێکەڵ بە بەرهەمی چیرۆکیان ببێتو شتێکی تازەو بە نرخ بێتە کایەوە.

ئەم باسەی خوێندتان، باسێکی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێتی بوو، بەڵام ئەگەر بمانەوێ هەموو چالاکی ڕووناکبیریو کەلەپچەری کوردی سۆڤێتی باس بکەین، ئەوا لەپاڵ ئەوەدا کە باسی شاعیرانی لاوو ئەم سەردەمەی ئەو وڵاتە پێویستە. دەبێت لای گەلێك باسی تر بووەستین کە هەریەکیان پیشاندانو لێکۆڵینەوەی زۆریان دەوێت وەك:

١. پەیدابوونو بەرەو پێش چوونی کتێبی قوتابخانە.

٢. ڕۆژنامەگەرییو ڕۆڵی ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە).

٣. زمانەوانییو لێکۆڵنەوەی زمانی کوردی.

٤. فۆلکۆری کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە.

٥. دەستنووسی کوردی کۆنو لێ وردبوونەوەی وەرگێڕانو چاپکردنی.
٦. نووسینەوەی مێژووی کوردو لێکۆڵینەوەی.

لەمانەو چەند مەیدانی تردا گەلێك ناوی درەوشەدار دەبینین کە هەریەکەیان وانەی تایبەتیان دەوێت. بەڵام وەك دەزانن باسەکەی ئێستامان بەشێوەیەکی کورت بۆ ئەدەبیات تەرخانکراوە.
یەکێك کە بیەوێت دەتوانێت لە زۆر سەرچاوەدا بەدوای ئەم باسانەدا بگەڕێت.

دواشت کە دەبێت بووترێت، ئەوەیە کە ئەم بەرهەمانەی باسمان کردن، هەموو لە بنەڕەتدا بە کرمانجی ژووروو نوسراونو شتێکی تێکەڵ لە بەشی (هەکاریو بۆتانو بایەزیدی) ئەو دیالێکتەیە. بەڵام بەرەو پێش چوونی تایبەتی وای کردووە کە لەبناغەی کلاسیزمییەکەی کرمانجی ژوورەوە دووربنو لەجیاتی عەرەبیو فارسیو تەنانەت تورکیش زاراوەی تازەی زمانی تری تێکەڵ ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨)ی عێراقەوە، ڕوناکبیرانی کوردی سۆڤێتی، چ بۆ خۆیانو چ لەبەر هەمیاندا لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی عێراق دانەبڕاون.

ئەم باسە بە دەستکارییەوە لە پەرتووکی
زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وەرگیراوە
دانانی (د. عزالدین مستەفا)و هاوڕێکانی، چاپی دوازدەهەم.

جاسمێ جەلیل

هۆزانڤانو نووسەرو چیرۆك نووس جاسمێ جەلیل لە ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی (قزیلقۆڵی)ی سەر بەشارۆچکەی (دیگۆرێ) قەزای (قەرسێ) لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەدایکبووە. لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا (٤٠)تا (٥٠) کەس لە بنەماڵەکەیان دەکەونە بەر هێرشی تورکانو هەموویان دەکوژرێن، تەنیا جاسمی جەلیل نەبێت کە ئەو کاتە، واتە لەکاتی هێرشەکە لەچیای شوانی بەرخان دەبێت. لەماوەی ژیانیدا زۆر ناخۆشیو تاڵیو بێکەسی دیوە، ماوەیەك لەگەڵ هەزاران منداڵی بێ چاودێری دیکەی کوردو ئەرمەنی وەك خۆی، لە خانەی هەتیواندا دەژیت. لەشاری (باکۆ) دەست بە خوێندن دەکاتو لەبەر زیرەکی ڕەوانەی خوێندنی باڵای لەشکری لەشاری (تەفلیس) دەکرێ.

لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا جاسمی جەلیل دەست نیشان دەکرێت بۆ خزمەتکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لەوڵاتانی ئەرمینیا، ئازەربیجان- گورجستان کە دەرفەت بەخوێندنو نووسینی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی دراوە ئەمەش وەك ناوەندێکی ڕەوشنبیری بووە بۆ پێگەیاندنی قوتابی کوڕو کچی کوردو لە هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ڕوویان لێ دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٢ جاسمی جەلیل دەبێتە بەرپرسی سەرەکی ئامادەکردنو چاپکردنی کتێب بەزمانی کوردی، لەساڵی ١٩٣٨- ١٩٤١ لە یەریڤاندا لە ئەنستیتۆی نێو دەوڵەتی (کۆلێژی زمانەوانی) زمانو ئەدەبیات دەخوێنێو بەسەرکەوتوویی دەردەچێت.

پاشان بۆ ماوەی (٣) ساڵان لە ئەنستیتۆی (ماف) دەخوێنیو دیبلۆمی دووەمی خوێندنی باڵا وەردەگرێت ماوەیەك دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی لەشکری تایبەت لە ڕووسیا. ژیانو خەباتی ئەم کەڵە ڕۆشنبیرە زۆر بەنرخ بوو ناوی جاسمی جەلیل وەك ڕۆشنبیرو شاعیرێکی کورد لەوڵاتانی ئەرمەنستانو ڕووسیاو ئۆکرانیا ئاماژەی پێدراوە. لەساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتو زۆرجاران بۆتە نوێنەری یەکێتی نوسەران لە کۆنفرانسو کۆنگرەکانی مۆسکۆ لە بواری هونەریشدا جاسمی جەلیل توانی (٧٠٠) گۆرانیو ئاوازی کوردی لە رادیۆی یەریڤان تۆمارو بڵاوبکاتەوە، ئەمەش وەك بناغەیەکی پتەو زێڕینی کورد بوو بۆ پێشکەوتنی مۆسیقاو هونەری کوردی. جاسمێ جەلیل یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بناغەی ئەدەبیاتی کوردی لە سۆڤیەت دایناوەو زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە کراون بە ڕووسیو لەڕێگای ڕۆژنامەکانی (پراڤدا)و (ئەزڤیستیا) چاپو بڵاودەبوونەوە. جاسمێ جەلیل باشترینو نایابترین بەرهەمی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە بۆ ئەوەی خوێندەوارانی کورد سوودی لێ وەربگرن.

جاسمی جەلیل وەك کورد پەروەرێك لەکاتی کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە وەك کوردێکی بریندار لەڕێگای نامەیەکی کراوەدا بۆ سەرۆکی ئەو کاتەی سۆڤیەت داوا لە حکومەتو سەرکردایەتی سۆڤیەت دەکا هەڵوێست نیشان بدەن سەبارەت بەم کارەساتەی هەڵەبجە. جاسمی جەلیل (٧٠) حەفتا ساڵی پڕ لە تێکۆشانو ماندووبوونو شەونخونی لە

پێناوی بەرەو پێش بردنی ئەدەبو رۆشنبیری کوردی لە سۆڤیەتی جاران بەو پەڕی دڵسۆزیو لێهاتوویی کاری تێدا کردووە، لێزانیو شارەزایی ئەو مرۆڤە هەموو دەرگایەکی هونەرو ئەدەبو رۆشنبیری گرتۆتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم مرۆڤە بلیمەتە لەساڵی ١٩٩٨ بەبێ دەنگی ماڵاوایی لێ کردینو ئەستێرەیەکی دیکەی رۆشنبیری فەرهەنگی کوردی کوژایەوەو لە گۆڕستانێك لەنزیکی شاری یەریڤان نێژراوە. ئەم بەرهەمانەی کە جاسمێ جەلیل بۆمانی بەجێ هێشتوون (رۆژێن مِن، کەلامێ چیا، ئودا کوردا، زۆزان). ئەمەش یەکێکە لە شیعرەکانی جاسمێ جەلیل بەناوی:

حوبا شڤان

١. شڤانی جاهل رۆحێ تە نازك
رۆحێ تە نازك وەك زارۆك بێچك
رۆحێ تە هەڤال، بۆی جەو کانیانە
رۆحی تە خوسیا کولیلك، کارزیانە

★★★

٢. شڤانێ جاهل، زانم رۆحێ تە
زمانێ عەمر، تەبیەتێ زانە
لێ وەختا ئەزم، ئەزم ل رەخ تە
دمبێی کلیتم ئەز بۆی زارێ تە

★★★

٣. ئـو تـو بەنـد دبـی زمـان لا لۆمـە
بەڵی فەعم دکەم ئـەز ژ رۆحـێ تـە
بەلێ، کێم دبهێم خەبـەرێ تـە دوور
حەزنا فکراتە، بەحرا بی بوو حوور

***

٤. زانم بلـــوورە، بلـــوورە زارێ تـــە
سـەر وی دلێـزن تلـی پێـچی یـێ تـە
ســـەوتو مـــەقام لێ دبنـــە کـــانی
حوببـا تـە ئۆکیـان، ئۆکیانـە ئـەینی

***

٥. لێ وەختـا مـن راتـوو خەبـەری ددی
لێڤـــێ تـــەنازك، نـــاز درجفـــن
وەختـا بلـووری تـو کـو هەلـددی
حووب، سەوتو مەقام چەمکی دکێشن

***

٦. خـوو نافـا ل سـەر گـولو سۆسـەنا
ب ئـــەڤینتیا ئـــەو وانـــد دنـــچە
کـەرێ پـەز مووتـاج مینـا ئـەڤینا
چـێری بیردکـە، دوور تـە دچـڤە

***

٧. تـــەنێ مـــرازەك دلی مندانـــە
خـــازی ببوومـــا بلـــوورا دەســـتاتە
حویـــبو ئـــەڤینتیا دلێ تەدانـــە
مـــن نجانـــدا نـــاب وان تلـــی تـــە

★★★

٨. وی چـاخی ئـەزێ نـەمر بمێـنم
بـێ منـەت، بـژیم مینـا تـەیرەوا
کـوو سـەر لێڤـی تـە تمـێ بلـووربم
ئـوببم کانیـا سـەوتو مـەقاما

(کۆپلەی یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی وشەکان (شرۆڤەکرنا پەیڤان):

شڤان : شوان
جاهل : جەحێل، لاو
زارۆك : مندالّ
بێچك : بچووك
بۆی : بۆ
جە : جۆگە
خوسیا : ڕاهاتوو
کوولیلك : کارژۆلە

کارزیان : بەرخ زان

عەمر : هەموو ژیان

تەبیەتیٚ : تەبیعەتی سروشت

زانە : دەزانێت

ئەزم : منم

لەرەخ تە : لەلای تۆ

دەبێی : دەڵێی

کلیتم : کلیم

زاریٚ تە : دەمی تۆ، زمانی تۆ

تۆ بەند دبی : تۆ دەوەستیت

فەعم دکەم : فەهم دکەم، تیٚ دەگەم

کێم : کەم

دبهێم : دەبیستم

خەبەر : قسە

بیٚ بوو حوور : بیٚ کۆتایی، بیٚ پایان

بلوور : بلوێر

دلێزن : یاری دەکەن

تلی، پێچی : پەنجە، قامك

ئۆکیان : موحیت، ئۆقیانووس

ئەینی : هێمن

لێڤ : لێو

درجفن	: دەلەرزن
خووناڤ	: شەونم، ئاورنگ
ئەڤینیێ	: خۆشەویستی
دنچە	: دەچێت
مینا	: وەك
کەریێ پەز	: کارژۆلە، بەرخ
مووتاج	: موحتاج
چێریێ	: ماوەیەك
بیرۆکە	: لەبیردەچێت
دچڤە	: دەجوولێت
مراز	: هیوا
فازی	: خۆزگە
وی چاخی	: ئەو دەمە
تمیێ	: هەموو، تەوا

پەخشانی کوردی

وشـەی پەخـشان وەکـو لەفەرهەنگـدا هـاتووە لەوشـەی پـەخش وەرگیراوە کە بەمانای بـلاّودیّ وەکو زاراوەش وشـەی پەخـشان بـۆ ئـەو بەرهەمـە ئـەدەبیو زانـستییە بـەکاردیّ کـە نەخرابێتـە قـالبی کـێشو سـەرواو زمـانی هەڵبەسـتەوە، ئاشـکرایە یەکـەم دابەشـکردنی ئـەدەب لەرووی شێوەو رووخسارەوە، ئەوەیە کە ئەدەب دەکا بەدوو جۆر:

هەڵبەستو پەخشان: لـەزۆر کۆنـەوە هەڵبەسـتو پەخـشان هەبوونـەو نموونەی هەردوو جۆرمان لەسەردەمی کۆنەوە بۆماوەتەوە، ئەگەرچی لە زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکانـدا لـە کۆنـا پەخـشان کـەمتربووەو هەڵبەسـت زیاتربووە، بەلاّم لەسەردەمی ئێستاماندا پەخـشان لـە هەڵبەسـت زیـاتر بـەکاردیّ بـۆ نووسـینی هونـەرە (جـۆرە) ئەدەبییـەکانی بـەلاّم ئایـا هەڵبەسـتو پەخـشان کامـەیان کـۆنترە؟ لـەم بارەیـەوە دوو ڕای جیـاواز هەیە:

ڕای یەکەم: دەڵێ هەڵبەست لەپەخـشان کـۆنترە. ئەوانـەی ئـەم ڕایـە پەسەند دەکەن بەڵگەیان ئەمەیە:

١. هەڵبەست زمانی هەستو سۆزەو لە ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، کەچی پەخـشان زمـانی هـۆشو ژیرییـەو لـە مێـشکەوە پێـدەگا جـا لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێشتر هەستو سۆزی جولاوەو ویژدانی کەوتۆتـە کـار ئینجـا هۆشـی گەشـەی سـەندووەو پێگـەییووەو دەسـەلاّتی

بەسەردا پەیدا کردووە، بەو پێیە دەبێ هەڵبەست پێش پەخشان هەبووبێ.

٢. هەڵبەست لەبەر کێشو سەرواو ئاوازەکەی لەبەرکردنی ئاسانەو دەکرێ بە دەقی خۆی پارێزگاری بکرێ هەروا بێتە خوارێ، کەچی پەخشان لەبەرکردنی سەختترو ڕاگرتنی دەقەکەی زەحمەتترە مەگەر لە هەندێ ڕستەی کورتی سەروادارو کێشداری وەکو قسەی نەستەقو پەندی پێشینان نەبێ.

٣. لەلای هەر نەتەوەیەك کۆنترین دەقی ئەدەبی مابێتەوە هەڵبەستە نەك پەخشان، وەکو داستانی گلگامشی سۆمەریو ئەلیادەو ئۆدێسای هۆمیرۆسی یۆنانیو دراما بەناوبانگەکانی یۆنان کە هەموو بە هەڵبەست بوون.

ڕای دووەم: دەڵێ پەخشان پێش هەڵبەست هاتووە. لایەنگرانی ئەم ڕایە، ئەم بەڵگانەیان هەیە:

١. مرۆڤ یەکەم جار کە زمانی پژاوەو قسەی کردووە، بە ئازادی هەستو بیری خۆی دەربڕیوە، پاشان هەوڵی داوە ئەو هەستو بیرە بخاتە ناو قالبی کێشو سەرواوە، لە دونیا شتی ئازاد پێش شتی دەستوور بەند دەکەوێ، بۆیە پەخشان کۆنترە چونکە ئازادەو هەڵبەست دواتر داهاتووە چونکە بەپێی دەستووری تایبەتی دادەڕژێ.

٢. لەسەردەمی هەرە کۆنەوە پەخشان (پەخشانی سەروادار) لە پەرستگاکان بەکارهاتووەو کتێبە ئاسمانییەکانیش هەر هەموویان بە پەخشان نووسراون، جگە لەوەی نووسینی کورتی سەر دەرگاو دیواری کۆشكو قەڵا کۆنەکانو کێلی گۆڕەکان بە پەخشان بووە، بۆیە دەبێ پەخشان پێش هەڵبەست هەبووبێ.

لەم دوو ڕایە کامەیان؟ زەحمەتە مەسەلەی پێشکەوتنی هەڵبەست یان پەخشان یەك لا بکرێتەوە، بەڵام لایەنگرانی ڕای یەکەم زیاترنو بەڵگەکانیان بەهێزترن. لە کوردیشدا کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کە دۆزرابێتەوەو تا ئێستا مابێتەوە ئەوەیە کە بەهەڵبەست نووسراوە نەك پەخشان. دوور نییە دوا ڕۆژ دەقی هەڵبەست یا پەخشانی لەوانەی ئێستا کۆنتر بدۆزرێتەوە. ئەمەش شتێکی ترە.

جیاوازی نێوان هەڵبەستو پەخشان:

هەڵبەستو پەخشان، وەکو دوو شێوەی (شکل) نووسینی ئەدەبیی، لە زۆر لاوە جیاوازن. گرنگترین جیاوازییان ئەمانەن:

١. هەڵبەست لەویژدانو سۆزەوە هەڵدەقوڵێ، کەچی پەخشان زادەی هۆشو ژیرییە، واتە هەڵبەست لەگەڵ دڵو ویژدانی مرۆڤ دەدوێو هەوڵ دەدا بیبزوێنێ، کەچی پەخشان لەگەڵ ئەقڵو هۆشی مرۆڤ دەدوێو هەوڵ دەدا بە ژێربێژیو وردەکاری ڕاستەقینەکان بخاتە

ڕوو، هەر لەبەر ئەمەشە هەڵبەست زیاتر کەسێتی شاعیری پێوە دیارەو پەخشان کەمتر کەسێتی نووسەرەکەی دەردەخا.

٢. زمانو دەربڕین لە هەڵبەستدا ئاوێتەییە (تەرکیبی)یە کەچی لە پەخشاندا شیکارییە (تەحلیلی)یە، چونکە هەڵبەست پێویستی بە چڕی دەربڕینو کورتبڕی هەیە، کەچی پەخشان پێویستی بە شیکردنەوەو درێژە پێدانو لێکدانەوە هەیە.

٣. کێشو سەروا دوو ڕەگەزی زەقو بنچی هەڵبەستن بەتایبەتی هەڵبەستی دێرین، کەچی ئەمانە لە پەخشاندا مەرج نین، تەنیا لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقدا سەروا هەیە، ئەویش بۆ جوانییە.

٤. لە هەڵبەستدا، زۆرجار کێشو سەروا شاعیر ناچار دەکەن ڕیزی وشەکان لەڕستەدا تێك بداو وشەکان پاشو پێش بکا، بۆیە شاعیر لێی ناگیرێ وشە لە هەر شوێنێکی ڕستەی هەڵبەست دابنێ، بەمەوە دارشتنی ڕستەکانی ناسروشتی دەردەچن کەچی لە پەخشاندا ڕیزی وشەکان دەبێ لەشوێنی خۆی بێو، بۆیە ڕستەی پەخشان ڕەوانترو ئاساییترە لەهی هەڵبەست.

٥. نەخشەی دابەشبوونی هەریەکە لە هەڵبەستو پەخشان لەسەر لاپەڕەدا، جیایە. واتە تۆبۆگرافیای دەقی هەڵبەست جیایە لە هی پەخشان. لە شیعری کلاسیزمی هەر دێڕەی بەسەر دوو لەتدا دابەش دەبێو سەرواش بەگوێرەی جۆری هەڵبەستەکە دەگۆڕێ، غەزەلو قەسیدەو چوارینو مەسنەویو موستەزاد... هەر یەکە جۆرە سەروایەکی هەیەو جۆرە نەخشەیەك بە هەڵبەستەکە دەدا لەسەر

لاپەڕەدا، کەچی پەخشان هەمووی بەسەر یەکەوە دەنوسرێو تەنیا بە تەواوبوونی پارچەیەك، دێڕێکی نوێ دەست پێ دەکا.

جۆرەکانی پەخشان

پەخشان بە پێی ناوەڕۆك دەکرێ بە دوو جۆر:

١. پەخشانی هونەریی   ٢. پەخشانی زانستیی.

١. **پەخشانی هونەریی:** ئەو پەخشانە ئەدەبییانە دەگرێتەوە کە هەستو سۆزی نووسەرەکەی پیشان دەدا. نووسەر لەم جۆرە پەخشانەدا لە ڕوانگەی خودیو تایبەتی خۆیەوە سەیری ژیانو کۆمەڵو سروشت دەکا. ئەم جۆرە پەخشانە خۆی لەبابەتی مەوزوعی وەکو ئابووریو زانیاری گشتیو هتد لادەدا. نموونەی پەخشانی هونەریی، وەکو وتاری ئەدەبی، چیرۆك، کورتە ڕۆمان، ڕۆمان... ئەم جۆرە پەخشانە پێویستە شێوازێکی بەرزی هەبێ، وشەکانی بژاردەبنو دارشتنی پتەوبێ. ئەم جۆرە پەخشانە هونەرییە لەڕووی شێوەوە دەکرێ بەدوو جۆر:

ئـ- پەخشانی سەروادار   ب- پەخشانی ڕەوان

ئـ- پەخشانی سەروادار: ئەو پەخشانە هونەرییەیە کە بەشەکانی ڕستەی دوو دوو سێ سێ یان... هاوسەروا دەبن. ئەم سەرواداریی هەنگاوێ لە هەڵبەست نزیکی دەکاتەوە. تەنانەت هەندێ لەوانەی باسی سەرەتاکانی هەڵبەستیان کردووە، دەڵێن لە پەخشانی سەروادارەوە

پەرەی سەندووەو پێگەیشتووە کە لەپەرستگاکان باو بووە. نموونەی پەخشانی سەروادار، وەکو عەلائەدین سەجادی لە پێشەکی باسی مەلای جەباریدا، دەڵێ:

(پیری مەیخانەی خەیاڵ شناسان، بادە ئەنۆشێ لە جەرگەی خاسان. ڕشتەی مرواری قسەو باسیە، نەوای قومرییان وێنەی ڕازییە. بێنی هەناسەی شنەی شەماڵە، تێکەڵ بە بیری بەرزی خەیاڵە...)

(بۆ لەبەرکردنە)

لەم جۆرە پەخشانەدا، دەبێ پارچەکانی هەر ڕستەیەك سەروایان یەك بێ، جا پارچەکان لەدرێژیدا بەقەد یەك بن یان نا گرنگ نییە.

ب- پەخشانی ڕەوان: ئەم جۆرە پەخشانە بایەخ بە سەروای پارچەکانی ڕستە نادا، نووسینەکە بەشێوەیەکی ڕەوانو بێ گرێو گۆڵ دەڕوا. پەخشانی ڕەوان دەبێ لە تێگەیشتنی فراوانو خەیاڵێکی ئازادو دارشتنێکی سفتو پتەووەوە هاتبێ، ئەگەرنا جێگای خۆی ناگرێ.

نموونەی پەخشانی ڕەوان وەکو شاکر فەتاح، لە (ژینی نوێ)دا دەڵێ:

(**جیهان بەرەو چاکی ئەڕوا:** لەگەڵ ئەم هەموو شەڕو شۆڕو بەدکردارییەشدا کە ئیمرۆ لە جیهاندا ئەیبینین، من باوەڕم وایە کە جیهان بەرەو چاکی ئەڕواو دوایی هەر ئەگاتە ئەو ئامانجەی ئاواتی بۆ ئەخوازین، واتە ئەبێتە یەك خێزان لەناو یەك خانوودا، بەڵام خێزانێکی بەختیار لە خانوویەکی ناوازەدا...) (بۆ لەبەرکردنە)

ئەم پارچە نووسینە بە کوردییەکی پەتیو ڕەوان باسی لەناوچوونی شەڕو بەدکاریو سەقامگیر بوونی ئاشتیو ئاسایش دەکا. نووسینەکە وەکو ئاوی زولال بە نەرمو لووسی دەڕواو خوێنەر هەست بە هیچ گرانیو زبرییەك ناکا.

٢. پەخشانی زانستیی: ئەو پەخشانەیە کە بەشێوەیەکی بابەتی (موضوعی) باسی حەقیقەتەکانی زانست دەکا، هەر زانستێك: بیرکاری، فیزیا، کیمیا، جوگرافیا... هتد. زمانی ئەم جۆرە پەخشانە دوورە لە خوازەو دووبارەکردنەوەو هونەری ڕەوانبێژی تر. ئەم جۆرە پەخشانە ناکەوێتە ژێر کاریگەری هەستو سۆزی نووسەرو هەستو سۆزی خوێنەر نادوێنێ. بەبێ لایەنیو بە یارمەتی کۆمەڵە زاراوەیەکی تایبەتیەوە بە دەربڕینێکی ورد، زانست شی دەکاتەوە.

نموونەیەك بۆ پەخشانی زانستی وەکو مەحموود نوری قەرەداغی لە باسی کۆمپیوتەردا دەڵێ:

(مێشکی ئەلکترۆنی پێك هاتووە لە ژمارەیەکی گەلێ زۆر لە بەربەستەی (صمام) ئەلەکترۆنی یان ترانسستەرو لە پارچەی زۆر وردی ئەلەکتریك کە کۆمەڵ کۆمەڵ داڕێژراونو کۆکراونەتەوە. زمانی ئەم ئامێرە لە وشەی (بەڵێ– و – نەء) پتری نیە، بە مانای زانیاری ئەلەکتریك، تەزووی ئەلەکتریك (بڕوا)و (نەڕوا) و هیچ جۆرە ئامانجێك ناداتە دەست ئاگادارو سەرپەرشت نەکرێت...) (بۆ لەبەرکردنە)

لێرەدا، نووسەر بایەخی بەهەڵبژاردنی وشە نەداوە، زمانی خوازەییو ڕەوانبێژی بەکارنەهێناوە، تەنانەت هەوڵی نەداوە، ڕستەکانیشی

ئەوەندە تۆكمەو ڕێك بن، چونكە گەیاندنی زانیاری لەلای ئەو لەسەرووی هەموو شتێكەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لێ دەگیرێ كە دەیتوانی هەر بەو وشانە ڕستەی ڕێكو پێكتر دروست بكاو ئەگەر نەختێ وشەكانی پاشو پێش بكردایە، هەندێ ڕستەی ڕەسەنتر دەردەچوون.

هونەرەكان (ژانراكان)ی پەخشان:

هونەرەكانی ئەدەب، بە هەردوو شێوەی هەڵبەستو پەخشانەوە، لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لە گەشەسەندنی ئەدەبی جیهاندا، هەندێ هونەر شكلیان گۆڕاوە وەكو دراما كۆنەكان هەموو بە هەڵبەست نووسراون، كەچی ئێستا دراما بە پەخشان دەنووسرێ، یان هەندێ هونەر دەوریان بەسەر چووەو ئێستا پێیان نانووسرێ وەكو داستانی پاڵەوانێتیو دڵداری، هەندێكی تر تازە داهاتوونو تەمەنیان لە چەند سەدەیەك زیاتر نییە وەكو كورتە چیرۆكو كورتە ڕۆمانو ڕۆمان، جگە لەوەی ڕۆژنامەگەری زۆر هونەری تازەی هێنایە كایەوەو گەشەی پێدان وەكو وتاری ئەدەبیو بیری ڕاگوزاریو گاڵتەو گەپو... ئەمانە هەندێكن لەو هونەرانەی بە پەخشان نووسراون:

هەقایەت (بە هەموو جۆرەكانییەوە)، ئەفسانە، وتاری ئەدەبی، خوتبە، كورتە چیرۆك، كورتە ڕۆمان، ڕۆمان، شانۆگەری، ژیننامە، بیری ڕاگوزاری (خاطرة)، لێكۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی، نامە، وتووێژ، گاڵتەوگەپ، پەندی پێشینان...

هەریەکە لەم هونەرانە، لەکورددیدا مێژووی پەیدابوونو گەشەسەندنی خۆی هەیە، هەر یەکە دەستوورو شێوازی نووسینی خۆی هەیەو هەر یەکە جۆری تایبەتی خۆی هەیە. لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکریّ.

سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی:

لە کوردیشدا، لەو میراتە ئەدەبییەی بۆمان ماوەتەوە، هەڵبەست کۆنترەو پەخشان بە قەد ئەو کۆن نییە.

کۆنترین پەخشانی کوردی کە تا ئێستا دۆزرابێتەوەو لەبەر دەستدابیّ کتێبەکەی عەلی تەرماخییە کە لەساڵی هەزاری کۆچیدا (١٥٩١– ١٥٩٢ز) لە ژیاندا بووە. کتێبەکەی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبیو فارسیو کوردییە.

کتێبەکە لەئەسڵدا دوو ناوی بۆ داندراوە:

- هذا کتاب عبارة علی ترەماخی
- هذا کتاب صرف لسان کردی

کتێبەکە پێشەکییەكو سیو یەك (فصل)ە. چواردە فەسلی پێشەوە لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەو شازدە فەسلەکەی دوای ئەو لەبارەی ڕێزمانی فارسییەو لە کۆتایی زۆربەی فەسلەکاندا هەمان بابەتی لە کوردیشدا باس کردووە. فەسلی کۆتایش بووە بە (خاتمة).

زمانی نووسینەوەی کتێبەکە کوردییەکی پڕ وشەو دەستەواژەی عەرەبییە. ئەو زمانەیە کە مەلاکانی کوردستان لە حوجرەکاندا دەرسی عیلمو شەرعیان پیّ دەگوتەوە.

ئەمەش نموونەیەك لە پەخشانی تەرەماخی:

- فەسل د. بەحسا فیعلا موزاریعدایە: د زمانێ کورمانجیدا پێنج سیغە بدەر دکەڤن، زێدە نابی وەکو نها: (دچی)، (دچە)، (دچن)، (دچم)، (دچین). ئەفعالێدمایی ژی لڤان قیاس بکە...)
- فەسل د بەحسا ئەمری حازریدایە: بزمانێ کرمانجی دیسانی پێنج سیغە د ئەمری حازریدا ژی دبە، مەسەلا وەکو نها: (بدە)، یانی موفرەدی موخاتەبە، چەموزەککەر چە موئەننەسە (بدن) یانی هون تەسنیەو جەمعا غایبان چەموزەککەر چە موئەننەس، (بدم) یانی ئەز کو موتەککەلیمی وەحدەمە، (بدەین) یانی ئەم کو موتەکەللیم مەعەلغەیرین، ئەم (بدەین).

دوای عەلی تەرەماخی، (عقیدة کردیة)ی مەولانا خالید دێ کە بە (ئاقیەی مەولانا) یان (ئاقیەی کوردی) ناسراوە. بێ گومان مێژووی بۆ پێش ١٨٢٦/١١/١٧ دەگەڕێتەوە کە مەولانا خالد لەو ڕۆژەدا کۆچی دوایی کردووە، ئاقیەکە باسی پێنج روکنی ئیسلامو شەش ئەسلی ئیمان دەکا. لەباسی (پردی قیامەت)دا دەڵێ:

(پردی قیامەت کە پردێکە لە موو باریکترە، لە تیغ تیژترە، بە ئەمری خودای تەعالا دەینێنە سەر پشتی جەهەننەمی، ئەمر دەکەنە هەموان بەسەریدا رابوورن، هەر کەسێ بەهەشتی بێ، هێندێك وەك بروسکە، هێندێك وەك با، هێندێك وەك ئەسپی لەنگ بەسەریدا

ڕادەبوورن. هەر کەسێ جەهەننەمی بێ پێی هەڵدەخلیسکێ دەکەوێتە جەهەننەمەوە، خودای تەعالا وەهای پێ موقەددەرە هەر کەس لەدنیادا لەسەر ڕێگای شەریعەتدا چاتر ڕابوردبێ، لەسەر پردی قیامەتدا چاتر ڕادەبووڕێ).

گرنگی ئەو بەرهەمە لەوەدایە یەکەمین هەنگاوە بۆ جێبەجێ کردنی داخوازی گیانیو کولتووری کۆمەڵی کوردەواری بەزمانی خۆی. هەندێ تێبینی لەسەر شێوازی بەرهەمەکە:

- ئەو بەرهەمە دەری دەخا، ئەوسا سلێمانی هێشتا زاری جێگرتووی خۆی نەبووە چونکە کە شاری سلێمانی دامەزرا خەڵکی زۆر ناوچەی خاوەن زاری جیا جیا هاتنە شارو هەر کەسە جۆری ئاخاوتنی خۆی هەبوو. دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا ئەو زارە گەلاڵە بوو کە ئێستا خەڵکی شار قسەی پێ دەکەن.
- هەندێ دیاردەی وشەسازی لەبەرهەمەکەدا هەن، جێگای لێ وردبوونەوەن، وەکو بەکارهێنانی (دە) لەجیاتی (ئە)ی کاری ڕانەبردوو. مانەوەی (ت) لەکۆتای کاری ڕانەبردوو بۆ کەسی سێیەمی تاك. بەکارهێنانی (دی) لەجیاتی (تر)ی ئێستای ناوچەی سلێمانی.
- هەندێ وشە هەن ئەوسا بەجۆرێکی تر بەکارهاتوون، وەکو: (بۆن) ئەوسا (بێن)بووە، (بچووك) ئەوسا (پچووك) بووە...

دوای ئەم دەقە پەخشانە، بەرھەمەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی دێن، کە لەساڵی ١٨٥٦و بەدواوە نووسیویەتی، بۆ نموونە وەکو:

- مەمو زین ١٨٥٦
- عاداتو ڕوسوماتنامەی تەوایفی ئەکرادیەو ئوسوولی نیزاماتی کرمانجی، ١٨٥٨- ١٨٥٩.
- جامع یی رسالیانو حکایەتان بزمانی کورمانجی ١٨٦٠.

(مەمو زین)ەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی کورت کردنەوەی (مەمو زینی)ی ئەحمەدی خانییەو بە پەخشانو بەزاری بایەزیدی نووسراوەتەوە. ئەمەش نموونەیەك لە دەقی چیرۆکەکە:

(دویٚ وەقتو زەمانێدا، لەوان کناران، عادەتەکی قەدیم بوو کو ساڵێ جارەکی، دوەقتێ نەورۆزێدا سەری ساڵ دکرن. ویٚ ڕۆژیٚ، ئەهلیو خەڵکی بارژێر حەموو، فەقیرو دەوڵەمەند، مەزنو بچووك، نێرو مێ، عموومی، ژبۆ گەشتو گەڕییانێ، ب دەرڤە دچوونە دەشتو سەحرایێ. جنس جنسو ڕەف ڕەف، ژ دەرڤە ڕەسمی کەیفخۆشی نەورۆزیٚ ل ویٚ دەریٚ ئیجرا دکرن، لەورا ویٚ زەمانیٚ قسمیٚ تایفا ژنێد موسڵمانان حەموو مەستوورەو ڤەشێرتی بوون، بەڕوویێ نا مەحرەمو بیانیان نەدکەتن. لاکن ڕۆژا کو ئەو عیدا نەورۆزیٚ دبوو، حیجابو پەردە ژتایفا ژنان ڕادبوو، مێروژن ویٚ ڕۆژیٚ بە هەڤ خویا دبوون...)

دوای ئـەم بەرهەمانـەو هـەر لەسـاڵی ١٨٦٠ شـێخ حوسـێنی قـازی مەولوودنامەکـەی خـۆی نووسـیوە کـە بەخـشانێکی سـەروادارو ڕەوانـەو بـەزاری کرمـانجی خـواروو (ناوچـەی سـلێمانی) نووسـراوە. ئەمـەش نمونەیەك لەو مەولوودنامەیە:

(حکایـەت کـراوە لـەزەمانی ئـەمیری ڕەشـید- هاروونـە ڕەشـید- لەشاری بەسرە جوانێك هەبوو پیس‌و پەلید، لە فاسیقیدا شاگردی ئـەوی بوو یەزید، چ چاکەی نەبوو لـەپاش ئیمـان، فەقـەت کـە مـانگی مـەولوود دادەهات غەسل‌و تۆبەی دەکرد تەماعێکی لێ دەنا دەیخوێنـد مـەولوودی حەزرەتی پێغەمبەری ئیـنس‌و جـان. وەختـێ کـەمرد لەبـەر خراپـی یـان فڕێیـان دایـە سـەر گووفـەکان، نـەیانبردە سـەرقەبران، بانگێـك هـات لـە ئاسمان، ئەی ئەهلی بەسرە حازر ببنە سـەر جـەنازەی فـلان جـوان، کـە وەلی‌یێکە لە ئـەولیای خوداوەنـدی ڕەحمـان. ئـەهلی شـار جـوان‌و پـیرو پادشاو دەروێش‌و گەداو فەقیر، حازری جەنازە بـوون دەفنیـان کـرد بـێ تـەئخیر. لـە خـەویان دیـت ئـەووەل شـەو لەسـەر تـەختی بەهەشـتی دانیشتییە ڕووی وەك مـانگ دەدا پڕقـەو، پێیـان وت ئـەتۆ لـە دونیـا زۆر فاسـق بـووی‌و ئەحمـەق، بەچـی سـەبەب شـادبووی بـەحوورو قوسـوورو لیباسی سوندوس‌و ئیستبرەق، گوتی بەسەبەبی تەعزیمی مەولوودی ئـەو حەزرەتەی کە بەئیشارەتی ئەنگوستی مانگی دەکرد شەق).

ئەم مەولوودنامەیە لە رووی ناوەڕۆک و رووخسارەوە:

١- چۆنیەتی دروست کرانی دونیا چونکە لە شەرافەتی پێغەمبەر دروست کراوە (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك)

٢- هەندێ چیرۆکی کورتی تێدایە، گەورەیی و کاریگەری مەولوودی پێغەمبەر پێشان دەدەن و نموونەی سەرەوە یەکێکە لەو چیرۆکانە.

٣- باسی چۆنیەتی لە دایکبوونی پێغەمبەر دەکا.

٤- مەولوودنامەکە بە پەخشان نووسراوەو جاروبار پارچە شیعرێکی تێ هەڵکێش کراوە.

٥- زۆربەی هەرە زۆری بە پەخشانی سەروادار نووسراوە، بەزۆریش هەر جارەی کۆمەڵێ دەستەواژەو ڕستەی زۆر دەبن بەهاو سەروا.

٦- زمانەکەی پڕە لە وشەی فارسی و عەرەبی. هەر ئەو زمانەیە کە شاعیرانی سەدەی نۆزدەمی ناوچەی سلێمانی شیعریان پێ نووسیوە.

دوای ئەم بەرهەمانە کە پەخشان نووسراوەو لەبەرە بەری کۆتایی سەدەی نۆزدەم پەخشانی کوردی دەروویەکی زۆر گەورەی بۆ کرایەوەو لەوە بە دواوە بە فراوانی کەوتە بڵاوبوونەوەو نەشو نماکردن، ئەو دەرووەش لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرەو لەلایەن **میقداد مەدحەت** بەدرخانەوە دەرچوو بۆ ماوەی چوارساڵ بەردەوام بوو. نموونەیەك لە پەخشانێکی ڕۆژنامەی کوردستان:

(وەك ئەز دبهسیم کوردا گەلەك دەولەمەند هەنە، گەلی دەولەمەندێن کوردا، بابێن وە ب دوگاز جاوی سپی چوون بەر ڕەحما خودێ، ئون ژی وی وەلی بچن لەوان زێرو زیڤێن عولبەکرین وەدە دەرێخن، ڕێیا خودێدە مەکتەبو مەدرەسا چێ کەن، زارویێن بێ دێو باب بدن خوندن دا ئون دنیاو ئاخرەتی ڕاحەت بکن، خودێ ژ وە ڕازی ببە. دەرێن ئەز لێ گەڕابیم من گەلەك مرۆڤێن دەولەمەند دیتنە زارویێن فەقیر دانە خوێندن ڕێکرنە ئەستانبولێ، مەکتەبو مەدرەسەیێن مەزن، نهۆ حەمی مەزن بینە، حەمی ژی مەئموورو زابتێن دەولەیێنە...). (بۆ خوێندنەوە)

لەو ساوە تا ئێستا چی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەرچووە، هەموو دەوریان لەپێش خستنی پەخشانی کوردیدا هەبووە، چونکە ڕۆژنامەگەری هەموو دونیا هەر پەخشانەو تەنیا جاروبار دەقی شیعری بڵاو دەکاتەوە ئەویش ڕێژەیەکی زۆر کەمە لەچاو هەموو نووسینەکانی دی. جگە لەوەی پەرەسەندنی زیاتری چاپو چاپەمەنی وای کرد پەخشان زیاتر گەشە بکاتو هەموو هونەرەکانی پەخشان بە کتێبیش بکەونە بەر دەستی خوێنەران... لەباسی ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆڵی ڕۆژنامە لە گەشەسەندنی پەخشان ڕوونتر دەکرێتەوە، جۆرەکانی تری پەخشانیش وەکو وتارو چیرۆكو ڕۆمان... هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا باسی لێ وەردەکرێ.

هەندێ جۆری پەخشان

١. وتــار:

پارچە نووسـینێکە بـە پەخـشان دەنووسـرێ، درێژییەکـەی چەسـپاو نییـە، دەشـێ یـەك دوو لاپـەڕە بـێو دەشـێ بیـست سـی لاپـەڕەبێ، بەشێوازێکی ڕوونو بەزمانێکی پاكو پاراو باسـی بابـەتێك دەکـاتو بـیرو باوەڕو هەستو سۆزی نووسەرەکەی دەردەبڕێ. لەهەموو جۆرە (ژانـرە) ئەدەبییەکانی دی نەرمو دەستەمۆترە، چۆنت بوێ وا دێتە دەست.

کورتە مێژوویەکی وتـار

ئەگەر چی ڕەگو سەرە داوو ڕەگەزەکانی نووسینی وتار زۆر کۆنە بۆ سەردەمی یۆنانەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەسەر دەسـتی مـۆنتێنی فرەنـسی (١٥٣٣– ١٥٩٢) یاسـاو بنـەماکانی گەڵاڵـە بوون، ئەو کاتەی کە سـاڵی (١٥٨٠) دوو بـەرگی وتـاری ئـەدەبی بـەناوی (هەولـەکان– les essaies) بڵاوکـردەوە، مـۆنتێنی وتارەکـانی درێـژبوونو دەگەیشتنە چەند هەزار وشـەیەك، بابەتـەکانی بـەزۆری بـە دەوری شـتی وەکـو: درۆزنـەکان، دەسـتووری جـلو بـەرگو هونـەری گفتوگـۆدا بـوو. لەدوای مۆنتێنی (باکۆن)ی ئینگلیزی لەژێر کاریگەری مۆنتێنی دا کۆمەڵە وتارێکی بڵاوکردەوە.

لـە سـەدەی حەڤدەهەمـدا، هەنـدێ نووسـەری وەکـو سـێر ویلیـەم کۆرنـوێلیرو نیکـولاس بریتـونو سـێرتۆماس ئۆڤـەربێری، لـەبواری وتـار

نووســیندا بەشــداری چــاکیان نوانــدو جــێ پەنجــەیان بــەڕەوتی وتــار نووسینەوە ئاشکرایە.

لە سەدەی هەژدەهەمدا، بـەهۆی دەرچـوونی بڵاوکـراوەو چـاپەمەنی، وتار زیاتر بەرەو پێش چوو، ڕیچارد ستایلو جۆزیف ئەدیسۆن داهێنـانی باشیان لە نووسینی وتاردا کرد.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا وتار بناغەی پتەوترو خۆیشی گەشاوەتر بـوو، بابەتــەکانی فــراوانتر بــوونو وتــار نووســەکان زیــاتر بابــەتو شــێوازی خودییان پەیڕەو دەکـرد، چـونکە سـەردەمەکە سـەردەمی برەوسـەندنی ڕێبازی ڕۆمانتیك بوو، دیارترینو وتارنووسی ئەم سـەدەیە (لامو هازلـتو دی کوینــسیو ستیڤنــسن) بــوون... ئــەوەی زیــاتر گەشــەی بــە وتــاردا دەرچـوونی گۆڤـارو ڕۆژنامــە بــوو، چـونکە جێگـای بڵاوبوونــەوەی وتــار بەزۆری گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیە... لەسەدەی بیـستەمدا، وتــار هــەر لەچوونە پێشەوەدابوو و تا ئێستاش وتار نووسین نرخی خـۆی لەدەست نەداوە.

لــە کوردیـدا، نووسـینی وتــار لەگــەڵ بڵاوبوونــەوەی ڕۆژنامــە ســەری هەڵداو چەسپا، ئەگەر پێشتر ڕەگەزو بنەماکانی وتار لەهەنـدێ نووسـیندا هەشبووبێ بەو جۆرە نەبووە، ببێ بە ژانرێکی سەربەخۆ...

جۆرەکانی وتار:

وتار بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:

١. وتاری خودی (ذاتی)
٢. وتاری بابەتی (موضوعی)

یەکەمیان زیاتر پەیوەندی بە خودی نووسەرەوە هەیەو هەستو سۆزی نووسەری بەسەردا زاڵەو کەسێتی نووسەرەکەی بەڕوونی پێوە دیارە، کەچی دووەمیان پێ لەسەر لایەنی بابەتی دادەگرێو هەوڵ دەدا ڕاستەقینەی چەسپاو باس بکات، بۆیە ڕێگە بەهەستو سۆزی خۆی نادا تێکەڵی نووسینەکەی ببێو، کەسێتی نووسەر لەم جۆرە وتارەدا دەرناکەوێ.

هەندێ سیمای وتاری چاك:

١. وتار نووسینێکە، نەزۆر کورتەو نەزۆر درێژە، بەدەوری (١٠) لاپەڕە مەزەندە کراوە.
٢. باسێکی سەربەخۆیە، واتە نە لێکدانەوەی بیرێکی کورتو چڕەو نەکورت کرانەوەی باسێکی درێژە.
٣. وتار بینای تایبەتی خۆی هەیە. لە پێشەکیو چەند پەرەگرافێكو ئەنجام پێك دێ. بیری گشتی وتارەکە: بەپێی گرنگی، بەسەر پەرەگرافەکان دابەش دەبێ.

٤. وشەو ڕستەکانی ڕوونو پوختو بژاردەن، هەریەکە وەکو خشتی دیوار لەشوێنی خۆی هاتووە.

٥. ئامانجی سەرەکی بزواندنی هەستو سۆزی خوێنەرە...

٦. وتار ناونیشانی هەیەو دەبێ ناونیشانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی بگونجێ.

نموونەیەکی وتار:

وتارێك لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) بەناوی (ولآت– وطن) بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی سێ ستوونی داگرتووە. لە پێشەکیدا دەڵێ:

(وەتەن، ئانکو ولاتی مرۆ، جسمەك وەیە کوییێن ژ وی جسمی موتەئەسیر دبن خەلقێن وێ دەرێنە. دە وێجا هنگی مرۆیین ولآتەکی خوێ قووەت بین هەوقاس ئاخو بەرێ وی ولاتی خوێ دبە. هنگی بابێ من ژکوردستانێ ڕابی ئەو مەئمورێن حکوومەت ڕێ دکە سەر گوندو باژارێن کوردستانێ وەك مارا، خونا خەلقێن کوردستانێ ڤەدخۆن...)

لێکدانەوەی مانای وشەکان:

مرۆ	:	مرۆڤ
یێن	:	ئەوانەی
وێ دەرێ	:	ئەوێندەرێ، ئەوێ
هنگی	:	کاتێ کە
خوێ	:	خاوەن، خودان.
هەوقاس	:	ئەوەندە
ئاخ	:	خۆڵ، زەوی
بەر	:	بەروبووم
ڕابی	:	هەستا، ڕۆیشت
ڕێ دکە	:	دەچێتە
ڤەدخون	:	دەخۆنەوە

ئەم وتارە بەکوردییەکی ڕەوان نووسراوە، ئەگەرچی جاروبار وشەی بیانیشی تێکەوتووە بەڵام داڕشتنەکەی ڕوونو ڕەوانە. ئەم وتارە هاندانە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کورد یەك بگرنو دژی داگیرکەر بجەنگن. جا ئەو داگیرکەرە چ عوسمانلی بێو چ مسقۆف (واتە ڕووس).

٢. كورته چیرۆك

چـیرۆك لـه ئـهدهبی جیهانـدا ڕهگـی زۆر كۆنـهو لـه قـاڵبی ههقایـهتی فۆلكلۆریو ئهفـسانهو داسـتانو چـیرۆكی گیاندارانـدا دهردهكـهوێ، بـهڵام كورته چیرۆك وهكو جـۆر (ژانـر)ێكـی سـهربهخۆ لهسـهدهی نۆزدهههمـدا لهسهردهسـتی (ئـهگار ئـالان پـۆوگی دی مۆپاسـانو چـیخهف) قـالبی هونهری خۆی وهرگرت.

كورته چیرۆك بهگشتی دوو جۆره:

- چیرۆكی بنیاتگهریی (تركیبی)
- چیرۆكی شیكاریی (تحلیلی)

ههریهكه لهم دوو جۆره سـیماو بنـهمای تایبـهتی خـۆی ههیـه، بـهڵام بهشێوهیهكی گشتی كورته چیرۆك لهم ڕهگهزانه پێكـدێ: (كـهس، كـات، ڕووداو، شوێن) ههر یهكه لهم ڕهگهزانه مهرجو خاسـیهتی تایبـهتی ههیـه بۆ ئهوهی چیرۆكهكه سهركهوتووبێ.

له ئهدهبی كوردیش، وهكو ئهدهبی نهتهوهكانی دی، ڕهگهزی كورتـه چیرۆك بۆ چیرۆكی میللیو ئهفسانهو داستان... دهچێتهوه، بـهڵام وهكـو جۆرێكی ئهدهبی سهربهخۆ لهسهدهی بیستهم سهری ههڵداو نهشو نمای كرد.

ئهگهرچی بیروڕای جیا جیا ههیه، ئاخۆ یهكهم كورته چیرۆكی كوردی كامهیهو كهی بڵاوبۆتهوه، بهڵام بـهزۆری تـۆژهرهوان لهسـهر ئـهوه ڕێكـن

که یەکەم چیرۆك ئەوەی (فوئادی تەمۆیە) کە لەژمارە (٢-٣) ی گۆڤـاری ڕۆژی کورد (١٩١٣) لەژێر ناوی (شەویش)دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەش نموونەیەکە لەم چیرۆکە:

(شەویش کوڕێ شڤانەکی یە، ب خوە دەهـ سالییە، زارۆکە، بەلێ پـڕ چاڤێ وی گرییە، شەویش دیـا خـوە نەدییـە، ڕەبـەنو بەلـەنگازە، قـەت تشتەکی وان تونینە. تنێ مەتەکی شەویش هەبوو، ئـەو ژی پـیرەك بـوو، شەویش جارنا بال وێ دچە، دلێ مەتا خوە هنك دکر...)

لێکدانەوەی وشەکان:

شڤان	:	شوان
ب خوە	:	خۆی
زارۆکە	:	منداڵە
بەلێ	:	بەڵام
چاڤ	:	چاو
گری	:	گریان
دی	:	دایك، دیاخوە: دایکی خۆی
نەدیبە	:	نەدیتیە، نەدیوە.
ڕەبەن	:	بێکەسو کار
بەلەنگاز	:	هەژارو نەدار
تونینە	:	هیچ نییە

تنیٚ	:	تەنیا
مەت	:	پوور، خوشکی باوك
ئەوژی	:	ئەویش
جارنا	:	جاروبار، هەندیٚ جار
یا ل ویٚ	:	لای ئەو (لای پووری)
هنك	:	فێنك، خۆش

ئەم چیرۆکە وێنەی ژیانی کوێرەوەری شوانێکی کورد دەخاتە بەرچاو کە لەباوکێکی پیرو مندالێکی دەسالانە پێك هاتووە ناوی (شەویش)ە.

رۆژێکیان باوکە پیرەی نەخۆش دەکەویٚو ناتوانیٚ بچێتە بەر مەڕی، ڕدێن سپییەکی گوند، بە نەخۆشیەکەی دەزانیٚ، دیٚ (شەویش) دەباتە مالّی خۆیان، خواردنی دەداتیٚو هەندیٚ خواردنیش بۆ باوکی شەویش دەنێریٚو ڕزقۆی کوڕی خۆی ڕادەسپێریٚ لەباتی باوکی شەویش بچێتە بەر مەڕ تا لەنەخۆشیەکەی چاك دەبێتەوە.

ئەم چیرۆکە بە دوو حەلقە بلاّوکراوەتەوەو لەکۆتاییدا نوسراوە (داوی هەیە- ماویەتی).

لەژمارە سێدا چیرۆکێکی دی بەناوی (کندو) بلاّوکراوەتەوە، ئەمە زیاتر چیرۆکێکی میللییەو لەناو خەلّکدا باوە، زۆر لەچیرۆکێکی مەحموودی بایەزیدی دەکات. دوور نییە هەر ئەوبیٚو دارِژابێتەوە.

دوای ئەمــە چــیرۆکی (لەخــەوما)ی جــەمیل ســائیب دێ، کــە لــە (١٩٢٥)ەوە بــەزنجیرە لــە ڕۆژنامــەی (ژیانــەوە)دا بــڵاوی کــردەوە. ئــەم چیرۆکە هەمووی ڕەخنەیە لە فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود.

٣. شانۆگەری

شانۆگەری بەرهەمێکی درامییە (کردەنییە) بۆ ئەوە نووسراوە لەسەر شــانۆ پێــشکەش بکــرێ، ئەکتــەر دەوری کەســەکانی شــانۆگەرییەکە دەگێڕن.

کــۆنترین شــانۆگەری لای یۆنانــەکان بــووە کــە لــە بۆنــە ئاینییەکانــدا پێــشکەشیان کــردووە شــانۆگەری ئەوســا بــە شــیعر بــووەو لــە شــانۆی کــراوەی نیمــچە بازنەییــدا پێــشان دراوە. دوای یۆنانــەکان ڕۆمانــەکان پەرەیان پێداو لە چاخەکانی ناوەڕاستیش زمانی لاتینی بەسەر نووسیندا زاڵ بــوو و شــانۆگەری خرایــە خزمــەت بیروبــاوەڕی ئــایینی. لەســەدەی شازدەمو حەڤدەمدا لە ئینگلتەرە شەکسپیرو هەر لەسەدەی حەڤدەمدا کورنێو مۆلییێرو راسین لە فرەنسا گەشەیان بە شانۆگەریدا لەسەدەی هەژدەمو نۆزدەم ئینجا بیستەمدا جۆرە ڕێبازی جیا جیا لە نووسینو پێشکەشکردنی درامادا سەری هەڵدا لە کوردیدا، جگە لەوەی ڕەگەزی دراما لە زۆر یاری میللی ناو کوردەواری هەیە وەکو میرو ئاشەوان، ئاغا ئاغایانێو هتد... یەکەم درامای کوردی ئەوەیە کە عەبدە ڕەحیمی ڕەحمی هەکاری (١٨٩٠– ١٩٥٨) بەناوی مەمی ئالان نووسیویەتیو لەژمارە (١٥)ی گۆڤاری (ژین)ی ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە.

نموونەیەك لەشانۆگەرییەكە

(مەمۆ: بەڵێ... ئیرۆكە میر عەمر كرییە غەزایە، نەیاران سەر حەد گرتنە، زاریێ كوردان مەعازەللاهـ دێ دبەر دەستو پێییێن دژمنان بچت... ئەز ژی كێمترم! ما ئەز كورمانج نیم! ما ناموسا هەر كوردەكێ ناموسا من نینە! ئەلبەت، ئەلبەت ئەزێ بچم قیامەت ڕابت دیسا ئەز دچم، خوین سەران ببت دیسا ئەز خوە ناگرم. هەتتا خەزال ژی من مانع بكەت دیسا ئەز ناوەستم. ئەز مەمێ ئالانم. میرێ هەكارییان ئەمر كرییە...)

(تەنها بۆ خوێندنە)

لێكدانەوەی وشەكان:

ئیرۆكە : ئەمڕۆكە، ئەمڕۆ، ئیرۆ

عەمر : ئەمر، فەرمان

غەزا : چوونە شەڕی كافران

نەیار : دوژمن

سەرحەد : سەرسنوور، سەرتخووب

زاری : زارۆ، منداڵ

مەعازەللاهـ : پەنا بەخوا

ئەلبەت : بێ گومان

ڕابت : هەڵبسێ

خوەناگرم : خۆم دوا ناخەم

مانیع بكەت : ڕێ بگرێ، لێ نەگەڕێ.

هەر چەندە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ناوی (مەمی ئالان)ە، بەڵام هیچ پەیوەندی بەداستانی مەمی ئالانی ناو کوردەوارییەوە نییەو وەکو هەر ناوێکی تر بۆ پاڵەوانی شانۆگەرییەکە دانراوە.

شانۆگەرییەکە بیری نەتەوەیی و ئایینی پێکەوە گرێ داوەو هەڵوێستێکی پڕ سۆزی لە کۆتاییدا نواندووە کە لە ئەدەبی بیهودەیی (عبث) کامۆی فرەنسی نزیك دەبێتەوە.

مەمی ئالان گەنجێکە تازە ژنی هێناوە (خەزال)و پیرە دایکێکی هەیە کە جاڕی شەڕی قڕالی کافران دەدرێ‌و سەلاحەدینی ئەیووبی بەرەو رووی خاچ پەرستان دەبێتەوە، مەمی ئالان بەدوای جاڕەکەدا دەچێ‌و دوای ساڵێك دەگەڕێتەوەو لەگەڵ خەزالی ژنی باوەش بەیەکدا دەکەن‌و رادەکشێن‌و خەو دەیانباتەوەو ئەو دەمە دایکی لەماڵ نابێ کە ئەو دێتەوە، پاشان دایکی بەسەردا دێتەوەو دەبینێ پیاوێك لەگەڵ خەزالی بووکی ڕاکشاوە، ئەویش یەك ڕمی لێ دەداو دەیکوژێ‌و خەزال بە ئاگادێ‌و هاوار دەکا (تە چاڤێ خوە کۆرکر)...

ئەم کۆتاییە دڵتەزێنە لە چیرۆکی (مەمۆ)ی فۆلکۆریدا هەیەو شانۆگەری (تێك نەگەیشتن)ی کامۆی فرەنسی لەسەر هەمان بنەما هاتووە.

کــوردی پــەتـی

زمــانی کــوردی، هــەر لەســەرەتای نووســینیەوە، کــەوتبووە ژێــر کاریگەری زمانی دراوسێکانیو بەتایبەتیش زمـانی عـەرەبی، بەهـەزاران وشــەو دەســتەواژەی عــەرەبی لــەکوردی بــەکاردەهاتن وای لێ هــاتبوو زۆرجار تەنیا دارشتنی ڕێزمانی ڕستە بە کوردی دەمایەوە، دەنـا هـەموو وشــەکان عــەرەبی بــوون... ئەگــەر چــاوێکی خێــرا بــە نووســینەکانی ڕۆژنامــەی (کوردســتان)و (ڕۆژی کــورد)و (ڕۆژی کوردســتان)و... بگێــڕین ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

میجەرسۆن، کەدوای هاتنی ئینگلیز بـۆ عێـراقو کوردسـتان، خـاوەن دەسەلاتێکی زۆربوو، سەرەتا لە بەغـدا ڕۆژنامـەی (تێگەیشتنی ڕاسـتی) دەرکــردو پاشــان لــە ســلێمانی ڕۆژنامــەی (پێــشکەوتن)ی دەرکــرد (١٩٢٠- ١٩٢٢) سۆن جگە لەوەی کە خۆی کوردییـەکی باشـی دەزانـیو زۆر بەرهــەمی ڕاســتەوخۆ لــە ئینگلیزییــەوە کــردووە بــە کــوردیو لــە پێشکەوتندا بڵاوی کردۆتەوە، هەوڵی دەدا زمانی کوردی لە وشەی بیانی پاك بکاتەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە نووسـەرانی هـان دەدا بـەکوردی پـەتی بنووسـنو پێـشبڕکێیەکی ئەنجامـدا سـێ کـەس خەڵاتەکـەیان بـردەوە: یەکەم: شێخ نووری شێخ سالح بە شیعری (جووتو گـا شـتێکی چـاکە)، دووەم زەکی سائیب بە پەخشانی (بۆ چـرووك)و سێیەم: جـەمیل سـائیب بە پەخشانی (ڕۆژەوە بوونێك)، هەرسێکیان لەژمارەی (٣٠) پێشکەوتندا بڵاوکراونەتەوە.

ئەمەش نموونەیەکە لە(بۆ چرووك)ی زەکی سائیب

(هەچ وەختێ ئەم قامیشە دوو لەتە، ئەم ئاسنە دوو کەرتە ئەگرم بەدەستەوە، زمانم توێ توێ ئەبێ. خوێنی دڵ، ئەو دڵۆپە سوورانە لە هەموو شارەگی لەشمەوە کۆ ئەبێتەوەو ئەتکێ حەوزێکی سوور دەخاتە بەر چاوم، تنۆك تنۆك لە چاومەوە فرمێسك ئەرژێو لەبەر پێما بیرێك پەیدا ئەبێ سەرم وەکو مزراحێکی دگ دگە بەگوڕ دایکوتی، گێژو سوورِ ئەخواو لەبنیا ئەمێنێتەوە. ئەو هەنسکانەی لە بنکی دڵەوە هەڵئەکشێ لە گەرووما کۆ دەبێتەوە، هەناسەم لێ دەبڕێ، دەمەوێ نەختێ لەم کاسە لێو ڕێژەی دڵم بڕێژمو سووك کەم...) (بۆ خوێندنەوە)

دیارە ئەم وتارە بەکوردییەکی پەتی نووسراوە، وشەی بیانی زۆر کەم تێدایە، ڕستەکانی ڕێكو ڕەوانن، داڕشتنی پوختەو بێ گرێیە. ناوەڕۆکەکەشی بابەتێکی خودییە... نووسەر باسی باری دەروونی خۆی دەکاتو دەیەوێ بۆ کرووزو بۆ چروو دڵەی سووتاوی بە گەرووی شمشاڵ دەردەبڕێ.

(٢)

حسێن حوزنی موکریانی، کە زمـانزانو دیرۆکنـووسو هونەرمەنـدێکی گەورەی کورد بووە، لەساڵی ١٩١٥ لە حەلەب چاپخانەیەکی کڕیو ساڵی ١٩٢٦ هێنایـە ڕوانـدز دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی کتێبـی کـوردی کـردو ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی)یشی دەرکرد کـە لـەماوەی ٩٢٦– ٩٣٢، (٢٤) ژمـارەی لێ دەرچـوو. لـەژمارە (٥)ی سـاڵی دووەمـدا (١٩٢٨) وتـارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (دەوری ئیستیعباد) (ل٨– ١٥)، باسـی زولمو زۆرو کوشـتاری (محەمـەدی قاجـار) دەکـا دژی گـەلی کـوردو نەبـەردیی کـورد پێشان دەدا لەبەرگری کردنی دەستدرێژییەکانی محەمەد ئاغـا.. ئەمـەش نموونەیەکە لەو نووسینە: (لە کوردەکـانی تـاڵش، سـێ کـەس دەسـتیان هاوێژتە خەنجەری پیاوەتی، لەشەوی شەممە، بیستو یەکەمی زیلحیجە، ساڵی ١٢١٢دا، نزیك بە سپییدە، لەناو چادردا چوونە سەر ئاغـا محەمـەد بە خەنجەران پارچەیان کردو سندووقی پڕ گەوهـەرو بـازوو بەنـدو شـیری گەوهەر بەنو دەریای نـوورو تـاجی مـاه و گـەلێك چـتی بـەنرخ، کـە ئاغـا محەمەد لە حکوومەتی کوردەکانی زەندی دەسـت کـەوتبوو، هـەموویان هـەڵگرتو چـوونە کـن سـادق خـانی شـقاق، ئـەو سـێ کوردانـە تۆڵـەی کوردەکانی تاڵشو زەندیان لە ئاغا محەمەد کردەوە...).

(تەنها بۆ خوێندنە)

بەشی نموونەی ئەدەب

سەیید یاقوبی ماهیدەشتی

ژیانی:

سەیید یاقوبی ماهیدەشتی ناسراو بە (سەی یاقۆ) یەکێکە ژ هۆزانڤانێن کورد کو هۆزانی بەشێوە زاری کوردی لوڕی ڤەهاندییەو سەرەرای ئەڤ شێوە زارەش، هۆنراوەی بە موکریو هەورامی داناوە. هەر چەندە تانهۆژی ساڵی لەدایکبوونو مردنی بە تەواوی ڕوونو ئاشکرانییە، بەڵام زۆرتری سەرچاوە ئەدەبییەکان بۆ هەندێ دەچن کە ناوبراو لە ساڵی ١٢٢٩ی کۆچی کە دەکاتە بەرامبەر ساڵانی ١٨١٢– ١٨١٣ز لە گوندی (قەمەشە)ی مایدەشتدا لەدایکبووەو هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئەو کاتەو سەرەتا هەردوو زمانی فارسیو عەرەبی فێربووە، ئنجا هەر بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە کرماشان، هەر بەمەستی خوێندن سەری لە گەلەك شوێنو دەڤەر داوەو تا لەپاشان بووە بە (میرزا)و نووسەر لای حەسەن خانی فەرمانڕەوای کەلهوڕ، لای ئەودا دەمێنێتەوە تا لەساڵی ١٢٩٢ی کۆچی کە دەکاتە هەڤبەر ساڵانی ١٨٧٤– ١٨٧٥ز، کۆچی دوایی دەکاتو تەرمێ وی لە گوندی قەمەشە دهێتە قەشارتن. دیوانەکەی نزیکەی (٢٠) هەزار دێرە هۆنراوە بووە تیا چووەو نەماوە، ئەوەی ماوەو بەدەست گەیشتووە دەوری هەزار دێرێکە.

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی:

وەك زۆرینەی هۆزانڤانە کلاسیزمەکانی ڕۆژهەلات، سیفەتە زالەکان بەسەر هۆنراوەکانی سەیید یاقوبدا خۆیان لەم چەند تەوەرەیەدا دەبیننەوە:

١. تەوەرەی هۆنراوەی دلداری‌و خۆشەویستی، کە دیارە کاریگەرییەتی سەعدی شیرازی فارس‌و مەلا خدری نالی کورد بەسەریدا لەم بوارەی هۆنراوەدا تا ڕادەیەکی زۆر دیارەو، ئەو دلدارییەی کە سەیید یاقۆ باسی لێوە دەکات زیاتر بەر گۆشە نیگای دلدارییەکی ئاسمانی دەکەوێت بەلای تەسەووف‌و خواپەرستییەوە با دەداتەوە، بەشێکی زۆری ئەو هۆنراوانەی کە بەدەستمان گەیشتوون‌و لە فەوتان ڕزگارییان بووە، هۆنراوەی دلدارین، نموونەشیان ئەم چەند دێڕەیە:

(١) گا پەروانەی دەور شەم جەمالانی گا هامرازی راز کەمەر لالانی

(٢) گەهێ سکووتی گەهێ نالانی گا چون ئەودالان وێلی مالانی

(٣) من هەر دەواکەم تۆ هەر زامەنی تۆ تاکەی نەفکر سەودای خامەنی

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٢. تەوەرەی هۆنراوەی وەسفی دیمەنی سروشتی، تەوەرەیەکی دی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانییەتی کە دیارە جوانی سروشت‌و دیمەنە جوانەکانی بەهار سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخشی هۆزان بووە لای ئەو، بۆیە کە دێتە سەرباسی بەهارو دیمەنی سروشتی وەستایانە باس لە جۆری گول‌و گولزاری بەهاری کوردستان دەکات‌و دەلێت:

١. ئەرخـــەوانو نـــەرگسو نەســـرینو یـــاسو یاســـەمەن
سۆســـــەنو لاولاو ولیلـــو لالـــە هـــایی ئەحمـــەدی

٢. کـاجو شمـشادو سـنەوبەر عەرعـەرو سـەرو وسـەهی
سـەر فـرازان قـەد کەشـیدە تـا وە چـەرخ داوەری

٣. فەسڵی عەیشو فەسڵی نۆشو دڵ بە جۆشو غەم خەمۆش
بـادە نـۆشو دەس نـەدۆشو ماهڕوویـانی پـەری

٤. فەسڵی گوڵ، فەسڵی رەیاحین، فەسڵی سونبول، فەسڵی عشق
ئـەم بـەهار لالـەزارو ئـەم شـەرابی کەوسـەری

(لە سەرەتاوە سێ دێڕ بۆ لەبەرکردنە)

٣. ئنجـا تەوەرەیـەکی تـری هـۆنراو لای سـەیید یـاقۆ، تـەوەرەی هۆنراوەی ئاینییە، لەو جۆرە هۆنراوەیەشدا ئەسپی خـۆی تـاوداوەو شارەزایانە مەلەوانیی تیادا کردووە.

هـەر لـەم بـوارەدا ئەگـەر بەچاوێکی پـسپۆرانە هۆنراوەکانی سـەیید یاقوب بخوێنینەوە دەبینین وەکو مرۆڤێکی شارەزا لە ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەی زۆرجـار پـەنا دەباتـە بـەر بـەکارهێنانو سـوود وەرگـرتن لـە پەنـدی پێـشینان، بـۆ ئـەوەی هۆنراوەکـانی پـێ بڕازێنێـەوەو جـۆرە

پتەوییەك بە ناوەرۆكی هۆنراوەكانی بدات. بەكارهێنانی پەندی پێشینان لەلایەن ئەم هۆنەرەوە نیشانەی پلەو پایەی شارەزاییەتی لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا. بۆ نموونە لەم دێڕە هۆنراوەدا:

رای رووراو ئەنجیر كەردەنی وەپیش
باوە توو گورگی های نە چەڵدەمیش

(بۆ لەبەركردنە)

ئاماژە بە پەندێكی پێشینانی كوردی دەكات كە بەشێوەی لوڕی بەم جۆرەیە: ((رووا دەمی وە دار ئەنجیر نارەس، ئوشێت خراوە))

واتـــە: ((ڕێوی دەمی بەدار هەنجیر ناگات دەڵێ خراپە))

واتای دێڕە هۆنراوەكەش ئەوەیە: ((تۆ ڕێی ڕێویو هەنجیرت گرتۆتە پێش (كردووتە بەپیشە)، بابە تۆ گورگی بەڵام وای لە پێستی مەڕ دای)).

رووخساری هۆنراوەكانی

لەپێشدا گوتمان كە سەیید یاقوب وەكو هەر هۆنەرێكی ئەو سەردەمانە، لەهۆنراوەكانیدا بێ ئەوەی پێ بزانێت ڕێچكەی ڕێبازی كلاسیزمی گرتۆتە بەر، تەنانەت ڕێبازی هۆنراوەكانی لەگەڵ ڕێبازە كلاسیزمەكەی ڕۆژهەڵاتدا دەگونجێت چونكە:

١. لەهۆنراوەكانیدا زمانێكی كوردی تێكەڵ بە وشەی عەرەبیو فارسی بەكارهێناوە، كە دیارە پێی وابووە ئەم كارە جۆرە ڕازانەوەو

جوانییەك بە ڕووخسارو سیمای هۆنراوەکانی دەبەخشێت، بۆ نموونە:

٢. بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی بەسەر کێشی (عەرووز) دانراون کە هۆنەرانی عەرەبو فارسیش بەکاریان هێناوە، زیاتریش بیر بۆ ئەوە دەچێت کە ئەمەی لەژێر کاریگەرییەتی هۆنراوەکانی مەلا خدری نالیدا ١٨٠٠– ١٨٧٣ز کردبێت، چونکە شەیدای هۆنراوەکانی ئەو بووە.

١. هەر لەبەر ئەوەی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەتی هۆنراوەی هەورامی، بۆیە دەبینین ژمارەیەك لە هۆنراوەکانی بە کێشی (پەنجە– بڕگە) دانـاوە، جگە لەوەش هەتا لەجۆری دارشتنی هۆنراوەکانیداو لەجۆری ئەو پەیڤ ووشانەی بەکاری هێناوە بەلای هۆزانڤانانی گۆران (هەورامی)دا دەچێت وەك:

زاهـد حەرامـەن، زاهـد حەرامـەن
زاهـد زینـدەگی وەتـوو حەرامـەن

نەشـوورت وەسـەر نـەپات وە دامـەن
نە هەرگیز مەجلس عەیشت مەقامەن

تەماشـای ئـەبرۆی خـەم نـەکردنی
ژەو خـەمو قامـەت چـەم نـەکردنی

(بۆ لەبەرکردنە)

٤. بەگشتی ئەگەر سەیری ڕووخساری هۆنراوەکانی بکەینو تیایاندا وردبینەوە دەبینین، بەشی هەرە زۆریان هۆنراوەی ناسكو پاراون، بە

زمانێکی سادەو بێ گرێ، داینـاون کە ئەمەش یەکێکە لە سیما دیارەکانی هۆنراوەی سەیید یاقوب، دیارە سەیید یـاقوبیش، وەکـو هـەر هۆنـەرێکی کورد لەو سەردەمانەدا کەوتووەتە بەر کاریگەرییەتی چەند هۆکارێك کـە ماوەیـان بـۆ ڕەخـساندووەو بواریـشیان بـۆ خـۆش کـردووە تـا ڕێـچکەی هۆنراوە دانان بگرێتو ببێ بە هۆنـەر، هەنـدێ لـەو هۆکارانـە هاوبەشـن‌و کاریگەرییان بەسەر هەموو هۆنەرانـەوە هـەبووە، هەندێکیـشیان تایبـەتن بـەخۆی، بۆیـە بـەتێکڕایی دەتـوانین ئـەو هۆکارانـە لـەم چـەند خاڵـەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە:

١. خوێندنـــەوەی شـــاکارەکانی شـــاعیری بـــەناوبانگی فارســـی زمـــان (سەعدی) شیرازی ئەو شاکارانەش (گوڵستان)و (بووستان) بوون.
٢. کـــارتێکردنی هەنـــدەك هۆزانڤانـــانی کـــورد وەك (ئـــەلماس خـــانی کـــەلهوڕ)و (خانـــای قوبـــادی)و (نـــالی)و (ســـالم)، تەنانـــەت ئەوەنـــدە شـــەیدای هۆنراوەکـــانی (نـــالی)بـــووە هـــاتووە، ژمارەیـــەکی زۆر هۆنراوەکـــانی لـــە هۆزانڤانـــانی کـــەڵهوڕو مـــوکری وەرگرتـــووە (نموونە ل٥).
٣. وەکو زۆربەی هۆنەرو هۆزانڤانانی پێش خـۆیو سـەردەمی خۆشـی، گێـرۆدەی داوی دۆســتو خۆشەویستەکەی بـووەو ئـەم هۆکـارەش کانیاوی هۆنراوەیان لەلا تەقاندۆتەوە.

ئەمەش نموونەیێکە لەو هۆنراوانـەی کـە لـەژێر کاریگەرییـەتی هـۆنراوەی ناڵیدا دایناوە:

١. شـــووریٚ وە ســـەرم کەوتییـــە لـــەم مەســـتی چـــاوە
هـیچ جێگــە نەنیــشم مەگــەر ئــەوجی کــە شــەراوە

٢. ئـەم زولـفـو روخـی دولبـەرە؟ یـا لـەیلو نـەهارە؟
یـــا هـــەوری ڕەشو پەردەکەشـــی بـــانی هـــەتاوە

٣. ڕووخساری توو وەك مانگو دوو زولفت وەکو عـەقرەو
هـەر چـەن کـە قەمـەر عـەقرەوە، ڕازیـم بـە قـەزاوە

٤. ســـۆزی دڵمـــە باعـــسی تـــاوو کـــوڵی گریـــان
مەعلوومـــە کـــە ئـــاگر ســـەبەبی جۆشـــشی ئـــاوە

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی پەیڤان

١. شۆریٚ وەسەرم کەوتییە : شۆڕێك کەوتیتە سەرم
هیچ جێگە نەنیشم : هیچ جیٚ نییە تیایدا دانیشم
واتا : شۆڕێکی وان کەوتیتە سەر لەبەر مەستی ئـەم چـاوانە، هـیچ جهـ و شـوێنێك نییـە کـە تیایـدا دانیـشم، تـەنیا ئـەو جێگەیە نەبیٚ کە وێنەی چاوی دۆستەکەمی تێدا کێشراوەو ئـەوی تێدا هەیە.

٢. روخ : ڕوو، دەمو چاو

پەردەکەشی : پەردەی کێشاوە (کێشایە)

بانی : بەسەر

واتا : ئەمە زولفو ڕووی خۆشەویستەکەمە؟ یان ئەمە شەوو ڕۆژە، لێرەدا زولفی لەڕەشیدا بە شەوو ڕووی لە گەشاوەییدا بەڕۆژ چواندووە یا ئەمە هەوری تاریو ڕەشە کە وەکو پەردە خۆی بەسەر (هەتاو)دا داوە لێرەشدا زولفی بە هەوری ڕەشو ڕووی بە (هەتاو) چواندووە.

٣. ڕووخساری توو : ڕووی تۆ، ڕوویێ تە

عەقرەو : دووپشك، عەقرەب

ڕووی تۆ لە جوانیدا وەکو مانگەو هەردوو زولفەکەشت لەوەدا کە لاربووینەوە وەکو دووپشك وان، هەر چەندە کە مانگ بەدەست دووپشکەوە گیری خواردووە، بەڵام ئەم قەزایەو بووە وا هاتووە.

٤. سۆز : شۆڕشو سووتان، سۆتن.

باعسی : هۆکاریو سەبەبی.

تاوو کوڵ : بەخوڕ، بەلێزمەو بەتاو

جۆشش : کولان، کەلین.

شۆڕشو سووتانی دڵمە بوویتە هۆی ئەوە کە بارانی فرمێسکی گریانەکەم بەگەرمی دەڕژێ، ئەمە شتێکی ڕاستە کە ئاگر هۆی کوڵانو جۆششی ئاوە، ئەگەر ئاگری عەشقی تۆ نەبێ فرمێسکم بەو جۆرە نارژێتە خوارەوە.

عــەلی حــەریــری

عـەلی حـەریری ئێکـە ژ هۆزانڤـانێن کلاسـیزمی یـێن کـورد نـاڤێ وی (عەلی)یە ب ناڤێ گوندێ وی (حەریر) جهێ ژ دایك بوونێ ب ناڤ کرییە.

(حـەریر) گوندەکـە ل ناحیـا (شـەمزدینایە) یـاکو دکەڤیتـە دەڤـەرا (هەکاری)یا.

ناڤ و دەنگێن دەست هەلی‌و هۆستاییی‌و ئێخستنە بـەرێك‌و سـەنگاندنێ ب ئاوازەکێ خۆش‌و دلڤەکەر د کوردستانێدا ناڤدار بوویە.

عـەلی حـەریری خوێنـدکارێ جهـێ هـەکاریان بوویـە. زانـاو رۆشـنبیر بوویە، مێژوو نووسـێ کـورد (شـەرەفخانێ بەدلیسی) د (شـەرەفنامێ)دا خوێندکارێن هـەکاری یـا ب سـەر خوێنـدکارێن کـورد ئێخـستییە. پەسـنا زیرەکی‌و جوامێرییا وان کرییە.

هەروەسـا شـاعیرێ کـوردێ ب نـاڤ و دەنـگ (حـاجی قـادرێ کـۆیی) گـەورەیی‌و شـاعیرییا عـەلی حـەریری دەردئێخیـت، چـونکە ل پـالێ وان شاعیراندا یـێ کـو باسـێ وان دکـەت نـاڤێ عـەلی حـەریری پ ڤـی جـۆری دهێنیت دەمی دبێژیت:

ئــــەوی جـــامی گوتوویـــەتی ئەمەیــــە
لــەو ڤــسەو مەدحــە مەقــسەد ئەمەیــە
پــیرە مـــەردێ بدیـــدە ئـــەم ز جـــەزیر
نیــك مـــەردێ بدیـــدە ئـــەم ز حـــەریر

حاجی دبێژیت مەبەستا (جامی) ژوێ دێڕی (عەلی حەریری)یە دەمێ دبێژیت: مـن پـیرە مـیرەك دیـت خـەلکی جزیرێیـەو پیـاوەکێ چـاك دیـت خەلکی حەریرێیە.

دگەلـەك سەرچـاوەیێن ئـەدەبیاتی کوردیـدا وەسـا لێـك دەدەن کـو مەبەست پێ (مەلا جزیری)و (عەلی حەریری)یە.

ژ دایك بوون‌و مرنا عەلی حـەریری تـا ئێـستا ڕوهـن‌و ئاشـکرا نەبوویـە هەر سەرچاوەیەك ب هۆزانڤانێ سەدەیەکی دادەنێت.

لێ یادیارو ئاشـکرا، عـەلی حـەریری پـێش ئەحمـەدێ خـانی یـێ ژیـای چونکە خانی د کتێبا (مەمو زین)ێدا ناڤێ حەریری ب یێ (مـری)و ئینیـت دەمێ دبێژیت:

من دی عەلـەما کـەلامێ مـەوزوون

عــالی بکــرا ل بــانێ گــەردوون

بیناڤــە ڕوحــا مــەلێ جزیــری

پـێ حـەی بکـرا عـەلی حـەریری

کەیفـەك وە بـدا فـەقێ تـەیران

حـەتا ب ئەبـەد بمایـە حـەیران

واتــە: ((ئـەز دا ئـالایێ هـۆزانێ‌و تـۆرێ کـوردی ل هەرچـوار ڕەخـێن جیهانێ بەرزکەم. گیانێ مەلای جزیری زیندوو کەمەڤە، دا عـەلی حـەریری ب گیـان ئـێخم. ب زینـدووکرنا جزیـری‌و ب جـان ئێخـستنا حـەریری ب ڕادەکێ وەسا فەقێ تەیران دلگەش‌و بەختیارکەم تاکو هەتا هەتایێ ئـەو دلگەش‌و شادمان مابا)).

چەرخێ ژینا عەلی حەریری ب دروستی روهن و ئاشکرا نەبوویە، دتارییا نەزانینێ دایە. تنێ ئەو تشتێ نهۆ ددەستدا دێرە شیعری (پێ مەی بکرا عەلی حەریری)یا خانییەو یاکو ناڤێ وی پشتی جزیری ئینایە. جزیری ل سالا ٩٥٧ کۆچی ژ دایك بوویەو ل سالا ١٠٥٠ کۆچی یێ مری.

حەریری د وارگەهەکێ کوردیدا نزیکی نیڤا دووێ ژ سەدێ شازدێ و سەرێ سەیێ هەڤدێ زایینی ژیایە. لێ هندەك دبێژن خەلکێ (حەریرە– دێر حەریرا) لنك هەڤلێریێیە، ئەگەر خەڵکێ (دێر حەریرا) بیت ئەڤە بەلگەیەکی تازە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی دەداتە دەستو ئەو ژی ئەوە کو ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو د وی سەردەمیدا ب رەنگەکێ وەسا د (بۆتان)دا گەشە کرییە تا گەهشتییە ناوچەی سۆرانو ئەگەر میرنشینا بۆتان تێك نەچووبوایە ئەڤ دیالێکتە وەسا دا بەلاڤ بیت کو هەمی کوردا پێ نڤیسیبایە.

ئەو وارگەهـ و جڤاتگەها عەلی حەریری تێدا ژیای وەکی هەمی جڤاتگەهێن دی یێن کوردی ژ لایێ ئابووریو ئاڤەدانکرنێ د پاشکەفتی بووینەو دبن کارتێکرنا ئۆلێ (ئاینێ) موسڵمانەتێی ڤە بووینە. ژ بەر هندێ رێو دەرگەه هەمی بۆ سۆفیاتیێ د ڤەکری بوونو رەهێن خۆ تێدا ببەنە خوارێ، هێلینێن خۆ د مەژیێ زاناو نە زانادا چێکەت. ژ بەر هندێ هۆزانێن عەلی حەریری یێن کو ژ دیوانا وی ماینو ددەست دانە، رویێن وێ جڤاتگەهێو وارگەهێ کوردی کو حەریری تێدا ژیایە بەر روی دکەت.

عەلی حەریری هـوزان ب دیالێکتا کرمانجی ژووروو ڤەهاندینە، تا ئێستا ژ چەند پارچە هۆزانێ، حەریری زێدەتر ب دەست نەکەفتینە.

عه‌لی حه‌ریری هۆزانڤانه‌که‌ سه‌ر ب قوتابخانا مه‌لای جزیری بوویه‌، په‌یوه‌ندی ب ناڤه‌رۆك‌و ڕووخساری وی چه‌شنێ ئه‌ده‌با كلاسیزمی ڤه‌ هه‌بوویه‌.

ژ هۆزانێن عه‌لی حه‌ریری

١. دیـــسان ژنـــۆ عه‌شـــقا بـــه‌ری، پـــڕ ئه‌نـــده‌ روونم ئـــا ته‌شـــه
زولفـــا موزه‌ییـــه‌ن عه‌نبـــه‌ری، ده‌عـــوا دگـــه‌ل خـــالا ڕه‌شـــه

٢. خـــالال دێمـــی دل ڕه‌ڤـــا، ســـه‌د ڕوح‌و جـــانم بـــن فیـــدا
سـوتم گـه‌لۆ چـوم تـێ نـه‌ما، تـه‌رکم کـردن عـه‌قل‌و هوشـه

٣. عـه‌قل‌و هۆشـم بوونـه‌ ئه‌سیر، دنیـا کـو گه‌هگه‌هـ تێتـه‌ بـیر
دێـم شـوبهه‌تا بـه‌درا مـونیر، زولفـا ژ وه‌ردێ بـێن خوه‌شـه

٤. وه‌ردان ژ نـێڤ زولفـا ده‌ریـن، شـوعلا به‌نه‌فـشی تـێ وه‌ریـن
بـالاو قـه‌ددا عه‌رعـه‌رین، هـه‌ڕیان ل سـه‌ر مـارێ ڕه‌شـه

٥. دیـسانێ حـه‌ی تێـت‌و دچـێت، ئیحیـایی ئـه‌مواتان نـه‌بیت
وه‌جهان مـودام نـوور ژێ ته‌چێت، دێـم شـوبهه‌تی شـه‌معا گه‌شـه

٦. شـــه‌معا شه‌بـــستانان ئـــه‌وه، وه‌ردا گولـــستانان ئـــه‌وه
ســـڕی ته‌بـــستانان ئـــه‌وه، شـــۆخا (حـــه‌ریری) دلێ گه‌شـــه

٧. عــەجیب لــەتیفو جندییــە، ئــەزمان نــەزانو (ڕۆمــی)یــە
ئاگەهــ ژ عەشــقبازان نییــە، مەســتو خومــارو ســەر خوەشــە

٨. سەرخۆشــیٚ جامــا شــەربەتیٚ، دیٚــم شــوبهی شــەمعا زولــەتیٚ
حوریــا دبــاغیٚ جەننــەتیٚ، ســەرداریٚ چــەندین مەهوەشــە

٩. مەهوەش کو وەستان سەف ب سەف، ئەو هاتــە دەر مـیری دکـەف
وان گـۆت (عـەلی)یـۆ لاتەخـەف، مـە ب مردنــیٚ قـەوی خوەشــە

(سیٚ دیٚری لە سەرەتاوە بۆ لەیەرکردنە)

لیٚکدانا پەیڤان

ژنۆ	:	سەر لەنویٚ
بەری	:	پیٚشوو
ئەندە روون	:	ناوەوە، ناو دەروون
ئاتەش	:	ئاگر
موزەیەن	:	ڕازاوە، خەملاندی
دەعوا	:	شەڕ، جەنگ
ت گەل	:	لەگەلٚ
دیٚم	:	دەمو چاو
دلٚ رەڤا	:	دلٚی رفاند
گەلۆ	:	خەلٚکینە، کوڕینە
چو	:	هیچ
بیٚن	:	بهیٚن – بۆن

ژ نێڤ	:	لەنێوان
هەریان	:	شین بوون، ڕوان
حەی	:	مار
شەبستان	:	شەوە زەنگ، تاریکستان
تەبستان	:	هاوین
جندی	:	جوان، جحێل
مەست	:	سەرخۆش
مەهوەش	:	نازدار، وەکو مانگ
میسری	:	شیری میسری
ت کەف	:	ددەستدا، لە چەنگدا
وان	:	ئەوان
لاتەخەف	:	مەترسە
دەڤەر	:	ناوچە
دەست هەلی	:	زیرەکی
ئێخستنە بەرێك	:	ڕێکخستن
ناڤدار	:	ناودار
گەلەك	:	زۆر
دادنێت	:	دادەنێت
مشەختی	:	کۆچی

چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ: مردووە، کۆچی دوایی کردووە

ب یێ (مری)	:	بە مردوویی
چەرخ	:	سەدە
تنێ	:	تەنیا

نهۆ	:	ئێستا
مالك	:	دێره شیعر
نبڤا دووێ	:	نیوەی دووەم
جڤاتگەهـ	:	کۆمەڵگە
ئۆل	:	ئایین
رێ	:	رێگا
رەهـ	:	رەگ
مەژی	:	مێشك
چێکەت	:	دروست بکات
بەر رِوی دکەت	:	دیار دەکات، پێش دەخات.

١. دیسان سەر لەنوێ عەشقەکەی پێشوو سەری هەڵدایەوەو پڕ دەروونی کرد لەئاگر. ئەو زوڵفەی بە عەنبەری بۆن خۆش ڕازاوەتەوە، شەڕ لەگەڵ خاڵی ڕەشی دەمو چاوی یار دەکات.

٢. ئەو خاڵەی وا بەدەمو چاوییەوە دڵمی ڕفاند، با سەد ڕۆحو گیانم فیدای بێت، ئای خەڵکینە ئەو منی سوتاندو هیچم تێدا نەماو عەقڵو هۆشی منیان بەجێ هێشت.

٣. عەقڵو هۆشی من بوون بە یەخسیری ئەو خاڵە ڕەشەو جاروبار کە دنیای دێتەوە بیر دەبینێ دەمو چاو لە مانگی یەك شەوەی ڕووناك دەچێتو زوڵفیشی لە گوڵی بۆن خۆشی.

٤. گولّ لەناو زولّفان دەڕوێن، شوعلەی وەنەوشەیان بەسەردا وەریوە، بالاّو قەد وەك عەرعەرن‌و ماری ڕەشیان لەسەر ڕواوە. ماری ڕەش (واتە زولّف).

٥. دیسان ئەو مارە ڕەشە دێت‌و دەچێت، مردووان زیندوو دەکاتەوە (واتە ئەو زولّفە مردوو زیندوو دەکاتەوە).

دەم‌و چاو وەك مەی بەردەوام ڕووناکی لێ هەلّدەستێت‌و دەم‌و چاو وەك مۆمی گەشە.

٦. ئەو دەم‌و چاوەیە مۆمی شەوە زەنگ، هەر ئەو گولّی گولّزاران، ئەوە نهێنی گەرمی دلّ، شۆخێکی دلّگەشی خەلّکی حەریرە یا شۆخی دلّگەشی عەلی حەریرییە.

٧. زۆر سەیرو جوان‌و قەشەنگە، زمانێ کوردی نازانێت چونکە ڕۆمییە واتە تورکە، ئاگای لە عاشقان نییە، چونکە هەمیشە مەست‌و خومارو سەرخۆشە.

٨. بەجامی شەربەت سەرخۆشە، دەم‌و چاوی وەك مۆمێك وایە لە تاریکیدا، لەباغی بەهەشتدا حۆرییە، سەر دارو گەورەی پۆلی جوان‌و نازدارانە.

٩. نازداران پۆل بە پۆل ڕاوەستان‌و ڕیزبوون، ئەو نازدارەش هات‌و شیری میسری بەدەستەوەبوو، ئەوان وتیان (عەلی) مەترسە، ئێمە بە مردن زۆر دلّمان خۆشە.

مەحوی

١٨٣٠- ١٩٠٦ز

ژیانی:

هۆنەری پایە بەرزمان ناوی محەمەدە، کوڕی مەلا عوسمانی باڵخییە، لە نەوەی پیرو زانای (شێخ ڕەش)ە، ساڵی(١٨٣١ز-١٨٣٢ز)لە سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، حەوت ساڵان بوو، خراوەتە بەر خوێندن، ماوەیەك لای باوکی کتێبە وردەڵەکانی خوێندووە، پاشان بە فەقیەتی بۆ خوێندن چووە بۆ شاری (سنە، سابلاغ)، لەدواییدا گەڕاوەتەوە سلێمانی، لای مامۆستا ناودارەکانی ئەو ناوچەیە خوێندوویەتی. پاشان چووە بۆ بەغداو لای زانای بەناوبانگی کورد مفتی زەهاوی خوێندوویەو ماوەیەك لای ئەو ماوەتەوە تا ئیجازەی مەلایەتی پێداوەو کردوویە بە مامۆستای مزگەوتی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا. لەساڵی (١٨٦٢ز) بەغدای بەجێهێشتووەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو بووە بە ئەندامی دادگا. لەساڵی (١٨٦٨ز) دا بەهۆی مردنی باوکییەوە. دەستی لەکاری میری کێشاوەتەوەو بووە بە مەلاو دەستی کردووە بە دەرس وتنەوە بە فەقێیان.

لەساڵی (١٨٨٣ز) مەحوی چووە بۆ حەجو لەوێوە چووە بۆ ئەستەمولو لەڕێگای پیاو ماقووڵانی کوردەوە چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتووە، سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێ گرتووەو فەرمانی داوە کە خانەقایەکی لە سلێمانی بۆ بکەنەوە، بەناوی (خانەقای

مەحوی)یەوە. کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی خەریکی دەرس وتنەوەی زانستو ئاینو ڕابەری کردنی خەڵك لەبارەی سۆفیەتی دابووە. لە ساڵی (١٩٠٦ز) کۆچی دوایی کردووە لە خانەقاکەی خۆیدا بەخاك سپێردراوە.

لە هەرەتی تەمەنیدا جۆشو خرۆشێك لە دڵیدا پەیدابووەو بەرەو مەیدانی عەشقەوەی بردووە، هەر ئەو عەشقە بەتینە بووەتە ئیلهامی هۆنراوە وتنی، ئینجا وشەی (مەحوی) هەڵبژاردووەو کردوویە بەنازناوی هۆنراوەی خۆی.

ئەو بنەماڵەی کە مەحوی تیایدا گەورە بووەو پەروەدەکراوە وای لێکردووە کەسەر بەرێتە مۆزەخانەی ئەهلی سۆفێنزمییەوەو بەراوردێکی بیرو باوەڕەکانیان لەگەڵ دڵی خۆیدا بکات، هەر بیرو باوەڕی سۆفیەتی مەحوی کردە هۆنەرێکی ناوداری سۆفیەتی.

مەحوی بە یەکێك لە شاعیرە بەرزەکانی کلاسیزمی کوردی دادەنرێتو لەسەر ڕێڕەوی نالی ڕۆیشتووە.

ڕووخساری هۆنراوەکانی:

١. کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە.

٢. یەکێتی قافیەی پاراستووە، واتە سەرتاسەری هۆنراوەکە لەسەر یەك قافیەیە.

٣. وشەی عەرەبیو فارسی لە هۆنراوکانی دیارە.

٤. وشەکاریو وردەکاری زۆری بەکارهێناوە بەدوای وشەو دەربڕینی گران گەڕاوە.

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی:

لــەڕووی ناوەڕۆکــەوە هۆنراوەکــانی لــەبارەی ئــایینیو فەلــسەفەو سۆفیەتیو هەستی نەتەوەییە.

١. ئەمە نموونەیەك لەهۆنراوەی سۆفیەتی مەحوی:

١. دیــارم دەیــری عیــشقە،جێ بــە ســووتن بــێ لــەوێ دەگــرم
کــە مــن مــشتێ چڵو چــێوم، بەچــی بم، کــەڵکی کــێ دەگــرم

٢. نەگەییــە دامــەنی دەســتی دوعــا، جــا دەبمــە خــاکی ڕێــی
تەریقـــەی گۆشـــەگیری بـــەردەدەم، ئـــەمجارە ڕێ دەگـــرم

٣. کــەدادی یەئــسی خــۆمم بــردە لا، ئــەم عارفــە تونــد بــوو
وتــی: ئــاخر ســبەینێ جەژنــە، خــوێنی تــۆ لــەپێ دەگــرم

٤. لــە ڕوو ســوریی عیبــادەت لامو لــەڕوو زەردی خەجاڵــەت مــام
بـــەناوی ســـێوی نـــاوم باغـــەوانو مـــن بـــەهێ دەگـــرم

٥. لەســـەر خۆچـــوونە، شـــەیدابوونە، قـــوڕ پێوانـــە، ســـووتانە
هـــەتا مـــردن، مەحەببـــەت ئیـــشی زۆرە، ڕیـــزی لێ دەگـــرم

٦. چ شــۆخە ئــاگرم تێبـــەر دەداتو پـــێم دەڵـــێ یـــا شـــێخ
بـــە خاشـاکی دەوت شـــوعلە، عەسـامە دەســـتی پـــێ دەگـــرم

٧. کەســـینەی ڕێــشمی بـــەو تیغـــی نـــازە ئـــەنجن ئـــەنجن کـــرد
وتــــی: پەژموردەیـــــە ئــــەم لالــــەزارە، ئـــاوی تێـــدەگرم

٨. لــە پاداشــتی قــسەی ســەردا هەمــە ئــاهو هەناســەی گــەرم
کەســـێ شـــێتانە بـــەردم تێگـــرێ، مـــن بـــەرقی تێـــدەگرم

٩. شـــوکر هوشـــیارە مـــەحوی، تێـــدەگا دونیـــا خەراباتـــە
کـــە بـــەد مەســـتی بکـــا ئـــەهلی، خراپـــەی بۆچـــی لێـــدەگرم

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

مـەحوی لـە مەیـدانی کوردایـەتی لـەم چـوارینانەی خـوارەوەدا هەسـتی نیشتمان پەروەریو نەتەوەپەرستی خۆی دەربڕیوەو شانازی پێوە کردووە. دەڵێت:

١. لــە دەوری دڵمــی کــە دی ئــەم هــەموو غــەمو تەعەبــە
دەروونـــی کەیلـــە لـــە زووخـــاو و دەردو تـــا بەلەبـــە
وتـــی: ببـــێ دڵـــە! وەك تـــۆ خـــەرابو شـــیفتە حـــاڵ
بـــەڵێ هەیـــە لـــە مـــن ئاشـــفتە تـــر: وڵاتـــی بەبـــە

٢. بنووســه، پــیری دڵــم ئــەمری کــرد، ئیتاعــەم کــرد
لــــه ئیبتیـــداوە کـــه بـــەینێ موناســـبی دیـــوان
گەدایـــەکی وەکـــو مـــەحوی، قەلەنـــدەرێکی کـــورد
میـــسالی پادشـــەهی فورســـه، ســـاحێبی دیـــوان.

(یەك لەم چوارینە بۆ لەبەرکردنە)

واتای وشەکان:

دیار : کۆی دارە بە واتا شوێنو وڵات
دەیر : شوێنی ڕەبەنە بۆ مەسیحییەکان
گۆشەگیری : دوورە پەرێزی
عارفە : ڕۆژی پێش جەژنی قوربان
لام : من تەریكو بێ بەشو مل پێچی کەرم
شۆخ : عەیارو زۆرزان
ڕێش : بریندار، سینەی ڕێشمی: سینگی برینداری
پەژموردە : سیس بوو
سەرد : سارد
خەرابات : مەیخانە
بەدمەستی : سەرخۆشی لەرادەبەدەر
چڵۆ چێو : ئێسكو پروسك
بەناوی سێوی ناوم: واتە بەسێو ناوی بردووم، ناڤێ من کرییە سێڤ

شـێخ ڕەزای تـاڵەبـانـی

١٨٣١ز- ١٩١١ز

ژیانی:

شاعیری گەورەمان ناوی (ڕەزا)یەو کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مـەلا مەحموودی زەنگەنەیەو لە ساڵی ١٨٣١ زایینی لە گونـدی (قـرخ)ی سـەر بەشـاری کـەرکووك هاتۆتـە دنیـاوە، لـە مزگەوتـدا خوێندوویـەتی، جگـە لەزمانی دایك زمانـەکانی عـەرەبیو فارسـیو تـورکی بـە باشـی زانیـوە، هۆنراوەی بەم چوار زمانە نووسیوە تێیاندا باڵا دەسـت بـووە، شـارەزای ئەدەبیاتی فارسـیو عـەرەبیو تـورکی بـووە، ماوەیـەك ژیـانی خـۆی لـە ئەستەنبۆڵ بەسەر بردووە پاش گەڕانەوەی بۆ کـەرکووك لەسـاڵی ١٨٩٨ چووەتە بەغدا لـەوێ پەیوەنـدی لەگـەڵ بنەماڵـەی سـەلیم بـەگی بابـانو سەید عبدولرەحمان نەقیبی بەغـداد زۆر خۆشـبووە، تـا لەسـاڵی ١٩١١ی زاینـی لەتەمـەنی (٧٩) سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووەو لـە گۆڕسـتانی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نێژراوە...

دیوانەکەی تـاوەکو ئێستا چـەند جـار لـە کوردسـتانو لـە دەرەوەی کوردستاندا چاپکراوە، دیوانەکەی کـراوە بەسـێ بـەش (بەشـی کـوردیو فارسیو تـورکی) لـە هـەر سـێ زمانیـشدا شـاعیرێکی زۆر سـەرکەوتووە، تەنانـەت وای لێ هـاتووە هەنـدێك لـە شـارەزایانی ئـەدەبی تـورکی بـە شاعیرێکی گـەورەی نەتـەوەی تـورکی دابنـێن کـە ئەمـەش ڕاسـت نییـە، ستەمێکی گەورەیە کە لەم شاعیرە گەورەیەی کورد دەکرێت:

١. چاپی یەکەمی دیوانەکەی لەساڵی ١٩٣٥ لەلایەن مەریوانییەوە لە بەغدا بووە.

٢. (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) چاپی ساڵی ١٩٤٦ لە بەغدا لەلایەن شێخ عەلی تاڵەبانییەوە چاپکراوە.

٣. (دیوانی شێخ ڕەزا) چاپی ساڵی ١٩٩٩ لە سلێمانی ئامادەکردنو لێکدانەوەی ئومێد کاکە ڕەشو حەمە بۆر.

٤. (دیوانی شێخ ڕەزا) ساغکردنەوەی شوکور مستەفا چاپی ساڵی (٢٠٠٠) لە شاری هەولێر.

٥. (دیوانی شێخ ڕەزا) ساغکردنەوەو لێکدانەوەی د. موکەڕەم تاڵەبانی لەساڵی (٢٠٠١) لەشاری هەولێر چاپکراوە.

٦. (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) کەڵە شاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلە لەسەر ژیانو هۆنراوەکانی لەلایەن نووسەر (ئەحمەد تاقانە).

مەبەستەکانی شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

هۆنراوەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەم مەبەستانەیان تێدا دەبینرێت:

١. داشۆرینو شەڕە جنێو (جوێن):

ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانی شێخ ڕەزا ئەوە دەبینین زۆربەی هۆنراوەکانی، داشۆرینن واتە هۆنراوەی (هەجوون، واتە ئەم بابەتە بابەتی سەرەکی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بووە، بە هونەرێکی بەرزو زمانێکی ئاگرینەوە دایرشتوون، قسەی سەیرو سەمەرەن کە نەك هەر پسپۆرو شیعر دۆستان بەڵکو بەگشتی زۆربەی خەڵکەکە حەزیانی لێی بووە، بۆتە مایەی بەناوبانگ بوونی شاعیر، واتە هۆیە سەرەکییەکەش ئەو هۆنراوە پڕ لە جنێوو قسە پەردە لێ هەڵماڵراوانەیەتی، بۆیە شاعیر شانازی بۆ بەزمانی خۆی دەکات لەم بارەیەوەو دەڵێت:

تۆ هەتە تیغی دەبان، من هەمە تیغی زبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەك ئاسمانو ڕێسمان

(بۆ لەبەرکردنە)

کە لەم دێرەدا شێخ ڕەزا زمانی شیعرەکانی خۆی بە تیغ دادەنێت بەرامبەر خەنجەری دەبانی خەڵك واتە هی ئەو تیژترە لەهی ئەوان.

هۆنراوە شەڕە جنێوەکانی نێوان شێخ ڕەزاو شاعیری گەورە (جەمیل صدقی زەهاوی) لەلایەكو شێخ ڕەزاو شوکری فەزلی لەلایەکی ترەوە هەر لەو شەڕە جنێوانە دەچێت کە لە نێوان شاعیرانی عەرەب (جەریر)و (فەرەزدەق) کراوە بەڵام ئەم هۆنراوانەو هۆنراوەکانی تری هێندە ڕوو هەڵماڵراون کە ڕووی ئەوەمان نییە بیانخەینە سەر لاپەڕەکان لێرەدا

تەنها ئـەم هۆنراوەیـەی دەخەینـە ڕوو کـە زەمـی (شـێخ عـەلی) دەکـاتو دەڵێت:

١. **بێگانـــە هـــەموو ســـاحیبی جـــاهو جەبـــەڕووتن**
بێــچارە بــرای (شــێخ عــەلی) مــوفلیسو ڕووتــن

٢. **ئــەی شــێخ عــەلی چــاکە وســووقت بــەبرا بــێ**
بـاوەڕ مەکـە بـەم خەڵقـە کـە وەك توولـە لـەدووتن

٣. **قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە بە گۆش بوون**
تــەحقیقی بزانــە بــە خــودا جوملــە عــەدووتن

٤. **ڕەحمیــان نییــە دەربــارەیی تــۆ خــزمو ئــەقارب**
موشــفیقترە، بێگانـــە، لەمانـــە کـــە عـــەمووتن

٥. **نـــادانو قورمـــساغو نـــەزانن کـــە ئەمانـــە**
گـاهێ لـە سـەما، گاهـ لـە سـەیری مەلـەکووتن

٦. **ئـەم تەکیـە نـشینانە چـە دەروێـشو چـە سـۆفی**
هــەر چــەند بــەدڵ موشــتەغیلی زیکـرو قنــووتن

٧. **وەك حاجی مابەینی (سەفا)و (مەروە) بە تەعجیل**
بـۆ لوقمـە ئـەمانیش بـە مەسـەل یـونسو حووتن

٨. جومعانــــه بـــڕاوه، بـــه خـــودا موفليـــسه (لاميـــع)
نـــــهپوولی حـــــهمامی ههیــــه نـــــهپارهیی تـــــووتن

(له سهرهتاوه سێ دێر بۆ لهبهرکردنه)

٢. نيشتمان پهروهری و شانازی کردن:

شـێخ ڕهزا لـهباری نیشتمانپهروهریـشدا شـاعیرێکی بـێ وێنـه بـووه، لهدیوانهکهیـدا کۆمـهڵێك هـۆنراوهی وا دهبینرێـت کـه لووتکـهی ههسـتی نیشتمانپهروهرییهو شانازییهکی بێ وێنه به دهوری میرنیشینهکانی بابان دهکات که لهشاری سلێمانی فهرمانڕهوا بوون ئهویش وهکو ڕۆشـنبیرێکی هۆشیار ئهوهی زانیوه که لـهناو چـوونی میرنـشینی بابـان زیـانی خـۆیو نهتهوهکهیهتی، بۆیه ههناسهی ساردی بـۆ ههڵدهکێشیٚو لـه ههسـتێکی نهتهوهییهوه باسی (سلێمانی)ی پایتهختی بابان دهکاتو دهڵێت:

١. لـــــهبیرم دێ ســـــولهیمانی کـــــه دارو لـــــوڵکی بابـــــان بـــــوو
نـــه مـــهحکوومی عهجـــهم، نـــه سوخرهکێـــشی ئـــالی عوسمـــان بـــوو

٢. لهبـــهر قـــاپی ســـهرا ســـهفیان دهبهســـت شـــێخو مـــهلاو زاهیـــد
مـــهتافی کهعبـــه، بـــۆ ئـــهربابی حاجـــهت گـــردی ســـهیوان بـــوو

٣. لهبـــهر تـــابووری عهســـکهر ڕێ نـــهبوو بـــۆ مهجلیـــسی پاشـــا
ســـــهدای موزیقـــــهو نـــــهقاره تـــــا ئـــــهیوانی کـــــهیوان بـــــوو

٤. درێــغ بــۆ ئــەو زەمانــە، ئــەو دەمــە، ئــەو عەســرە، ئــەو ڕۆژە
کــە مەیــدانی جریــد بــازی لــە دەوری کــانی ئاســکان بــوو

٥. بــەزەربی حەملــەیێ بەغــدای تەســخیر کــردو تێــی هەڵــدا
ســولەیمانی زەمــان ڕاســتت ئــەوێ بــاوکی ســولەیمان بــوو

٦. عــەرەب ئینکــاری فــەزلی ئێــوە ناکــەم ئــەفزەڵن، ئــەمما
ســەلاحەددین کــە دنیــای گــرت لــەزومرەی کــوردی بابــان بــوو

٧. قوبــووری پــڕ لــەنووری ئــالی بابــان پــڕ لــە ڕەحمــەت بــێ
کــە بــارانی کــەفی ئیحــسانیان وەك هــەوری نیــسان بــوو

٨. کــە عەبــدوللا پاشــا لەشــکری والی ســنەی شــڕ کــرد
ڕەزا ئــەو وەختــە عــومری پێــنج و شــەش تیفڵــی دەبــستان بــوو

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

لە شیعرێکی تر دەڵێت:

زوبـدەی مـەتاعی حیکمەتـە ئـەم شیعری کوردییـە
هەرزانــە بــێ موبالەغــە حــەرفێ بــە گەوهــەرا

(بۆ لەبەرکردنە)

لێرەدا دیسان لـە هەستێکی نیـشتمانپەروەرییەوە شـانازی بـەزمانی کوردیو وشەی کوردی دەکاتو دەڵێت پارچەی ڕەنگاو ڕەنگی بە نرخـی حیکمـەت کـە هێنراوەتـە مەیدانـەوە شـیعری زمـانی کـوردی خـاوێنترو پاکژتری ئەو پارچەو ئەو کوتاڵەیە، ئەگەر بێتو تاقـە پیتێکـی بفرۆشـی

(تەنانەت بە زێڕیش) لەبەر ئەوە ئەم بەنرخترە هەر دەخەڵەتێت، دیارە ئەم شیعرەی منیش دایدەنێم یەکێکە لەو شیعرە کوردییە بەنرخانە:

٣. ستایش:

شێخ ڕەزا لەستایشدا کردنیشدا دەستێکی باڵای هەبووە کە هەندێك کەسی ستایش کردووە، کەم شاعیر هەیە لەم بابەتەشدا بیگاتێ، ئەوەتە کە ستایشی کاك ئەحمەدی شێخ دەکات دەڵێت:

١. مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانیو خاکی
خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

٢. ئەو قدوەی ساداتە کە سوکانی سەماوات
شەریانە لەسەر سوجدە لەبەر مەرقەدی پاکی

٣. بۆ دەستو عەسا نازگەکەی داخە دەروونم
قوربانی عەساى دەستی دەبم، سۆڵو سیواکی

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٤. دڵداری:

شێخ ڕەزا ڕێگەی شیعری دڵداریشی گرتووە وەکو هەموو شاعیرە کلاسیزمییەکانمان، جوانترین شیعری دڵداری کوردیی نووسیوەتەوە، بە سۆزێکی ڕاستەقینەوەو زۆر ڕاستگۆیانە، کۆمەڵێك شیعری دڵداری لەدیوانەکەیدا دەبینرێت، وا لێرەدا یەکێك لە شیعرە تەڕو ناسکەکانی دەخەینە ڕوو کە پێنج خشتەکییەکە لەسەر شیعرێکی مستەفا کوردی:

دڵی بردم بەنازو عیشوە دیسان، شۆخێ، عەیارێ
فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبێ، سەحارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لەڕێی پێغەمبەرا چارێ.
ویساڵ یا قەتڵو یا تەسکین، لەهەرسێ بۆم بکەن کارێ

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

ڕوخساری شیعرەکانی:

شێخ ڕەزا بە گەورەترین شاعیری کلاسیزمی کوردی دادەنرێت کەسەر بە قوتابخانەی شیعری بابانە، چونکە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەشاری کەرکووك لەسەر ڕوخساری شیعرەکانی نالیو سالمو کوردی هۆنراوەکانی هۆنیوەتەوە، واتە لە شیعرەکانیدا لەڕووی ڕووخسارەوە ئەم خالانە دەبینرێت:

١. بەزمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی عەرەبیو فارسیو تورکی هۆنراوەکانی نووسیوەتەوە.

٢. بەکارهێنانی کێشەکانی (عەرووز)ی عەرەبی.

٣. لەڕووی سەرواوە پەیڕەوی شیعری کلاسیزمی کوردی کردووە، واتە سەروای یەك ڕەویەی بەکارهێناوە کە پێی دەوترێت سەروای یەکگرتوو، واتە هەموو دێڕەکان بەیەك پیت کۆتاییان دێت.

٤. پاراستنی بابەتەکانی غەزەلو چامە لەهۆنراوەداو پەیڕەوکردنی بابەتەکانی ڕەوانبێژی واتە یاری کردن بە وشەو وشەکاری لەناو هۆنراوەکانیدا.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی

لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە ئەم خاڵانە دەبینرێن:

١. لەهۆنراوەکانیدا هەموو مەبەستەکانی هۆنراوەی گوتووە هەر لە داشۆرین تا دڵداریو ستایش کردنو شانازی کردنو تەنانەت شیعری ئاینیو تەسەوفی هەیە، بەڵام لە هۆنراوەی داشۆرین پلەی یەکەمی هەیە.

٢. هۆنراوەی فارسیو تورکی زۆر کاریان تێکردووە، بەتایبەتی هۆنراوەکانی (حافزی شیرازی) گەورە شاعیری فارسی کاریگەرییەکی زۆرییان لەسەر هەبووە.

٣. یەکێکە لەو شاعیرانەی کەسەر بە قوتابخانەی بابان بووە واتە سەر بە قوتابخانەی شیعرییەکەی نالیو سالمو کوردی، بەتایبەتی شاعیری گەورە (نالی).

نـــاری
١٨٧٤- ١٩٤٤ز

ژیانی:

هۆنەری پایە بەرزمان ناوی (کاکە حەمـە)یـەو کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولرەحمانە، لەسـاڵی (١٨٧٤ز) لـە گوندی (کیکن)ی نزیك مەریوانـەوە هاتۆتـە دونیـاوە، لـە تەمـەنی شـەش سـاڵاندا لای بـاوکی دەسـتی بەخوێنـدن کـردووە، قورئـانو کتێبـە وردەڵـەکانی تـەواوکردووە، ئینجـا بـە فەقێیـەتی بـەدوای خوێنـدن لـەم شـوێنانە (مـەریوان، سـنە، پێنجـوین، سـلێمانی، بانـە، سـابلاغ، وان، باشقەڵا، هەولێر، ڕەواندز) گەڕاوە. لە ڕەواندزێ لای مامۆستا ئەسعەدە فەندی خەیلانی ئیجازەی مەلایەتی لەساڵی (١٨٩٧ز) وەرگرتووە.

پاشان گەڕاوەتەوە بۆ مـەریوانو لـەوێ چـووە گونـدی بێلـووی نزیـك مـەریوان، بـەدەرس وتنـەوە خـەریك بـووە تـا لەسـاڵی (١٩٤٤ز) کۆچـی دوایی کردووە لەدێی بێلوودا بەخاك سپێردراوە.

هـۆنراوەی نـالیو مـەحوی کاریـان کردۆتـە سـەر نـاریو تـەلی سـۆزی شـاعیریان بزوانـدووەو مێـشکیان زاخـاو داوە. وشـەی (نـاری)ی هەڵبژاردووەو کردوویە بە نازناوی هۆنراوەی خۆی.

نـاری یەکێکـە لـە لووتکـە بـەرزو دیارەکـانی ڕێبـازی کلاسـیزمی کوردیمانو بە بەرهەمە ڕەنگینەکانی ئەو ڕێبـازە ئەدەبییـەی گەشـەدارتر کردووە.

ڕوخساری هۆنراوەکانی:

١. کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە

٢. یەکیەتی قافیەی پاراستووە.

٣. وشەی عەرەبیو فارسی لە هۆنراوەکانیدا دیارە.

٤. گرنگی بە وشەکاریو ڕازاندنەوە داوە، لە وشە دەربڕینو بەهرەی وشە ئارایيدا شارەزاییەکی بەتوانا بووە.

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی:

لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەم مەبەستو بابەتانە (دڵداریو خۆشەویستی، ستایشی ئایینی، نیشتمان پەروەریو نەتەوایەتی) بە ئاشکرا لە هۆنراوەکانی دەدرەوشێنەوە.

١. **هۆنراوەی دڵداری:** ناری هۆنراوەی دڵداریو خۆشەویستی هەیە، ئەمجا ئەو دڵدارییە حەقیقی بێت یان مەجازی بێت، گرنگ ئەوەیە بەدڵو دەروونێکی پڕ بەجۆشی عەشقەوە ئەم هۆنراوە ئاگرینانەی وتووە.

١. چاوەکەم مـن بۆیـە دایـم کـارو پیـشەم زارییـە
حـاکمی چـاوت لەگـەڵ مـن مـایلی غەددارییـە

٢. شـۆڕشو نـاڵینی کـەس بـێ وە جهـو بـێ عیللـەت نییـە
ئـاهی مـن فـەریادی بولبـول ئیـشی بـێ غـەم خوارییـە

٣. مـن هـەر ئـەو ڕۆژە دەسـم شـۆری لـە ڕۆحـی خـۆم کـەدیم
حەزرەتی خوون خواری ئەبرۆت مەشرەبی خوون خوارییە

٤. گــەر دەپرســی بۆچــی بــێ نەشــئەو مــەلوول‌و عــاجزی
ڕوومــــەتی زەردم عــــەزیزم شــــاهیدی بــــێ یاریــیە

٥. کـەم بـە خەنـدە بـێ بـەلامۆ حەیفـە تـانەم لـێ مەدە
لـێم گـەڕێ تـو بـێ‌و خـودا ئـەم جـارە دەردم کارییــە

٦. دڵ لــە شــامی پەرچــەمی ڕووتــا بــەدایم بــێ خــەوە
چــونکە کێشکــچی لــە شــەودا عــادەتی بێدارییــە

٧. حیکمەتی پـڕ مەسئەلەی کوڵمت لە بۆ کێ حەل دەبێ؟
هــەر ســەحیفە ســەد ئیــشارەو ڕەمــزی تێــدا جارییــە

٨. خـاڵی ڕوخـسارت هیدایـەت بەخـشە، شـەرحی زولفەکـەت
قــــازی ئاســــا حاشــــیەی ئەگریجــــەکانت لارییــــە

٩. ڕووت وەکوو ئاتەش موژەت وەك شیشە ئەبرۆت قیمەکێش
میرووەحــەت زولــفو کــەبابت جــەرگی پــارەی نارییــە

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

٢. **هۆنراوەی ئایینی:** ناری بەدڵێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە، بەدەروونێکی بە سۆزەوە هاتۆتە سەر باسی ستایشی ئایینی و وتوویە:

١. سوورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لەولا دەکا
ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەتی تاها دەکا

٢. خاکی بەر دەرگاهی قەسری گەر بەسەرداکا، گەدا
هەر نەفەس نەفرەت لەتاجی قەیسەرو دارا دەکا

٣. ئاسمان وەك موشتەری هەر دەم بە میزانی وەفا
کەسبێ هەر شامێ بەیادی دەولەتی ئەسرا دەکا

٤. گەر تەسەورکا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعزەمی
تا ئەبەد تەرکی بەیانی ڕەفعەتی عیسا دەکا

٥. نووری عیشقی تۆ لەسەر توری دڵی موسا مەگەر
دای لەسەر سینەی بە شەوقی دڵ یەدی بەیزا دەکا

٦. بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوتفت ببێ
ناری نەمردووی بە سەحنەی (جەننەتو لمەئوا) دەکا

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

٣. هۆنراوەی نیشتمان پەروەری: ناری بەناوی سۆزی ئایینیەوە باسی نیشتمان دەکاتو لەناخی دەروونییەوە ئاخ بۆ نیشتمان هەڵدەکێشێت کە بەو شێوەیەی دەیبینێت:

١. ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما سەیرو سەفاکەت؟
بۆ زێڕو زەبەر بوو بەدەمێ، قەسری وەفاکەت؟

٢. بۆ گوڵشەنی ئاوابی مەحەببەت نییە ئەمڕۆ؟
بۆ سازە لەبۆ نەشتەری دڵ خاری جەفاکەت؟

٣. بۆ دڵ بەدڵی مەیلی نەماوە لە وەتەندا؟
بۆ ڕووی لەتەرەف قیبلە نەما قیبلە نوماکەت؟

٤. بۆ قاعیدەیی بوغزو حەسەد سازە لەتۆدا؟
بۆ پاکی شکا، پەنجەیی ئیحسانو عەتاکەت؟

٥. سا بۆچی نەبی تۆ بە زرێباری مەجووسی؟
یا چیهرەیی تۆ دیدە نەبینێ بە عەبووسی؟

(لەسەرەتاوە سێ دێڕی بۆ لەبەرکردنە)

واتای وشەکان:

کارو پیشەم زارییە	: کارو پیشەم گریانە.
خوون خواری	: خوونکاری، خوێن ڕشتن.
کێشکچی	: ئێشکچی، پاسەوان.
ئاتەش	: ئاگر.
میڕوەحە	: باوەشێن.
قازی	: لاری: نـاوی مـصلح الـدین لارییـە، خـەڵکی ناوچـەی لارسـتانە، پـەڕاوێزی لەسـەر زۆر کتێبی دینی هەیە.
جەرگی پارە	: جەرگی پارچە کراو.
جیلوە	: خۆ دەرخستن.
موشتەری	: ناوی ئەستێرەیەکە لە ئاسمان.
خار	: دڕك.
زێرو زەبەر	: مەبەست شـاری زرێبـارە کـە ڕۆچـوو، ئێـستا دەریاچەیە بەناوی زرێبار ناسـراوە لەناوچـەی مەریوان لە کوردستانی ئێران.
بە عەبووسی	: بەڕوو گرژی.

زێـــوەر

١٨٧٥ز- ١٩٤٨ز

شاعیری پایە بەرزو نیشتمان پەروەری کورد نـاوی عەبدوڵڵایـە کـوڕی محەمەدی مەلا ڕەسووڵە، لەسـاڵی (١٨٧٥)ز لەشـاری سـولێمانیدا چـاوی بە جیهان هەڵهێناوە، حوجرەو مزگەوت کانگای بـەهرەی خوێنـدنی بـوو، جگـە لـە زمـانی کـوردی زمـانی فارسـیو تـورکیو عـەرەبی زانیـوەو هۆنراوەی بەهەموویان هەیە، ئەو کاریگەریانەی بەسەر زێـوەرەوە دیـارن ئەمانەن:

١. زێوەر هەر لەتەمەنی لاویەتیدا دیمەنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کوردستان کاریان کردۆتە سەر دڵو دەروونیو هەستی ناسکیان جووڵاندووە.
٢. تامو بۆنی شیعرەکانی مەولەویو ناڵی لەهەموو دەمارەکانیدا هـاتوو چۆیان کردووەو تەلی سۆزیان بزواندووە.
٣. دیـوانی شـاعیرە فارسـەکانیش کاریـان تێکـردووەو هەسـتیان جولاندووە، وایان لێکردووە کە باوەش بە ئاسۆی شیعردا بکات.
٤. هەروەها ستەمو زۆرداری ڕۆژگـارو چەوسـاندنەوەی نەتـەوەی کـورد ئەوەنـدەی تـر دڵیـان هێناوەتـە کـوڵانو بـەرەو کۆشـی شـیعریان بردووەو ئیلهامی شیعریان بەتینتر کردووە.

وشـەی (زێـوەر)ی هەڵبـژاردووەو کردوویـەتی بـە نازنـاوی هـۆنراوەی خـۆی، لـە ڕۆژی ١٠/١١/١٩٤٨ لەشـاری سـولێمانیدا لـە تەمـەنی (٧٣) ساڵیدا ماڵاوایی لەم جیهانە کردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە.

هۆنراوەكانی لـەبارەی (دڵـداریو خۆشەویـستی، وەسـفی سروشـت، كۆمەڵایـەتی، نیـشتمان پـەروەریو نەتـەوەیی، فێركـردنو هانـدان بـۆ خوێندنو پێشكەوتن، فەلسەفە) بوون، واتە لەڕووی مەبەستەوە دەكرێن بەم جۆرانە:

زێوەر وەكو شاعیرەكانی تر لەسەرەتادا دەكەوێتە مەیدانی دڵداریو خۆشەویستییەوە، لـەو بـوارەدا ئەسـپی خـەیاڵی تـاو داوەو پەپوولـەی ئارەزووی لە ڕەنگینترین باغچە نیشتۆتەوە، بـیری وردو خـەیاڵی ناسكو سۆزی بـەتین لەهۆنراوەكانیـدا دیـارن، یەكێكـە لـە شـاعیرەكانی ڕیـزی پێشەوەی بابەتی هۆنراوەی دڵداری لە ئەدەبیاتی كلاسیزمی كوردیدا.

سەیر بكە چۆن وەسفی یارەكەی دەكاتو دەڵێت:

١. تكـــانی ئـــابڕووی چـــەمەن بـــەڕووی ئابـــدارەوە
شـكانی نرخـی نەسـتەرەن بـە زولفـی مـشكبارەوە

٢. چمە لە مەی؟ لە نەی! لەجام ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بـــەڕووی تابـــدارەوە، بەچـــاوی پـــڕ خومـــارەوە

٣. عـەرەق نییـە لـە عالـەما كـە لابـەرێ لـە دڵ غـەما
بە غەیری قەترە عارەقێ لە ڕووت كەدێتـە خـوارەوە

٤. نیشانی مـن، جـەمالی تـۆ، بـەراتی مـن، ویـساڵی تـۆ
خەیاڵی من لـە خاڵی تـۆ، بـە عیشوە لـێم مەشارەوە

٥. عەزیزەکـەی حـەبیبی مـن، نیگارەکـەی تـەبیبی مـن
بـا شـەق بـەرێ ڕەقیبـی مـن، وەرە بەسـەد ویقـارەوە

٦. فیدا خەدو قـەدی تـۆ، چـەمەن بـە فـەوجی گوڵیـەوە
بــە بولبـولو بــە چـڵیەوە، بــە قـومریو چـنارەوە

(لە سەرەتاوە سێ دێڕ بۆ لەبەرکردنە)

زێـوەر باسـی جـوانی سروشـتی کـردووە کـە بەدەسـتی کردگـار نەخشاوە، سەیری ئەو دیمەنەی کردووە، کە لەبـەهاردا هاتۆتـە کایـەوە، لەم بارەیەوە گوتوویەتی:

١. بنــوارە نــەو بــەهارو هــەوای تــەڕاوەتی
نووسـانی پێکـەوە لـەبی غونـچەی حـەلاوەتی

٢. هێنایە شەوقو زەمزەمە، تەیرانی سـەر زەمـین
سـەرما بڕایـەوە، هـەموو تونـدیو سـەلابەتی

٣. هـەورە تریـشقە بۆتـە سـەقا ئاوڕشـێن ئـەکا
تـا سـەبزە زاری ئـەرز موجـەلابێ سـەفوەتی

٤. ئەم عـەردە مـردووە هـەموو ڕۆحـی کرایـە بـەر
گـۆڕاوە سەربەســەر هــەموو دونیــا قیافــەتی

٥. بــادی ســەبا بــەجیلوە قــەدی گوڵبــەنی لــەران
گـوڵ زاری کـردەوە کـە بکـا شـوکری نیعمـەتی

(لەسەرەتاوە دوو دێری بۆ لەبەرکردنە)

٣. لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە بینویەتی شیرازەی یاسا لەیەك تـرازاوەو هەر لایەك کە تـۆ دەیگـریو دەتـەوێ بـچیتە ناویانـەوە، سـەیر دەکـەیت لەوانی تر خراپترن، هەمووی ئامانجێك هاتۆتـە سـەر پـارە پەرستیو لـە ویژدان دوورکەوتنەوە، لەم بارەیەوە وەکو شارەزایەك ئامۆژگـاری خـەڵك دەکاتو دەڵێت:

١. یەك عەیبی خەڵك ئـەبینی خۆت ساحیبی هەزاری
خـــەڵکت لـــەلا خـــەرارە خۆیـــشت وەکـــو دەواری

٢. زاهــیر فــەقیرو ســالم، بــەڕەنگو بــەرگی عــالم
ئـــەمما لـــەناو دەروونـــدا مـــارێکی زەهـــرداری

٣. چۆن پێت بڵێم موسوڵمان یان فەردی نـەوعی ئینـسان
دووری لـە خێـرو ئیحـسان مەسـتی مـەیو قومـاری

(تەنیا دێری یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

٤. لــەبارەی هەســتی نیــشتمانپەروەریو نەتەوەییــەوە، زێــوەر بینیویەتی وا نەتەوەکەی لەژێر باری ستەمی زەمانو ناحەزی ڕۆژگار دەچەوسێنرێتەوە، دوورە لە هەموو نازو نیعمەتێك، دوورە لەژیانی خۆشیو ئازادی، بۆ ڕزگار بوون لەم جۆرە ژیانە، شاعیر داوای تێکۆشانو برایەتیو زانستو خوێندەواری کردووە، ئەمانەی بە بناغەی سەرکەوتن داناوەو گوتویەتی:

١. وەتــەنێ مــە کوردســتانە یادگــاری ئەجدادمانــە
بەهەشــتی ســەر ڕووی زەمــین خــاکی پــاکی کوردســتانە

٢. بــا هــەموومان وەك بــرابین، ڕەفیقــی دیــنو دونیــابین
بــا لەوەحــشەت تــەوەلابین، نۆبــەتی عــیلمو عیرفانــە

٣. کــورد میللــەتێکی ناســراوە، لــە مــەعاریف بــەجێ مــاوە
ڕۆژی ســەعیو تێکۆشــینە بــۆ ئــەو کەســەی کوردزمانــە

٤. کــورد میللــەتێکی قەدیمــە، ســاحیبی تــەبعی ســەلیمە
شــاهیدی ئــەم مودەعایــە ســەلاحەدینی ســوڵتانە

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

٥. زێوەر دێتە سەر باسی وردەکاریو وشەکاری لەزمانی کوردیدا، بەڕاستی گۆی هونەری بردۆتەوەو ڕەوانبێژی زمانی کوردی دەرخستووە، لەسەر شێوەی نالی ڕۆیشتووەو بگرە تاکی ترازووی لەگەڵ نالیدا ڕاست کردۆتەوە. وەکو گوتوویەتی:

١. با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانەبێ
لازمە ئەو ئاسکە لەولانەبێ، لەولانەبێ

٢. دیدە وەختێ تۆی لەلا حازر نەبێ وا حەز ئەکا
بۆ نەزەر لەعلو دوڕی یەکتانەبێ، یەکتانەبێ

٣. عارفی حەق بێن چ باکی زینەتو ئارایشە
وای ئەوێ ناو شارو ناوێ وانەبێ، دێوانەبێ

٤. دۆستیو خزمی نەماوە بۆ ڕەفیقی خۆێ فەلاح
حەز ئەکا بەو شەرتە گەر بێ گانەبێ، بێگانەبێ

٥. هەر کەسێ بۆ تەرکی دلبەر دێ نەسیحەتمان ئەکا
ئەم دوعایەی لێ ئەکەم یاخوا نەبێ، یاخوا نەبێ

٦. شەمعی ڕووتە بۆتە باعیس زێوەر ئێستا دائیما
گەر لە خاتریا کەمێ پەروانەبێ، پەروانەبێ

(لەسەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

واتای وشەکان:

تکانی	: ئاوی لێ هاتە خوارەوە
ئابڕو	: حەیا
چەمەن	: باخچە
ئابدار	: ئاوی پێوەبێت، ئاودار
شکانی	: نرخی کەم کردەوە
نەستەرەن	: گوڵێکی بۆن خۆشە، ڕەنگی سوورە یا سپییە.
مشکبار	: بۆنی مسکی لێ بێت.
تابدار	: هەتاو، هەتاڤ
خومار	: نازو عیشوە
رەقیب	: ناحەز، دوژمن
ویقار	: گەورەیی
ئەنیسی	: هۆگری
ئاسك	: مامز
لەولا نەبێ (١)	: لەلای رەقیب نەبێ
لەولا نەبێ (٢)	: لە هێلانەکەی خۆی بێ کەماڵەکەیەتی.
یەکتا نەبێ: (١)	: بێ هاوتا، نەبێ
یەك تانەبێ (٢)	: تانەیەکی بەسەرەوە بێ
دێ وانەبێ (١)	: دێ وەها نەبێ
دێوانەبێ (٢)	: شێت بێ
بێ گانەبێ (١)	: بێ گای جووت نەبێ

بێگانەبێ (٢) : لاییدەبێ. خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە بێ. بیانی بێت

یاخوا نەبێ (١) : **یاخوا ئەو کەسە هەر نەبێ.**

یاخوا نەبێ (٢) : مەبەست پێی (خوانە) شێت بێ. کە کابرایەکی شێت بووە.

پەروا نەبێ (١) : بێ پەروا، بێ ترس

پەروا نەبێ (٢) : با ببێ بە پەروانە

تێبینی:

١. بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

أ- **مێژووی ئەدەبی کوردی:** مامۆستا عەلائەدین سوجادی.

ب- **دیوانی زێوەر:** کتێبخانەی زێوەر محەمەد عارف.

شێرکۆ بێکەس

کوڕی شاعیری بەناوبانگو نیشتمانپەروەری کورد (فایەق بێکەس)ە لەساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەمین شیعری خۆی لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ١٩٦٨دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست)ەوە لە بەغدا چاپکردووە. لەساڵی ١٩٧٠دا، لەگەڵ دەستەیەك شاعیرو نووسەری دیکەدا بانگەوازی ئەدەبی (ڕوانگە)یان بڵاوکردەوە، نوێکردنەوە لە ڕوخسارو ناوەڕۆکدا مەبەستی سەرەکی ڕوانگەییەکان بوو، لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا بەشدارییکردووە. تا ئێستا زیاد لە چواردە کۆمەڵە شیعری بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، شانۆنامەو چیرۆکە شیعرو داستانی شیعری نووسیوە. لەساڵی ١٩٨٧/ ١٩٨٨ دا لەلایەن یانەی قەڵەمی سویدییەوە خەڵاتی ئەدەبی تۆ خۆلسکی پێبەخشراوە. هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی بۆ گەلێ زمانی بیانی وەرگێڕاوە، وەك ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی، سویدی، تورکی، عەرەبی، فارسیو هی تریش.

شێرکۆ بێکەس چۆن لە شیعردا باڵادەستە، هەروەها لە پەخشانیشدا کەم وێنەیە، لە وتەیەکداو لەکتێبی چراکانی سەر هەڵەمووتدا، دەڵێت:

لەسەرەتای دەستدانە قەڵەمو لە یەکەم چاو پشکوتنی بەهرەو، لە شیعرەکانی (تریفەی هەڵبەست)ەوە تا ئەمڕۆ، ناوی قوربانییەکانی ئازادییو خوێنی دەم بە هاواریانو ئەمجا سیحری شوێنو جوانی

سروشـتو چـریکەی سـروودە میللـیو نەتەوەییـەکانمانو سـونبولەکانی خـاکو میـژوو، داسـتانەکانی خۆبـەختکردن، مـەرگی یـارانو ئـازیزانو زنجیرە دیرۆکی تراژیدیای گەلی کوردو هەروەها مرۆڤایەتیو دونیاش، لـە شـیعرو پەخـشانی منـدا لـە نیـشانە هـەرە دیارەکـانی ئـەوینو پـەیامی ئەدەبیی گیـانی مـن بـوون. پـیٚ ئەچـیٚ خۆشەویـستی خـاکو مرۆڤایـەتی منیان کردبێت بە شاعیر، چونکە بڕوام وایە ئەدەبو هونـەری خـەڵك بـیٚ خۆشەویستی خـەڵك تەنانـەت ئەگـەر جـوانیش بـن، لـە گوڵـدانی خـاڵیو خانووی چۆڵ دەچن! خولیای هەمیشەی من ئەوە بووە ئەدەبیٚ بنووسم لەدڵەوە بۆ دڵ بێت تا بتوانم گوزارشت لەو خولیاو مەراقو خەیاڵانە بکەم کە لەدڵی خەڵکیدانو ئەوان ناتوانن دەریببڕن، من لـە خولقاندنەوەیـەکی دیکەدا بیانخەمە پێش چاو...

ئـەزموونی دوورو درێـژی خـۆم ئـەوەی فێرکـردووم ئەگـەر لـەڕۆحی زمانەکەی خۆمـدا نـەژیم هـەرگیز لـەرۆحی هـیچ زمـانێکی دیکـەی دنیـادا ناژیم.

ئەمەش چەند نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

١. خاك

دەستم برد بۆ چڵی داریٚ
لەتاو ئازار لق داچڵەکی
کە دەستم برد بۆ لقەکە
ناو قەدی دار کەوتە هاوار
کە باوەشم کرد بە قەدا
خاك لەرییەوە لەژێر پێمدا
بەرد نالآندی
ئەمجارەیان کە دانەویم
خۆڵم هەڵگرت
گشت کوردستان زریکانی

٢. خۆشەویستی

گوێم نا بەدڵی خاکەوە
باسی دڵداری بارانو خۆی بۆ کردم
گوێم نا بەدڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستی خۆیو
سەرچاوەکانی بۆ کردم
گوێم نا بەدڵی دارەوە

باسی خۆشەویستی خۆیو
گەڵاکانی بۆ ئەکردم
کە گوێشم نا بەدڵی خۆشەویستی خۆیەوە، ئەوسا
باسی سەربەستی بۆ کردم!

٣. سێ زمانو چوار قامچی

لەناو ئاپوورەی مەراقی گشت دنیادا
هەر لە دوور ڕا
مەراقی خۆم ئەناسمەوە
مەراقی من!
قژی سەوزەو
ڕیش خوێناویو
چوار خاچی وا بە کۆڵەوە
مەرگیش بە سێ زمانی جیاو
چوار قامچیی بەدوایەوەو
تەوق لە گەردن
کەچی نەچۆك دا ئەداتو
نەبێ دەنگی ئەکات مردن!

تێبینی: تەنیا یەک کۆپلە لە شیعرەکان لەبەر دەکرێن

سەرچاوە: زمانو ئەدەبی کوردی/ دانانی لێژنەیەك– سلێمانی

شێخ غەیاسەدین نەقشەبەندی

١٨٩٠- ١٩٤٤

غەیاسەدین نەقشەبەندی کورێ بەهائەدین کورێ شێخ محەمەدی کورێ مەلا حاجیێ رێکانییە. ئەڤ بنەماڵە ژ(رێکانێ)یال ناڤ رێکانی یا مشەختبووینەو ل ئامێدیێ پایتەختێ میرنشینا بەهدینا ئاکنجی بوویە.

ئەڤ بنەماڵە ل دەڤەرا بەهدینا ب بنەماڵەکا رۆشنبیرو ئۆلدارو ژ خودێ ترس ناڤدارە.

شێخ محەمەد ژئامێدیێ چوویە گوندێ (بامەرنێ)و لێ جهوار بوویە، تەکیایەکا نەقشەبەندی ل بامەرنێ ب سەرێکڤە ئینایە، پاشی شێخ محەمەدی کورێ وی (بەهائەدین) بابێ غەیاسەدین بوویە شێخێ تەکیایێ.

شێخ غەیاسەدین ل سالا (١٨٩٠)ێ ز ل گوندێ بامەرنێ ژ دایک بوویەو ل وێ مالا ئۆلدار ژیایەو پەروەردە بوویە، ئەو ژی وەکی هەمی خوێندکاران ل دەستپێکا خواندنا خۆ دەست ب خوێندنا پەرتووکێن ئایینی ژ (شەریعەتێو فقهێ) ل جەم زانایێن دەڤەرێ وەکی مەلا نەجمەدینی یێ ئیمامو سەیدایێ تەکیایێ، ل بامەرنێ خوێندییە. پاشی چوویە ئامیدیێ ئیجازا عالمیێ ژ دەستێ (محەمەد شوکری) مفتیێ ئامێدیێ وەرگرتییە.

دژیــێ پیرییێــدا دەســت ب هــۆزان ڤەهانــدنێ کردیــە. هــۆزانین وی ڤەهاندین هەرچەندە دکێمن لێ هەمی دپڕ ڕامانن، ب شارەزایی ڤەهاندینە ژ بۆ ئامۆژگاریو ڕی نیشاندانو پەسەند کرنا ڕۆشنبیریێ.

غەیاســەدین مرۆڤــەکی تێگەهــشتیو زانــاو دووربــین بوویــە، دزانــی پێشکەوتنو ڤەژینا مللەتی ب خواندنو بــەلاڤکرنا ڕۆشــنبیریێو قڕکــرنو نەهێلانا نەزانینیێو یەکبوونێ ڤەگرێدایە، دەمێ دبێژیت:

١. ئەگــەر هــوین موتــەفق بــن علــمو فــەنو ســنعەتا بخــوینن
چــو شــك نینــە ســەعادەت بــۆ وە دێ هــێن بــێ زەحمــەت

٢. کــوڕێ بــابێ ئــەوە، دەســتێ هــەڤالی بگریــتو ڕاکــەت
هەکــە کەفتــە کــوورا تــەنگا ڤیــێ خــشیانە ســەر زیقــەت

٣. کوڕێــت بابــا تفــەنگا دانــو دەســتا ســڤك هەلــدەی
هــەوە ئــەڤڕۆ ڤەلــەم لازمــترە داکــو بهێــت فەرســەت

٤. کوڕێــت بابــا ئەگــەر هــوین بوونــە زانــاو تفــاق ژیــەك
دهێــت تــەیارە بــۆ وە پــێش تڤەنگێڤــە نەکــەن حەســرەت

(لەسەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)

ژبەر هەندێ بزاڤ و خەباتا وی یا ژ دل ئەو بوو ڤەکرنا خوێندنگەهان ل دەڤەرا بەهدینان ب تایبەتی ل ئامێدییێ و بامەڕنی.

هەروەها زۆر خەبات کرییە داکو مللەت و نەتەوەیا کورد بۆ لاوێن کورد بدەت نیاسین دەمێ دبێژیت:

١. کوڕێت بابا بزانن حەق چییە مەوتەن چییە ئەفڕۆ هەوەل سەر لازمە هوین تێبگەهن عنوانە قەومیەت

٢. چو گازاندا ژ زەمانی هوین نەکەن ئەو هەر شەڤ و ڕۆژن وەکی خۆیە بەلێ سویچا مەیە ئەم بووینە بێ قیمەت

٣. گەلی لاوا وەتەن دەینێ خۆیێ دخازیت چ دێ دەینێ هەچی تشتێ بدەین مالێ وییە بێ خێرو بێ منەت

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

غەیاسەدین ل سالا (١٩٣٠)ێ ژ بوو نوێنەرێ قەزا ئامێدییێ و ل سالا (١٩٣٥)ێ ژ ئەڤ نوێنەرییە بۆ هاتەڤە نویکرن.

ل دەمێ جەنگا دووێ یا جیهانی چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ.

سالا مرناوی هۆزانڤانێ کوردی ب ناڤ و دەنگ (ئەحمەدێ نالبەند) دهۆزانەکا زیمار پێ گوتنی دا دەست نیشان کرییە کو سالا (١٣٦٣)ێ مشەختییە بەرامبەر (١٩٤٤)ێ زایینی دەمێ دبێژیت:

دهــزارو ســێ ســەدو شێــستو ســێ یــا چــوو غیــاث
هجرەتــاوی ژ ڤــێ دنــێ وەك عــومرێ (خــتم المرسـلین)
عــومرێ فــەخرێ عالــەمێ مرنــا غیــاثی بوونــە ئێــك
ســڕەكا كــو (پــڕ) نــەزانی ئەحمــەدێ (ابــن الامــین)

غەیاسەدین د ڤەهاندنا هۆزانادا رێچا هۆزانڤانێن كلاسیزمی گرتبوو، ئاخفتنو زاراوێن بیانی بكار ئینابنە.

نموونەیەك ژ هۆزانێ، غەیاسەدینی یاكو ب خەباتا نەڤیێن بەدرخانیو بەلاڤكرنا كەلتوورو رۆشنبیرییا كوردی ڤەهاندییە: ب ناڤێ بەدرخانی.

١. **خۆشــی ئەڤــە هــاتو هــەمیا مــل ل ســەمایە**
كــەیفو كەنییــە ئــەڤرۆ چ نعمــەت خــودێ دایــە

٢. **علــم ئــەدەبا گرتــی سەراســەر جهــێ كــوردا**
بــەر بوونــە دوڕو ئــاخ هــەمی زێــڕی ســەفایە

٣. **خۆشــی نــە ئــەوە پــاخلێ تــژی كــەی ژ دەرافــا**
دل خۆشــی نــەبیت مــالێ هــەمی دەردو بەلایــە

٤. **كــا خۆشــی وەكــی فكــرە ئەســیر مــا ل دەماغــا**
ما بۆچییە ژین وەقتێ كو ئەزمانێ بڕایە

٥. سەربەستییە ئینسانی دگێریت ب سـەعادەت
ئەمنیەتـە بـۆ بزنـێ دکـەت گـورگی برایـە

٦. ئەڤرۆ خەبەرێ خۆش مە گوهـ لێ بوو کو بەدرخان
سـاخبوو ڤـە دشەخـسێ نـەڤیادا ڤەگەڕایـە

٧. هندیکەجـەلادەت ب جـەلادەت وەکـی شـێرا
کـامیران ژی ب کـەمالو ئـەدەبا مـیرێ هەمایـە

٨. بـۆ جـەنگو جـدالا وەکـی شـێرانو پڵنگـا
وەختـێ قەلـەمێ دوڕ وەکـی لێمـشتێ ڕژایـە

٩. ئـەڤ مللەتـە دێ کـەنگی حـەقێ ڤـەنجیێ ڕاکـەت
یـا ژ هـەمیا سـڤکتر ب گرانـی یـاخو چـیایە

١٠. یـارەبی حفزکـەی بـۆ ئـەڤی مللـەتێ موحتـاج
ڤـان هـەردوو عـەزیزان کـو کەسـێ دی مـە نـە مایـە

١١. کـەیفێ دلێ ڤـی پـیرە مـەلایی ڕاکـرە ڕەقـسێ
مـاپیر وەکـی جـان بـوون ڤـە؟ کـەرەم کـارێ خودایـە

(لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردنە)

ژێــدەر:

١. گۆڤارا (هاوار) هژمارا (٥٠)یێ سالا ١٩٤٢.

٢. هۆزانڤانێن کورد– سادق بەهائەدین– چاپا ئێکێ– بەغدا– ١٩٨٠.

لێکدانەوەی پەیڤەکان

مشەخت بوویە	: دەربەدەر بووە
ئاکنجی بوون	: نیشتەجێ بوون
ئۆل	: ئایین، مەزهەب
جهواربوو	: ئاکنجی بوو، نیشتەجێ بوو
ب سەرێکڤە ئینایە	: دروست کردووە
دەستپێك	: سەرەتایی
ل جەم	: لەکن
ژێ	: تەمەن
ڤەهاندن	: هۆنینەوە
لێ	: بەلاّم
قڕکرن	: لەناوبردن، نەهێلان
بۆ وە	: بۆ ئێوە
زیقەت	: تەنگانە
خشیانە سەر	: بەسەری داهات، کەوتە سەری
بزاڤ	: خەبات

هوین : ئێوه

گارنده : گلەیی

دەین : قەرز

زیمار : لاواندنەوە

ڕێچا : ڕێچکە

بیانی : بێگانە

مل : شان

تژی کەی : پڕبکەی

دەراڤ : پارە، دراو

ساخ بوو : زیندووبوو

میری هەمایە : میری هەمووانە

شێخ محەمــەدی خـاڵ

١٩٠٤- ١٩٨٩ز

پوختەیەك لەژیانی:

زاناو نوسەری گەورەمان ناوی (محەمـەدەو کـوڕی شـێخ عـەلی کـوڕی حاجی شێخ ئەمین کوڕی شێخ محەمەدی خاڵ)ە لەساڵی ١٩٠٤ی زایینـی لەشاری (سلێمانی) لە گەڕەکی گوێژە لەدایك بووە لـە ١٩٨٩/٧/١٥ هـەر لەشاری (سلێمانی) کۆچی دوایی کردوەو لەگردی سـەیوان تـەرمی پـاکی بەخاك سپێردراوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەرو زانـا هەڵکـەوتووە هەر لەمنداڵییـەوە خـەریکی دەرس خوێنـدنو مزگـەوت بـووە، ئیجـازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بـووە بـە (مامۆسـتا) لـە مزگـەوتی خۆیـان کـە بـە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بەناوبانگە، لەساڵی ١٩٣٩ بووە بـە (قـازی) لە شارەکانی (سلێمانی، کەرکووك، موسڵ)دا قازییەتی کردووە لەساڵی- ١٩٦٧ وازی لـەکار هێنـاوە. ئەنـدامی کـۆڕی زانیـاری عیراقـیو کـۆڕی زانیاریی کوردی بووە لە بەغدا لەساڵەکانی (١٩٧٠- ١٩٨٩)...

بەرهەمەکانی:

شـێخ محەمـەدی خـاڵ کـە زانایـەکی کارمـەو دانایـەکی بـە توانـابوو ڕێبـازی ڕۆشـنبیریو خزمـەتکردنی زمـانو ئـەدەبیاتی نەتـەوەی کـوردی گرتە بەر لەسەر ئـەم ڕێبـازە نەوەسـتا تـاوەکو دوا هەناسـەکانی ژیـانی،

بـاوەڕی بـە دووشـت هـەبووە یەکـەم موسـڵمانیەتییە بەگـشتی دووەم نەتـەوەی کـورد بەتایبـەتی، کێڵگـەی پـیرۆزی ڕۆشـنبیری (خـاڵ)ی زانـا خـەرمانی هەمـە جـۆری کەلـەپووری کـوردی تێـدا قـووت بۆتـەوە، لـەم ڕووەوە مامۆستا خاڵ گەلێ بەرهەمی بەنرخی هەیە چ بـەزمانی کـوردی چ بەزمانی عەرەبی لەوان (شێخ معروف النـودهی) کـە بـەزمانی عەرەبییـە باس لەبەرهەمو خزمەتەکانی زانایـەکی گـەورەی کـورد دەکـات بـەزمانی عـەرەبی هـەروەها کتێبێکـی دیکـەی بـەزمانی عـەرەبی لەسـەر (المفتـی الزهاوی) هەیە.

بەزمانی کوردیش کۆمەڵێك بەرهەمی هەیـە لەوانـە (فەرهـەنگی خـاڵ) کە بەسێ بەرگ چاپی کردووە کە فەرهەنگێکی لـەکوردیو بـۆ کوردییـە، بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٩٦٠ چاپکردووە لە سلێمانی بەرگی دووەمیشی لەساڵی ١٩٦٤ هەر لە سلێمانی چـاپکردووە بـەرگی سێیەمیـشی لەسـاڵی ١٩٧٦ چـاپکردووە تـا ئێـستا بەیـەکێك لەفەرهەنگـە باشـەکانی زمـانی کـوردی دادەنرێـت کـە توانیویـەتی زۆرتـرین وشـەی زاراوەکـانی زمـانی کـوردی کۆبکاتـەوە لـەم فەرهەنگـەدا، بەمـەش بـووە بـە گەنجینەیـەکی دەوڵەمەنـدی زمانەکـەمانو بەسەرچـاوەیەکی گـەورە دەژمێردرێـت بـۆ فەرهەنگەکانی تر کە لەپاش ئەو چاپکراون:

بەرهەمێکی تـری مامۆسـتا خـاڵ کتێبـی (پەنـدی پێـشینان)ە کـە تـا ئێستا سێ جار چاپکراوە، جاری یەکەم لەساڵی ١٩٥٧دا بـڵاوی کـردەوە کـە (١٣٠٨) پەنـدی تێدایــە، کــە لــەم ســامانەدا ڕەفتــاری تایبــەتیو بیرکردنەوەی گەلی کوردو باری کۆمەڵایەتیو ژیانی ڕوونو ئاشکرا دیـارە،

شاکاری گەلو نەتەوەی کوردە، ئەو ڕێکی خستوون، لەساڵی ١٩٧١دا هەمان کتێبی لە چاپ داوەتەوە ژمارەی پەندەکانی پتر کردووەو گەیاندوویەتی بە (٣٨٩٣) پەند، لەساڵی (٢٠٠٠) زایینی دیسان ئەم بەرهەمە بە چاپێکی جوانترو قەشەنگتر لەشاری سلێمانی چاپ کراوەتەوە، واتە جاری سێیەمی کە ئەم بەرهەمەش وەکو خۆی گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەرە تا ئێستا بە پوخت ترین کارێکی کۆکردنەوەی (پەندی پێشینان) دادەنرێت کە لە کوردستان کرابێتو زۆرترین ژمارەی پەندی کوردی تێدا کۆکرابێتەوە...

هەروەها مامۆستا (خاڵ) بەسەدان وتاری بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا دەربارەی زمانو ئەدەبو ڕەخنەو ئاینو تەسەوف جگە لەو بەرهەمانەی کە باسمان کردن.

ئەم بەرهەمانەشی هەیە کە ئەمانە مشتێکن لە خەرمانێك

١. فەلسەفەی ئاینی ئیسلام– ١٩٣٨

٢. تەفسیری خاڵ – جزمی یەکەم– ١٩٦٩

٣. تەفسیری خاڵ – جزمی دووەم– ١٩٧٢

٤. (مەولود نامە) – ١٩٧٢

٥. ناڵەی دەروون –١٩٧٦

جگە لەم بەرهەمانەی شێخ محەمەد خاڵ دەستنووسو چاپەمەنی دەگمەنی کتێبخانەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هاتووە چی دەستنووسو چاپکراوی دەگمەنی بەهاداری کتێبخانەکەی هەیە چ بەزمانی کوردیو یا

عەرەبی یا فارسی یا تورکی هەموویانی بەشێوەی لیستە بڵاوکردۆتەوە کەتیایا خەتەکەی خۆشە یا ناخوێنرێتەوە کارەکە تەواوە یان نوقستانە ژمارەی لاپەڕەکانی چەندە کە ئەمەش بە بەشێك لە گرنگی دان بە کەلەپوری نەتەوایەتی دەژمێردرێت، شێخ محەمەدی خاڵ یەکێك بووە لە پەخشان نووسە بە تواناکانمان کە بەزمانێکی پوخت وسفتو ڕەوان دەینووسی وا لێرەدا پارچە نووسینێکی بڵاودەکەوینەوە کە وتارێکی ڕەخنەییە دەربارەی دیوانی شاعیری پایە بەرزمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیویەتی کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی بیستەم بڵاوی کردۆتەوە بەر لە مردنی لەساڵی ١٩٨٩.

((داخی گیانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان کۆبکرانایەتەوە لە وەختی خۆیا، ئێستا بەسەدەها دیوانمان ئەبوو، بەڵام بەداخەوە لەهەزارا یەکێکیان شیعریان نە نووسراوە کۆنەکراوەتەوە، لەگەڵ مردنی خۆیان، شیعرەکانیشیان مردوونو نێژراون، وە بەبێ ناونیشان چونەتەوە بیابانی نەبوونی، تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشمان پێ نەگەیشتووە ئەم دەپانزە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناومان هەن بەچاپکراوو دەست نووسەوە هەر شاعیری ناوچەی خۆمانن لەدوو سەد ساڵ لەمەو پێشەوە، ئینجا ئەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لەدەوروبەری بابا تاهیری هەمەدانییەوە، کە هەزار ساڵ لەمەو پێش بوونو چەندبوونو چۆن بوون، ئەمە مەگەر هەر خوا بزانێ...

باشه شاعیره کۆنەکانی دەوری بابەتاهیری هەمەدانی ئەگەر فەوتابن لەبەر دووریی ڕۆژگاری، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون؟!

زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پێچی مێژەرێکە کۆچی دوایی کردووە، تا ئێستا دووجار دیوانەکەی لەچاپ دراوە بەڵام بەداخەوە لە دە یەکێکی کۆکراوەتەوە؟ ئەوی کۆشکراوەتەوە هەمووی پڕە لە هەڵەو ساتمەو کەمو کوڕیو کورتو کوێری، بێ گومانم شێخ ڕەزا بەقەد (کەلیم) شیعری فارسیو بەقەد نامق کەمال شیعری تورکیو بەقەد نالیو سالم شیعری کوردی وتووە، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆریان لەناو چوونو کوا شیعرەکانی بەهەر چوار زبانەکە چییان لێ هات؟ بۆچی مەردێك لەخزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆنەکردۆتەوە؟ یا بۆ خۆی لەدەفتەرێك هەمووی تۆمار نەکردووە؟ دیوانم نەدیوە بەقەد دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەختو وێران بێو هەڵەی تیابێ...!!))

ڕەوشەن بەدرخان

(١٩٠٩- ١٩٩٢)

(یەکگرتنا گەلێ کورد بدە من ئەزێ کوردستانەك سەربەخۆ بدەم تە)

ڕەوشەن بەدرخان

ڕەوشەن بەدرخان کچا م. صالح بەدرخان (مەحمود صالح بەدرخان)ە، هەڤژینا جەلادەت عالی بەدرخانە (جەلادەت عالی بەدرخانو م. سالح بەدرخان ژوان بەدرخانیانن یێن خزمەتا ڕۆشنبیرییا کوردی کری). ڕەوشەن بەدرخان ل ١٩٠٩/٧/١١ ل بازێرێ (قەیسەری) ل تورکیا ژ دایك بوویە، ژیێ وێ گەهشتە دوو سالا خێزانا وێ بۆ ئەستەمبۆلێ هاتە ڤەگوهاستن، ل سالا ١٩١٣ دەمێ بنەمالا بەدرخانیان بۆ گەلەك وەلاتێن ڕۆژهەلاتا ناڤین هاتینە دوور ئێخستن بابێ وێ نەچاربوو مالا خۆ برە (شام)ێ و ل سالا ١٩١٥ بابێ وێ ژ ئەگەرا نەخۆشییا تیفۆیێ دچیتە بەردلۆڤانیا خودێ. خواندنا یا سەرەتایی ل قوتابخانا (شوعلەت ئەلتەرەقی) یا تورکی دەس پێکر، پشتی سەربازێن تورکی ژ (شام)ێ هاتینە ڤەکێشانو خواندن ل قوتابخانێن سوریێ بوویە ب زمانێن (عەرەبیو ئینگلیزی) خواندنا خۆ، ل (دار ئەلموعەلیمات)ب داوی ئینایە و ل سالا ١٩٢٥ ل بازێرێ (کەرەك) ل ئوردنێ بوویە فەرمانبەر.

ل سالا ١٩٢٧ جارەکا دی ڕەوشەن بەدرخان ڤەگەڕیایە شامێو وەك مامۆستایا زمانێ عەرەبی ل قوتابخانا (ئەللائق) دەست ب کارێ خوە کریەب شێوەیەکی فەرمی (ڕەسمی).

ل سالا ۱۹۲۹ شووی کردیه، بەلێ دڤی شوییێ خۆدا یاسەرکەفتی نەبوویەو پاش (۲۰) مەهان هاتییە بەردانو دڤی ماوەی دا کچەك هەبوو بناڤێ (ئەسیمە خانم).

ل سالا ۱۹۳٤ چوویە ناڤ ڕیزێن ئێکەتیا ئافرەتێن سوریێ و ل سالا ۱۹٤٤ نوونەرا ئافرەتێن سوریێ بوویە ل کۆنگرێ جیهانیێ ئافرەتان دا کو ل (قاهیرە) پایتەختێ میسرێ هاتبوو بەستن.

ل سالا ۱۹۳٥ شوو ب میر جەلادەت بەدرخان کریەو کچەك بناڤێ (سینەم خان)و کوڕەك بناڤێ (جەمشید) ژێ هەبوون و ل سالا ۱۹٥۱ میر جەلادەت چوویە بەردلۆڤانیا خودێ.

ل سالا ۱۹٥٦ دگەل (نوری دێرسمی- حەسەن هشیار- حەیدەر حەیدەری- ئوسمان ئەفەندی) کۆمەلا زانستو ڕۆشنبیری ل (حەلەب)ێ پێك ئینایە (دامەزراندییە).

هەتا سالا ۱۹٦٤ێ درێژی ب کارێ خۆ وەك مامۆستا دایەو ل سالا ۱۹٦٥ ێ هاتیە خانەنشینکردن. ل سالا ۱۹۷۲ێ بەشداری دکۆنگرێ سییێ یێ ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ داکریە یێ ل کوردستانا عیراقێ هاتیە بەستن.

هەتا سالا ۱۹۷۲ێ ل شامێ ژیایە پاشان ژیانا خوە ل (بانیاس) بریە سەر ل سالا ۱۹۹۲ێ چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ هەمان سالدا ژلاوەکێ کورد رە دبێژیت (کوڕێ من دەمێ ئەم هەین هوون هێشت پێ نەگەهشتبوون ئیرۆ هوون پێ گەهشتنە ئەم ل سەر دارێ ژیانێ نامێنن، کوڕێ من حەز ژ هەڤ بکن، دگەل هەڤ هاریکارین، یەك بگرنو ژ هەڤ جودا

نـەبن، کـورێ مـن یـەکگرتنا گـەلێ کـورد بـدە مـن ئـەزێ کوردسـتانەك سەربەخۆ بدەم تە).

خزمەتا ڕەوشەن بەدرخان دوارێ رۆشنبیری‌و دۆزا کوردیدا

دکۆڤارا هاوار (١٩٣٢)دا زۆر خزمەتا رۆشـنبیری‌و دۆزا کـوردی کریـە. رەوشەن بەدرخان ئێکەمین ئافرەتا کوردە ل کۆڤارا هاوار گوتـارێن خـوە ب زمانێ کوردی (کرمانجی) ئەلفا بێ یا لاتینی نڤیسین‌و بەلاڤکرین.

لسالا ١٩٧١ێ وەك ئەندامەکا فەخری بۆ کۆڕێ زانیاری کـورد هاتییـە هەلبژارتن‌و لایێ کـۆڕێ زانیـاری کـورد ڤـە هاتییـە راسـپاردن کـو بـچیتە ئەستەمبۆل‌و ژپـەرتوکخانێن وێ ژێدەرو بەلگەنامەو پـەرتووکێن چاپکری‌و دەست نڤیسێن پـەیوەندی ب ئەدەب‌و زمان‌و مێـژوو کەلـەپوورێ کـوردی ڤە هەی کۆم بکەت‌و بۆ کۆڕێ زانیـاری ب هنێریـت، رەوشـەن بـەدرخانێ زۆر سەرکەفتیانە کارێ خۆ جێ بەجێ کر.

ل سالا ١٩٥٧ێ کۆنگرێ ئێکێ یـا وەلاتـێن دەریایـا سـپی‌و رۆژهـەلاتا نـاڤین دژی کۆلونیـالیێ ل ئەسـپانیا (یونـان) هاتـە گرێـدان‌و ڕەوشـەن بەدرخانێ بەشداری تێداکر کۆ ئێکەمین ئافرەتا کورد بوو بۆ جـارا ئێکـێ بەشدارییێ د کۆنگرێ جیهانی دادکەت.

ئەڤە پارچە نڤیسنەکا ڕەوشەن بەدرخانـە کـو د کۆڤـارا هـاوار ژمـارە (٢٧) یا ١٥ی نیسانا ١٩٤١ێ دا بەلاڤبووی ل ژێر ناڤێ (سـتوونا کابانیـان کابانی‌و مامۆستە):

((خـوەهێن مـن ئـێن دەلال، هـەروەکی هـوون ژی دزانـن دەردێ ملـلـەتێ مـە ئـێ مـەزنو غـەدار نەزانییـە، نـەزانین نەخوەشـییەك‌و دەرمانێ وێ زانینە. نك مللـەتێن خـودان حکوومـەت‌و تەشـکیلات ڤـێ نەخوەشـیێ دخـستەخانەیێن خـسوسی دە دەرمـان دکـن‌و ژوان خەسـتەخانان ڕە (دبـستان) دبێـژن. مامۆسـتە پزیـشکێن وێ خەسـتەخانەیێ نـە، مللـەتێ مـە نـەخوە دیـێ وان خەسـتەخانانە، مللەتێ مەمللەتەکی بێ تەشـکیلات، بـێ خـەوەدی‌و سـەری، مللەتـەکی بەلاوەلایەو دبن حکمێ مللەتێن دوژمن دن، مللـەتێن دوژمـن دەیـە، لێ دوژمنـێ مـە ئـێ مـەزن، ئـێ مـەزنتر نەزانییـە. دڤێـت ئـەم شـەڕێ وی دوژمنی غەدار بکن. دڤی شەڕی دە ژی ژ مە ژنێن کوردمانج ڕە دڤێت کـۆ ئاریکـاری مێـرێن خـوە بکـن زارۆیـێن خـوە بعـەلمینن خوەنـدن‌و نڤیساندنێ‌و وان ژ نەخوەشییا نەزانیێ خەلاس بکن)).

لێکدانەوەی وشەکان

دبستان : قوتابخانە.

نەخوە دیێ وانە : خاوەن‌و خودانی وان ینیە.

نڤیساندن : نووسین.

زارۆییێن خوە : منداڵەکانتان.

هوون ژی : ئێوەش، ئەنگۆش.

بەشی خوێندنەوە

١. خەج و سیامەند
٢. تووتن
٣. مەقام و ئاوازو ئالەتی مۆسیقای کوردی
٤. خەیام
٥. شیللی
٦. بەستەی هەڵۆ
٧. چوونا سەر هەیڤێ
٨. پیشەسازی لەناو کوردەواریدا.
٩. شینی گۆران بۆ پیرەمێرد
١٠. میکرۆبێن دۆست
١١. شاعیری نەتەوە
١٢. گالیلۆ
١٣. بەرهەمی زۆرو بەشکردنی بە هەقیانەت.
١٤. کەرکووک
١٥. گوڵە مێخەك

خەج و سیامەند

هـــەموو داســـتانەکانی دڵـــداریی کـــوردی، لەگـــەڵ باســـی ئـــازایی و کۆڵنەداندا، وێنەی وەفاداری و قسەو پـەیمان بردنـە گـۆڕەوەن. لەهـەموو داستانێکی دڵداریی کوردیدا سۆزی ئەڤین و دڵدارییەکەی ڕۆژهەڵات بـەدی دەکرێت، لەناو ئەمانیشدا، دیسان دیمەنی کێشەیەك هەر دیارە. کێـشەی نێـوان چـاکەو خراپـە، نێـوان پـاکی و ناپـاکی، وەفـاداری و سـەر ڕاسـتی لەگەڵ بێ پەیمانیدا.

لێرەشدا دیسانەوە گیانی میللەت دەردەکەوێت و کێشەکە لـە لایـەکی ترەوە دەبەسترێتەوە بـەو کێـشەیەوە کـە لـەژیانی کۆمەڵایەتیـدا هەیـە. بۆیە زۆرجار دەبینین قارەمانەکانی داسـتانی دڵـداری، پیـاوی ڕەنجبـەرو زەحمـەت کـێش و لـە هـەموو خاسـییەتێکی ئـەم کەسـانەدا لەڕەوشـت و کـردارو ســەر ئەنجامیــدا، وێنــەی مەردایــەتی و ئازایــەتی و وەفــاداری و خۆبەخت کردن دیارە.

چەند داستانی کوردی هەیە کە چیرۆکی حەزکردنی کوڕە جوتیارمـان لە کچە ئاغا بۆ دەگێڕێتەوە، ئایا دەتوانین باسی دڵدارییەکە کەلا بخەین و ئەمـە بکەینـە نموونەیـەك بـۆ ئاواتـە هەمیـشەییەکەی ئـادامیزاد. ئـاواتی بەژیانی باشترو خۆشـتر گەیـشتن؟ زۆرجـاریش هەیـە کـە هـەر ئـەو کـچە ئاغایە کەس و ئـامۆزاو خزمـی کـوڕە جوتیـارە، وەك لـە داسـتانی خـەج و سیامەنددا دەیبینین ئەو داستانەی کە هەر بە تـەواوی داسـتانی کـوردەو بەشێکە لە گەنجینەی نەتەوایەتی ئێمەو لەناو کورددا زۆر بڵاوە.

عوبەیدلّلای ئەیوبیان[1]. لە پێشەکییە فارسییەکەی چاپەکەی خەجو سیامەنددا نووسیویە: ((مێژووی ژیانی خەجو سیامەند دیارنییە. ئەم بێ مێژووییە بە قسەی یەکێك لە مامۆستایان شتێکی تایبەتی خەڵکی چیایە، بەیتی خەجو سیامەند وێنەی گیان بەخشینە، داستانێکی راستەقینەیە کە لەسەر گوزەشتەی سۆزمەندی سیامەندی قارەمانو ئارەزووی سادە، بەلاّم گیان بەخشو لە عەشقو وەفاداریو گیان بەخشینی (خەج)ی فیداکار وەرگیراوە)).

بەپێی ئەو پێشەکییە خەجو سیامەند خەڵکی دێهاتی سەر سەوزو بەرزی (کێلە سیپان)ی ناوچەی مەهابادن. بەلاّم جۆرە گێرانەوە کرمانجییەکەی، (سیپان) دەباتە لای دەریای وان. لەم داستانەوە دەتوانین (لەبیری رووناکو دەروونی زیندووی میللیو هونەری خەڵکی کوردستان بگەین، ئەم داستانی عەشقو ئەڤینە کە لەوێنەی خۆی کەم هەیە، چونکە بەشێوە هونەرێکی سەرنج راکێشەر نووسراوە، جۆری بیرکردنەوەی کورو کچ لە دڵداریو عەشقو خۆشەویستیدا پیشان دەداتو لەسنووری خۆیدا یەکێکە لە بەرهەمە بە دیمەنەکانی دەروونو دیمەنی مەعنەویی ناو کوردان).

لەم داستانەدا وەك هەموو داستانی دڵداریی قەدو لووتکەی چیای کوردستان، وەك چیرۆکی بن دارو دەوەنو وەردو کۆڕی دروێنەو کۆڵ

---

(١) عوبەیدوڵلا ئەیوبییان لەساڵی ١٩٥٦دا لە تەورێز، چریکەی (خەجو سیامەند)ی بە تیپی لاتینی چاپ کردووەو کردوویەتی بە فارسیو پێشەکی بۆ نووسیوە.

کێشان، (خەج‌و سیامەند)[1]. دڵیان بەیەکدا دەچێت‌و پەیمانی دڵداری‌و وەفاداری دەبەستن، کەس‌و کاری خەج ڕازی نابن کچی خۆیان بدەن بە سیامەندی هەژار با ئامۆزای خۆیشی بێت، بۆیە خەج بڕیاری ئەوە دەدات لەگەڵ سیامەنددا سەری خۆی هەڵگرێت.

سوارەی عەشرەت دوایان دەکەون، سیامەند شەڕێکی ئازایانە دەکات، تا دوایی تیرێك جگەری دەسمێت‌و لەسەر لووتکەی چیای بەردینەوە گلۆر دەبێتەوەو (خەج)یش دوا بەدوای ئەو خۆی فڕێ دەداتە خوارێ لە پاڵ دڵدارەکەیدا دەمرێت.

سیامەندیش لەسەرەمەرگدا ڕوو دەکاتە خەج‌و دەڵێت:

((سیامەند گاز دەکا: وەی لەمن... توخوا (خەج)ێ بەسەرو ڕووی سوورەوە، بەسە، مەکە– هەی– ڕۆ ڕۆو گریانێ. میهرو جەمبەری خۆشەویستت لەدڵما تاکو مەرانی ئاورێکی بەرداومەوە لە هەناویێ، نە بەر گورەژنی شیبانی نیوە شەویێ دەکوژێتەوە، نە بە پڕیژکا دەبارانێ.

بۆ چرۆکێکم لەتەنی هەڵدەستی لە گوێین هەوری ڕەش دەگەڕێتەوە کەلێنی ئاسمانێ)).

---

(١) خەج‌و سیامەند هەروەها بە دوو دیالێکتە گەورەکەی کوردی هەیە، لەزۆر ناوچەی جیاوازی کوردستاندا بە جۆری قسەکردنی ناوچەکە ئەم داستانە بڵاوە. ئەوەی تا ئێستا چاپ کراوە، ئەوەیە کە لەیەریڤان دوکتۆر حاجیی جندی لە ١٤٨لاپەڕەدا لەگەڵ ناوەڕۆکەکانی تری کتێبی (تڤیسار کاری کرمانجا سۆڤێتی– ١٩٥٧)دا بەناوی کورتەی (سیامەندو خەجی زەڕێ)وە چاپی کردووە، هەروەها ئەو چاپەی عوبەیدوڵڵای ئەیوبیانە، هەروەکو محەمەد تۆفیق وردی لەناوچەی شەقڵاوە جۆرێکی ئەم داستانەی نووسیوەتەوە.

لەم داستانەدا هەروەك نائومێدیو کارەسات پیشان دەدرێت، هەروا تا سەرەمەرگ دەست لە خۆشەویستیو وەفاداری هەڵ نەگرتنیش دیارە. سیامەند لەسەرەمەرگدا بە خەج دەڵێت:

((ئاخ... ئاخ... ئەمن چ بکەم: نەم ماوە مەودای دەس کردنەوەی، جەنگەی دەخۆر ئانانێ... ئاخ دەستم ناگرێتەوە شینگی گەروماری چرگەی خەنجەری دەبانێ. لەبۆت بگرمەوە سەرو خواری ولاتی کرمانجاتیو شەش دانگی دە کۆنە مەیدانێ)).

خەج کە ئەم دڵسۆزییەی سیامەند دەبینێت، سەرەنجامی خۆی دەبەستێت بەوەوەو لەناو جەرگەی نا ئومێدیدا بڕیاری خۆی[*]. دەداو دەبێتە وێنەی وەفاو ئازایەتی، براکانی لێی نزیك دەبنەوە، بیکوژن، سزای لەگەڵ سیامەنددا هەلاتن، بەلام ئەو بانگ دەکات:

((جا بەخوا: ئەوانەی دێن، چ هۆمیرو گزیرن، چ کومێلو راسپێرن. چ مێ گەلن، چ نێرن، لێم خۆشن یا زویرن، ناتوانن سیامەندەگیان، تا پشوویەکم مابێ لەتۆم ببوێرن)).

سیامەند لە لووتکەی چیاوە کەوتە خوارێ، پێش ئەوەی براکانی خەج بگەن، خەجیش خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە پێش ئەوەی بمرێت شینێك بۆ سیامەند دەکات، کە لەڕادەی شینەکەی زیندایە بۆ مەمو تەواو لە پارچەیەك دەچن کە شاعیری گەورەی ڕووس (لێرمانتۆف) لە

(*) گۆرانی بێژی هونەرمەند عیسا بەرواری (خەجو سیامەند) بە مەقامی تایبەتی خۆی دەڵێت... جا دەتوانین لە ڕێگەی ئەو هونەرمەندەوە لەگێڕانەوە کرمانجییەکەی ئەم داستانە بکەین.

داستانی (دایمۆن– دیۆ)دا نووسیوییه كه ڕەنگه هەر گیانی ڕۆژهەڵاتو گەشتی قەفقاس ئەو ئیلهامەی دابێتێ.

خەج دەڵێت:

جا ژیان چییه؟ گیان بۆ چییه؟

چۆن بڵێین ئەوەتانێ ماوە، خەجی سیامەندییه.

بەخودای، خودای پاكی، بە یەزدانی ڕووناكی

سوێند بەجوانیو چاكی، بە (تۆ) ڕۆڵەی ئاوو خاكی

بە خۆشەویستیو جوانی، بە مەرگو بەژیانی.

بەڕۆژی ئاسمانی، بە ئاوە ڕوونەكەی كانی.

بە پیری كامەرانی، لاوۆ هەر تۆم خودانی.

بە چاكی كەسكەوانی، بە سوورە گەنمو نانی.

لە مرنی یا لەمانی، بزانی یا نەزانی.

بەڕاستیو ڕەوانی، سیامەند گیانی گیانی.

لاوۆ هەر تۆم خودانی،

لاوۆ هەر تۆم خودانی.

تا ماوم بەتەماتم... ئەزیش بەدووتدا هاتم!

ئەم كۆتاییە تراژیدییەی مەرگی خەجو سیامەند كوشتنی ئاوات نییە لەدڵدا، سەر شۆڕكردن نییە بۆ زۆرداری، وێنەی بەدی كارەسات بینین نییە لە كۆڕی ژیاندا، بەڵكو هاوارێكە بۆ هەوڵدان بەرامبەر بەو هەموو ڕێگەو شوێنە كارەسات دەهێننە كایەوە.

خەج بەر لەمردن باسێك لە مەرگی خۆی دەكاتو دەڵێت:

((ڕاسپێر بێ، منیش لە (زار گەلی) لە تەنیشت گۆڕی سیامەندە خۆشەویستەكەم، ناكامی جوانە مەرگی بنێژن)).

ئەو چیرۆكە تاڵو شیرینە بەسەرهاتی دوو جەهێڵی ناكامە بگێڕنەوە بۆ منداڵان بۆ كوڕو كچانی دەكرمانجا تێی بنێژن. ئەو دایو بابانەی كچیان بێ دڵ دەكەن، بەزۆری بەمێردیان دەدەن، تاڵی ئەو هێنگە (ڕاو– ڕاوە) نالەبارەی بچێژن.

ئەو كچانەی ڕوو دەكەنە گۆڕی دڵدێرێ، پێگای ئەركو ئەمەگی تاڵی ئەوو هێنگە (ڕاو– ڕاوە) نالەبارەی بچێژن.

دەبڵێن، خۆشتر بژێیتەوەو ڕاوەستاوبێ دابی بەرزی خوازبێنیو كچ بەمێردانی كرمانجاتێ بە دڵی كوڕو كچانا (شوێنی دایو بابانە) گەلێ– هێژاو لەمێژن.

چ لەم داستانەداو چ لەهەموو داستانو داستانەكانی تری كوردییەوە، ئەنجامێكمان دەست دەكەوێت، ئەویش ئەمەیە كە قارەمانی ئەمانیش وەك چیرۆك هەر ئادەمیزاد خۆیەتی، ئەمە لەلایەكەوە ئەوەمان پیشان دەدات كە داستان بەرهەمی پاش ئەفسانەیە لەمێژووی ئەدەبی كورداو لەلایەكی ترەوە ئەو بایەخو نرخە گەورەیە دەر دەخات كە لەناو گەلدا دەدرێت بە ئادامیزاد بەژیانی، بەهەستی دەروونی، بەهەڵسو كەوتی.

بەدەستكارییەوە لەكتێبی

(ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی)

د. عزەدین رەسوولەوە وەرگیراوە

لێکدانەوەی وشەکان

گۆڕ	: قەبر، ترب.
پەیمان بردنە گۆڕەوە	: تا مردن پەیمان نەشکاندن.
کێشە	: کێش مەکێش (صراع).
ئەبەسترێتەوە	: تێتە گرێدان.
کەلابخەین	: دوورخەینەوە، عەزل بکەین.
دەسمێ	: کون دەکات.
میهر	: خۆشەویستی، دیمەن، زەردەخەنە.
بۆ چرووك	: بێهنا گۆشتێ سووتی.
شینگی گەرومار	: تیری گەرو مار.
رۆلە	: کوڕ، کوڕی دڵسۆز.
بنێژن	: ڤەشارن، دفن کەن.
هێنگ	: دەم، چاخ.

گفتوگۆ:

١. چی دەربارەی خەجو سیامەند دەزانیت؟

٢. ئەوەی خوێندتەوە، پەیوەندی بەو باسە داستانەوە چییە کەلە سالانی لەمەوبەردا خوێندووتە؟

٣. چی لەبەراوردی خەجو سیامەندو شیعری لێر مانتۆڤ گەیشتیت؟

٤. لەم باسەوە دەگەیتە چ ئەنجامێك؟

٥. نووسەری کتێب، باسی (خەجو سیامەند)ی بەو چەشنە لێکداوەتەوە کە خوێندتەوە، ئایا دەتوانیت چیرۆکێکی تری دڵداری بەو چەشنە لێك بدەیەوە؟

تـــووتـــن

وڵاتەکــەمان وڵاتــی پیــتو فــەڕە، بــوومو بەرهــەمو هــەموو جــۆرە کشتوکاڵێکی تێدا دەکرێتو هەموو جۆرە دارو دەوەنێکی تێدا دەڕوێت، لەوانــەی کــە لەوڵاتەکەمانــدا لــەزۆر کۆنــەوە دەڕوێنرێــتو پــەروەردە دەکرێتو سوودی ئـابووریو بازرگـانی لێ وەردەگیرێت، تووتنـە. تـووتن سامانێکی زۆر بە نرخە بـۆ وڵاتەکـەمانو بەهـەزاران جووتیـارو بازرگـانو فەرمانبەر بە کـشتوکاڵو کاروبـاری تووتنـەوە خـەریکنو ژیانیـانی پێـوە بەستراوە، بـەڵام ئەوەیـە کـە هـەتا ئێستا بەشێوەیەکی کۆنو دوور لـە ڕێگای زانستییەوە، ئەم بەرهەمـەیان پـێ گەیانـدووە، ئەگەرچـی بـەهۆی پێـشکەوتنی وڵاتەکەمانــەوە وردە وردە خەریکـە چـاندنو پـەروەردەی تــووتن شــێوەیەکی زانــستیو بــاش دەگرێــت، بەتایبــەتی کــە مــیری بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەیە کە چـەند بـەشو لقـی لێ بۆتـەوە، بـۆ چــاودێریو پێشخــستنی چــاندنو بەرهــەم هێنــانی تــووتنو هــەروەها یارمەتی جووتیارو فەلاحەکان، لەوانەی کـە خـەریکی ئـەم ئیـشەن لەبـەر ئەوە دەبینین کە بەڕێوەبەرایەتی (ئینحساری تووتن) هەمیـشە خـەریکی ئەوەیە کە باری کشتوکاڵی تووتنو کڕینو فرۆشتنیو بەکارهێنانی لـەناو وڵاتـداو بـەکارهێنانی لـە کارگـەی جگەرەکانـدا، هـەروەها فرۆشـتنی بـە دەرەوەی وڵات بەرەو باشـی دەبـاتو وای لێ بکـات کـە سـوودێکی بـاش بگەیەنێت بە هەمووان، لەبەر ئـەوەی کـە لەوڵاتەکەمانـدا، بەتایبـەتی لـە ناوچەی کوردستاندا گەلێك جۆر تووتن دەچێنرێتو پەروەردە دەکرێـتو

دێته بەرهەم، لەم دواییەدا دەوڵەت هەموو ئەم کارخانانەو کارگانەی جگەرەی دروست دەکردو تووتنی پێویست بوو خستییە ژێر دەستی خۆیەوە، جگە لەوانەی کە خۆی لەم دووایییەدا چەند کارخانەی دامەزراند وەکو کارخانەی جگەرەی سولەیمانی.

بۆ چاندنی تووتن گەلێك هەنگاو هەیە کە جووتیارو تووتنکار دەبێت بیکا بۆ چاندنی.

لەسەرەتای مانگی مارتدا تۆو دەچێنیٚو پارێزگاری دەکات لە نەخۆشیو چۆلەکە. بە پێی دەستوورێکی تایبەتی ئاوی دەداو لەناو دێراوەکاندا دەیان ڕوێنیٚ. ئینجا کە گەیشت گەڵاکانی دەکاتەوە دەیکات بەشریتەوە بۆ ئەوەی وشك ببێت، بۆماوەی (١٢) ڕۆژ، لەبەر هەتاو دای دەنێت، ئینجا لەژوورو ساباتدا هەڵدەواسرێت، تا لەناو خەرار یا گوێنیدا دادەگیرێتو ئامادە دەبێت بۆ فرۆشتن بە بەڕێوەبەرایەتی ئینحساری تووتن، تووتن لەگەلێك وڵاتی جیهاندا دەڕوێنرێت، وەکو (تورکیا، ئێران، بولغاریا، ئەمریکا، ئوسترالیا...).

لێكدانەوەی وشەكان:

چاندن : ڕواندن.

كارخانە : كارگە، مەعمەل.

بەڕێگای زانستی : بەشێوەی عیلمی.

خەراز : دەفرێكە وەكو گوێنی لە (پەتی موو) دروست دەكرێت.

گفتوگۆ:

١. توتن لە كوێ وڵاتەكەماندا دەڕوێنرێت؟

٢. ئایا توتن سوودی بازرگانیو ئابووری هەیە؟

٣. ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی كاروباری توتن دەبات بەڕێوە چی پێ دەڵێنو چی دەكات؟

٤. توتن لە چ مانگێك دەچێنرێت؟

((شیعری مەولـەوی بـەدەنگی خـۆش‌و هیجرانـی (عـەزیز ئامینـە)ەوە لـەناو ئێمـەدا بـرەوی پەیـداکرد. عـەزیز گۆیندەیـەکی عـەزیز بـوو، لـە مەجلیسدا هیجرانی‌و لەچیادا قـەتار هـەر لـەو دەهـات. ئەمـە ڕاسـتە کـە بەیانییـەك لەڕاوەکـەودا قـەتارێکی خوێنـد، کـەوی کۆهـسارانی هێنایـە جونبوش‌و قاسپە.

یەك دوو شیعری هەبوو، زۆربەی لەدڵ ئەسەند، یـەجگار لەبەهارانـدا، لەئێوارانداء لەسەر کارێزی شەریف کە دەی گوت:

وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، پێکاوەن، یاخوو:

گوڵ چوون ڕووی ئازیز نـەزاکـەت پـۆشان

وە فراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

یا بەیانیان کە بەقەتارەوە دەی گوت:

لە ورشەی شـەونم، لـە تـوێی پـەردەوە

نێرگس مەست مەست چەم بڵاوکردەوە،

ئەمانەو ئەو دەنگە داوودییـەو نەشـئەی بـەهاران‌و دڵپـاکیی ئەوسـای یارانــە. جــا لێکــی بدەنــەوە چ شــۆرێك‌و ســۆزێکی دەخــستە کەڵلــەو دەروونـەوە مـن شـۆرەم هـەل لەکەڵلـەدا بـوو ئەمویـست بەسـەر یارانـدا دابەشی کەم....)).

پیرەمێـرد، بـەم چەشـنە ڕۆحـی مەولـەوی دەسـت پـێ دەکـات، بـەم چەشنە هـۆی وەرگێڕانـی شـیعری مەولـەوی لـە هەورامییـەوە بـۆ زمـانی ئەدەبیی ئێستا ڕوون دەکاتەوە.

بەڵێ.. شیعری مەولەوی کە زۆرترینی لەسەر کێشی دە پەنجەیی کوردیی، بە ئاوازی (قەتار)ەوە دەوترێت، یا بڵێین (قەتار) بە شیعری مەولەوی دەوترێت... پێشتریش قەتار هەر وتراوە.

(زانای ناسراوی کورد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی دەربارەی ناوی گۆرانیی کوردی، ڕایەکی هەیە کە دەڵێت:

((... ڕەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە (قەتار) ڕەنگە لە وشەی (گاتا)وە گۆڕابێ، و لەکاتی خۆیدا هەر گاتای پێ وترابێ، هەروا (هۆره)، ڕەنگە گۆرانییەکی تایبەتی بوو بێت بۆ ستایشی (ئاهور مازدا)... هەروەها (کەلهوڕی) ڕەنگە (کە لە ئاهۆڕایی) واتە لەگۆرانییە هەڵبژاردەکانی باسی ئاهوڕا بوو بێت. جگە لەوە گۆرانی (خورشیدی) تا ئێستا گەواهە کە لەکاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوە، بەناوی نیازەوە، چونکە دەبینین بەرامبەر بەوە، گۆرانیی (خاوکەر)مان هەیە کە بۆ خەوهێنان وتراوە.

ئەم ڕا وردە، لێکۆڵینەوەو لێ دواندنێکی قووڵی دەوێ، زۆر بەجێیە کە (قەتار) لە گاتای زەردەشتەوە یا لە ئاڤێستاوە هاتبێت، بەڵام دوور نییە (قەتار) هەر لەوشەی (قەتار)ی عەرەبییەوە هاتبێت، کە بەمانای کاروان بەکاردەهێنرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە زۆر جار لە مەقامی قەتاردا گۆرانی بێژ دەڵێت: (قەتارێ بێنن غەمانم بارکەن)، یا بەم مەقامەوە جۆرە هۆنراوێك دەوترێت ، کە مانای ڕاستەقینە یا مەجازیی گەشتو ڕۆیشتنو کاروانی تێدا بێت. وەك ئەم دوو فەردەی مەولەوی:

ئـــازیز دیـــارەن وادەی لوامـــەن
ئـــەلوەدای ئـــاخر، ئـــەوە نامامـــەن
دەوڵەتەکـەی وەسـڵ پـا نەزەواڵـەن
جارێوەتـــەر دیـــدەن بـــاڵات محاڵـــەن

(هـۆرە) زۆر بەجێیـە کـە یـەکێك بێـت لـە گۆرانییـە تایبەتییـەکانی (ئاهورا مازدا)... یا هیچ نەبێت سەرچـاوەکەی یـەکێك بێـت لـە گۆرانییـە ئاینییـەکان. چـونکە دەبینـی ئێـستاش (هـۆرە)، هـەر تـەنیا هـۆرەی دەروێشی لەناو کورددا لەمانە هەموو بەناوبانگترە، و دوور نییـە (هـۆرەو ئاهووراو هاوار) لە ڕووی وشە یا زمانەوە، لەیەك سەرچاوەوە هاتبن، ئەم وشەو مانایە تەواو لە وشەیەکی زمانێکی تری هیندۆ ئەوروپییـەوە نزیکـە کە ئەویش وشەی (هووڕا)ی ڕووسیە کە بەمانای هاوار یا بڵێین– بانگ یـا هوتاف– بەکاردێتو نزیکی ئەو مانا کوردییانەیە.

ڕۆژبـەیانی، مـەقامی خورشـیدی– بـە مـەقامی کـاتی خـۆر هـەڵاتن دادەنێت، بـەڵام مـەقام زانـی بـەناوبانگ عـەلی مـەردان، ئـەم مەقامـە بـە گۆریانی کاتی خۆرنشین دەزانێت، هـەر چـۆنێك بێـت هـەر بەسـتراوە بـە خۆرەوە، جا خۆر هەڵات بێت یا خۆرنشین، ئەگەر لەسەر لێکدانەوەکـەی ڕۆژبەیانی بڕۆینو گۆرانی کوردی هـەموو بەرینـەوە سـەر سەرچـاوەیەکی ئاینی، ئەوا ئەم مەقامی (خورشیدی)یەش دەبەینەوە سـەر سـەردەمێکی زۆر کۆن، دەیبەینەوە سەر ئەو کاتە کە ڕۆژ جێگەو مانایەکی تایبەتی لە باوەڕی کورددا هەبووە. بەڵام دەتوانین هـەڵهاتنو ئـاوابوونی ڕۆژیـش بـە

ئیش کردنەوە ببەستین، هەروەك دەتوانین (هۆرە)ش بکەین بە هاواری کاتی ئیش کردن. مەقامی (خاوکەر)یش دیسان دەبرێتەوە سەر هەردوو سەرچاوەکەی گۆرانی)[1].

دیارە مەبەست لە هەردوو سەرچاوە ئەوەیە کە ئێستا لەناو زۆر میللەتدا شوێنی موناقەشەیە، ئایا گۆرانی لەسەرچاوەیەکی ئاینییەوە پەیدابووە، یا لە ئیشکردنەوە پەیدابووە. ئەم باسە لەو پەڕتووکەدا کە ئەو چەند لاپەڕەیەی سەرەوەمان لێ وەرگرت موناقەشەکراوە. بەلاّم مەبەستی ئێمە لێرەدا ساغکردنەوەی ئەم باسە نییە، بەلّکو ئێمە ئەم چەند لاپەڕەیەمان بە بەلّگە بۆ کۆنیی گۆرانیو مۆسیقا لەلای کورد هێناوەتەوە.

دیارە گۆرانی لای کورد زۆر کۆنەو میللەتان ئاسایی لەسەرەتای مێژووی دروست بوونیەوە گۆرانیی هەیە، بەلاّم ئەو مۆسیقایەی خراوەتە قالّبێکی زانستییەوەو ڕێو شوێنی هەیە، ئەویش هەر کۆنەو لەسەرچاوەکانی مێژوودا گەلێك بەلّگە بۆ پێوەندیی کوردو مۆسیقا دەبنینین.

بەدرەدینی هەولێری کە لەسالّی ٦٨٦ی کۆچی– ١٢٨٧ی زاینیدا لە دایکبووە، سالّی ٧٢٩ی کۆچی ١٣٢٨ی زایینی پەڕتووکی (ارجوزە الانغام)ی نووسیوە.

---

(١) ئەم وتانەی ناو ئەو دوو کەوانە گەورەیە لە کتێبی ((ئەدەبی فۆلکۆری کوردی))یەوە وەرگیراوە.

عومـەری خـدری جەعفـەر زادەی کـوردی داسـنی کـە بەجەماڵـەدینی داسـنی بـەناوبانگ بـووەو سـاڵی ٨٠٠ی کۆچـی ١٣٩٧ی زایینـی کۆچـی دوایـی کـردووە، گـەلێك پـەرتووکی هەیـە یـەکێکیان پـەرتووکی (الکنز المطلوب في علم الدوائر والضرب)ە کە لەسەر مۆسیقایە.

مەسـعوودی لـە (مـروج الـذهب)دا دەڵێـت: (شـوانی کوردشـتێکیان داهێنا، کە فووی پێدا دەکرا مێگەلی بڵاوی کۆ دەکردەوە).

لە سیاحەتنامەی گەڕۆکی تورك ئەولیا چەلەبیو مێژوو نووسـی کـورد شەرەفخانی بتلیـسی گـەلێك شـتیان دەربـارەی مـەقامو ئـاوازی کـوردی تۆمار کردووە، تەماشای دیوانی هـەر شـاعیرێکی کـۆنی کـوردیش بکـەین دەبینین کە بەدەم وەسفو قسەوە باسی گەلێك مـەقامو ئـاواز دەکـاتو ناوی گەلێك ئالەتی مۆسیقا دەبات کە دیارە لەناو کورددا هەبوون.

ئەحمـەدی خـانی نـاوی نزیکـەی (٥٥) مـەقامی تۆمـار کـردووەو وەك شارەزایەکی مۆسیقا مەقامو شـوعبەو ئـاوازەی لەیـەکتر جیـا کردۆتـەوە هەنـدێك ڕای دەربـارەی گونجـانی مـەقامو ئـاواز لەیەکـدا دەربڕیـوە. هـەروەکو پەیوەنـدی هەنـدێك مـەقام لەگـەڵ هەنـدێك ئالـەتی تایبەتیـدا دەردەخات، وەك ئەوەی مەقامی (گوردان یا کوردان) بەنای لێ دەدرێتو هەروەها ئەحمەدی خانی ناوی بیست ئالەتی مۆسیقای بردووەو لە باسی مۆسیقاگەراندا چەند گۆرانی بێـژو مۆسـیقا ژەن لەیـەك جیـا دەکـردەوە، وەك: رامشگەرو خۆش نەواو موتریبو قـەوالو غـەزەل خـوانو گۆینـدە. هتد هـەروەك خـانی پەیوەنـدیی گـۆرانیو مۆسـیقای لەگـەڵ هەڵپـەڕکێی کوردیدا لەبیر نەچووە.

لەلای شاعیرانی تریش شتێك لەم باسو ناوانە دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت مستەفا بەگی کوردی ناوی گۆرانی بێژانی دەوری خۆیو شارەزایی هەریەکەیان لە مەقامێکدا تۆمار دەکات، دیارە پیرەمێردو گەلێك شاعیری تریش هەر چاویان لەو کردووە. مەقامو ئاوازی کوردی لەگەڵ دەنگی شیعری کوردیدا تێکەڵ بووەو شاعیر هیچ کاتێك خۆی لەو ئاوازەیە جیا نەکردۆتەوە.

باسی مەقامو ئاوازو ئالەتی مۆسیقای کوردی، گەلێك لێکۆڵینەوەی زانستیی دەوێتو تا ئێستا چەند باسێك هەیە کە هەوڵی ئەو لێکۆڵینەوەیەیان تێدا درابێت، ئەمە شوێنێکی تری دەوێت بۆ باس کردن. ڕەنگە باشترین قسە بۆ سەلماندنی باسەکەو بۆ کۆتایی پێ هێنان چەند دێرێك بێت کە (گۆران) هۆنراوەی (دەروێش عەبدوڵلا)ی کۆتایی پێ دێنێ... ڕوو دەکاتە شمشاڵ ژەنی پیری هونەرمەندو دەڵێت:

ئەوەندەم بیست لەمۆسیقا، خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێك چووە دەروێش عەبدوڵلا،
دەخیلیت بم! دەسا بەو لاووكو ئای ئایو حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە
لە بیتهۆڤن گەلی زیاتر، بەڕۆحم ئاشنای، وەڵلا،
دە ئەی دەروێش، سکالایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە.

لێکدانەوەی وشەکان:

برەوی پەیدا کرد	: هاتە ناسین، هاتە ڕەواج.
گۆیندە	: گۆرانی بێژ، ستران بێژ.
هەر لەو دەهات	: تەنیٚ ژیٚ دهات، هێژا وی بوو.
ڕاوکەری کەو	: نێچیرا کەوا.
کۆهسارا	: چیا، کەژ.
وەهارەن	: بەهارە.
سەوزە	: سەوزە، کەسکە.
شەونم	: خوناڤ ، ئاورنگ.
چون سەیل	: وەك سەیل، مینا سیلاب.
چەم	: چاو، چاڤ
کەللە	: سەر.
دابەش کەم	: بەشی بکەم.
گۆرانی	: ستران.
گاتا	: دۆعای ناو (ئاڤێستا)ی زەردەشت.
گەواهـ	: شایەت.
لوامەن	: (لوا) رۆیشتن، چوون ڕۆیشتنمە، چوونیٚ منە.
ئەلوەدا	: الوداع.
ئەوەنامامەن	: چوونو نەچوون.
پانەزەواڵەن	: لە زەواڵە، پێی ناوەتە نەبوونی.

جارێوەتەر : جارێکی تر.

دیدەن : دیتن.

ئاهورامازدا : خوای چاکەی زەردەشتی.

میللەتان ئاسایی : وەك میللەتان.

سەلماندن : ئیسپات.

خرۆش : جۆش.

گفتوگـۆ:

١. چی (مەولەوی)ی لای پیرەمێرد خۆشەویست کرد؟

٢. چی لەمە دەگەیت: کە گۆرانی لەسەرچاوەی ئیش کردنەوە هاتووە، لەسەرچاوەی ئاینییەوە نەهاتووە؟ لە مامۆستات بپرسە.

٣. لەپەرتوکخانەکەتـدا بـە دوای سەرچـاوەیەکدا بگـەڕێو نـاوی چـەند مەقامی کوردیو ئالەتی مۆسیقای ناو کورد تۆمار بکە.

٤. لەو کەسـانە زیـاتر کـە ناویـان لـە باسـەکەدا هەیـە، کێـی تـر باسـی مۆسیقای کوردیی کردووە؟

٥. شارەزایان دەڵێن:

((دەبێت مۆسیقای هەموو نەتەوەیەك بـەرەو پێـشەوە بـڕوات، بـەڵام لەسەر بناغەی کۆنو مۆسـیقای کلاسـیکیی نەتەوەکـە)). چـی لـە باسـە دەگەیت؟.

خەییام

لەناو میللەتانی ئەم ناوچەیەدا بە واتا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێك زاناو بلیمەتو شاعیرو مێژوو نووسو ریازیات ناسو ئەستێرە ناسو پزیشکی گەورەی تیادا هەڵکەوتووە، کە هەتا هەتایە لەناو لاپەڕەکانی مێژووی ئادەمیزاددا ناویان ئاشکرایەو وەکو ئەستێرەی گەشی بەرە بەیان لە ئاسمانی هونەرو ئەدەبیاتو زانستدا دەدرەوشێنەوە وەك (ئەبو عەلی سیناو متنبیو حافظ و کیندیو فارابیو ابن الاثیر و سیبەوەی خوارزمیو ابو ریحان). خەیام یەکێکە لەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی عیلمو ئەدەب، خەییام ناوی (ابو الفتح عمر کوڕی ئیبراهیم الخیام نیشابووری)یەو یەکێکە لە زاناو ریازیات ناسو شاعیرانی گەورەی ئێرانی سەدەی پێنجەمو سەرەتای شەشەمی کۆچی. خەییام هاوچەرخی سولتانی سەلجووقی بوو. خەییام چونکە شارەزاو پسپۆر بووە ساڵژمێری خورشیدیی ڕێك خستووە.

خەییام بەزمانی عەرەبیو فارسی بەرهەمی هەیە، لەبەرهەمە ناسراوکانی خەییام بە عەرەبی چەند نامەیەکە لە (تەبیعیاتو میعراج) هەروەها نامەیەکی هەیە لە (جەبرو مقابلە)دا کە لەساڵی (١٨٥١)لە فەڕەنسا چاپ کراوە. جگە لەمانە خەییام شاعیرێکی بە تواناو بە سەلیقە بووەو چوارینەکانی لە هەموو دونیادا دەنگی داوەتەوە و بەهەموو زمانە زیندووەکانی جیهان نووسراوەتەوە، خەییام لە چوارینەکانیدا بیرو باوەڕی فەلسەفیو تێبینی حەکیمانەی خۆی

بەشـێوەیەکی سـادە، تیایـدا گونجانـدووە، چـوارینەکانی بـە عـەرەبی لەلایـەنی گـەلێك شـاعیرو زانـای عەرەبـەوە کـراوە بـە عـەرەبی وەکـو (ئەحمەد صافی نەجەفی، ئەحمەد رامی...).

هەروەها لەلایـەن مامۆسـتا سـلامو گـۆران گـەلێ زانـاو شـاعیری تـری کوردیشەوە کراوە بە کـوردی، ئەمـە دوو چـواریـنی خەیامـە کـە خـوا لـێ خۆشبوو شێخ سەلام کردوویەتی بەکوردی:

(١)

بـــەر لـــەمنو تـــۆ شـــەوو ڕۆژێ بـــوو
چـــەرخی جـــەفاکار ئـــەهاتو ئەچـــوو
بـۆ سـەر ئـەم خاکـە پـێ بـە ئەسـپایی
دانـــێ، چـــاوەکەم! چـــاوی یـــارێ بـــوو

(٢)

ئـــەوەی لـــەدنیا لـــەتێ نـــانی بـــوو
کـــەلاوە کـــۆنی ئاشـــیانی بـــوو
پیـاوی کـەس نـەبێ کـەس پیـاوی نـەبێ
هــەر ئــەو ژیــاوە، ئــەو ژیــانی بــوو.

***

لێکدانەوەی وشەکان:

ئەستێرەناس : ئەستێرە شوناس، (فلکی).

پسپۆر : شارەزاو لێ هاتوو– متخصص.

چوارین : چوار خشتەکی, رباعیات.

چەرخ : فەلەك.

ئاشیان : خانوو، هێلانە (شوێنی ژیانو گوزەران).

گفتوگۆ:

١. خەییام بەچی بەناوبانگە؟

٢. لەچ سەدەیەکدا ژیاوە؟

٣. خەییام بیرو باوەڕی فەلسەفی خۆی لەکوێدا دەربڕیوە؟

٤. ناوی چەند شاعیرو نووسەرو کورد بڵێ کە چوارینەکانی خەییامییان کردووە بە کوردی.

شیللی

ئـەم سـەر زەمینـەی کـە ئێمـە تیـادا دەژیـنو بـاوو باپیرانمـانی تێدا ژیاوەو هاتووەو چووە، گەلێك لە پیاوانی گەورەو ناودارو زاناو قارەمـانی پـەروەردە کـردووە، کـە هەتاهەتایـە ناویـان وەکـو ئەسـتێرەی گەشـی بەرەبـەیان لـە ئاسمـانی عـیلمو زانـستو هونـەرو شـیعرو ئەدەبیاتـدا دەدرەوشێنەوە، ئـەوەی شـایانی باسـە ئەوەیـە کـە ئـەم جـۆرە پیاوانـە خۆشیو کامەرانیو پێـشکەوتنی مرۆڤیـان مەبەسـت بـووەو بـە چـاوێکی یەکسان تەماشای هەموو گەلو میللەتێکیان کردووە.

شاعیری بـەناوبانگ (شـیللی) یەکێکـە لـەو پیاوانـە کـە هـەتا هەتایـە شیعرەکانی وەکو ئـاوازو بـانگی بولبـولی بەرەبـەیان لـە باغـچەی شـیعرو ئەدەبیاتدا دەنگ دەداتەوە.

(شیللی) ناوی (پرسی بایش)ە، شاعیری هەرە بەناوبانگی ئینگلیـزە، لە ساڵی ١٧٩٢دا لەدایك بووەو لەسـاڵی ١٨٢٢دا کۆچـی دوایـی کـردووە، شیللی یەکێکـە لـە شـاعیرە بەناوبانگـەکانی (قوتابخانـەی رۆمانـسی) لـە شیعردا، ئەم شـاعیرە بـەرزە لـە (ئۆکـسفۆرد) خوێندویـەتیو گەیـشتۆتە پلەیـەکی بـەرز لـە زانیـاریو شـاعیریدا، لـە سـاڵی ١٨٢١دا چـووە بـۆ (ئیتاڵیا)، شیللی هەروەکو هەموو شاعیرو زانایانو ڕۆشـن بیرانـی دەوری خۆی هەستی بە ئێشو ئازاری مرۆڤ و مرۆڤایەتی کـردووە، و لەهـەمووان زیـاتر داوای سەربەسـتیو ئـازادیی مرۆڤـی کـردووە. شـیللی خـاوەن ئەندێشەیەکی فراوانی وەها بووە کە دەی وت (دەرمانی خراپیو نالـەباری دونیا، ئازادیو خۆشەویستییە).

لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی شیللی قەسیدەی (ئۆدۆنیس)ە کە بەهۆی کۆچی دوایی (کیتس)ی هاوڕێیەوە وتوویەتی، هەروەها (بەستەیەك بۆ شەماڵ)و (بۆمەل). جگە لەمانە نمایشنامەی (پڕۆمیپوس)ی ئازادی کە بریتییە لە (دراما)یەکی گۆرانی لەچوار پەردەدا.

ئەمە نموونەی چەند هۆنراوەیەکیەتی کە بەدەستکارییەوە کراوە بە کوردی:

بلبلەکان بە خەبەرن
بلبلەکان بە خەبەرن
لەسەر لقو پۆپی گوڵ
سەرخۆشو خانە بەدەرن
ئەوانەی ئارەزووی ژیان
شەوقو خۆشی لە دژ نەمان
یەکی خستوون بە خەبەرن
بێ هێزو تین بە خەبەرن
لەوێدا بلبلێکی جووان
ئاوازو بەستە بۆ ژیان
دەڵێ بە جۆش نەرمو نیان
ماندووی دەستی خۆشیو غەمان
کەوتە خواریٚ سەرەو نوگوون
لاوە لاوە چڕە بەرزەکە
باوەشی بۆ گرتۆتەوە
هەتا هەتایە بەرەو نەمان!

* * *

لێکدانەوەی وشەکان:

ڕۆمانسی : ڕۆمانتیکی، ڕۆمانتیسیزم.

ئەندێشە : خەیاڵ.

دەرمان : چارە، عیلاج.

نمایشنامە : مسرحیە، شانۆگەری.

گفتوگــۆ:

١. شیللی بەچی بەناوبانگە؟

٢. لەکوێ لەدایك بووەو لە چ ساڵێکدا؟

٣. شیللی چی دادەنا بۆ چارەی خراپیو نالەباریی دونیا؟

٤. لەشاعیرانی کورد کام شاعیر (شیللی)و چەند شـاعیرێکی ئـەوروپایی کاری تێ کردووە؟

چوونا سەر هەیڤێ

هەیڤ: ئەو هەیڤە کو پێشەنگا کاروانێ جوانناسان بوو، بەلکی کتە جوانیو جوانیەك بوو، بۆ هەمی هۆزانڤانانو ئەڤینداران د سەردەمێ بەرێ دا، بۆ هندێ دا رووییێ جوانێ دلبەرێن خو وەك هەڤی وێ بکەن!

هەیڤ هەر ئەڤە بوو، هەر ئەو بوو، کو د شەڤا چواردێ دا ب رووناهیا خۆ ڤێ دونیا مە روون بکەت!.

بەلێ! هەر ئەڤەبوو و ئەو ژی بوو کو دگوتن ئێکە ژ وان هەسارا یێ کو ل دۆر رۆژێ دزڤرینو رووناهیا خۆ ژێ وەردگریت... ب گەلەك سەدەیاو ب گەلەك چەرخا ئەڤە بوو بیرو باوەرێ مرۆڤی بەرانبەر هەیڤێ.

لێ سەدێ بیستێ خەتیرەك بدەستێ گرتو دەست ب شانازیێ کر ژ هەمی سەدێن بوری دا، گوت: دناڤ من دا مرۆڤی هزرا فرینێ ژ خوارێ بۆ سەرێ پەیدا کرو دگەل وی ئەم رێکەفتین!...

ئەڤەو ژوی لای ڤە بیرو باوەرێ مرۆڤی بەرانبەری هەیڤێ ب سەدێ بیستێ دیت یا خو درێژ کریو پەردا دەمێ بوری هەمی دا لایەکی خۆ گەهاندە هەیڤی، ژ ئەردی خو هەلاڤێتو لسەر بانێ هەیڤێ خۆ گرت!.

بەڵی! مرۆڤی سەدێ بیستێ کارەساتەکا حێبەتێی پەیداکرو هەمی دونیا حێبەتی کر، چنکو گەهشتنە هەیڤێو دەنگی ئەردو هەیڤێ گەهاندنە ئێك!..

ئەرێ وەڵڵا ئەڤە راست بوو، چنکو ل ساڵا (١٩٧٠)ێ ئێکەمین مرۆڤی ((ئارمسترونگ)) یێ ئەمریکی هەردوو پێت خو دانانە سەر بانێ هەیڤێو

نیشا هەیڤێ دا کو مرۆڤی لسەر ڕوییێ ئەردی دشێت پێ خۆ پاڤێتە هەر جهەکیو ژ ئاشوبێ بگەتە ڕاستییێ!!

ل سالا (١٩٧٠)ێ (ئارمسترونگ)ی ب هزاران هزار میلێن ڤێ ڤالایی یا دنافبەرا ئەردێو هەیڤێ بڕینو گەهشتە هەیڤێ. ژ ئەنجامێ وێ چوونا وی بۆ هەمی مرۆڤا دیار بوو کو ئەو هەیڤا هەتا وی سەردەمی مرۆڤی ب جوانەکا ڕویتو د دانا وەسا نەبوو. بەلکی هەیڤ بوو کو پەیکەرەکێ هەرە مەزنی وەکی ئەردییەو ب ڕاستو دروستی ڕوون بوو کو ئەو ژی بارستایەکە وەکی ئەردیو وەکی بارستاییێن دی...

ژ ڤی ئەنجامی ئەو چەند خویا بوو کو زانستو پێزانینێن مرۆڤی گەهشتنە جهەکی کو ب وان پێزانینا بشێت بگەهتە گەلەك بارستاییێن ئاسمانیو پەردا ئاشوبێ داقوتیتو خو پاڤێژیتو بچیتە دناف جیهانەکا ڕاستیو کە تواریدا. ژ ڤی ئەنجامی دیار بوو کو د سەدێ بیستێ دا بیرو باوەرو پێزانینێن مرۆڤی گەهشتنە جهەکی کو نەبتنێ نە پەنێین قولاچو کوژیێن ئەردی ئاشکەراکەت، بەلکی دەستێ خۆ درێژ بکەتو بچیت نەپەنێین ئەردی ئاشکەراکەت، بەلکی دەستێ خۆ درێژ بکەتو بچیت نەپەنێین ڤێ ڤالایا دنافبەرا ئەردو ئاسمانی ژی ئاشکەراکەت هەر ئەڤ حەزە بوو کو نەهێلا سەدێ بیستێ بسەرڤە بچیتو بلەز خۆ کرە دیاری بۆ هەیڤێو پارچێن ڕوویێ هەیڤێ ژی ئینانە سەر ئەردی!.

چوونا سەر بانێ هەیڤێ ژ لایێ مرۆڤ ب ئەگەرێ هزرو بیرێن خۆشیا ژ دونیایەکێ بکەفتە دناف دونیایەکا دیو بەلّکی زانستێ سەر ئەردی گەهاندە ئەسمانیو هەیڤ ژی ئاسمانێ ئینایە سەر ئەردی! ب ڤێ

چوونا سەر هەیڤێ نەخشێ هەمی رابـوریێ دیرۆکـی گوهـۆڕیو دونیایـەکا پێزانینێن دی بدەست خۆڤە ئینا بۆ هندێ دا بـچیتە جهـێن دی یـێن ڤـێ دونیایا رووبەر درێژ!

شروفە کرنا پەیڤان

هۆزانڤان	:	هۆنەر.
وەك هەڤی	:	لێکچوون.
دز ڤریت	:	دەسورێت.
خەتیرە	:	مەشخەڵ.
خوهەلاڤێت	:	بازی دا.
حێبەتێی	:	سەرسوڕمانی.
ئاشوب	:	ئەندێشە.
ڤالایی	:	بۆشایی.
خویا بوو	:	دەرکەوت، دیار بوو.
پێزانین	:	زانیاری.
داقوتیت	:	بتەکێنێت.
کەتواری	:	واقعی.
بێنێ	:	تەنیا.
نەپەنی	:	نهێنی.
قولاچو کوژی	:	کەلێن قوژبن.

پیشەسازی لەناو کوردەواریدا

پیشەسازی بەشێوەیەکی سەرەتایی و ساکار، بۆ هێنانە دی ئەو شتانەی کە پێویستی ئادەمیزاد بوون، لە کۆنەوە هەر بووە کشتوکاڵو بەدرتیژ کردن لەلایەن ئادەمیزادی کۆنەوە بۆ ڕاوو شکار، چەشنە پیشازییەك بووە بۆکاتی خۆی.

ئەمە ڕاستە، کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، بزووتنەوەیەکی تازە بوو و داهێنانی ئامێرو، هێزی بزوێنەر، لە بەرهەمەکانی، ئەم شۆڕشەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازیی نەتەوەیی هەر لەناواندا بووە. جا ئێمە لەم ماوەیەدا لە داهێنانی هێزی هەڵمو دۆزینەوەی هەندێك نەزەرییەی فیزیاو داهێنانی کیمیا، نادوێین، چونکە ئەمە پەیوەندی بە پیشەسازیی گشتییەوە هەیە، کە لەکاتی خۆیدا لە ئەوروپا کەوتە ناوانەوەو خەریکە هەموو جیهان دەگرێتەوە، مەبەستمان پیشەسازیی نەتەوایەتی کوردییە.

کورد هەر لەکۆنەوە، هەموو کەلو پەلێکی کە بە خواردەمەنی دروست کردنو کشتوکاڵ بەرهەم هێنان بەکاردەهێنرێت، خۆی دروستی کردووە، وەکو دیزەو گۆزەو مەنجەلٚو قاپو کاسەو کەوچكو تەنوورو فەرشو بەڕەو ناوبرێشكو تیرۆكو گەلێك شتی تر. ئەمانە دەبێت زۆر کۆن بن، چونکە لە پێویستیەکانی ژیانن. جگە لەمە داسو گاسنو هەوجاڕو هەموو کەلو پەلێکی تری کە پێوەندیی بە کشتوکاڵەوە هەیە، وەستای کوورە خۆی دروستی کردوون.

لەناو کوردەواریدا دەست کردی هونەریی ورد گەلێك پێشکەوتوو بووە، لەمانە بەرماڵی کوردیو جاجم ناوبانگیان دەرکردبوو، تا ئێستاش بازاڕیان هەر هەیە، لەتەك ئەمەدا وەستایانی دەست ڕەنگین، هونەر لەدروستکردنی شەترەنجو نەردو قوتووی جگەرەدا دەنوێنن.

هەندێك لەناوچەکانی تری کوردستان ناوبانگیان بەدروست کردنی هەمە جۆرە چەقۆو کێردو قەڵەمبڕ دەرکردووە، بەتایبەتی ئەو قەڵەمبڕە نایابانەی کە دەسکیان لە ئێسقانو قۆچی ئاژەڵ دروست کراوە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر باسی خەنجەری کوردی، ئەمەیان نەك هەر لەڕووی پیشەسازییەوە وردو نایابو جوانە، بەڵکو لەڕووی ڕووخساریشەوە شێوەیەکی تایبەتی هەیە، واتە خەنجەری کوردی لەو خەنجەرانە ناکات کە لەناو میللەتانی تردا باون، چاکترین خەنجەری کوردی ئەوەیە کە دەبانی پێ دەڵێن میرو گەورەکانی کورد خەنجەری وایان هەیە کە زۆر بەنرخن، بەتایبەتی ئەوەی دەسکەکەی لە قۆچی سپی دروست دەکرێتو کالانی بەزێڕو زیوو یاقووتو مرواری دەنەخشێنرێت، خەنجەر یەکێکە لە دروشمە نەتەوەییەکانی کورد لەبەر ئەوەیە بەدیاری پێشکەش دەکرێت. پوولی پۆستەی حکومەتی کوردستانی خواروو لەناوچەی سولەیمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود وێنەی خەنجەری کوردیی تێدا کێشرابوو، کورد (تیغ)یش بە خەنجەر دەڵێت، وە قسەی نەستەقی کوردیش دەڵێت:

((تیغ هاوڕێی پیاوە)).

چەخماخ سازی لەناوچـە جیاوازەکـانی کوردسـتان پێـشکەوتوو بـوو، بەتایبــەتی وەسـتاکانی سـولەیمانی لــەدەورو بــەری فــەرمان ڕەوایــی بابانەکاندا، لە سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەم هـەموو جـۆرە شـیرو تـیرو تفەنگێکیان دروست دەکرد، بەلاّم بەناوبانگترینو گـەورەترین کارخانـەی چـەك ئـەوەبوو کـە لەڕەوانـدز لـە دەوروبـەری فـەرمان ڕەوایـی پاشـای کۆرەدا دامەزرا، ئەم کارخانەیە تەنیا چەکی سـووکی دروسـت نـەدەکرد، بەڵکو چەکی قورسی وەکو (تۆپ)یشی دروست دەکرد، ئـەو تۆپانـەی تـا ئێستاش لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون نیشانەی پێشکەوتنی ئـەم چەشـنە پیـشەسازییەن لـە کوردسـتاندا. بـۆ ئـەم ئامانجـە حەمـە پاشـای کـۆرە وەستا ڕەجەبی کوردی ڕەواندزی بۆ فێربـوونی ئـەم پیـشەسازییە نـاردە ئەوروپا، ماوەیەك لەوێ مایەوە ئینجا لەساڵی (١٨١٥) کارخانـەی شـیرو خەنجەرو تفەنگو لوولـە تـۆپو گولـلـە داڕشـتنو زەرەنگـەریو دارتاشـی دامەزراند. ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێت ئەوەیـە کـە سـکەی پـارەی زێڕو زیوو پاقـژی میرنـشینی سـۆران کـە بـەناوی مـیری مەنـسوور حەمـە پاشای گەورەو بوو، هەر لەو کارخانەیدا لێ دەدرا.

لەهــەموو شـارەکانی کوردسـتان سـابوون بـۆ شـارو دێ بەرهـەمێکی ناوچـەیی بـوو و لـە ماڵانـدا دروسـت دەکـرا، ئـەو بنەماڵانـەی کارخانـەی سابوونیان لە ماڵـەوە هـەبوو بـە سابوونـچی ناسـرابوون. لـە سـولەیمانی گــەڕەکی ســابونکەران هەیــە. ئــەم گەڕەکەچــییە؟ هــەر لەگــەڵ ئاوەدانکردنەوەی شاری سولەیمانیدا، پاشاکانی بابان بایـەخێکی زۆریـان بـە دروسـتکردنی سـابوون دەدا، ئـەوەبوو سابوونـچییەکان هـەموویان

لەگەڕەکێك کۆبوونەوەو ناوی گەڕەکەکەیان نا (سابونکەران) ئەم ناوە تا ئێستا ماوەتەوە.

وە نەبێت بەرهەمی سابوون لەم مالآنە هەر بەشی شاری سولەیمانیو ناوچەی سولەیمانی کرد بێت، بەلکو بۆ گەلێك شوێنی کوردستانو دەرەوەی کوردستانیش دەچوو. بازرگانەکان بەرهەمی ئەم مالآنەیان دەکڕیو لە خانەکاندا کۆیان دەکردەوە، ئینجا بە کاروان دەنێررا بۆ بەغداو موسلو حەلەبو دیاربەکرو تەوریز. هەر ئەو کاروانانە لەو سەر گەرانەوەدا کووتالی بازرگانیو عەترو شەکرو چایان بار دەکردو دەهاتنەوە.

مووتاوی یان (موتابچێتی) یەکێکە لە پیشە بەناوبانگەکانی کوردستان، لەزۆر کۆنەوە لەشاری سولەیمانیو کۆیەو کەرکووكو سولەیمانیو هەمەدانو سنە ئەم پیشەسازییە باو بووە. بەرهەمی موتابچێتی بریتییە لە خەراری شاش بۆ تووتنو خەراری سفت بۆ دەغلو دان.

گەورەترین کارگەی ئەم پیشەسازییە لە سولەیمانی بووە، کە هەموو کات پازدە تا بیست کرێکار کاری تێدا کردووە، ژنانیش لە مالآندا بەتەشی موویان بۆ ئەم کارگانە دەڕست.

لەسەردەمی ئێستادا نە کوردو نەتەوەکانی تر ئاتاجی ئەوە نین سابوون لەسەر شێوەی کۆن دروست بکەن، بەلام لە چەرخی ئەلیکترۆنو ئۆتۆمو چوونە سەر مانگو ئەستێرەکان، دەبێت

پیشەسازیی کۆنی نەتەوایەتی وەکو مافوورو قەڵەمبڕو جاجمو ڕانكو چۆغەو کلاشو کەوچکی دار دروست کردن هەر بمێنێتەوە.

لێکدانەوەی وشەکان:

پیشەسازی	:	سەنعەت کاری.
ناوبرێشك	:	دارێکی نووك تیژە، نیو مەتر زیاترە بۆ وەرگێرانی نان لەسەر سێل (ساج) بەکاردێت.
کەلو پەل	:	پەرتویلك.
بەرماڵ	:	سوجادك.
قەڵەمبڕ	:	چەقۆی بچووك.
ڕوخسار	:	مەظهر.
چەخماخ ساز	:	تفەنگساز.
فەرمان ڕەوایی	:	حوکم.
موزەخانە	:	مەتحەف.
پاقر	:	جۆرە مەعدەنێکە، جۆرە کانزاییێکە.
سفت	:	عەکسی شاش، واتە ورد چنرابێت.
ئاتاج	:	پێتڤی (موحتاج)

گفتوگــۆ:

١. چی تر لە پیشەسازییەکانی نـاو کـوردەواری دەزانیـت بۆمـانی بـاس بکە؟

٢. جیاوازی چییە لەنێوان پیشەسازیی گشتیو پیشەسازیی خۆماڵیدا؟

٣. ئامرازی جووت کردن لە گەلێك ئامراز پێـك هـاتووە، ئایـا دەتوانیـت ناوەکانیان بڵێیت؟

٤. چی لەبارەی وەستا ڕەجەبی ڕەواندزییەوە دەزانیت؟

لە دەرسی داهاتوودا نووسینێکمان بە دوو لاپەڕەیەك لـەو بارەیـەوە بۆ بنووسە.

٥. دوو دێڕ شیعر بڵێ کە وشەی (خەنجەر)ی تێدا بێت.

٦. بەراووردی سابوون دروست کردن بکە لە ئێستاو کۆندا.

میکرۆبێن دۆست

دیاره هەر ژ دەسپێکی دێ حێبەتی بی ژ ڤێ ئاخفتنێو دێ بێژی مەهەر میکرۆب ب دوژمن گولێ بوویە. ئەڤ میکرۆبێن دۆست چنەو ژ کیڤە پەیدا بووینە. ڕاستە ناڤێ میکرۆبی ب خرابی چوویەو هەر دگەل ناڤ ئینانا وی ئێکسەر نەخۆشی دهێنە بیرامە. بەلێ هەر چەندە جۆرەکێ میکرۆبا دخرابنو دبنە ئەگەرێ نەخۆشێن کوژەکو ترسناك. بەلێ جۆرەکێ دی یێ میکرۆبا نەخۆشی لاوازو بێچارە دکەن. ئەم دەمێ ناڤێ میکرۆبا دئینین دەمل دەست کۆلێرە، ئێشا زراڤ ، تایا گران، یان نەخۆشیێن دی ژ ڤی بابەتی دهێنە بیرامە. ئێدی ئەو ناهێتە بیرامە کو میکرۆب یێ هەی هاریکاریا گڤێرینێ دەکەت. یان میکرۆب یێ هەی بارستێ خوازێ دهەلوەرینن، هەکە ئەڤ میکرۆبە نەبانە، نە ئەو خواردن دهەلوەریانو کەسەك ژی نەدشیا بخۆت ئەڤ میکرۆبێن ژ ڤی بابەتی ب ڕەنگێ بەکتریاو پەمبلوکو هێڤێنی دایە. هەروەسا هندەك میکرۆبێن دی یێت هەین هێشتا بو زانا دیار نەبوویە کا چنەو چ نینن.

ئەرێ ل ڕێزا گیانداران یان بێ گیانانە یان نیڤ یان نیڤ ب نیڤ؟ ئەڤێ چەندێ ژی دبێژنێ (ڤایرۆس)، کو دبنە ئەگەرێ هندێ ڕووەکو زیندەوەرو مرۆڤی تووشی گەلەك نەخۆشیا بکەن. ڕووەك تووشی نێزیکی سێ سەد، زیندەوەر تووشی نێزێکی شێست، مرۆڤ ژی تووشی پتر ژ شێست نەخۆشیا دبیت، ژوان نەخۆشیێن مرۆڤی پێ تووش دبیت خۆریکو سوورکو پەرسیڤو فالیخا زارۆکانە. مرۆڤی گەلەك ل ڤان

میکرۆبا ڤەکولییە، بۆ هندێ دابگەهتە ڕهـ وریشالێن وی‌و بشێت ژناڤ ببەت‌و نەهێلیت ببنە جهێ نەخۆشییێ‌و دەردەسەرییێ.

زانست دڤێ مەیدانێدا سەرکەفت‌و سەروان ڕەنگێن میکرۆبا زاڵبوو ئەوێن دبنە جهێ نەخۆشییێ کارەك کر کو مرۆڤ ژێ نەترسیت‌و ڤەنە جنقیت‌و هەر دگەل سەرهەلدان‌و پەیدابوونا وان دا دەمل دەست ژ ناڤ ببەت‌و نەهێلن بەلاڤە بن. گەلەك پسپۆر د ڤێ بیاڤێ دا پەیدابوون، نەك هەر ئەو بتنێ بەلکی زانستێ بەکتریاو پەمبلوك‌و ڤایرۆس‌و ئەڤ بابەتە ژی پەیدابوون. بۆ نوکە ژی ب پشت ڕاستی ڤە دێ شێین بێژین کو زەمانی دەردگرتن‌و پەژیك‌و قڕبوونێ نەمایەو ئەو ژی نەمایە کو د دەمەکێ کێمدا ملیونەها کەس قڕ ببن‌و چ ژێ نەمینیت‌و ژناڤ بچن. نوکە مرۆڤ ب دەرزی دانانێ خۆ ژ ڤان بەلا ڕزگار دکەت. ئێدی بۆ ساڵەکێ بیت یان بۆ چەند ساڵان یان ب درێژیا ژیانێ ئەو ڕەنگێن نەخۆشیا نێزیك نابن.

نوکە بلا بێینە سەر دەسپێکا سوحبەتا خۆ و بزانین ئەرێ میکرۆبێ دۆست هەیە؟ یان ب ڕەنگەکێ ڕوونتر بێژین ئەرێ ڕاستە کو ژیان بێی میکرۆب پێك ناهێت‌و ناچتە سەری؟ یان ئەو ڕۆڵی مەزن چییە یێ کو ئەڤ میکرۆبە د خواردن‌و ڤەخوارنێ‌دا و چاندن‌و پیشەسازییێ‌دا دگێڕن‌و دبنە جهێ ژیانێ؟!.

ب ڕاستی‌و دجهێ خۆدا بوو کو زانایەك ژ ئەنجامێ ڤە کولینەکا دوورو درێژو زانستیانە ل ئەمریکا، ئەو چەند دیار کریە کۆمیکرۆبێ زیاندار بەرامبەر میکرۆبێ بێ زیان ژ سێ هزارا ئێکە. بەلێ زەلامەکێ خراب بەرامبەر زەلامەکێ باش لە جیهانێ ژ یازدە هزار ئێکە هەمی زیندەوەر

دمرن، هوین باش سەحا هەر ڕووەکەکی یا زیندەوەرەکی یان مرۆڤەکی بکەن، دێ بینن ژیانا وان ژ شانەکێ دەست پێ د کەتو پێشڤە دچیت، هەر زیندەوەرەك چەند دەمژمێرەکا یان چەند ڕۆژەکایان چەند حەفتیەکا یان چەند سالەکا دژیت. هندەك زیندەوەر ژی یێت هەین وەکی کویسەلەی ژیێ وی خو ل دووسەد سالان ددەت. هەر وەسا هندەك دار ژی یێت هەین وەك دارا (سکۆیا) چەند هەزار سالا دژیت. هەر زیندەوەرەك دەمی دمریت ب ملیونان بەکتریا هێرشێ دبەنە سەرو لەشێن وان پرت پرت کەنو کەونە خواردن بۆ وان زیندەرێن ساڤا ئەوێن ژ نوی وەرارێ دکەنو پێ دگەهن. هەکە ئەڤ میکرۆبە نەبانە. ل وێ ڕۆژا ژیان لسەر ئەردی پەیدا بوویو هەتا نوکە لەشێن مریدا د جهدا مینن. ئەڤجا دەشتو چیاو ئەرد هەمی دا پڕبن ڕێ بۆ ڕێوباری نەدبوو. ئەڤە ژ لایەکی، ژ لایەکێ دیڤە ب هزاران رەنگێن زیندەوەرو ڕووەکا وەرار نەدکرو مەزن نەدبوون، نە بەلکی ژیانا وان دا کەفتە د زڤرۆکو گەرپانێ داو دا ڕاوەستییێت، چنکو ب ڕاستی ئەو میکرۆب ڕۆلەکێ ئێجکار دگێرن بۆ هندێ کەرەستێ ئالۆز وەك پرۆتینو روینو کاربۆهیدرات بکەنە کەرەستەکێ سڤكو وەلێ بکەن کو شتلا ساڤا بشێت وان بمێژیتو وەرارێ پێ بکەت. هەر ژبەر ڤێ ژی دێ شێین بێژین ئەڤ میکرۆبە ئاخێ قەلەو دکەتو هەردەم دێ تێڤلەکێ نوێ دەنێ بۆ هندێ دا ئەو زیندەوەرێن ژ نوێ سەری هلدەن پێ بژین. بەلێ ئەڤ میکرۆبە جارەکێ بتنێو میکرۆبەك بتنێ، زیندەوەرو ڕووەکا نا حەلوەرینن. بەلکی ب چەند جاراو هەر جار ژی کۆمەکا میکرۆبا ئەڤی کاری بجه دئینن، ئانکو

دیٚ کەنە خویٚ یا سادە یا کانزای وەك ئازۆتو کبریتاتو فۆسفاتو نشاو ئاڤیٚ. پاش دووەم ئوکسیدیٚ کاربوون دیٚ بلند بیت. ڕووەك دیٚ لسەر دووەم ئۆکسیدیٚ کاربوونو ئاڤیٚو لبەر تیرۆژکا هەتاڤیٚ جارەکا دی کەرەستیٚ ئالۆزو ڕەق دروست دکەتو ئێدی ب ڤی ڕەنگی ژیان دیٚ گەریێت. ئەڤەژی هەر وەکی دەستورەکیٚ ژیانیٚ وەسایەو ڕێژا دووەم ئوکسیدیٚ کاربوون دیٚ ب نەگۆڕی مینیتو دبنە نێزیکی ٠,٣ % د هەوایێ ئاساییدا. هەر وەسا پرۆتین ژی ب ئەگەریٚ کۆمەکا میکرۆبێن تایبەت دیٚ هەلوەرییێت، هەر دیٚ هەلوەرییێت، هەتا دبیتە ئازۆت، ئەڤ ئازۆتە ژی، لنك ڕووەکی گەلەك خۆش دبیتو دیٚ مێژیتو پیٚ ژیت. بەلیٚ هەکە برۆتین هەر وەکی خۆ ب پروتین ما، ڕووەك مفای ژیٚ نابینیت، نەبتنیٚ هەر ئەو بەلکی ڕووەکا ژی دیٚ ژنافبەت. هەکە وەسابیت، ئەڤ میکرۆبە بیٚ گومان دۆستنو خزمەتەکا مەزن بۆ مرۆڤی کەنو دیٚ مفایەکیٚ مەزن ژیٚ گەهینن، ئەڤ میکرۆبێن دۆست بێدەنگو هێدی خزمەتەکا مەزن بۆمە دەکەن. زانایان بخۆ ژی ئەڤە نەدزانیو ل ڤیٚ دوماهییٚو پشتی ژیان ب سەدان هزار سالان بەردەوام بووی، پاش ئەڤ ڕاستیە بۆ وان خویا بوو.

هندەك جۆرێن بەکتریا ییێت هەین د قەلەوکرنا زەڤییێدا دەورەکیٚ مەزن دگێرن هێڤێنو بناڤو دەنگترین میکرۆبە کو د خواردنو ڤەخوارنا مە دا بکار دئینین، ئەریٚ ئەو نانیٚ د خوین ب هەڤیر ترش ناهێتە دروست کرن؟!.

دیسان هندەك خواردن ییّت هەین، هەكە هێڤێن نەبایە دروست نەدبوون. هەر وەسا مەی ژی ب هێڤێنی دهێتە دروست كرن، پەنیرو ماست ژی یان بۆ مەیاندنێ یان بۆ تام خۆشكرنێ هێڤێن دڤێت، هەروەسا سهك ژی پێدڤی ب هندەك مێكرۆب هەیە و ب وان میكرۆبا ترشوكا سهكێ دروست دبیت.

بۆ بابەتێ جلكا دیارە وێ دزانین كو كەتان ئەڤ ڕەنگێن تشتا ب ئەگەرێ كارتێكرنا میكرۆبێ تایبەت دهینە چێكرن، چنكو ئەو میكرۆب تایبەتییەو هندەك ژ وان كەرەستا د هەلینیت ئەوێن ڕها ب ڕووەكی دنویساند. ئەڤ میكرۆبێن دۆست هەر ب ڤان خزمەتا نەڕاوەستان، بەلكی گەلەك پیشەسازێن دی ییّت هەین و ب ئەگەرێ ئەڤانە د هێنە بجهـ ئینان، بۆ نموونە بەخراپتر یا وان ترشوكا ئەوێن بۆ ڕەنگ كرنێ بكاردهێن، هەر وەسا گەرماردانا پیستیو بۆیاغكرن و ڕیشالێن دەستكردو گولاڤ و مەرەكەب و لاستیكێ دەستكردو گلیسرین و گەلەك ڕەنگێن دی. میكرۆبێن دۆست ل ڤان هەمی پیشەسازیاندا بۆ هندێ كو تێكەلێ بوونەكا كیمیاوی بساناهی دكەن. خزمەتەكا مەزن دگەهینە مرۆڤ . بەری دوماهیێ ب سوحبەتا خوبینین، بە فەردزانین كو پیچەكێ بەحسێ وان میكرۆبێن دۆست ژی بكەین ئەوێن گەلەك نەخۆشی و دەرد ساغ كرین وەك پەنسەلین، سترۆپتۆمیسین و كلۆرومیسین و ئۆرۆمایسین. ئەڤە ژ هندەك بەكتریاو هندەكێن دی ژ پەمبلوكی د هێنە ڤەگرتن، نوكە ئەڤە ب ڕەنگەكێ ئێجگار بەرفرەهـ بۆ تیماركرنێ دهێنە بكارئینان، مرۆڤایەتی لـژێر سیبەرا ئەڤان ژ دەست گەلەك نەخۆشیان ڕزگاربوویە. ل ڤێ

دوماهیێ زانست شیا ب ڕەنگەکێ بەرفرەهـ ئەڤان درمانا چیکەتو ب وی ڕەنگی کو هەمی کەس ل هەر قولاچو کوژیەکێ جیهانێ دابن، بساناهی بدەست بکەڤیتو ل بازاری وەك ئەسپیرین دهێنە فرۆشتن. قوتابیێن خۆشتڤی. دیارە نوکە هوین تێگەهشتن کو ئەڤ میکرۆبە دۆستو ئەم لسەر هەقییێ بووین، کو مەهۆسا ناڤ لێ نای، ژیانو ژیار ب ئەگەرێ ئەڤانەیە، ڕاستە ئەو زیندەوەرەکێ بچویکن، بەلێ خزمەتاوان گەلەك مەزنە.

شرۆڤەکرنا پەیڤان (لێکدانەوەی وشەکان)

حێبەتی : سەرسوڕمان.
دەمل دەست : دەمو دەست.
گڤێرینێ : هەرس کردن.
د هەلوەرینن : خاو دەکات.
پەمبلوك : کەڕوو.
هێڤێن : هەوێن، هێوێن.
خوریك : ئاوڵە، خوروکە.
سوورك : سورێژە، سۆرکە.
پەرسیڤ : پەسیوو.
رەهەوریشاڵ : بنجو بناوان، رەگو ریشە.
ڤەنە جنقیت : نەسڵەمێتەوە.
ئێشا زراڤ : سیل.
پشت ڕاستی : دڵنیابوون.

پەژیك	:	پەتا.
دەرزی دانان	:	کوتان.
زیاندار	:	زیان بەخش.
زەلام	:	پیاو.
دەمژمێر	:	سەعات.
کویسەلە	:	کیسەڵ.
ساڤا	:	کۆرپە، ساوا.
چەریت	:	دەلەوەرێت.
تیرۆژك	:	تیشکی خۆر.
مفا	:	سوود.
بتنێ	:	بە تەنیا
خویا بوو	:	دەرکەوت.
هەڤیر ترش	:	هەوێن، هەویری ترش.
مەیاندن	:	مەیین.
دحەلینیت	:	دەتوێنێتەوە.
نویسا	:	دەنوساند.
بەهراپتر	:	زۆربە.
گەماردان	:	پێستە خۆشك کردن.
قولاچو کوژی	:	کەلو قوژبن.
سهل	:	سرکە.

شـاعیرو نـەتـەوە

ئەو گولاڵە سوورەی لە بەهاراندا بەسەر پێ دەشتو هەردەو هەڵەتو دۆڵو دەرەو قەدپاڵەکاندا ناز دەکات، ئەوەندەی پـێ ناچـێت دەژاکێـتو سیس دەبێتو دەبێتە پـووشو پـەلاش، بـەلام لـە شـیعری شـاعیرەکاندا هەر گولاڵەیەو هەر نازی خـۆی دەکـاتو هـەر دەشـنێتەوە، ئـەو سـاتەی شیعرەکە دەخوێنیتەوە گولاڵەکە کوتومت وەکو خۆی دێتـە بەرچـاووتو وا دەزانیت هەرەتی بەهارەو سەرنج لە خەرمەنی گولاڵە دەدەیت.

زەردەخەنەی سەر لێوی منداڵ تا بڵێیـت دڵگـیرەو مایـەی مووچـڕکی خۆش خۆشە بە لەشدا بەلام هـەر تـەنیا هەنیـسکێکی بەسـە بـۆ ئـەوەی وەك لافاو بێتو لەگەڵ خۆیدا ڕاپێـچی بکـات، کەچـی ئـەو زەردەخەنـەی سەر لێوی منداڵە لە شیعری شاعیرەکاندا هەمیشە نەمرەو لەبەر چاوە.

شـاعیر ئـەم هەسـتە ناسـكو ئـاوادارەی خـۆی بـەزمانی نەتـەوەیی دەڕژێنێتە سەر کاغەز، هەر ئەوەندەشی بەسە کە دەڕژێتـە سـەر کاغـەز ئیتر کوژاندنـەوەی نییـەو تـا دنیـا دنیایـە هـەر دەمێنێـت. تەنانـەت ئـەو شـیعرانەش کـە ئـاوازی مرۆڤایـەتیو خێـر خـواهی قـووڵ دەکـەن، ئـەو شیعرانەش کە ئاوازی ئاشتیو ئاسایش دەدەن بە گوێی خەڵکدا، گشتی هەر بەزمانی نەتەوەیی دەبێژرێن، بۆیە لـەم ڕووەوە دەتـوانین بڵـێین کـە شاعیری چاكو باش دەتوانێت بە شیعرەکانی خزمـەتی گـەورەی نەتـەوە بکات، چونکە (ئـەدەبی بـە پیـتو بەلـەزەت زمـان لای کەسـانی میللـەت خۆشەویست دەکاتو ڕۆژبەڕۆژ هۆگری دەبنو شانازیی پێوە دەکەن، من زۆرجار گوێم لێ بـووە کـە یـەکێك گـوێی لـە شـیعرێکی باشـی گۆران، یـا

پیرەمێرد، یان هەردی، یان هێمن موکریانی بووە، بە قوربانی ئەو زمانەش بووە کە ئەو شیعرەی پێ وتراوە، دیارە ئەم بە قوربان بوونو شانازیی ئۆتۆماتیکی دەبێتە بە قوربانو بوونو شانازی بە میللەتەکەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە دەوترێت شاعیرو ئەدیب لە ڕێگەی خزمەتی زمانەوە، خزمەتی گەورەی نەتەوە دەکەن)[1].

شیعری نەتەوەیی کوردیش دەوری بالآی خۆی لە مێژووی نەتەوەیی کورددا دیوە، لەگەڵ ئازارو ئاواتی میللەتەکەدا بووە، خەڵکەکەی وریا کردۆتەوە، دەستی خسۆتە سەر برینەکانی میللەتو هانی هوشیار بوونەوەو ڕاپەڕینی داون. ئاگاداری کردوون کە کڕنووش نەبەن، کە مل نەدەن بۆ سەرشۆڕیو ژێر دەستی کە ئازادیخوازبنو ڕزگاری پەرست.

ڕەسەنی شاعیری نەتەوەیی لەوەدایەکە گیانێکی هونەرمەندانەی هەیە، لەگەڵ خۆیو لەگەڵ خەڵکدا ڕاستگۆیە، خۆشیی کەمەو خەمی زۆر، زۆر کات پەستەو زۆر کەمیش دڵخۆش، ئەم ڕەسەنیو ڕاستگۆیییەی شاعیر بووە بە مایەی برسێتیو حەپسو تێهەڵدانو دەربەدەریو شاعیری ڕەسەنی نەتەوەیش هەر دەبێت وابێت، لە مەیدانی سیاسەتدا ڕۆلەیەکی بە جەرگو خەبات کەرو شاعیرێکی ڕاستگۆ بێت. دوو تووێی شیعرەکانی پڕ بێت لە ئازارو ئەشکەنجەی گەلو شۆڕشی گەلو مژدەی دوا ڕۆژو بڕوای بەهێز بەنەتەوە خۆشەویستەکەی خۆی.

(لەسەر شێوەی (الشاعر والامة)ی لەناو پەرتووکی خوێندنەوەی عەرەبی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی داڕێژراوە)

---

(١) چەند سەرنجێك لە پیرەمێردی شاعیر، نووسینی فەرەیدوون عەلی ئەمین.

گالـــیلۆ

٣٠٩ ســاڵ لەمــەوپێش، واتــە لەســاڵی ١٦٣٣دا، دادگــای تــەفتیش لــە شاری ڕۆما لە ئیتالیا حوکمی دا بەسەر گالیلۆدا، چـونکە بـاری سـەرنجو تیوورەکەی (کۆپـەرنیکۆس)ی پەسەند کردبوو کـە وتبـووی، گـۆی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەسووڕێتەوە.

ئـەمڕۆ ئەگـەر بـە منـداڵێکی قوتـابیی قوتابخانـەی سـەرەتایی بڵـێن: (گۆی زەوی لەجێی خۆی وەستاوەو ناجووڵێت، خۆر بـە دەوریـدا سـووڕ دەخـوات) گاڵتـەو قەشمـەریمان پـێ دەکـات، چـونکە ئـەمڕۆ لای هـەموو کەس ئاشکرا بـووە کـە گـۆی زەوی بـە دەوری خـۆیو بـەدەوری خـۆردا دەسووڕێتەوە. بەڵام پێشینیانو زانایانی ئەو سەردەمە وایان دەزانی کە زەوی لـەجێی خۆیـدا وەسـتاوە. ڕۆژو مـانگو ئەسـتێرەکان بـە دەوریـدا دەسوڕێنەوە.

لەسەد ساڵەی پانزەهەمی میلادیدا، زانای بەناوبانگ (کۆپـەرنیکۆس) دەستی کرد بە تێگەیاندنو بڵاوکردنەوە لەناو خەڵکدا: کـە زۆر بـە هەڵـە چوون، کە دەڵێن. گـۆی زەوی لـەجێی خـۆی وەسـتاوە. بـە پێـچەوانەی تێگەیشتی خەڵکی ئەو زەمانەوە سەلماندی کە زەویو مانگو هەندێك لە ئەستێرەکان بـە دەوری خـۆردا دەسـوڕێنەوە، ئـەم بۆچـوونو تیـوورەی کۆپەرنیکۆس لەناو خەڵکدا دەنگی دایەوەو بڵاوبووەوە.

ئەگەر کۆپەرنیکۆس تا زەمانی گالیلۆ بژیایە، بێ گومان موحاکەمـەی ئەو دەکەوتە پێش موحاکەمەی گالیلۆوە.

گالیلۆ لەساڵی ١٥٦٤دا لەشاری (پیزا) لە ئیتالیا هاتۆتە دنیاوە. لە زانستی ڕیازییاتو فەلەکو فیزیکدا زۆر پێشکەوتبوو، هەموو جیهان قەرزاری توانای ئەم زانا خۆشەویستەیە کە (تەرمۆ مەتر)و (تەلیسکۆب)ی دۆزییەوە، ئەم دوو شتە بەری تێکۆشانی ئەم زانا گەورەیەیە کە لەهەموو تێکۆشانو تاقیکردنەوەیدا لەسەر ڕەوشتی کۆپەرنیکۆس دەڕۆیشتو بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکردەوە. ئەم کردەوەیەی گالیلۆ لەناو پیاوانی ئاینو زانایانی ئەو سەردەمەدا وەك بۆمبایەك تەقیو لێی کەوتنە تەقو پیاوانی ئاین لە ڕۆما بەگژیدا چوون، بڕیاریاندا کە گالیلۆ کافرو زەندیقو بێ ئیمانە. بەم جۆرە (پاپا)یان لێ هاندا کە فەرمانی دا دەبێت گالیلۆ لەم بیرو باوەڕە هیچو پووچو پڕو پووچەی خۆی وازبهێنێتو نابێت لە زانستگاکانی ئیتاڵیادا دەرس بڵێتەوە. گالیلۆ ناچار بوو واز لە تێکۆشانی ئاشکراو بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی خۆی بهێنێت، چونکە ڕقەبەریی پاپاو میرنشینەکانی ئیتالیای پێ نەدەکرا. جارێکی تر لە ساڵی ١٦٣٢دا بیرو باوەڕو تیووریی خۆی ئاشکرا کردو، وتی ناتوانم بەرامبەر ڕاستییەك بێ دەنگ ببم کە زۆربەی خەڵکی بە هەڵە بۆی چوونو تێی گەیشتوون، پەرتووکێکی لە چاپداو بڵاوی کردەوە، لەوەدا تیوورەکەی کۆپەرنیکۆسی پەسند کرد.

دوژمنەکانی کە زانیان پەرتووکەکەی دەستاو دەست بڵاوبۆتەوە، دەستو برد کەوتنە جووڵەو کارێکی وایان کرد نووسەرەکەی حەواڵەی (دادگای تەفتیش)، واتە (دادگای جەزای پاپا) بکرێت. چونکە ئەم کردەوەیان بە کفردایە قەڵەم. لەو زەمانەدا حوکمی کەنیسەو پاپا

بەسەر هەموو خەڵکداو تەنانەت بەسەر قەراڵو میرەکانی ئەورووپاشدا زاڵ بوو، گشت جیهانی کریستیان گەردن کەچی پاپا بوون. بەم جۆرە ئەم زانا پیرە خۆشەویستە لەتەمەنی ٧٥ساڵیدا بۆ دادگای تەفتیش راپێچ کرا، موحاکەمەکەی ٢٠ رۆژی خایاند، دۆستەکانی گالیلۆ وایان چاوەڕوان دەکرد کە گالیلۆ بەرگریی تیوورەکەی خۆی بکاتو بیسەلمێنی کە ڕاستە، بەڵام وای نەکرد چونکە دەیزانی کە بەرگریو قسەکردن بەرامبەر بەو بێ مێشکانەی کە رازی نەبوون مەسەلەکە حەواڵەی دادگای جەزای مەدەنی بکرێت بێ سوودە، چونکە ئەو بێ مێشکانە دەیانزانی ئەگەر حەواڵەی ئەوێ بکرێت، گالیلۆ دەتوانێت تیورەکەی خۆی بە ئەندامانی دادگا بسەلمێنێ. هەر بەوەشەوە نەوەستان بەڵکو زۆریان لێ کرد کە بەرامبەر خەڵك ئاشکرای بکات کە بیرو باوەڕو تیوورەکەی چەوتەو لەگەڵ نەریتی کەنیسەدا رێك ناکەوێتو ناگونجێت، چونکە کتێبە پیرۆزەکانی (ئینجیل) کەمو زۆر باسی ئەوە ناکەن کە زەوی بە دەوری تەوەری خۆیدا یان بە دەوی خۆردا بسووڕێتەوە، دەیان ووت: ئەم تیووره نارێکیو چەوتییەك بە یاسای زانستی فەلەك دەداتو یاسای دنیاش شلۆق دەکات.

گالیلۆ تەنگەتاو کرا کە تیورەکەی خۆی بەئاشکرا بە درۆ بخاتەوە، ئینجا گالیلۆ لەسەر چۆك راگیرا بوو کە نامەی بەدرۆخستنەوەی تیوورەکەی خۆی درایە دەست بۆ ئیمزا کردن، دەمو دەست ڕاپەڕیو هەستایە سەر پێو بە هەموو هێزی خۆی پێیدا بە زەویداو قیژاندی: ((لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە سووڕانەوەدایە)). مەبەستی گالیلۆ ئەمە بوو

که تێیان بگەیەنێت هەر چەندە ئینکار نامەی تیورەکەی بەزۆر پێ ئیمزا دەکەن، بەڵام گۆی زەوی لە سووڕاندنەوەی خۆی نەکەوتووەو ناکەوێت.

دادگای تەفتیش بڵاوی کردەوە کە گالیلۆ لە دادگادا دانی بە تیوورە چەوتەکەی خۆیدا نا لەبەر ئەوە بڕیار درا کە لە خانووەکەی خۆیدا لە (ئەرستری) دەست بەسەر بێت، بەمەرجێك لەمەولا بیرو باوەڕو تیورەکەی خۆی بەهیچ کەس نەڵێتو تیورەکەی کۆپەرنیکۆسی بەسەر زماندا نەیەت. ئینجا دادگای تەفتیش بەهۆی جاسووسو پۆلیسو قەشەکانەوە چاودێریو سەرپەرشتیی گالیلۆی دەکرد.

ئەم پیاوە خۆشەویستە، زۆر بە کەساسیو هەژاری دوا ڕۆژی ژیانی خۆی ڕابوارد. لەساڵی ١٦٣٤دا کچە خۆشەویستەکەی مرد، جەرگی بڕا، هەستو هۆشی نەما، لەساڵی ١٦٣٦دا نەخۆش کەوتو هەردوو چاوی کوێر بوو، لەساڵی ١٦٤٢دا لەو خانووەدا کە دەست بەسەر بوو، مرد، ئەمە ساڵی سێ سەدەمینی مردنی گالیلۆیە، ناوی گالیلۆ وەك بڵیسەی یادگارێك لەناو کۆڕی زانستو کۆمەڵێ زانایاندا هەرگیز ناکوژێتەوە.

مەسەلەکەی گالیلۆ لەو مەسەلانەیە کە زۆرداریو نادانیی زۆر بە زەقی تیادا دیارە. لەو جۆرە هەڵانەی دادگایە کە زۆر جار دادگاکان پێیان تیادا هەڵدەخلیسکێت، یان لەو جۆرە ڕووداوانەیە کە زۆرجار دادپەروەری دەکەوێتە ژێر پێ لەقەی غەرەزی شەخسییەوە.

زۆرجار ڕێ دەکەوێت کە دادپەروەری لەژێر پەردەی تەماعو ناپاکیدا دەشاردرێتەوە، چرای ڕاستیو سەربەستیو ئازادی لەژێر هێزی پارەشی ناهەقیدا دەکوژێتەوە !.

لــــەگۆڤاری گەلاوێـــژی ژمـــارە ٩–١٠ ســـاڵی ٣ی ١٩٤٢وە بـــە دەستکارییەکی کەمەوە وەرگیراوە.

لێکدانەوەی وشەکان:

لێی کەوتنە تەقە : گازاندەیان ژێ کر.

دەستو برد : بزاڤ .

نەریت : عادەت.

یاسا : قانون.

هەڵە : غەڵەت.

پێ لەقە : پەحین.

گفتوگــۆ:

١. کۆپــەرنیکۆسو گـالیلۆ کـێ بـوونو دەربـارەی تیورەکـەیان چـی دەزانێت؟

٢. ئایا ئەو مەحکەمەیەی کە بـۆ گـالیلۆ دانـراو نـاوی دادگـای تـەفتیش بوو، لەلای تۆ خۆیو حوکمەکەی ڕەوا بوو؟ بۆچی؟

٣. ئایا دەتوانیـت نـای چـەند کەسـانێك یـا ڕووداوێـك کـەوا بـەم جـۆرە حوکمی ناهەق بەسەریاندا درا بێت باس بکەیت؟

لەناوبردنی نەخوێندەواری هەنگاوێکی بوێرانە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی نـــــوێ

بەرهەمی زۆرو بەشکردنی بە هەقیانەت

وا دەگێڕنــەوە کــە (بەرناردشــۆ)ی نووســەری بــەناوبانگی ئینگلیــز، جارێـك لــە ئاهەنگێکـدا چـاوی بــە یــەکێك لەســەرمایەدارە گــەورەکانی بەریتانیا دەکەوێت، بەڕێکـەوت کـابرای سـەرمایەدار قەڵـەوو چوارشـانەو ورگ زل دەبێت، وەك دەزانین بەرنارد شۆش زەردو لاواز باریکەلەو سـەر رووتاوە بووە.

کابرای سەرمایەدار بە (شۆ)ی نووسەر دەڵێت:

- ئەوی تۆ ببێنێت وا دەزانێت، کە لە دوورگـەی بـەریتانیادا برسـێتیو قاتیو نەبوونییە، نە نان دەست دەکەوێتو نەخواردن. بەرنادشـۆی حازر بەدەست کتوپڕ دێتە وەڵامو دەڵێت:
- بەڵام ئەوەی تۆش ببینێت وا دەزانێت کە هۆی ئەو هەموو برسێتیو قاتی نەبوونییە تۆیـتو هەرچـی بەرهـەمو نـانو خـۆراکی دوورگـەی بەریتانیایە تۆ بردووتە بـۆ خـۆتو تـۆ دەیخۆیـتو بەشـی کەسـی لێ نادەیت.

دیــارە ئەمــە قــسەی خۆشــەو دەیگێڕنــەوە، چــونکە مــەرج نییــە سەرمایەدار هەر قەڵەوو زۆر خۆربێت، چونکە زۆرجار هەیـە کـابرا ملیـۆن زێڕی هەیەو لەبەر نەخۆشی، ئەگەر بـەر رژدی نـەبێت، کولێرەیـەکی پـی تەواو ناکرێت.

مەکـسیم گـۆرگیی نووســەری گــەورەی سـۆڤێت، جارێـك دەچـێتە ئەمریکاو حەز دەکات یەکێك لە خاوەن ملیۆنـەکان ببینێـت، گۆرکی لای سەیر بوو کە کابرای ملیـۆنێر زۆر لاوازو ڕیوەڵـەو ڕەنـگ زەردو دان زەرد

بوو، لەبەر نەخۆشی شەکرو چەند نەخۆشی تر هەرچی خۆراکی خۆش هەیە لێی قەدەغەکرابوو، گۆرکی دەڵێت: پێشتر وام دەزانی ملیۆنێر دەبێت پیاوێکی زۆر ئەستووری، چەتەووڵی بە چنگی، دان تیژ بێت. رۆژی چەند مریشكو عەلیشیشو چەند سینی پاقلاوە دەخوات، بەڵام ملیۆنێرم ئاوا دیت، زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە، هێندە ویژدانی خۆی ئازار بداتو هێندە ئازاری خەڵکی بداتو رەنجیان بخواتو هەندێك جار بەدەیان هەزار بەکوشت بدات، جەنگ بۆ ئەوە هەڵگیرسێنێت، کە چەك بفرۆشێتو پارەی زۆر پەیدا بکات، بەڵام نەتوانێت هێندەی بچووکترینو لاترین کرێکاری یەکێك لە کارگەکانی، سوود لە هەوڵو لەشی ساغی خۆی ببینێت. گۆرکی لەگەڵ ئێمەدا دەپرسێت، کەواتە: بۆچ کابرای ملیۆنێر ئەم کارە دەکاتو ئەم پارە زۆرەی بۆچییە؟ رەنگە ئەم نەخشەو تابلۆیەی مەکسیم گۆرگیش هەر زادەی خەیاڵی خۆی بێتو شتێك لە قسەی خۆشو گاڵتەو گەپی پێوە بێت. بەڵام ئەمیشو ئەو قسە خۆشەش کە لەزمانی بەرناردشۆوە گێرامانەوە، لە جەوهەردا مانایەکی زۆر قووڵیان تێدایەو دیمەنێکی رژێمی سەرمایەداری، رژێمی چەوساندنەوەو رەنج دانو رەنج خواردن دەخەنە روو.

کۆمەڵێکی زۆر لە زەحمەت کێشان، لە فەللاحو کرێکار رەنج دەدەن. چی خێرو بەرەکەت هەیە، بەرهەمی دێنن، جەرگی زەوی دەدرِنو دایدەپۆشنو ئاوی دەدەنو بەهێزو بازوو شەونخوونی، لەسەرمای زستانداو لەگەرمای هاویندا، لەرۆژانی دڵ تەنگی پایزداو لە شەستە بارانی بەهاردا لەبەرهەم هێنانو پاراستنی ئەو بەرهەمە ناکەون. زەوی

پڕ دەکەن لەبەری جوانو شیرین تێرو تەسەل کەری دەستو بازوویان، ئەوان زۆرو بەرهەم زۆر، بەلام ئەو بەرهەمە بۆ کێیەو چۆن دابەش دەکرێت؟

دەمێکە فەیلەسووفانو شاعیران خەو بەوەوە دەبینن کە ئەم بەرهەمە زۆرە، بەسەر ئەو بەرهەم هێنەرە زۆرانەدا دابەش کرێت، هەر کەسە بەشی خۆی بەرکەوێت، ئەنجامو بەری ڕەنجی بۆ خۆی بێت، بەلام کەی ئەو خەوە هاتۆتە دی؟ کەی بووە خاوەنی ئەو ڕەنجو خێرو بەرەکەتە بەداخی بستێ زەویو جۆگەیەك ئاوەوە سەر نەنێتەوە، لە ئازاری ڕەنجداو بە داخی ڕەنجەڕۆییو ڕەنج خوراویی خۆیەوە ماڵ ئاوایی نەکات.

مێژوو پێش ڕژێمی ئیشتراکی، هیچ ڕژێمێکی نەدیوە، کە بەرهەمی زۆری، عادلانەو بەپێی ئیش، بەسەر بەرهەم هێنەراندا دابەش بکرێت. ئیشتراکییەت هەر ئەوەنییە کە (دەنکە گەنمی بەپیتو بەرەکەت بکات بە عەمبار)و ئەو عەمبارەش بەڕەزامەندیی هەموو خەڵك بۆ زەوی چێن بێت، بەڵکو ئیشتراکییەت پلەی بەرهەم هێنانی بەرز کردەوە، لادێ وردە وردە تەکنیکی تازە لە کشتوکاڵدا بەکاردێنێتو شاری خاپوورو دواکەوتووی جارانیش، ئاوەدانو پێشکەوتووە، نموونەی شارستانێتی تازەیە، پیشەسازی تازەترین بەرهەمی داهێنانی مێشکی مرۆڤی تازە بەکاردهێنێت. هەموو ئەمانەش موڵكی هەموانە، بەری بۆ هەموانە. کۆشكو تەلاری تاقە کەسی سەرمایەداران دەبێتە موڵكی گشتیو لەپاڵ ئەودا خانوو بەرەو ساختمانی گەورە پەیدا دەبێتو بەسەر کارگەرو بیرو

ڕووناكو هەموو كەسدا، چۆنیەكو بەپێی خێزانو پێویستیی دابەش دەكرێت.

تا دێت نەخۆشی لە كزییەو پزیشكو دەرمانو نەخۆشخانە، چوون یەك بۆهەمووانەو بێ پارەو بێ ئەوەی زانست بكرێت بەهۆی گیرفانی پڕكردنو خەڵك ڕووتاندنەوە.

دایەنخانەو باخچەی منداڵو قوتابخانەو خوێندنی بەرزو هەزارەها پرۆژەو كارخانەی گەورە گەورە بۆ هەمووانە، بۆ منداڵی جووتیارو كارگەرو فەرمانبەرو بیرڕووناكەو هەموو چۆن یەك پەروەردە دەكرێنو بۆ نیشتمانی بەختیار پێدەگەیەنرێن. ئەمانەش چۆن یەك پەروەردە دەكرێنو بۆ نیشتمانی بەختیار پێدەگەیەنرێن. ئەمانەش هەمووی بەرهەمن، بەرهەمی زۆرو بە پیتن، بە هەقیانەت بەش دەكرێنو بۆ هەمووانن، نموونەی ژیانی بەختیاریی خەڵكن. تا كاروانی خەباتی زەحمەت كێشانیش بەرەو پێشەوەتر بڕوات... ئەو بەختیارییە لە زیادییەو قووڵترو هەمەڕەنگ تر دەبێت. هەر ژیانەو كاروانەو سەركەوتنو شادی... ئاشتی بۆ گەلانو شادیو بەختیاری بۆ هەموو لایەك.

لێکدانەوەی وشەکان

نووسەر	:	نڤیسار.
بەناوبانگ	:	بەناڤ و دەنگ.
ورگ	:	سك.
بەرێکەوت	:	لەناکاو، ناگاە، ژنشکەکیڤە.
زل	:	مەزن.
ڕژدی	:	ڕەزیلی، پیسکەیی، بەخیلی.
ڕیوەڵە	:	لاواز، زەعیف.
قووڵ	:	هوور، هێر.
خاپوور	:	کامباخ.
دایەن خانە	:	حەزانە (حضانة)، دایەنگە.

گفتوگـۆ:

١. ئایا دەتوانیت شتێکی وا بگێڕیتەوە کە لە قسەکەی بەرنادشۆ یا گۆرکی بکات؟
٢. چی دەربارەی بەرنادشۆو گۆرکیٚ دەزانیت؟.
٣. بۆچ لەڕژێمی دەرەبەگیو سەرمایەداریدا زۆر جار ڕێگە لە بەرهەم زۆر کردن دەگیرێت؟
٤. چۆن ئەو بەرهەمە بۆ هەمووان دەبێتو لەچ ڕژێمێکدا؟
٥. چۆن ئادەمیزان ژیانی بەختیاری بۆ خۆی بنیاد دەنێت؟
٦. بەراوردێك بکە لەنێوان ڕژێمی سەرمایەداریو ئیشتراکیدا لە هەموو ڕوویەکەوە.

کۆمەڵی خوێندەوار کۆمەڵێکی پێش کەوتووە

کەرکووك

کەرکووك یەکێکە لە پێنج شارە گەورەکەی باکووری عێراقو چوار شارە مەزنەکەی کوردستانی عێراق، شارێکی گەلێ کۆنو دێرینو بەناوبانگە، یادگاری ڕۆژهەلاتی کۆنەو لەدێر زەمانەوە ماوەتەوە تاکو ئێستاکە. شاری کەرکووك بە (١٢٦٠) هەزارو دوو سەدو شەست پێ لەڕووی زەریا بەرزە، وە بە (٢٨٥) دوو سەدو هەشتاو پێنج کیلۆمەتر لە بەغداوە دوورە. پانایی ناوچەی کەرکووك (٢٠٨٠٠) بیست هەزارو هەشت سەد کیلۆمەتری چوار گۆشەییە. ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٤٦٠٠٠٠) چوار سەدو شەست هەزار کەسە. موحافەزەی کەرکووك لە (٦) شەش قەزا پێکهاتووە:

١. قەزای کەرکووك: بریتییە لە (٥) پێنج ناحیە: قەرە حەسەن، پردێ شوان، تازە، دووبز.

٢. قەزای کفری: بریتییە لە (٤) چوار ناحیە: پێباز، قەرەتەپە، سەر قەلا، جەبارە.

٣. قــەزای تــووز خورمــاتوو: بریتییــە لــە (٤) چــوار ناحیــە: قــادر کەرەم، داقووق، ئامەرلی، سلێمان بەگ.

٤. قــەزای چەمــچەماڵ: بریتییــە لــە (٢) دوو ناحیــە: ئاغجەلــەرو سەنگاو.

٥. قەزای حەویجە: بریتییە لە (٢) ناحیە: ریاز، حەویجە.

٦. قەزای کەلار.

بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەی کــەرکووك خــەریکی کــشتوکاڵن، زۆری دەغــڵ‌و دان‌و بــرنج‌و نیــسك‌و نــۆك‌و مــاش‌و کــونجی‌و لۆکــە دەچێنن. بەشێکیش خەریکی شــوانین‌و هەنــدێکی تــریش بــە کــڕین‌و فرۆشــتن‌و بازرگانییــەوە خــەریکن. لەبــەر نــەبوونی سەرچــاوەی مێژوویی تــەواو، دیاریکردنی سەردەمی دروستــکردنی شاری کــەرکووك کارێکی گەلێك قورسە. لەدوو کتێبی کۆنی کلدانیدا باسی ئــەم شــارە کراوە. لەساڵی ١٨٦٩دا مەتران ئەدی شێر، کتێبێکیانی گۆڕییە سەر زمــانی تــورکی‌و دانــەیێك لــەم کتێبــە ئێــستاکە لــە دێــری کلــدانیانی کەرکووکدایە لە قەڵا. بەڵام کتێبی دووەمیان کە ناوی (دەنگ‌و باسی شــەهیدو قدیــسان)ە ســاڵی ١٨٩١ قەشــە پــۆلس بێجــانی لــە شــاری لایبزیك بە چاپی گەیانــدووە. وەکــو لــە نــاوەڕۆکی ئــەم دوو کتێبــەدا

دەردەکەوێت پاشای ئاشوری سەردناپالْ فەرمانی ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکووکی داوەو هەزار کەسی ئاشووری لەشاری تازەدا نیشتەجێکردووە. لەو کاتەی کە ئەسکەندەری مەکدۆنی وڵاتی میزۆپۆتامیای داگیرکرد، ناوچەی کەرکووك بوو بە پارچەیەك لە خاکی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی. لەپاش کۆچی دوایی ئەسکەندەر، وڵاتەکەی لەنێوان سێ فەرماندەی لەشکرەکەیەوە دابەشکرا، شاری کەرکووك کەوتە بەر سلۆکس، ئەم فەرماندەرە شاری کۆنی رووخاندو سەر لەنوێ دروستیکردەوە، شوورەیەکی گەورەی لەدەوری شار تەنیو شەستو پێنج قولەو دوو دەرگای گەورەی بۆ کرد، دەرگای سەرو ناوی (دەرگای تووتی) بوو، وە دەرگای دووەم ناوی (دەرگای پاشا)بوو. وا دەردەکەوێت کە تووتی دەبێت یاریدەدەری سلۆکس بووبێو لەپاشانا بووبێ بە سەرۆکی شار، لە سەردەمی ئەمەدا شاری کەرکووك گەلێ پێشکەوتو ناوی بوو بە (کەرخ– سلۆك). لەساڵی ٢٤٧ی پێش زایین فەراییەکان شاری کەرکووکیان داگیرکرد، ئەمە زۆری نەخایاندو ساڵی ٢٢٦ی پێش زایین ئەردەشێر توانی کەرکووك لە فەراییەکان وەرگرێتەوە، بەم جۆرە ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر دەستی ئێرانییەکان تا سەردەمی

پەیدابوونی عەرەب لە هەرێمانەدا لە سەردەمی (تەهماسب) قولی خان کە بەناوی (نادرشا) ناسراوە، فەلەیەکی کەرکووکی لەهەندێ لەنووسینەکانیدا ئەم زانیارییانەی دەرختسووە: (لە شەوی ١٦ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٣٢ تەهماسب شاری کەرکووکی داگیرکرد، لەپێش هەموو شتێکدا قڕانی بە جوولەکەی شار هێنا، وە گەلێکیشی بەدیل گرتن. بەڵام خەڵکی شار پێکەوە بەرهەڵستی ئەم هێرشەیان کردو بۆ ماوەیەکی سێ سەعات بێ وچان لەخەبات نەکەوتن. هەردوولا تووشی زیانێکی بێ سنوور بوونو کەسێکی زۆریش کوژران، تەهماسب ناچار بوو شار بەجێبهێڵێتو ڕووبکاتە گوندی (قۆریە)کە سەعاتێك لەشار دووربوو. لەپاش ڕوودانی ئەم کارەساتە، خەڵکی شار جارێکی دیکە دەستیان کردەوە بە ئاوەدانکردنی شارو دروستکردنی خانووبەرەیان. ڕۆژ بەڕۆژ شار زیاتر پێشکەوتوو گەورەتر دەبوو. شاری کەرکووکی ئێستا لەدوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی بڵندایيە کە قەڵای پێدەڵێنو بەشی دووەمیشی پانایيە قۆریەی پێدەڵێن. قەڵای کەرکووك ناوچەیەکی ستراتیجیو سەختی ئەم هەرێمەیە، لەبەر ئەوە بوو هەمیشە خۆی لەهێرشی دوژمنو بێگانە پاراستووە. لەکۆنەوە فەلەکانی کلدانی لە قەڵا

جێنشین بوونو گەلێ خانووبەرەی جوانیـان تێدا دروسـتکردووە. لـە بەهارانـدا شـاری کـەرکووك دیمـەنێکی ڕەنگـاو ڕەنگـی قەشـەنگ دەنوێنێـت، بەتایبـەتی دیمـەنی دەشـتایی خـوارەوەو سەرسـنگی قەڵاکە گوڵو سەوزایی بەهاری لێدەڕوێت. لـە قـەڵای کەرکووکدا دوو مزگـەوتی هـەرە کـۆن تـا ئێـستا هـەر ماونەتـەوە، یەکـەمیان نـاوی مزگـەوتی (ئولـۆو) وە مەریەمانەشـی پێـدەڵێن، دووەمیـان نـاوی مزگەوتی (دانیال پێغەمبـەر)ە. فەلـەکان دەڵـێن: لـە بنجدا ئـەم دوو مزگەوتە دێری دیانان بوون، وە گۆڕی حـەنانیو عـەزاریو میـشائیل لەناو مزگەوتی دووەمدان، بەڵام جوولەکـە دەڵـێن: دانیـال پێغەمبـەر لەو مزگەوتـەدا نێـژراوە. ئەگـەر تەماشـای بـیروڕای مێژوونووسـەکان بکـەین دەبیـنین بـە پێـچەوانەی ئـەم باوەڕەیـە، مێژوونووسـەکان دەڵێن: دانیال پێغەمبەر لە خۆزستان کۆچی دواییکـردووەو لەشـاری شووشتەر نێژراوە. تا ئێـستا ئـەوە نـەزانراوە کـە لـەچ سـەردەمێکدا بەشی خوارووی کەرکووك ئاوەدانکراوە، لە دەمی هەندێ لە پیرەکان بیـستراوە کـە گوایـە لەسـاڵی (١٧٢٩)دا خـەڵکی خانووبـەرەی لـە خـوارووی قـەڵا دروسـتکردووە, بەسـتی (خاسـە) شـاری کـەرکووك دەکـات بـەدوو کەرتـەوە، قـەڵاو هەنـدێ لـە گەڕەکـەکانی دیکـە

کەوتوونەتــە لای دەســتی چــەپی بەســتی خاســە کــەدیوی ڕێگــای سلێمانی پێدەڵێن، بەڵام لای دەستی ڕاستی، کە ئێستاکە لـەو دیـوە گەورەترە، دیوی قۆریە، یـاخود ڕێگـای هـەولێرو بەغـدای پێـدەڵێن.
گەڕەکەکانی دیوی قەڵا ئەمانەن:

(میران، حەمام موسلیم، حـەمام مەسـیح، ئاغـالق، ئیمـام قاسـم، زینــدان). بــەڵام گەڕەکــەکانی دیــوی دووهــەم، هــەر بــەناوبانگیان ئەمانــەن: (قۆریــە، شــاترلو، ســاری کەهیــە). لــە کەرکووکــدا گــەلێك خانووبەرەی جـوانو کۆگـاو یانـەو گـازینۆو قوتابخانـەی کـوڕو کـچو بارەگای میریو ئاوو کارەباو نەخۆشخانەو باخو پارکو دامو دەزگـای منداڵانو فڕۆکەخانەو ئێستگەی شەمەندەفەرو تەلـەفزیۆن دەبینـرێن. هەروەها شەقامی ڕاستو فراوانو ڕووناك بە تیـشکی کارەبـاو ڕازاوە بە دارو درەخـت دیمـەنی شـاری کـەرکووك بـە شـارێکی تـازە بابـەت دەنوێنێت. لەشاری کەرکووکدا نزیکەی (١٠٠) سەد شوێنی ئایینی لە مزگــەوتو خانــەقاو تەکیــەو دێــرو کلیــسە هەیــە، شــوێنە هــەرە بەناوبانگــەکانی موســڵمانی تەکیــەی نــەجیب جــەباریو تەکیــەی تاڵەبانیو خانەقای سەید ئەحمەدو مزگەوتی (خادم السجادە)ن.

خانووه کۆنەکانی کەرکووك لەسەر ئەندازیاری کۆنی ڕۆژهەڵاتیی دروستکراون، حەوشەکانیان گەورەنو لە دوو نهۆم پێکهاتوونو بە بەردو گەچ دروستکراون، بەڵام خانووە تازەکانی بەتایبەتی لە گەڕەکی شاترلوو لەسەر ئەندازیاری تازەی ئەورووپایی دروستکراون، لەباتی حەوشەی کۆن باغچەیان تێدایە. دانیشتووی کەرکووك لەنەتەوەکانی کوردو تورکمانو عەرەب پێکهاتوون لەگەڵ هەندێ کەمایەتی دیکە وەکو ئەرمەنی، زۆربەی دانیشتوانی کەرکووكو دەوروبەری لەم هۆزە کوردانەن:

شوان، تاڵەبانی، داوودە، ساڵەیی، زەنگەنە، زەند، ڕۆژبەیانی، پاڵانی، کێچ، لەك، وەندی، بەرزنجی، عەرەبەکانیش لەم تیرانە پێکهاتوون:

عوبێد، جبور، حجێش، ئەلبوو حەمدان، نەعیم، کوڕوی، حەرەب، عەززە، سعێدات، سایح، بەنوو زەید، تورکمانەکانیش لە تیرەکانی تاترانو بەیات پێکهاتوون. کەرکووك شارێکە مەلەوانی لەناو زەریای نەوتدا دەکات، لەبەر ئەوەیە شاری (زێڕی ڕەش)یشی پێدەڵێن. مەڵبەندی بنچینەیی نەوتی کەرکووك دەکەوێتە بابا گوڕ گوڕ کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووك. ڕۆژی (١٤)ی مارتی

١٩٢٥ پەیمانێك لەنێوان عێراق‌و کۆمپانیایەکی ئینگلیزی لەبابەت بەدەستخستنی نەوتەوە مۆرکرا. بەپێی بەندەکانی ئەم پەیمانە، کۆمپانیای ئینگلیزی بۆی هەیە تا ماوەی حەفتاو پێنج ساڵ سوود لە بەرهەمی ناوچەی نەوت وەربگرێت، بە مەرجێك هەموو دام‌و دەزگاو کەرەستەی کە بۆ ئەم پرۆژەیە خەرجکراوە لەپاش تەواوبوونی ماوەکە بە خۆڕایی ببێتە موڵکی عێراق، بەشی عێراقیش لەهەر تۆنە نەوتێك چوار شلینی زێر بێت. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە مێژووی دەرهێنانی نەوت هەندێ کارەساتیش ڕوویداوە. لەڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ بیرێك لە بیرەکانی نەوت تەقی‌و لە ئەنجامدا چەند کەسێك کوژران‌و لافاوی نەوت بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە. کۆمپانیا وای بەباش زانی نەوتی نەپاڵێوراو بنێرێتە دەرەوە، بۆ ئەمە ساڵی ١٩٣٢ دوو بۆری نەوت لە کەرکووکەوە کێشرایە حەدیسە لە قەراغ ڕووباری فورات، وە لەوێوە کرا بە دوو خەت، یەکێکیان بۆ شاری تەرابلوسی شام کە درێژایی (٦١٠) شەش سەدو دە کیلۆمەترە، دوومیان بۆ شاری حەیفا کە درێژاییەکەی (٧٤٨) حەوت سەدو چل‌و هەشت کیلۆمەترە. ساڵی ١٩٤٨ بۆرییەکی حەیفا بڕدرا، لەباتی ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ بۆرییەکی

تـر كێـشرايه شـارى بانيـاس لـه سـوريا. ديمـەنى شـارى كـەركووك لەشەودا گەلێك جوان‌و نايابە، ڕووناكى لە شاپلێتە گەورەكانى بـۆڕى نـەوت دێتــه دەرەوەى، ئــەم ئــاگرە نــەمرو هەميـشەييه مێـژووى بەسـەرهات‌و كارەسـاتى بـاب‌و باپيرانمـان دەگێڕێتــەوە، شـار وەكـو بـووكێكى ڕازاوەو خـەملێو بـەناو ڕووناكيـدا بـەنازەوە چـاو شـاركێ دەكـات. ئەگـەر سـەر لووتكـەى شـاخ‌و گونـدو شـارەكانى ديكـەى كوردسـتان لـه شـەوى نـەورۆزدا بـبن بـه چـراخان، هـەموو شـەوێكى شارى كەركووك هەر نەورۆزە.

گوڵە مێخەك

ناوی مێخەك بە زاراوە لاتینیەكەی (داننەس كاریۆپلیسیا)یەو (كاریۆپلیسیا) بە تەنیا واتە: سەر بە خێزانی (داننەس)یش واتە: مێخەك، كە هەمووی دەبێتە: سەر خێزانی مێخەك یان خێزانی مێخەك.

ئەم ڕووەكە شوێنەواری بنەڕەتی چیاكانی نورماندیو مێرەو لەوێوە بە جیهاندا بڵاو بۆتەوە، گوڵە مێخەك لە باخچەو باخچەوانییدا گرنگترین گوڵە. گوڵەكانی جوانو ڕێكو پێكو بە دیمەنو بۆنێكی خۆشو دڵگیری هەیەو دەتوانرێت بە دەسك پێشكەش بكرێت، یا لە گوڵدانەدا دابنرێت، وە ماوەیەكی زۆر بەگەشیو جوانی دەمێنێتەوە، مێخەك ڕووەكێكە ئەگەر بمانەوێت لەڕووی ڕووەكێتیەوە بیناسینو لەڕووەكی دیكەی جیا بكەینەوە بەم جۆرەی دەكەین:

١. مێخەك لەقەدو باڵادا لاوازو باریكەو بەرگەی شكاندنەوەو نوشتاندنەوە ناگرێت.

٢. لەبەهاردا گوڵدەکاتو لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمەوە تا مایس دەمێنێت.

٣. گوڵەکانی تاك تاکەو هەر گوڵێکی پێنج پەڕی ڕەنگینی هەیە. جۆرێکی دیکەشی هەیە گوڵەکانی تاك تاك نییە، پڕو قەتپەڕو پەڕەکانی لە پێنج زیاترنو کەمو زۆر پەڕەکانی بەگوێرەی جۆرەی گوڵەکەیە.

٤. گەڵاکانی ئەستوورو درێژکۆڵەیەو ڕەنگی سەوزێکی مۆم باوە.

مێخەك لەچ زەوییەکدا دەچێندرێتو چۆن پەییندەکرێت؟

مێخەك لەهەموو جۆرە گلێکدا دەڕوێت، جا گڵەکە چ لیتەیی، ڕەقەنو توند بێت، یا لمو نەرمان بێت، بە مەرجێ پەیینبکرێتو زەوییەکە بەهێزو شێداربێت لێیدەڕوێت. بەڵام تا لمی زۆربێتو پەیینبکرێت مێخەك چاکتر دەڕوێتو گورجتر پەرە دەسێنێتو هەڵدەدات. (ژەندەل)ی ڕووەکناسی بەناوبانگ، لەساڵی (١٩٣٨)دا تاقیکردنەوەیەکی لەبارەی هۆی شەقبردنی کاسەی گوڵە مێخەکەوە سازاند، دەرکەوت ئەم شەقبردنە سەبارەت بەوەیە کە زۆر پەییندەکرێتو فۆسفۆر زۆر هەڵدەمژێت. هەر لەم ڕووەوە (کە نەرس

بلیهـــــارت)ی ڕووەکناســـــی نـــــاوداریش لەســـــاڵی (١٩٣٢)دا تاقیکردنەوەیەکی دیکەی لەم بارەیـەوە سـازکردو سـاغیکردەوە کـە هۆی ئەم شەقبردنە زیـاد هەڵمـژینی نایترۆژینـە. هـەروەها ئەوەشـی سـاغکردەوە کـە ئەوەنـدەی کەوچـکێکی چـا لـە پـەینی خـوێنی وشکەوەکراو بەشی ئینجانەیەك گوڵە مێخەك دەکاتو گـوڵی درشـتو گەورەی پێدەگرێت. بەڵام چاکترین پـەیین، پـەینی تەویلـەو پـەیینی کیمیاییەو بەتایبەتی پەیینی نیترۆفوسکا کـە هەرسـێ سروشـتەکانی نایترۆژینو فۆسفۆرو پۆتاسیۆمی تێدایەو زۆر بەکارە.

هـەر ئینجانەیـەك گوڵـە مێخـەك (١٥- ٢٠) گـم پـەیینی دەوێـت، باشـترین کـاتی پەیینکردنیـشی پـایزێکی درەنگـە، لەکاتێکـدا کـە ڕووەکەکە گۆپکەو خونچە دەکات.

مێخەك چۆن ئـاو دەدرێت؟

نابێ بهێڵین ڕووەکەکـە نـە تینـووی بێـتو نـە زۆریـش پاراوبێـت، نـەبادا زیـانی پێبگـاتو لـە هەڵـدان بڕەوێتـەوە، چـونکە ئـاوی زۆر باشـییەکانی خاکەکـەی پـڕ دەکاتـەوەو کـونو کـەلێنیو درزەکـانی دەگرێتو ئەو هەوایەی تێیدایـە دەریـدێنێتو کـە هەواکەیـشی تێـدا

ئەما ئەوە رەگو ریشەی رووەکە لەبەر بێ ئۆکسژینی بۆ خۆیان دەخنکێن و لەکاردەکەون و ئیتر هیچیان بۆ هەڵنامژرێت و ڕووەکەکە بەرە بەرە لاواز دەبێت و دەمرێت. جا لەبەر ئەمە ئاودان پەیوەندی بەمانەی خوارەوە هەیە:

١. **جۆری خۆڵ:** خۆڵی لماویی ئاوی لەخۆڵی قەسپە گڵ زۆرتر کورتن و دەبێت زوو زوو ئاوبدرێت، چونکە ڕووەك لەم وەرزەدا هەر ئاوێکی وەریدەگرێت زوو بەهەڵمی دەیداتەوە.

٢. **جۆری هەڵدان:** کاتێ رووەك گوڵدەکات نابێت ئاوبدرێت، نەوەك گوڵەکانی هەڵوەرن، جا بۆ ئەوەی بزانین ڕووەکەکە تینوویەتی یان نا، پێویستە بە پەنجە یان بە چیلکەیەك کەمێ لە خۆڵەکەی دەوروبەری ڕووەکەکە بە ئەندازەی (١- ١,٥) گرێ هەڵکۆڵین، ئەگەر هاتوو لماوی و شێداربوو ئەوە رووەکەکە ئاودانی ناوێت، نەخێر ئەگەر هاتوو وشك بوو ئەوە ئاودانی دەوێت و تینوویەتی.

گوڵە مێخەك چۆن زۆر دەكرێت:

گوڵە مێخەك بەدوو جۆر زۆر دەكرێت:

١. **بە تۆكردن:** چاكترین كاتی تۆكردنیش مانگی مارتە؟

٢. **بە قەڵەم چاندن:** باشترین كاتیش بۆ ئەم جۆرە چاندن مانگی شوباتە.

جۆرە چاندنی یەكەم زۆر باو نییە، مەگەر بیانەوێت جۆرە گوڵێكی تازە بابەتی لێبێنینەوە گۆڕێ، یا ئەگەر هاتوو بە تووكردن بەرهەمی باشتری وەكو جۆی ماگریتی دەدا، چونكە بە تووكردن بەرهەمی زۆرتردەداتو گوڵی گەورەو چاك دەگرێت. جا بۆ ئەمەیش دەبێ تووەكە زۆر سفت بچێندرێتو ئەو زەوییەی بۆی ئامادە دەكرێت، وا چاكە جۆرە گڵەكەی تێكەڵ بە لمو خۆڵو پەیین بكرێتو دوایی چاندنی تووەكان نابێ لە (٣-٤) ملیمەتر زیاتربێت. هەروەها دەبێت باش ئاو پرژێن بكرێتو وازی لێنەهێندرێت تا تووەكان دەڕوێن، هەر كە (٤-٦) گەڵای سەوزی دەركرد، ئەوسا دەبێت، بگوێزرێتەوە ناو ئینجانەو جێگای دیكە. بەڵام پێویستە ئینجانەكەی یا ئەو شوێنەی بۆی دەگوێزرێتەوە هەتاو بیگرێتو كپ بێو بەرەو باو نسرمو سێبەر نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، بەپێی ئەو ئەزموونەی كە

(هوللی) زانای بەناوبانگ کردوویە، هەندێ جۆری هەیە ئەگەر لەبەر سێبەریش بڕوێنرێت لە کلۆرۆفیل دروستکرندا بەهێزتر دەبێت. مێخەك سەبارەت بەوەی کە لاسکەکەی لاوازەو ڕاست راناوەستێتو دەچەمێتەوە، دەبێ چەپەری بۆ هەڵببەسترێتو بۆ ئەوەی لە چەمینەوەو شکانەوە بپارێزرێت کەڵك لەم ڕێبازانەی خوارەوە وەردەگرێت:

هەر بڕکێك (٣-٤) تلّیشی قامیش یا تەرکە، یا چڵی (٥٠) سانتیمەتری بەدەوروپشتدا دەچەقێندرێتو بەدواوە دەزوو لێکدەتەندرێتو بڕکەکان لە شکانەوەو چەمینەوە دەپارێزن.

٢. یا سێ چڵی (٥٠) سانتیمەتری بەدەور بڕکێکدا دادەکوترێنو لەجیاتی دەزوو بازنە تێلیان پێدادەکرێت بە مەرجێ یەکێکیان لەناو قەد چڵەکان بەرەو خوارترو دووەمیان لەناویان بەرەو خوارترو دوومیان لەناوقەد بەرەو ژوورتر بێتو بڕکەکە بکەوێتە نێو ئەم پەرژینەوەو (٣-٤) گەڵای سەرووی نەبێت ئیتر نابێ هیچی پێوە بمێنێت. کاتێ کە قەڵەمەکانیش دەبڕدرێن دەبێ لەژێر گرێکانەوە ببڕدرێتو پۆپەکانیان بقرتێندرێن ئەگینا هەڵم باش دەرنادەن ئەمجا

دوای ئـــەوەی قەڵەمـــەکان دەبـــڕین بـــەم جـــۆرە شـــێوانەی خـــوارێ دەیانچێنین:

١. پێویستە گڵەکەی لمی زۆربێت.

٢. دەبێ گڵەکەی بە ئەندازەی (٢)سم بۆ قووڵبکرێت.

٣. **پێویـستە قەڵەمـەکان هـەر یەکـە (٣)سـم لەیەکـەوە دووربـن‌و بـەڕیز بروێندرێت.**

٤. دەبێ ڕیزکانیش هەر یەکە (٣) سم لەیەکەوە دووربن.

٥. دوای روانـدنی قەڵەمـەکان پێویـستە ئاوبـدرێت‌و نەهێڵـدرێت‌و بەهیچ جۆرێك تینوویـان بێـت‌و ئـیتر بـەم جـۆرە پـاش (٦– ٧) هەفتـــە قەڵەمـــەکان گەشـــە دەکـــەن‌و دەســـت بـــە ڕەگ داکوتاندەکـەن‌و ئەمـەیش بـەوەدا دەرکـەوێت کـە لەسـەرەوە گۆپکـە دەکـەن. ئـــەمجا لەپاشـــان بـــۆ جێگـــای پێویـــست دەگوێزێتەوەو هەر یەکە (٣٠–٤٠) سم لێك دوور دەروێندرێت.

پێرست

ز	بابەت	لاپەڕە
١.	پێشدەستی	٣
٢.	ڕوونکردنەوە	٤
٣.	**بەشی ڕێزمان**	٥
٤.	جۆرەکانی پاڕستە	٦
٥.	تەواوکەری کار (بەرکار)	١٢
٦.	تەواوکەری کار (تەواوکەری بەیاریدە)	١٩
٧.	جێناوی خۆیی	٢٥
٨.	جێناویی هەیی	٣٥
٩.	هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو)	٤٠
١٠.	هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری لێکدراو)	٥٠
١١.	هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی دڕێژراو)	٥٨
١٢.	هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی لێکدراو)	٦٤
١٣.	هاوەڵکار	٧٣
١٤.	تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری کاتی	٧٥
١٥.	تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری شوێنی	٧٩

١٦.	تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنیەتی	٨٢
١٧.	تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن	٨٧
١٨.	تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندیی	٩٢
١٩.	ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا	٩٦
٢٠.	**بەشی ئەدەب**	٩٩
٢١.	ڕێبازە ئەدەبییەکان	١٠٠
٢٢.	ڕۆمانتیك لە ئەدەبیاتی کوردی– کرمانجی خواروو	١٠٨
٢٣.	ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی– شێوەی گۆران	١١٣
٢٤.	ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی– کرمانجی ژووروو	١٢٠
٢٥.	ئەدەبیاتی کوردی سۆڤییەتی (جاران)	١٣٠
٢٦.	جاسمێ جەلیل	١٣٨
٢٧.	پەخشانی کوردی	١٤٥
٢٨.	کورتە چیرۆك	١٦٥
٢٩.	شانۆگەری	١٦٨
٣٠.	**بەشی نموونەی ئەدەب**	١٧٤
٣١.	سەید یاقوبی ماهیدەشتی	١٧٥
٣٢.	عەلی حەریری	١٨٣

٣٣.	مەحوی	١٩١
٣٤.	شێخ ڕەزای تاڵەبانی	١٩٦
٣٥.	ناری	٢٠٥
٣٦.	زێوەر	٢١١
٣٧.	شێرکۆ بێکەس	٢١٩
٣٨.	شێخ غەیاسەددین نەقشەبەندی	٢٢٣
٣٩.	شێخ محەمەدی خاڵ	٢٣٠
٤٠.	ڕەوشەن بەدرخان	٢٣٥
٤١.	**بەشی خوێندنەوە**	٢٣٩
٤٢.	خەجو سیامەند	٢٤٠
٤٣.	تووتن	٢٤٧
٤٤.	مەقامو ئاوازو ئالەتی مۆسیقای کوردی	٢٥٠
٤٥.	خەییام	٢٥٨
٤٦.	شیللی	٢٦١
٤٧.	چوونا سەر هەیڤێ	٢٦٤
٤٨.	پیشەسازی لەناو کوردەواریدا	٢٦٧
٤٩.	میکرۆبێن دۆست	٢٧٣

.٥٠	شاعیرو نەتەوە	٢٨٠
.٥١	گالیلۆ	٢٨٢
.٥٢	بەرهەمی زۆرو بەشکردنی بە هەقیانەت	٢٨٧
.٥٣	کەرکووك	٢٩٢
.٥٤	گوڵە مێخەك	٣٠١